# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٦) ئابی
٢٠١٦


خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر
تۆفیق کەریم
٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠١٤١٢٥٤٣
tofeqkarem@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئیدریس سیوەیلی
٠٧٧٠١٩٧٥٠٣٠
siwayli@yahoo.com

بەڕێوەبەری هونەریی
ڕەوشت محەمەد

ڕاوێژکاری یاسایی
بەکر حەمەسدیق

ڕاوێژکاران

پ. د. موحسین عەبدولحەمید
پ.ی. د. عوسمان عەلی
پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی
پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی
پ.ی. سەلام ناوخۆش

وێنەی بەرگ، تایبەت بە گۆڤاری خاڵ
کاری: هاوڕێ عەلی

سایتی گۆڤاری خاڵ:
www.xalkurd.com

تیراژ: ١٥٠٠
نرخ: ١٥٠٠ دینار
چاپخانە: سەردەم

# لەم ژمارەیەدا

## تەوەر


ئازادی ئاینداری و گرفتی کوشتنی هەڵگەڕاوە لە ئیسلامدا ........................ د. ئومێد عوسمان کوردی ٤
ئازادی ئایین و گرفتی مافەکانی هاووڵاتیبوون.. ........................................ د.بەختیار نەجمەدین ١٤
ڕەسەناندنی «تأصيل» مەبەستی ئازادی بە قورئان و سوننە .................. د.حەسەن محەمەد ئیبراهیم ٢٤
سەیرکردنی پێگەی ئافرەت بە دروستی ........................................................ هەڵاڵە محەممەد ئەڵماس ٣٣
ئازادی وەک روحی شەریعەت ............................................................. حەکیم ئەبوبەکر ٤٣
ئیسلام و کۆیلایەتیی ............................................................................. نازم عەبدوڵڵا ٥٣
روانین بۆ ئازادی ئافرەتان لە ئیسلامدا لە روانگەی... ......................................... ناسک سەعید ٥٧
ئازادییە گشتییەکان لە دیدی ڕاشید ئەلغەننوشیی بیرمەندا ........................ بوخاری عەبدوڵڵا قەسرێ ٦٦
هەڵگەڕانەوە لە ئایین وەک ئازادی هەڵەکردن ................................................ سەعدون محەممەدی ٧٤


## بابەتی گشتی


سنورەکانی نێوان فیقهـ وئەدەب ئیبن حەزم وەک نموونە ................................. د. ئیسماعیل بەرزنجی ٨١
ژینگەی ئاینداری کوردستان و تەختە ڕەشەکەی مستەفا زەڵمی ............. د. ئاراس محەممەد ساڵح ٨٨
فازیل ڕەسول ئەو سەکردەی ئەورووپییەکان ستایشی دەکەن و... ............................ ئیسماعیل تەها ٩١
کاریگەری واقع لەسەر فەتوای زانایان و بیرکردنەوەی بیرمەندان .......................... د. کەریم ئەحمەد ٩٩
تێڕوانینی مەسعوود محەمەد بۆ ئایدیالیزمەکان ...................................................... زامدار ئەحمەد ١٠٣
پاراستنی مافە هاوبەشەکان لە ڕوانگەی فەرموودەیەکەوە ............ د. عەدنان عەبدولقادر هەورامانی ١٠٨
زمانی کوردی و نەوەی نوێ ................................................................... حەیدەر عەبدوڵڵا ١١٣
پەیامی خودا و ئایینزا ئیسلامییەکان ............................................................ عەبدوڵڵا نەسروڵڵا ١١٩
سەلەفییەت مێژوو و ڕەچەڵەک ........................................................................ ئیمداد تەها ١٣٠
نامە کراوەکەی «تۆدنهوفەر» بۆ «ئەبوبەکر ئەلبەغدادی» .................. و. سەروەر عومەر١٣٩



# تەوەری ژمارە

# ئازادییە گشتییەکان

باسکردنی ئازادی و ئایین، باسێکی گەرموگوڕی ناوەندە رۆشنبیریی و هزرییەکانە لەجیهاندا، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی ئەو تاقم و گروپانەی بەناوی ئیسلامەوە سەریان هەڵداوە کۆتوبەندی سەیر لەسەر ئازادییەکان دەسەپێنن، خاوەن بەرژەوەندی و نەیارانی ئیسلامیش بابەتەکە چەند هێندەی دیکە گەورەتردەکەنەوە، بەهەردولایانەوە وێنایەکی شێواو و تەڵخی ئیسلام نیشانی جیهان دەدەن، کە زەوتی ئازادی تاك و کۆمەڵگە دەکات، رادەربڕین گەمارۆدەدات، ئافرەتان لەماڵەوە دەبەستێتەوە، قبوڵی رای جیاواز ناکات، هیچ ئایینێك لەژێر سایەیدا ناژیت، کەواتە پێویستدەکات شارەزایان و پسپۆڕانی بوارەکە لەم مەسەلەیەدا قسەیان هەبێت، بابەتیانە یەك بەیەکی ئەو خاڵانە شیبکەنەوە و بە بەڵگەوە بەرگری لە بیروبۆچونی خۆیان بکە، ئێمەش لەم تەوەرەیەدا بە ئامانەتەوە لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی ئەو بەرێزانە دەگوازینەوە بۆ خوێنەران، بەو ئومێدەی جێگەی رەزامەندی و سودلێوەرگرتنیان بن.

**گۆڤاری خاڵ**



# ئازادی ئاییندارى و گرفتی کوشتنی هەڵگەڕاوە لە ئیسلامدا



**د. ئومێد عوسمان**

ماستەر لە فیقهی جینائی. دکتۆرا لە ئوسوڵی فیقهو مەبەستەکانی شەریعەت. بەرهەمێکی چاپکراو و چەند توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.



یەکێک لە گرنگترین و هەستیارترین ئەو مەسەلانەی لە ئەمڕۆدا بوەتە مایەی مشتومڕ و قسەلەسەرکردنی جیاواز و دژیەک, لە نێوەندە ئیسلامی و ڕۆشنبیری لای زۆرێک لە کۆمەڵ و ڕێکخراوە مرۆڤایەتی و مافپەروەرەکان، مەسەلەی ئازادی ئاییندارییە لە ئیسلامدا.

لەگەڵ هەبوونی چەندین دەقی قورئان و سوننەت و نمونەی زیندوو لە ژیانی پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێت) و هاوەڵاندا لەسەر ئازادی ئاییندارى و چەسپاندنی وەک بنەمایەکی نەگۆڕ، هاوکات ڕووبەڕووی چەندین دەقی تر دەبینەوە کە گۆڕینی ئایین و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام، بە گەورەترین تاوان لە قەڵەم دەدات و بڕیاری سزای کوشتن بۆ کەسی هەڵگەڕاوە دەدات. ئەمەش وایکردووە جۆرەها ڕاڤە و شیکردنەوەی جیاواز، دژیەک, هەندێجار نامۆ و دوور لە ڕۆح و جەوهەری دەقەکان و مەبەستەکانی شەریعەت بێتەکایەوە.

دەتوانین بە گشتیی ڕای زانایانی ئیسلام لەسەر حوکمی هەڵگەڕانەوە لە ئایین لە سێ ئاڕاستەدا کۆبکەینەوە، لەگەڵ خستنە ڕووی بەڵگەکانیان و دواتریش قسە لەسەرکردنیان:

ئاڕاستەی یەکەم: ئەگەر کەسێک دوای موسڵمانبوونی، لە ئیسلام هەڵگەڕایەوەو چوە نێو ئایینێکی ترەوە، یان بە ڕاشکاوانە بێباوەڕیی خۆی ئاشکرا کرد، دوای داوای گەڕانەوە لێکردنی هەر سوور بوو لەسەر ڕاکەی خۆی و نەگەڕایەوە بۆ ئیسلام، ئەو کەسە سزای کوشتنی بەسەردا دەسەپێنرێت، پیاو بێت یان ئافرەت، ئەمەش ڕای زانایانی هەرکام لە مەزهەبەکانی مالیکی, شافیعی, حەنبەلی, زاهیری و شیعەی زەیدیە (١).

ئاڕاستەی دووەم: جیاوازی دەکرێت لە نێوان پیاو و ئافرەتی هەڵگەڕاوەدا، ئەگەر کەسی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام پیاو بوو، سزای کوشتنی بەسەردا دەسەپێنرێت، بەڵام ئافرەتی هەڵگەڕاوە، سزا نادرێت بە کوشتن، بەڵکو بەند دەکرێت و داوای گەڕانەوە و پەشیمانبوونەوەی لێدەکرێت، هەرکام لە زانایانی مەزهەبی حەنەفی و شیعەی ئیمامی لەسەر ئەم ڕایەن (٢).

ئاڕاستەی سێیەم: کەسی هەڵگەڕاوە پیاو بێت یان ئافرەت بەهیچ شێوەیەک سزای کوشتنی بەسەردا ناسەپێنرێت، بەڵکو بەردەوام ڕوونکردنەوەی دەدرێتێ و داوای گەڕانەوەی لێدەکرێت. ئەمەش ڕای هەرکام لە گەورە زانای تابعین ئیبراهیمی نەخەعی و سوفیانی سەورییە (٣).

شوێنکەوتوانی ئاڕاستەی یەکەم کە زۆرینەی زانایانن پشت ئەستوورن بە چەندین بەڵگە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێت) و وتەی هاوەڵان لەسەر کوشتنی کەسی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام, پیاو بێت یان ئافرەت، کە گرنگترینیان بریتین لەمانە:

١- پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێت) فەرموویەتی «هەرکەس ئایینی گۆڕی بیکوژن»(٤) وشەی (هەرکەس) گشتگیرە بۆ پیاو و ئافرەت.

٢- ئیبن مەسعود دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێت) فەرموویەتی «دروست نییە خوێنی موسڵمانێک بڕێژرێت کە شایەتی بدات هیچ خوایەک نیە بێجگە لە (الله) و منیش پێغەمبەری خودام، لە یەکێک لەم سێ حاڵەتەدا نەبێت, یەکەم: کەسێک بە ناحەق کەسێکی کوشتبێت، دووەم: پیاوێک ژنی هێنابێت و بەدڕەوشتی بکات، یان ژنێک شووی کردبێت بەدڕەوشتی بکات، سێیەم: کەسێک لە ئایین هەڵگەڕابێتەوە و لە کۆمەڵ جیابووبێتەوە«(٥).

٣- فەرموودەی عورەینیەکان کە ئەنەس گێڕاویەتەوە، پوختەکەی ئەمەیە: کۆمەڵێک لە تیرەی



عورەینیەکان هاتنە مەدینە موسڵمان بوون، دواتر لە قەراغی مەدینە پەلاماری رانە حوشتری زەکاتیان داو تاڵانیانکرد و شوانەکانیان کوشت و لە ئایین هەڵگەڕانەوە و هەڵهاتن، پێغەمبەر (درووددی خوای لێبێت) چەند کەسێکی نارد بە دوایاندا، گرتنیان و هێنانیان بۆلای، ئەویش فەرمانی دا بە کوشتنیان (٦)

٤- جابری کوڕی عەبدولا دەڵێت «ئافرەتێک ناوی (ئەم مەڕوان) بوو لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە، پێغەمبەر فەرمانی دا ئیسلامی بۆ روون بکەنەوە، ئەگەر نەگەڕایەوە بیکوژن»(٧).

٥- عەبدولای کوڕی عەباس دەگێڕێتەوە « کوێرێک ژنێکی کەنیزەکی هەبوو، هەمیشە جوێنی بە پێغەمبەر (درووددی خوای لێبێت) دەدا و تانەی لێدەدا، شەوێک کوێرەکە دەمە پاچێکی لە سکی توند کرد و خۆی دا بەسەریدا و کوشتی، دواتر بۆ پێغەمبەریان گێڕایەوە، فەرمووی: بەشایەت بن خوێنەکەی بە فیڕۆ چوو»(٨).

٦- سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز دەگێڕێتەوە «خەلیفە ئەبوبەکر داوای تەوبە و گەڕانەوەی لە ئافرەتێک دەکرد بەناوی (ئوم قرفە) کە لە ئیسلام هەڵگەڕابووەوە، ئافرەتەکە نەگەڕایەوە، خەلیفە فەرمانیدا بیکوژن»(٩).

٧- ئیبن حەجەری عەسقەلانی چەندین وتەی هاوەڵانی وەک چوار خەلیفەکە، موعازی کوڕی جەبەل، ئەبو موسای ئەشعەری، ئیبن عەبباس و هەندێکی تر دەهێنێت لەسەر کوشتنی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام (١٠).

حەنەفیەکان و ئیمامیەکان کە خاوەنی ئاراستەی دووەمن لەگەڵ پشتبەستنیان بە هەندێک لەو بەڵگانەی ئاماژەمان پێدان، هاوکات رەتیدەکەنەوە، ئافرەتی هەڵگەڕاوە بکوژرێت، لەمبارەوە چەندین بەڵگەیان هێناوەتەوە:

**لە روانگەی قورئانی پیرۆزەوە دەبینین هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام وەکو تاوانێکی عەقیدەیی وێناکراوە، پەیوەندی بە مافی مرۆڤەکانەوە نییە**

١- ئیبن عومەر دەیگێڕێتەوە «لە یەکێک لە شەڕەکاندا ئافرەتێک بە کوژراوی بینرا، لەوکاتەوە پێغەمبەر رێگریی کرد لە کوشتنی ئافرت و منداڵ لە شەڕدا»(١١).

حەنەفیەکان دەڵێن: ئافرەت ئەگەر لە بنەڕەتدا هەر کافر بێت، کافربوونەکەی نابێتە هۆی کوشتنی، چونکە ئەو ئەهلی شەڕکردن نییە، بەهەمان شێوە کافربوونی دوای موسڵمانبوونیشی، بەڵکو ئەمەی دووەمیان لە پێشترە کە نەکوژرێت بەهۆیەوە(١٢).

٢- پێغەمبەر لە شەڕێکدا ئافرەتێکی بەکوژرواوی بینی، فەرمووی «ئەمە شەڕکەر نییە بۆ کوژراوە»(١٣).

٣- لە ئیبن عەباسەوە گێڕدراوەتەوە گوتوویەتی «ئافرەتان ئەگەر لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە ناکوژرێن»(١٤).

لەلایەکی ترەوە حەنەفیەکان بە بەهێزی وەڵامی بەڵگەی ئاراستەی یەکەم دەدەنەوە لەسەر کوشتنی ئافرەتی هەڵگەڕاوە، ئەوان پێیانوایە ئەو بەڵگانەی بە گشتگیر ئاماژە بەکوشتنی هەڵگەڕاوە دەدەن، تەنها پیاوان دەگرنەوە، بەهۆی ئەو فەرموودانەی رێگری دەکەن لە کوشتنی ئافرەتان (١٥).

ئەو فەرموودە و گێڕدراوانەشی ئاماژە بە کوشتنی ئافرەتان دەدەن، زۆربەیان لاوازن و نابن

# هۆکاری کوشتنی هەڵگەڕاوە هەڵگەڕانەوەکەی نییە، بەڵکو شەڕخوازی و شەڕکردنیەتی دژی موسڵمانان.

به بەڵگە، ئەگەر لاوازیش نەبن ئەوە تایبەتن بە ئافرەتی شەڕکەر، لەمبارەوە گەورەزانای حەنەفی (سەرخەسی) روونیکردۆتەوە کە (ئوم مەڕوان) ئافرەتێک بوو لەناو تیرە و هۆزەکەیدا گوێڕایەڵی بوون، شەڕی دەکرد دژی موسڵمانان، هانی خەڵکی دەدا بۆ شەڕکردن، بەهەمان شێوە (ئوم قرفە)ش ئافرەتێک بوو بەشداری شەڕبوو دژی موسڵمانان، نزیکەی سی کوڕی هەبوو، زۆر بەتوندی هانی دەدان بۆ شەڕکردن، کەواتە ئەو دوانە لە شەڕدا کوژراون، بەهۆی هەڵگەڕانەوەیانەوە نەکوژراون (١٦).

هەروەها سەرخەسی سەبارەت بە فەرموودەی «پێشتر» ئەمە شەڕکەر نییە بۆ کوژراوە «، دەڵێت «لەم فەرموودەدا روونکراوەتەوە کە هۆکاری کوشتن شەڕکردنە، ئافرەتانیش ناکوژرێن چونکە شەڕکەر نین»(١٧).

دەمێنێتەوە ئاراستەی سێیەم کە هەرکام لە ئیبراهیمی نەخەعی و سوفیانی سەوری خاوەنی بوون، کە پێیانوابوو کەسی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام بەهیچ شێوەیەک ناکوژرێت، بەڵکو بەردەوام روونکردنەوەی دەدرێتێ و داوای گەڕانەوەی لێدەکرێت.

لەگەڵ ئەوەی چەندین گەورە زانای وەک: عەبدولرەزاقی سەنعانی، ئیبنو حەزمی ئەندەلوسی، ئیبن جوزەی مالکی، ئەبو عەبدولاّی دیمەشقی شافعی، ئیبن حەجەری عەسقەلانی، ئیبن قودامەی مەقدیسی و چەندانی تر بەراشکاوانە رای نەخەعی و سەوریان گێڕاوەتەوە، هاوکات هەندێک زانای تر هەوڵیانداوە دەستکاری بۆچوونەکەیان بکەن بە جۆرێک لەگەڵ بۆچوونی ئاراستەی یەکەمدا بگونجێت، بۆیە هەندێکیان وتویانە مەبەستی نەخەعی و سەوری لە نەکوشتنی هەڵگەڕاوە، کەسێک بووە کە هیوای گەڕانەوەی لێبکرێت. نەک بە رەهایی (١٨).

بەڵام لە راستیدا رای دروستی ئەو دوو پێشەوایە بەوجۆرە بوو کە ئاماژەمان پێدا «نەکوشتنی هەڵگەڕاوە بەرەهایی‌و بە بێ بەستنەوەی بە هیچ حاڵەتێکەوە)، هەروەک ئەو زانایانەی ناومان هێنان لێیان گێڕاونەتەوە، سەبارەت بەو رایەش کە دەڵێت «هەڵگەڕاوە تا هیوای گەڕانەوەی لێبکرێت ناکوژرێت»، ئەمە رای ئیمامی مالیکە نەک نەخەعی و سەوری، هەروەک قازی عیاز، بەیهەقی‌و کەسانی تر گێڕاویانەتەوە(١٩).

لە دیارترینی ئەو بەڵگانەشی شوێنکەوتووانی ئاراستەی سێیەم پشتیان پێبەستووە لەسەر نەکوشتنی هەڵگەڕاوە، بریتین لەمانە:

١- عەبولاّی کوڕی عوبەید دەیگێڕێتەوە «پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) چوار جار داوای گەڕانەوەی لە نەبهان کرد»(٢٠)، کە پیاوێک بوو لە ئیسلام هەڵگەڕابووەوە.

٢- ئەنەسی کوڕی مالک دەیگێڕێتەوە «ئەبو موسای ئەشعەری جوحەینەی درۆزن و هاوەڵەکانی کوشت کە هەڵگەڕابوونەوە لە ئیسلام، ئەنەس دەڵێت: هاتمە لای خەلیفە عومەر، پێی گوتم: جوحەینە و هاوەڵانی چیان بەسەرهات؟ ئەنەس دەڵێت: سێ جار خۆم لە وەڵامەکە دزیەوە، دواتر وتم: ئەی ئەمیری بڕواداران بێجگە لە کوشتن هیچ



ڕێیەکی تریان هەیە؟ خەلیفە گوتی: ئەگەر بتهێنابان بۆلای من ئیسلامم بۆ ڕووندەکردنەوەو داوای گەڕانەوەم لێدەکردن، لەکاتی نەگەڕانەوەشیاندا بە زیندانم دەسپاردن» (٢١).

٣- لەلایەنی ئەبوموسای ئەشعەریەوە پیاوێک هات بۆلای خەلیفە عومەر، خەلیفە وتی: هیچ هەواڵێکی نامۆ هەیە؟ پیاوەکە گوتی: بەڵێ کەسێک لە ئیسلام هەڵگەڕابووەوە. خەلیفە گوتی: چیتان لێکرد؟ پیاوەکە گوتی: نزیکمان کردەوە و لەملیمان دا. خەلیفە گوتی: با سێ ڕۆژ زیندانتان کردبایە و ڕۆژانە نانتان بدایەتێ و داوای گەڕانەوەتان لێکردبایە، بەڵکو بگەڕایەتەوە یان تەوبەی بکردایە، خوایە شایەت بە من لەوێ نەبووم و فەرمانیشم نەکردووە، ڕازیش نەبووم بەوەی پێمگەیشتووە« (٢٢).

٤- عەبدولڕەزاقی سەنعانی لە مەعمەرەوە دەیگێڕێتەوە »کۆمەڵێک لە خەڵکی جەزیرە بۆیان گێڕامەوە، چەند کەسێکیان موسڵمان بوون، ئەوەندەی نەبرد لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە، مەیمونی کوڕی مەهران لەبارەیانەوە نووسی بۆ خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، خەلیفە وەڵامی دایەوە: جیزیەکەیان بەسەردا بدەرەوە و وازیان لێ بهێنە«(٢٣).

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە چۆن بتوانرێت جۆرێک لە هاوسەنگی و تەبایی دروست بکرێت لە نێوان ڕاڤە و ماناکردنی ئەو دەقانەی هەرکام لەو سێ ئاڕاستە پشتیان پێ بەستووە لەلایەک و مەسەلەی ئازادی ئاییندارى کە وەک بنەمایەکی نەگۆڕ لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێدراوە لە لایەکی ترەوە.

گومانی تێدانییە ئازادی بیرکردنەوە و دینداری، بە یەکێک لە گرنگترین بنەما قورئانیەکان دادەنرێت، خوای پەروەردگار عەقڵی بەخشیوەتە مرۆڤەکان و لە ڕێگەی پێغەمبەرانیشەوە ئاگاداری کردوونەتەوە، ڕاستی و چەوتی و هەقو ناهەقی بۆ دەستنیشانکردوون، لە هەمانکاتدا ئازادی هەڵبژاردنی داوەتە دەستیان، لە ڕۆژی دواییشدا لەسەر هەمان بنەما لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئیتر هەر جۆرە سەپاندن و زۆرلێکردنێکی ڕەتکردۆتەوە، هەروەک لەم ئایەتە قورئانیانەدا هاتووە:

**(لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ) البقرة ٢٥٦. (وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ) الكهف ٢٩. (وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكُوا وَمَا جَعَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ) الانعام ١٠٧. (وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ) يونس ٩٩. (وَعَلَى اللَّهِ قَصْدُ السَّبِيلِ وَمِنْهَا جَائِرٌ وَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ) النحل ٩.**

هەر لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆزەوە دەبینین هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام وەکو تاوانێکی عەقیدەیی وێناکراوە و خراوەتە ڕوو، پەیوەندی بە مافی مرۆڤەکانەوە نییە، واتە: مافی کەسەکانی تێدا پێشێل نەکراوە، بەڵکو مافی خودای تێدا پێشێل کراوە، بە پێچەوانەی زۆرێک لە تاوانەکانی وەک: دزی، بەدرەوشتی، بوهتان، شەڕ، کوشتن و توقاندن کە تێیاندا مافی مرۆڤەکان پێشێل دەکرێت، هەربۆیە قورئان بە توندی سەرزەنشتی هەڵگەڕاوان دەکات و لە ڕەحمەتی خۆی بێبەریان دەکات، تاوانی هەڵگەڕانەوە بە هەڵوەشێنەری ئینتیمای ئیسلامی لە قەڵەم دەدات، بڕیاری سزادان بۆخاوەنەکەی دەدات لە ڕۆژی دواییدا، نەک لە دنیادا، هەروەک لە قورئاندا هاتووە:

**(وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ) البقرة ٢١٧. (يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ**

فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ) ال عمران ١٠٦. (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا لَّمْ يَكُنِ اللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلًا) النساء ١٣٧. (مَن كَفَرَ بِاللَّهِ مِن بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَكِن مَّن شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِّنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ) النحل ١٠٦.

به پێی ئەم ئایەتانە بێت کە باس لە تاوانی هەڵگەڕانەوە دەکەن، قورئانی پیرۆز هیچ سزایەکی دنیایی دیاری نەکردووە بۆ کەسی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام، هاوکات تاوانی هەڵگەڕانەوە لە خودی خۆیدا هۆکار نییە بۆ کوشتنی خاوەنەکەی، لەگەڵ ئەمەشدا ناگونجێت سوننەتی پێغەمبەر پێچەوانەی قورئانی پیرۆز حوکم بدات، یاخود بنەمایەکی قورئانی هەڵبوەشێنێتەوە، دەی کەواتە دەبێت ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەو فەرموودانەی ئاماژە بە کوشتنی هەڵگەڕاوە دەدەن ساز و تەبابن لەگەڵ بنەما قورئانیەکان.

بەهێزترین بەڵگەیەک لەسەر کوشتنی هەڵگەڕاوە کە زۆرینەی زانایان پشتیان پێ بەستووە، بریتیە لە فەرموودەی «هەرکەس ئایینی گۆڕی بیکوژن» ئەم فەرموودەیە لە لایەنی واتا و دارشتنی زمانەوانیەوە گشتگیرە بۆ پیاو و ئافرەتی هەڵگەڕاوە، هەروەها گشتگیرە بۆ هەڵگەڕاوەی ئاشتیخواز و هەڵگەڕاوەی شەڕخواز، ئەگەر بەم شێوە ڕەهایی و گشتگیریە واتای فەرموودەکە مەبەست بێت، ئەوە پێچەوانەی بنەمای ئازادی بیروباوەڕ و ڕەتکردنەوەی زۆرلێکردنە، کە بنەمایەکی قورئانیی جێگیرە.

هەربۆیە چەندین فەرموودەی ترمان هەیە ڕۆشنکەرەوە و تایبەتکەری فەرموودەی ناوبراون، ڕوونیدەکەنەوە مەبەست لە هەڵگەڕاوە کە حوکمی کوشتنی بەسەردا دەچەسپێت کەسێکە لە ئیسلام هەڵگەڕابێتەوە و پەیوەندی کردبێت بە ڕیزی شەڕکەرانەوە دژی موسڵمانان، واتە هۆکاری کوشتنی هەڵگەڕاوە هەڵگەڕانەوەکەی نییە، بەڵکو شەڕخوازی و شەڕکردنیەتی دژی موسڵمانان.

لەو فەرموودانەی ڕۆشنکەرەوەی فەرموودەی ناوبراون, فەرموودەکەی ئیبن مەسعودە کە پێشتر ئاماژەی پێدراوە «دروست نییە خوێنی موسڵمانێک بڕژێت کە شایەتی بدات هیچ خوایەک نیە بێجگە لە (الله) و منیش پێغەمبەری خودام، لە یەکێک لەم سێ حاڵەتەدا نەبێت: یەکەم: کەسێک بە ناحەق کەسێکی کوشتبێت، دووەم: پیاوێک ژنی هێنابێت و بەدرەوشتی بکات، یان ژنێک شووی کردبێت بەدرەوشتی بکات، سێیەم: کەسێک لە ئایین هەڵگەڕابێتەوە و لە کۆمەڵ جیابووبێتەوە«.

لەم فەرموودەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە ئەو کەسەی دەکوژرێت کەسێکە لە ئایین هەڵگەڕابێتەوە و لە کۆمەڵ جیابووبێتەوە، تەنها هەڵگەڕانەوە هۆکاری کوشتن نییە ئەگەر جیابوونەوەی لە کۆمەڵ لەگەڵ نەبێت، مەبەستیش لە جیابوونەوە لە کۆمەڵ شەڕکردنە دژی کۆمەڵگەی موسڵمان، هەروەک خاتوو عائیشە لە فەرموودەیەکی تردا ڕوونی دەکاتەوە، لە پێغەمبەرەوە دەیگێڕێتەوە فەرموویەتی «دروست نییە خوێنی موسڵمان بڕژێت لە یەکێک لەم سێ حاڵەتەدا نەبێت: بەدرەوشتێکی خاوەن ژن یان خاوەن مێرد، کەسێک بە ئەنقەست کەسێکی کوشتبێت، پیاوێک لە ئیسلام هەڵگەڕابێتەوە و دژی خوداو پێغەمبەر شەڕبکات، ئەوکات یان دەکوژرێت یان هەڵدەواسرێت، یان دوور دەخرێتەوە«(٢٤)

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە لەسەر فەرموودەکەی عائیشە دەڵێت «ئەو جیاکەرەوەی لەم فەرموودەدا هاتووە، هەمان ئەو باسکراوەیە لە فەرموودەکەی (ئیبن مەسعود)دا هاتووە: کەسێک لە ئایین هەڵگەڕابێتەوە و لە کۆمەڵ جیابووبێتەوە،

ئەمەش بە شەڕکردن دەبێت» (٢٥)
هەروەها زانای فەرمووەدەناسی هیندی عەزیم ئابادییش پێیوایە فەرمووەدەکەی عائیشە روونکەرەوەی فەرمووەدەکەی ئیبن مەسعودە(٢٦).
لەلایەکی ترەوە فەرمووەدەی عورەینیەکان زیاتر بەرچاومان رۆشندەکاتەوە کە ئەو کەسانە بەهۆی هەڵگەڕانەوەیان نەکوژران، بەڵکو ئەوان لەگەڵ هەڵگەڕانەوەیان، بە ئاشکرا شەڕیان کرد، کوشتنیان ئەنجامدا، حوشتری زەکاتیان بە تاڵان برد.
هەر لە هەمان باسدا گێڕانەوەی چیرۆکی (ئوم مەڕوان) و (ئوم قرفە) هەردووکیان لاوازن، وەک لە پەراوێزدا روونکراوەتەوە، ئەگەر وادابنێین دروستیش بن، هەروەک سەرخەسی گوتی: ئەو دوانە شەڕکەر بوون.
بە هەمان شێوە چیرۆکی پیاوە کوێرەکەش کە ئیبن عەباس گێڕایەوە، سەنەدەکەی قسەی لەسەرە و نابێتە بەڵگەیەکی دروست.
دیسان جیاوازیکردنی حەنەفی و ئیمامیەکان لە نێوان هەڵگەڕاوەی پیاو و هەڵگەڕاوەی ئافرەتدا دەیسەلمێنێت کە هەڵگەڕانەوە لە خودی خۆیدا نابێتە هۆکاری کوشتنی خاوەنەکەی، بەڵکو هۆکاری کوشتن شەڕکردنە، ئەگەر هەڵگەڕانەوە هۆکار بوایە جیاوازی پیاو و ژن نەدەکرا(٢٧).
بە وردبوونەوەشمان لە واقعی سەردەمی پێغەمبەر دەبینین ئەو کەسانەی لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، زۆربەیان پەیوەندیان کردوە بە بێباوەڕانی قورەیشەوە و بەشداری شەڕیان کردوە دژی موسڵمانان، ئەوکات حوکمی کوشتنیان دەرچووە.
بە پێچەوانەشەوە چەندین حاڵەتی تری هەڵگەڕانەوە لە شاری مەدینە رویداوە، بەڵام چونکە خاوەنەکانیان ئاشتیخواز بوون، شەڕخواز

**قورئانی پیرۆز هیچ سزایەکی دنیایی دیاری نەکردووە بۆ کەسی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام، هاوکات تاوانی هەڵگەڕانەوە لە خودی خۆیدا هۆکار نییە بۆ کوشتنی خاوەنەکەی**

نەبوون، پێغەمبەر حوکمی کوشتنی نەداون:
بوخاری و ئەوانی تریش دەیگێڕنەوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵاوە «کابرایەکی دەشتەکی بەیعەتی لەسەر ئیسلام بە پێغەمبەردا، چەند رۆژێک لە مەدینە مایەوە تووشی لەرزو تایەکی بەهێز بوو، دواتر هاتە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) و وتی: ئەی موحەممەد بەیعەتەکەم هەڵبوەشێنەرەوە، پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) رازی نەبوو، کابرا سێ جار داوای کرد و لە پاشان رۆیشت، پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) فەرمووی: مەدینە وەک ئامێری ئاگرخۆشکەر وایە، پیسی و خۆڵەمێشەکە لادەبات و پشکۆ گەشاوەکە دەهێڵێتەوە«(٢٨).
ئیمامی نەوەوی و ئیبن حەجەری عەسقەلانی لە قازی عیازەوە دەیگێڕنەوە، کە کابرای دەشتەکی مەبەستی لە قسەکەی پەشیمان بوونەوە و هەڵگەڕانەوە بوو لە ئیسلام، پێغەمبەریش (دروودی خوای لێبێت) وازی لێهێنا و سزای نەدا(٢٩).
بە هەمان شێوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە گێڕدراوەتەوە «کابرایەکی مەسیحی موسڵمان بوو، سورەتی بەقەرە و ئالی عیمرانی خوێند، بووە نووسەری پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) ، بەڵام لە پاش ماوەیەک کابرا گەڕایەوە سەر ئاینی یەکەمجاری و دەیوت: موحەممەد هیچ نازانێت بێجگە لەوەی من بۆی دەنووسم، کابرا مایەوە تا

**چەندین حاڵەتی تری هەڵگەڕانەوە لە شاری مەدینە رویداوە، بەڵام چونکە خاوەنەکانیان ئاشتیخواز بوون، شەڕخواز نەبوون، پێغەمبەر حوکمی کوشتنی نەداون**

لە مەدینە مردو بە گۆڕ سپاردرا....»(٣٠)

کەواتە دەقی ئەم دوو فەرموودە دەیسەلمێنێت کە هەڵگەڕانەوە بەبێ شەڕکردن و چوونە نێو ریزی شەڕکەران نابێتە هۆی حەلالکردنی خوێن، مرۆڤ ئازادە چۆن بیردەکاتەوە، هەر جۆرە زۆرلێکردنێک بۆ باوەڕهێنان بە ئیسلام بە توندی رەتکراوەتەوە.

نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە باوەڕهێنان هەڵقوڵاوی بیرکردنەوەی ئازاد و سەرپشکایەتی تەواو و قەناعەتی ناوەکی خودی مرۆڤە، هەر زۆرلێکردن و ئازاردان و بەکارهێنانی هێزێک بۆ باوەڕهێنان، دەبێتە هۆی دروستبوونی چینێکی دووڕوو یان خاوەن کەسایەتی جیاواز، کە مەترسی ئەم چینە لەسەر کۆمەڵگە زۆر زیاترە لە مەترسی کەسێک راشکاوانە بیروباوەڕی ئاشکرا بکات (٣١).

هەموو مرۆڤێک مافی خۆیەتی بیربکاتەوە، تێبفکرێت، گومانی هەبێت، باوەڕبهێنێت، پەشیمان بێتەوە، باشتر وایە زانایانی موسڵمان و بانگخوازان لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا بەجوانی و نەرمی مامەڵە بکەن لەبەر رۆشنایی ئەم ئایەتە قورئانیەدا **(ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ) النحل ١٢٥.**

شیخی پێشووتری ئەزهەر مەحمود شەلتوت دەڵێت «لەسەر ئەم بابەتە (کوشتنی هەڵگەڕاوە) تێڕوانین دەگۆڕێت، کاتێک دەبینین زۆرێک لە زانایان پێیانوابووە تاوان و سزا حەددیەکان بە فەرموودەی ئاحاد ناچەسپێت، هاوکات کافر بوون لە خودی خۆیدا نابێتە هۆکاری حەلالکردنی خوێن، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆکاری حەلالکردنی خوێن، بریتییە لە شەڕکردن دژی موسڵمانان و بەزۆر لە ئیسلام گێڕانەوەیان» (٣٢).

لە کۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە یەک لە بنەما بەرزەکانی ئایینی ئیسلام بریتییە لە ئازادی بیرکردنەوە و ئاییندارى، مرۆڤەکان ئازادن لە بیرکردنەوە و باوەڕهێناندا، هاوکات هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام تاوانێکی عەقیدەییە و سزاکەی هەڵگیراوە بۆ رۆژی دوایی، هەربۆیە کەسی هەڵگەڕاوە لە ئیسلامدا ئەگەر کەسێکی ئاشتیخواز و دانیشتوو بێت، هیچ جۆرە سزایەک نادرێت، واتە هەڵگەڕانەوە هۆکاری کوشتن نییە، بەڵکو کاتێک کەسی هەڵگەڕاوە سزای کوشتنی بۆ دەردەچێت، کە ببێتە کەسێکی شەڕەنگێز و خوێنڕێژ، بە دەست و زوبان و پارە و سامانی هەستێت بەکاری دوژمنکارانە دژی کۆمەڵگەی موسڵمان.

هەروەها شایانی باسکردنیشە کە مەسەلەی کافرکردن و حوکمدان بە هەڵگەڕانەوەی کەسێک لە ئیسلام، کارێکی زۆر قورس و مەترسیدارە، زانایانی ئیسلام زۆربەیان خۆیان لێ بەدوور گرتووە، یان بە ئاگاداری و ترسەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، تا نەگەیشتبن بە یەقینی تەواو حوکمی بێباوەڕبوونیان بەسەر کەسدا دەرنەکردووە، زانایانی حەنەفی یاسایەکیان هەیە دەڵێت «ئەگەر لە مەسەلەیەکدا چەندین رێگە و هۆکار هەبێت بۆ کافرکردن، تەنها یەک رێگە هەبێت رێگربێت لە کافرکردن، پێویستە موفتی کار بەو تاقە رێگەیە بکات»(٣٣).

یاخود هەندێکی تریان وتوویانە «فەتوا نادرێت



به کافرکردنی کەسێک هەتا بتوانرێت بوارێکی دەرچوون بۆ وتەکەی بدۆزرێتەوە، یان ئەگەر لە کافرکردنیدا رای جیاواز هەبوو با لاوازیش بێت»(٣٤).

زۆر مەترسیدارە لە ئەمرۆدا دەبینین کەسانی سادە، دەمارگیر، نەشارەزا و هەڵچوو دێن حوکمی کافردن و لەدینەدەرچوونی ئەم و ئەو دەدەن، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیان بەدەستەوە بێت، بۆیە پێویستە ئەم مەسەلەیە بەجی بهێڵدرێت بۆ کەسانی زۆر شارەزا و پسپۆڕ و لێوانلێو لە زانستەکانی شەریعەت، کەسانی لەسەرخۆ، کەسانی دوور لە هەر دەمارگیری و توندگیریو تاقمچێتیەک.

*****

## سەرچاوە و پەراوێز

١- بڕوانە: ابن رشد: بداية المجتهد و نهاية المقتصد، دار ابن حزم، بيروت، ط١، ٢٠٠٣، ٨٢٣/٢. الشيرازي: المهذب في فقه الإمام الشافعي، تحقيق: عادل أحمد عبد الموجود وعلي محمد معوض، دار المعرفة، بيروت، ط١، ٢٠٠٣، ٤١١/٣. المقدسي: العدة شرح العمدة، تحقيق: خليل مأمون شيحا، دار المعرفة، بيروت، ط٦، ٢٠٠٠، ص ٥٦١. ابن حزم: المحلي شرح المجلي، تحقيق: أحمد محمد شاكر،دار إحياو التراث العربي، بيروت،ط٢، ٢٠٠١، ٥٨/١٣. ابن المرتضي: البحر الزخارالجامع لمذاهب علماو الامصار، تحقيق: محمد محمد تامر، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ٢٠٠١م.

٢- بڕوانە: الكاساني: بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، تحقيق: محمد عدنان، دار إحياو التراث العربي، بيروت، ط٢، د.ت، ١١٩/٦. المحقق الحلي: شرائع الإسلام في مسائل الحلال والحرام ، انتشارات استقلال، تهران، ط٤، ١٤١٥هـ ٩٦٢/٤.

٣- بڕوانە: عياض، القاضي: الشفا بتعريف حقوق المصطفي، المطبعة الازهرية المصرية،القاهرة، ١٣٢٧هـ مطبوع مع شرحه نسيم الرياض للخفاجي، ٤٥١/٤. الدمشقي: رحمة الامة في اختلاف الائمة، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٥، ص ٢٨٣. ابن قدامة: المغني، تحقيق: محمد شرف الدين خطاب والسيد محمد السيد، دارالحديث، القاهرة، ط٢٠٠٤،١، ٩٣/١٢.

٤- أخرجه البخارى فى صحيحه،(٣٠١٧، ٦٩٢٢).

٥- أخرجه البخارى فى صحيحه (٦٨٧٨) ومسلم فى صحيحه(١٦٧٦).

٦- حديث العرنيين أخرجه البخاري في صحيحه في أكثر من عشرة مواضع، ومسلم في صحيحه (١٦٧١).

٧- أخرجه الدار قطني في سننه (٣١٨٩) والبيهقي في الكبري (١٦٨٦٦) من طريقين، قال الحافظ: إسنادهما ضعيفان، وفي أحد الإسنادين معمر بن بكار، قال العقيلي: في حديثه وهم، وفي الاخر، عبد الله بن أذينة، جرحه ابن حبان وقال: لايجوز الاحتجاج به بحال، وقال ابن عدي: منكر الحديث، وقال الدار قطني: متروك، ومن وجه اخر أخرجه الدار قطني والبيهقي، بألفاظ متقاربة، عن عائشة، وهو ضعيف أيضا، لان في سنده محمد بن عبد الملك، قال أحمد وغيره فيه: يضع الحديث. انظر: الزيلعي: نصب الراية لتخريج أحاديث الهداية، تحقيق: أحمد شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٢، ٢٠٠٢. ٦٨٩/٣. العظيم أبادي: التعليق المغني علي الدار قطني، دار المحاسن، القاهرة، د. ت،١٩٦٦. ١١٨/٣.

٨- أخرجه أبو داود في سننه (٤٣٦١) والنسائي في المجتبي (٤٠٧٠) والدار قطني في سننه (٣١٦٩) والبيهقي في الكبري (١٦٨٦٣) وسكت عنه أبو داود والمنذري، وقال الحافظ: رواته ثقات، وصححه الالباني في صحيح سنن النسائي(٣٧٩٤).

٩- أخرجه الدار قطني في سننه (٣١٧٧) والبيهقي في الكبري (١٦٨٧٢، ١٦٨٧٣) وضعفه بعض العلماو في

انقطاعه، لان سعيد بن عبد العزيز لم يدرك أبا بكر، لكن الحافظ قال: أخرج الدار قطني أثر أبي بكر من وجه حسن، وقال البيهقي: رويناه من وجهين مرسلين. انظر: الزيلعي:المصدر السابق ٦٩٢/٣. العسقلاني::فتح الباري شرح صحيح البخاري، تحقيق و ترقيم: عبدالعزيز بن باز، محمد فؤاد عبد الباقي، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ٢٠٠٤. ٢٣٣/١٣. العظيم أبادي: هەمان سەرچاوەی پێشوو ١١٤/٣.

١٠- بڕوانە: العسقلانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو ٢٣٣/١٣.

١١- أخرجه البخارى فى صحيحه (٣٠١٤، ٣٠١٥)، ومسلم فى صحيحه(٦٧٤٤).

١٢- بڕوانە: الموصلي: الاختيار لتعليل المختار، تحقيق: علي عبد الحميد أبو الخير ومحمد وهبي سليمان، دار الخير للطباعة و النشر، بيروت، ط١، ١٩٨٨. ٤٢٢/٤.

١٣- أخرجه أبو داود في سننه (٢٦٦٩) وابن ماجه في سننه (٢٨٤٢) وابن حبان في صحيحه (٤٧٨٩) وغيرهم، وصححه الالباني في صحيح سنن ابن ماجه، حديث رقم (٢٢٩٤).

١٤- أخرجه البيهقي في الكبري (١٦٨٦٩) والدار قطني في سننه (٣١٨٥)وعبد الرزاق في المصنف (١٨٧٣١) وغيرهم من طرق عن عاصم عن أبي رزين عن ابن عباس مرفوعا وموقوفا.

١٥- بڕوانە: السرخسي: المبسوط ، قدم له: خليل محي الدين الميس، دارالفكر، بيروت، ط١٠،٢٠٠٠،٨٩/١. الكاساني: هەمان سەرچاوەی پێشوو ١١٩/٦.

١٦- بڕوانە: المبسوط ٨٩/١٠.

١٧- المبسوط ٩٠/١٠.

١٨- بڕوانە: الكردي، أميد عثمان: عقوبة الإعدام في الشريعة الإسلامية، مؤسسة الرسالة ناشرون، بيروت، ط١، ٢٠٠٨، ص ١٣٣.

١٩- بڕوانە: عياض، القاضي: هەمان سەرچاوەی پێشوو٤٥٢/٤. الكردي: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣٤.

٢٠- بڕوانە: ابن حزم: هەمان سەرچاوەی پێشوو ٥٨/١٣، ٦٠.

٢١- أخرجه عبد الرزاق في المصنف (١٨٦٩٨) والبيهقي في الكبري (١٦٨٨٨) وابن حزم في المحلي ٦٠/١٣ وصححه واللفظ له.

٢٢- أخرجه مالك في الموطأ(١٤٤٥) والبيهقي في الكبري (١٦٨٨٧) وعبدالرزاق في المصنف (١٨٦٩٦) وابن حزم في المحلي ٦١/١٣ وصححه.

٢٣- أخرجه عبد الرزاق فى المصنف (١٨٧١٤).

٢٤- أخرجه أبو داود في سننه (٤٣٥٣) والنسائي في المجتبي (٤٠٤٨) والدار قطني في سننه (٣٠٦٨) وصححه الالباني في صحيح سنن النسائي (٣٧٧٨).

٢٥- الصارم المسلول علي شاتم الرسول، تحقيق: أبو عمرو ال□اثري، دار ابن رجب، ط١، ٢٠٠٣، ص٢٥٢.

٢٦- بڕوانە: العظيم ابادي: هەمان سەرچاوەی پێشوو ٨١/٣.

٢٧- بڕوانە: السرخسى: هەمان سەرچاوەی پێشوو ٨٩/١٠.

٢٨- أخرجه البخارى فى صحيحه (٧٢١١) ومسلم فى صحيحه (١٣٨٣).

٢٩- بڕوانە: العسقلانى: هەمان سەرچاوەی پێشوو ٧٧/٥. النووي: شرح صحيح مسلم، تحقيق: أبو عبد الرحمن عادل بن سعد، دار ابن الهيثم،القاهرة، ط١، ٢٠٠٣، ٢٧٨/٥.

٣٠- أخرجه البخارى فى صحيحه (٣٦١٧)، ومسلم فى صحيحه (٢٧٨١).

٣١- بڕوانە: الزلمي، د. مصطفي: التبيان لرفع غموض النسخ في القران، مكتب التفسير، أربيل، ط١، ٢٠٠٠، ص١٧١.

٣٢- الإسلام عقيدة وشريعة، دار الشروق، القاهرة، ط ١٨، ٢٠٠١، ص ٢٨١.

٣٣- بڕوانە: ابن عابدين: رد المحتار على الدر المختار، شرح تنوير الابصار، تحقيق: عادل أحمد عبد الموجود وعلى محمد معوچ، دار الكتب العلميه ، بيروت، گ٢ـ ٢٠٠٣، ٣٥٨/٦.

٣٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو٣٥٨/٦.



# ئازادی ئایین و
# گرفتی مافەکانی هاووڵاتیبوون
## (سەرانە سەندن وەك نموونە)




**د. بەختیار نەجمەدین**

لەدایکبووی ١٩٨٣.

دکتۆرا لە ئوسوڵی فیقهی ئیسلامیی

چەندین توێژینەوەی بڵاوکراوەی بە کوردی و عەرەبی هەیە.



## دەسپێك

**ئاشكرایە ئازادی ئایین گرنگترین ئازادیی تاكە، هەموو جۆرەكانی دیكەی ئازادی لە پاش ئازادی بیروباوەڕەوە دێن، بەو واتایەی ئەگەر مرۆڤ ئازاد نەبوو لە هەڵبژاردنی ئەو ئایینەی بڕوای پێی هەیە، یاخود كۆسپ و لەمپەر هەبوو لەبەردەم دەربڕینی ڕاو بۆچونەكانی، ئیدی مرۆڤ چێژ لە ئازادیەكانی دیكە وەرناگرێت؛ لەبەر ئەوەی ئەم ئازادیانە پێداویستیی ڕۆحن، بەڵام زۆربەی ئازادیەكانی دیكە داخوازیی جەستەن، ئاشكراشە داخوازیەكانی ڕۆح بەنرخترن، خۆگرتنەوە لە داواكانی بەئازارترن.**

**هەرچەند لە چەندین دەقی قورئانی پیرۆزدا مافی هەڵبژاردنی ئایین و ئازادی بیروڕا دراوە بە مرۆڤ، هەر جۆرە لێپرسینەوەیەك لەسەر ئایین دواخراوە بۆ ڕۆژی پەسڵان، چەندین فەرمودەی پەیامبەری سەروەریشمان (درودی خودای لەسەر بێت) جەخت لەم ڕاستییە دەكەنەوە، بەڵام بەداخەوە لێرەشدا وەك زۆرێكی دی لە پرسە ئایینییەكان ڕاڤەی زانایان لەگەڵ خودی دەقەكان ئاوێتەكراون، بەها و پیرۆزی دەقەكان بە ڕاڤەكانیش دراوە. ئەمەش وای كردووە زۆرێك لە خوێندنەوە نوێیەكان بۆ بابەتە ئایینییەكان بە هەڵە و زۆر جاریش بە دەرچوون لە كۆدەنگی زانایان و گومرابوون هەژمار بكرێن. بە پاساوی دەرچوون لە كۆدەنگیی زانایان، یاخود لە ڕای زۆرینە، یان لە هاوڕایی چوار ڕێبازە فیقهیەكە، زۆرێك لە تێگەیشتنە نوێیەكان بەرپەرچدراونەتەوە.**

## دەستنیشانكردنی گرفت

گومان لەوەدا نییە ناكرێت بڵێین لەو پرسە فیقهیانەی كە بە درێژایی مێژوو دوبارەبونەتەوە ئیمانداران بە هەڵە تێگەیشتوون، بەڵام ئەمەش بەواتای ئەوە نییە كە بەدرێژایی ژیان و ڕەچاوكردنی بەرەوپێشچوونەكان و گۆڕانی بەرژەوەندیەكان هیچ حوكمێك گۆڕانكاری بەسەردا نایەت. یاخود هەموو بۆچونەكان لەسەر گشت پرسەكان بە تەواوی لەگەڵ ڕۆحی شەریعەت و ئامانجە باڵاكانی پشت دەقەكان یەكدەگرنەوە، ئەمەش لەبەر چەند گرفتێكی مەنهەجی كە لە كاتی هەڵێنجانی چەندین حوكمی فیقهی ڕویانداوە، كە دەكرێت وەك گرنگترینیان ئەم چەند خاڵە بخەینە ڕوو:

یەكەم: پێدانی وەسفی گشتگیریی و ڕەهایی بە چەندین دەق و ڕووداو كە مەبەست لێیان گشتگیربوون نییە؛ چونكە هەندێك لە حوكمەكان جێبەجێكردنیان وابەستەیە بە هاتنەدیی بەرژەوەندیەك، یاخود پێكانی مەبەستێك، یا بوونی هۆكارێكەوە، لەگەڵ نەمان یا گۆڕانی ئەمانە حوكمەكەش دەگۆڕێت؛ كەواتە ئەم جۆرە حوكمانە ناكرێت بە ڕەهایی كاریان پێ بكرێت، وەگەرنا ناتەبا دەبن لەگەڵ بنەما گشتیەكانیی شەریعەت، ئەمەش پێچەوانەی شەریعەتی لێدەكەوێتەوە.

دووەم: تایبەتكردنی چەندین دەقی گشتگیر و بنەمای قورئانی بە هەندێك فەرموودە، یاخود ڕووداوی سەردەمی پەیامبەر درودی خودای لێ بێت كە خۆیان تایبەتن بە دۆخێك، یاخود ڕەچاوكردنی بارێكی تایبەت و مەبەست لێیان گشتگیری نەبوە تا بكرێنە تایبەتكاری دەق و بنەما گشتگیرە قورئانیەكان. بەڵكو هەندێكجار ڕەهایی و گشتگیری دەقەكان بە ڕاڤەی هاوەڵان

و شوێنکەوتوان، یاخود پشتبەست بە گێڕانەوەی هۆکاری لاواز لەسەر دابەزینیان سنوردارکراون.

سێیەم: زاڵبونی خوێندنەوە و ڕاڤەی ڕواڵەتیانە بۆ دەقەکان، بایەخدانی کەمتر بە مەبەستەکانی خاوەنی شەرع. هەندێک جاریش وەرگرتنی دەق و ڕووداوەکان بە تەنیا و بێ بەستنەوەی بە کۆی شەریعەتەوە و ڕاڤەکردنیان لەژێر ڕۆشنایی بنەما گشتییە نەگۆڕەکان.

چوارەم: وێناکردنی بەشێک لە دەقەکان وەک دەقێکی یەکلاکەرەوە و فەرمانێکی براوە و نەگۆڕ و بەردەوام کە بواری فرەبۆچونی و ناکۆکی لە ڕاڤەکردندا نەبێت. لەکاتێکدا ئەم تایبەتمەندیە تەنها بۆ ئەو دەقانەیە کە تەواو دڵنیابین لە جێگیربونیان، کە ئەمەش لە فەرمودەدا ئاسان نییە. بەهەمان شێوە دڵنیابین لە واتایان، بە جۆرێک کە جگە لە یەک واتا، واتای دیکە هەڵنەگرن، ئەم تایبەتمەندیەش لە کەمترین دەقەکانی قورئان و فەرمودەدا هەیە، لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی زمانێکی دەوڵەمەندە بە وشەی چونیەک، دژبەیەک و فرەمانا، بە دەیان بواری زمانەوانی و ڕەوانبێژی کە وا دەکەن جەختکردنەوە بۆ یەکواتایی و جێگیربونی تەنیا ئەو واتایە بۆ زۆرێک لە دەقە عەرەبیەکان بەتایبەت دەقە پرواتاکانی قورئان و فەرمووده کارێکی ئاسان نەبێت. ئەمە جگە لەوەی خاوەنی شەرع بە مەبەست ئەو دەقە پرواتایانەی بەکارهێناوە، کە گرنگترینیان مەبەستی گونجانی شەریعەتە بۆ هەموو کات و شوێن و بارودۆخێک، بۆیە قەتیسکردنی دەق لەیەک واتادا – لە کاتی نەبراوەیی ئەو واتایە- دژە بەو ئامانجە.

پێنجەم: پێدانی وەسفی گشتگیریی بە هەندێک لەو فەرموودە، یان ڕووداوانەی کە پەیامبەر (درودی خودای لەسەر بێت) وەک پێشەوایەکی دونیایی و فەرمانێکی سیاسی بڕیاری لێ داون، ئاشکراشە کە هەر فەرمانێک لە کاروباری دونیاییدا بێت و پەیوەست بە ئایینەوە نەبێت، پەیامبەر وەک پێشەوایەکی دونیایی کردبێتی پێی دەوترێت (تەشریعی تایبەت) کە تەنها بۆ ئەو سەردەمە پابەندبوون پێیەوە پێویستە.

شەشەم: لە هەڵگۆزانی حوکمە شەرعیەکاندا، هێندەی گرنگی بە فەرموودەی گوفتاریی (قەولی) دراوە هێندە گرنگی بە ژیانی پەیامبەر (درودی خودای لەسەر بێت) و ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی لێی وەردەگیرێت نەدراوە، بۆ نموونە لە مامەڵەکردن لەگەڵ بێباوەڕان، یاخود شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانییەکان، هێندەی بەڵگە بە چەند دەقێکی کەم هێنراوەتەوە کە بە ڕواڵەت توندیی تێدایە بەرانبەریان – لەگەڵ ئەوەش کە تایبەتن بەکاتی جەنگەوە-، بە یەک لەسەر دەی ئەمە ئاماژە بە هەموو ژیانی نەرمونیانی پەیامبەر (درودی خودای لێ بێت) لە کاتە ئاساییەکاندا لەگەڵیان نەدراوە.

حەوتەم: زیادەڕۆیکردن لە بانگەشەی کۆدەنگیی (إجماع) زانایان، کە هەندێک لە زانایان ئەم دەستەواژەیان بۆ سەدان بابەتی فیقهی بەکارهێناوە، ئەمەش بۆتە لەمپەر لەبەردەم ڕاوبۆچونی نوێ لەو پرسانەدا، لە کاتێکدا هەبوونی ناکۆکی لەو بابەتانەی کە بانگەشەی کۆدەنگیان تێداکراوە زۆر ڕوونە و هەندێکیان زیاد لە چەند ڕایەکیش هەیە لەسەریان.

هەشتەم: وێناکردنی هاوڕایی زانایانی چوار ئاینزا فیقهیەکە وەک کۆدەنگی زانایان و ڕێگەنەدان بە دەرچون لێی. لەگەڵ ئەوەی لە چەندین بۆچون جیاوازیان هەیە لەگەڵ دەیان لە گەورە زانایانی هاوەڵان، شوێنکەوتوان، پێشینی بڕواداران و زانایانی گەورەی سەردەمی خۆیان، کەواتە بانگەشەی نارەوایی دەرچون لە بۆچونی

ئەو چوار ئاینزایە پاساوێکی شەرعی نییە.

نۆیەم: بانگەشەی داخستنی دەرگای ئیجتیهاد، کە ئەمە لەخۆیدا گەورەترین و خراپترین ئیجتیهادێکە کرابێت، ناتەبا و پێچەوانەی کۆی بەڵگە شەرعیەکانە، دەرهاویشتەی ئەم بانگەشە دەرمارگیریەش بۆ چوار ئاینزا فیقهیەکە، فیقهێکی چەقبەستووە، کە وا دەکات کۆمەڵگەی ئیسلامیی لە مێژوودا بژی و لە واقع داببرێت، جگە لەوەی بەناوی شەرعەوە چەندین حوکمی فیقهی ئاراستەی موسڵمانان دەکرێت کە لەبەر نەمانی هۆکانیان و گۆڕانی بارودۆخ و دابونەریت و بەرژەوەندی، پشتی حوکمەکان پێچەوانەی ویستی خاوەنی شەرعن.

کەوابێت دەتوانین بڵێین لەبەر هەبونی ئەم هۆکارانە و بە گەڕانەوە بۆ یاساکانی هەڵێنجانی حوکم لە دەقە شەرعیەکان دەتوانرێت خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هەندێک لەو بابەتە فیقهیانە بکرێت؛ ئەمەش لەبەر گۆڕانی هۆکار و بارودۆخ و دابونەریت و گەشەسەندنەکان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیە باڵاکان و مەبەستەکانی خاوەنی شەرع لەو بڕیارانە.

یەک لەو پرسانەی جێی خۆیەتی لە باسی ئازادی ئایین لە ئیسلامدا باس بکرێت پرسی سەرانە سەندنە لەوانەی بڕوا بە ئاینی ئیسلام ناهێنن، چونکە زۆرجار لەبەر ئەم هۆیە ڕەخنە لە ئیسلام دەگیرێت و دەوترێت: سەندنی سەرانە بەواتای قبوڵنەکردنی ئایینەکانی دیکەیە، لێسەندنەوەی مافی هەڵبژاردنی ئایینە لە مرۆڤ، نەبونی یەکسانییە لەنێوان هاووڵاتیان، بە تایبەت لە دونیای ئەمڕۆدا کە چەمکی (هاووڵاتی) لە گرنگترین دەستەواژەکانی بیری سیاسییە.

هەرچەند دەکرێت بڵێین کە هاووڵاتیبوون لە دونیای ئەمڕۆدا مەرج نییە بە واتای یەکسانی بێت لە مافدا، بەتایبەت لەکاتی جیاوازی لە ڕەگەز، نەتەوە، دارایی و دەسەڵاتدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم چەمکە بۆتە بنەمای دابەشکردنی ئەرک و ماف لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بۆیە پێویستە هەڵوێستی ئیسلام لەم ڕووەوە ڕوون بکەینەوە، ئایا بە یەکسانی سەیری هاووڵاتیان دەکات، یان ئایین دەکاتە پێوەر بۆ پێدانی ماف؟

دیارە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پەیامبەر (درودی خودای لەسەر بێت) هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەم پرسیارانە؛ چونکە دانیشتوانی مەدینە بە جیاوازی ڕەچەڵەک ئایین ڕەگەز و ئاستی کۆمەڵایەتیانەوە مافە دونیاییەکانی خۆیان پێ درابو، کەواتە لە ژیانی پەیامبەردا (درودی خودای لەسەر بێت) جیاوازی نەدەکرا لە نێوان دانیشتوانی مەدینە لەبەر جیاوازی ئایینی، تا ئەو کاتەی ڕێکەوتنی ژێربەژێری جولەکەکانی مەدینە لەگەڵ نەیارانی موسڵمانان ئاشکرابوو، کە ئەمە بووە هۆی دروستبونی کێشە لە نێوان موسڵمانان و جولەکەکاندا نەک جیاوازی ئایینی.

بەڵام بەداخەوە زۆرێک لە زانایانی ئیسلام لەم ڕاستیە ئاشکرایە لایان داوە، وا تێگەیشتوون کە پێکەوەژیان لە یەک نیشتماندا ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە ئایینەوە و مرۆڤەکان لەم ڕووەوە دەکرێن بە سێ بەشەوە: ١- موسڵمانان. ٢- شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانیەکان. ٣-شوێنکەوتوانی ئایینە دەستکردەکان و بێباوەڕان بە گشتیی.

یەکەمیان ئەرک و مافی ئاشکرایە لە دەسەڵاتی ئیسلامیدا. دووەمیشیان کاتێک دەتوانێت لەو دەسەڵاتەدا بژی کە سەرانە بدات. سێیەمیشیان جێی ناکۆکیە لەنێوان زانایاندا، هەندێکیان دەڵێن ئەوانیش بەمەرجی دانی سەرانە دەتوانن لە وڵاتی ئیسلامیدا بژین، بەڵام هەندێکیان دەڵێن: ئەمان

تەنیا سەرپشک دەکرێن لە برواهێنان بە ئیسلام یاخود جەنگ! واتە بە دانی سەرانەش ڕێگەنادرێت لە دەسەڵاتی ئیسلامیدا بمێننەوە! چونکە سەرانە تایبەتە بە شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانیەکان.

بۆیە جێی خۆیەتی ئەم بۆچونانە لەگەڵ دەقەکانی قورئان و فەرمودە، مەبەستەکانی شەریعەت و ئاوەزی تەندروست بەراوردبکرێن تا لە دروستیان دڵنیابینەوە.

دیارە سەرانە یاخود (جزیە) لە ئیسلامدا بە ئەندازەیەک لە ماڵ دەوترێت کە لە مرۆڤی بێباوەڕ بە ئاینی ئیسلام وەردەگیرێت(١). بەڵام بەر لەوەی باسی ئەم پرسە لە ئیسلامدا بکەیین جێی خۆیەتی ئەو ڕاستییە بخەینە پێشچاو کە ئاینی ئیسلام دەستپێشخەر نەبووە لە سەرانە سەندن و شەرعیەت پێدانی؛ بەڵکو لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین یۆنانەکانی ئەسینا لە گەلانی کەنارەکانی ئاسیای بچوکیان وەردەگرت، ڕۆمەکان لەو گەلانەیان وەردەگرت کە لەژێر دەسەڵاتیاندا بوون، فارسەکانیش بە هەمان شێوەی ئەوان لە گەلانی ژێردەستەیان وەردەگرت(٢).

تەنانەت وەک لە (سفری یوشەع)دا هاتووە پەیامبەران (درودی خودایان لەسەر بێت) کاتێک بەسەر هەندێک لە پادشاکاندا سەرکەوتون سەرانەیان لێ سەندون(٣).لە ئینجیلی مەتا ئیسحاحی (٢٢)دا هاتووە کە: پێشەوا عیسا (سەلامی خودای لەسەر بێت) ڕازی بووە سەرانە بدرێت بە قەیسەر.

کەواتە ئیسلام نەک داهێنەری ئەم باجە نییە، بەڵکو ئەندازەی سەرانە لە ئیسلامدا کەمترین باجێکە کە لە مێژودا وەرگیراوە، جگە لەوەی تایبەتیش کراوە بە جەنگاوەران و تەنانەت هەژارانی لێ بەخشراوە.

گرنگترین بەڵگەی وەرگرتنیشی لە ئیسلامدا

**هەبوونی ناکۆکی لەو بابەتانەی کە بانگەشەی کۆدەنگیان تێداکراوە زۆر ڕوونە و هەندێکیان زیاد لە چەند ڕایەکیش هەیە لەسەریان.**

ئەم ئایەتە پیرۆزەیە ﴿**قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ**﴾ (التوبة: ٢٩). هەرچەند ڕاڤەکارانی قورئان یەک دەنگ نین لەسەر هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە, ئایا کاتی جەنگی خەیبەر بووە، یاخود جەنگی تەبوک, یاخود کاتێکی دیکە، بەڵام ئەوەی هەموو مێژوونوسان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە جەنگەکانی پەیامبەر (درودی خودای لەسەر بێت) لەگەڵ شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانیەکان و بەڵکو گشت بێباوەڕان دەستپێشخەری نەبوون، بەڵکو لە دۆخی بەرگری‌دا بوون، یاخود لە کاتی ڕێگریکردنی سەربازیانەی بێباوەڕان بووە لە گەیاندنی پەیامی خودا و قۆرخکردنی ئازادی ئایینیی ژێر دەستەکانیان. بۆ نموونە جەنگ لەگەڵ بەنو قورەیزە لەبەر ناپاکیە گەورەکەیان بو کاتی جەنگی خەندەق، جەنگ لەگەڵ جولەکەکانی خەیبەریش دوای ئەوە هات کە هەندێک لە سەرکردەی جولەکەکانی مەدینە بە تایبەت لە بەنی نەزیر چونە نێو خەیبەر و پلانیان دادەنا دژی دەسەڵاتی ئیسلامیی، جەنگی تەبوکیش دوای ئەوە هات کە دەسەڵاتی ڕۆم لە فراوانبونی دەسەڵاتی ئیسلامیی دەترسا و سوپایەکی

**سەرانە لە ئەمڕۆدا لە شوێنکەوتەی هیچ ئایینێك وەرناگیرێت. چونکە ئەو پاساوانەی زانایان بۆ وەرگرتنی سەرانە باسیان کردووە، بوونیان نەماوە.**

گەورەی ئامادەکرد بۆ لەناوبردنی دەسەلاتی ئیسلامیی. کەواتە ئەم ئایەتە پیرۆزە لە هەر کام لە جەنگەکانی موسڵمانان لەگەڵ شوێنکەوتوانی کتێبە ئاسمانیەکان دابەزیبێت، دەستپێشخەر تێیدا ئەوان بوون، کاتیش کاتی جەنگ بووە. کەواتە بەڵگەهێنانەوە بەم ئایەتە بۆ وەرگرتنی سەرانە لە هەمو کاتێک جێی سەرنجە، چونکە ناکرێت [وَهُمْ صَاغِرُونَ] بەواتای ئەوەبێت بە بێ ڕێزی و سوکی و زەلیلی سەیریان بکەن لە کاتی وەرگرتنی سەرانەکەدا، واتە: حاڵیان ئاوابێت کەلێیان وەردەگرن! هەرچەندە لە کولتوری فیقهیدا ئەم رایە هەبێت!! چونکە ئاشکرایە ئەمە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕۆحی شەریعەت و ژیان و هەڵسوکەوتی پەیامبەردا (درودی خودای لەسەر بێت) ناگونجێت. کەواتە بە واتای ئەوەیە لەگەڵیان بجەنگێن تا حاڵیان وای لێ دێت لاواز و بێدەسەلات دەبن، بەم هۆیەوە ملکەچبوون هەڵدەبژێرن، ئەم شکان و ملکەچبونەش کاتێکە کە پێشتر جەنگ ڕوویدابێت.

پاشان ئەگەر زۆربەی زانایان لەگەڵ ئەوەدابن کە سەرانە تەنیا لەوانە وەردەگیرێت کە توانای جەنگیان هەیە, کەواتە دەبێت هۆکارەکەشی ئەوەبێت کە پێشتر جەنگیون، خۆ ئەگەر هۆکارەکەی بێباوەڕی بێت، چ جیاوازیەک هەیە لەنێوان بێباوەڕی گەنج و پیر و پیاو و ئافرەت؟!

پێشەوا قورتوبی دەڵێت «زانایانمان وتویانە: ئەوەی قورئان ئاماژەی پێداوە سەرانە تەنیا لە جەنگاوەران وەردەگیرێت، ئەمەش کۆدەنگی زانایانی لەسەرە. ئەوانیش بریتین لە پیاوانی ئازادی بالغ، ئەمانە جەنگاوەرن، نەک ئافرەت و منداڵ و کۆیلە و ئەوانەی نەخۆشی دەرونیان هەیە، یا پیرو پەککەوتەن»(٤).

کەواتە دەکرێت بوترێت: ئەگەر لە جەنگاوەر وەربگیرێت دەبێت کاتێک بێت جەنگی کردبێت و زیانی گەیاندبێت و دژایەتی موسڵمانانی کردبێت، بەڵام گەنجێک هەرگیز بەشداری جەنگی دژی موسڵمانان نەکردوە چ جیاوازیەک لە نێوان ئەو و ئەوانی دیکەدا هەیە کە جەنگاوەر نین، یا جەنگیان پێ ناکرێت؟

گرفتێکی دیکەی ئەم پرسە ئەوەبو کە وتمان زۆربەی زانایان لەوانە شافعیەکان، زۆربەی حەنبەلیەکان و ئیبن ماجشون لەنێو مالکیەکاندا(٥) بۆچونیان وایە کە سەرانە تەنیا لە شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانیەکان وەردەگیرێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی ئایەتەکە تەنیا باسی ئەوان دەکات. ئەمەش وەک لە دەستنیشانکردنی گرفتەکاندا باسمان کرد، تایبەتکردنی دەقە بێ هەبونی بەڵگە. کێشەی گەورەش لێرەدا ئەوەیە کە تایبەتکردنی سەرانە بە شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانیەکانەوە بەواتای ئەوە دێت کە شوێنکەوتەی ئایینەکانی دیکە تەنیا لەبەردەم جەنگ یان موسڵمانبوندان! بەم جۆرەش ئەم جەنگەی موسڵمانان نابێتە بەرگری، بەڵکو زیادەڕۆییە، قورئان و فەرمودەش ڕێگەیان پێ نەداوە و تەنیا مۆڵەتی جەنگیان لەگەڵ ئەوانە داوە کە دەجەنگێن. وەک خوای پەروەردگار دەفەرمویت: ﴿**وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ**﴾

(سورة البقرة/١٩٠). ئەمە جگە لەوەی ئەو باوەڕهێنانەی ئەوانیش لە ئەگەری نەبوونی هیچ دەرفەتێکی دیکەدا باوەڕهێنانێکە بۆ خۆپاراستن لە مەرگ، ئەمەش پێچەوانەی ئازادی مرۆڤە لە هەڵبژاردنی ئایین دا، هاوکات ئەو بڕوابوونەش نییە کە ئیسلام داوای دەکات و لە چەندین دەقی قورئانی پیرۆزدا ڕوونکراوەتەوە، وەک: **﴿لا إِكْراهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ﴾ (سورة البقرة/ ٢٥٦). ﴿وَلَوْ شاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعاً أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ (سورة يونس/ ٩٩). ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾** (سورة الكهف/ ٢٩).

کەواتە ئەمە ڕایەکی لاوازە، ڕای بەهێز ئەوەیە کە سەرانە لە هەموو بێباوەڕان وەردەگیرێت بێ جیاوازی، ئەمەش ڕای زانایانی حەنەفی، زۆربەی مالیکیەکان، پێشەوا ئەوزاعی، ئیبن تەیمیە و ئیبنولقەییمە، لەگەڵ هەبونی ناکۆکی لەنێوانیان دا لەسەر بێباوەڕانی نیوەدورگەی عەرەبی(٦). بەڵگەی بەهێزی ئەم ڕایەش فەرمودەکەی بورەیدەیە کە لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: «**أن رسول الله صلى الله عليه وسلم كان إذا أَمَّرَ أَمِيرًا على جَيْشٍ أو سَرِيَّةٍ أَوْصَاهُ في خَاصَّتِهِ بِتَقْوَى اللَّهِ وَمَنْ معه من الْمُسْلِمِينَ خَيْرًا، ثُمَّ قال: اغْزُوا بِاسْمِ اللَّهِ في سَبِيلِ اللَّهِ قَاتِلُوا من كَفَرَ بِاللَّهِ اغْزُوا ولا تَغُلُّوا ولا تَغْدِرُوا ولا تَمْثُلُوا ولا تَقْتُلُوا وَلِيدًا وإذا لَقِيتَ عَدُوَّكَ من الْمُشْرِكِينَ فَادْعُهُمْ إلى ثَلَاثِ خِصَالٍ أو خِلَالٍ، فَأَيَّتُهُنَّ ما أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ منهم وَكُفَّ عَنْهُمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إلى الْإِسْلَامِ، فَإِنْ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ منهم وَكُفَّ عَنْهُمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إلى التَّحَوُّلِ من دَارِهِمْ إلى دَارِ الْمُهَاجِرِينَ وَأَخْبِرْهُمْ أَنَّهُمْ إن فَعَلُوا ذلك فَلَهُمْ ما لِلْمُهَاجِرِينَ وَعَلَيْهِمْ ما على الْمُهَاجِرِينَ، فَإِنْ أَبَوْا أَنْ يَتَحَوَّلُوا منها فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّهُمْ يَكُونُونَ كَأَعْرَابِ الْمُسْلِمِينَ يَجْرِي عليهم حُكْمُ اللَّهِ الذي يَجْرِي على الْمُؤْمِنِينَ ولا يَكُونُ لهم في الْغَنِيمَةِ وَالْفَيْءِ شَيْءٌ إلا أَنْ يُجَاهِدُوا مع الْمُسْلِمِينَ، فَإِنْ هُمْ أَبَوْا فَسَلْهُمْ الْجِزْيَةَ، فَإِنْ هُمْ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ منهم وَكُفَّ عَنْهُمْ**»(٧).

ئاشکرایە کە پەیامبەر لەم فەرمودەیەدا بە سەرکردەی سوپای موسڵمانان دەفەرموێت «لەکاتی جەنگدا ئەگەر گەیشتی بە دوژمنی (موشریک- ئەوانەی هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن و شوێنکەوتەی پەیامی ئاسمانی نین) هەرکام لەم سێ داواکاریەیان قبوڵ کرد ڕازییە و جەنگ ڕابگرە لەگەڵیان، داواکاری سێیەمیش بریتیە لە: ڕازیبوون بەوەی سەرانە بدەن. کەواتە ئەم فەرمودەیە بەتەواوی پێچەوانەی بەزۆر موسڵمانکردنی بێباوەڕانە، ڕوونە کە دوای کۆتایهاتنی جەنگ هیچ بێباوەڕێک ناکوژرێت بە بیانوی ئەوەی ئامادە نەبوە بڕوا بێنێت.

بەتێگەیشتن لەم فەرمودەیە, کە تایبەتە بە کاتی جەنگ و ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانەی لە دەسپێکی بابەتەکەمان ئاماژەمان پێدان, دەتوانین بڵێین سەرانە لە ژیانی کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆدا لە شوێنکەوتەی هیچ ئایینێک وەرناگیرێت. تەنانەت ئەگەر بەوردی لە ڕای زانایان لەسەر پاساوی وەرگرتنی سەرانە بکۆڵینەوە دەبینین ئەو هۆکارانەی باسیان کردووە بوونیان نەماوە تا حوکمەکە بوونی هەبێت، لێرەدا بۆ دڵنیابون لەم بۆچونە ئاماژە بە گرنگترین بۆچونی زانایان دەدەین لەسەر هۆکاری وەرگرتنی سەرانە کە بەم شێوەیەیە:

١- ڕای زۆربەی حەنەفیەکان ئەوەیە کە بۆیە سەرانە لە گەلانی ناموسڵمان وەرگیراوە چونکە ئەوان بەخشراون لە سەربازی و جەنگ لە پێناو پاراستنی وڵاتدا، کەواتە لەجیاتی ئەوەی بەشداری لە خزمەتی سەربازی بکەن، ئەو برە پارەیان لێوەردەگیرێت(٨).

٢- زانایانی مالیکی دەڵێن: لە بری جەنگ

لەگەڵیان بەهۆی باوەڕ نەهێنانیان سەرانەیان لێوەردەگیرێت(٩).

٣- زانایانی شافعی و حەنبەلی دەڵێن: لە بری ئەوە وەردەگیرێت کە موسڵمانان لەگەڵیان ناجەنگێن و ڕێگەیان پێدەدەن لە وڵاتی موسڵماناندا بمێننەوە(١٠).

٤- هەندێک لە زانایانی ئەم سەردەمەش دەڵێن: سەرانە بۆیە لە بێباوەڕان وەرگیراوە، چونکە هەرکەس لە هەر وڵاتێک بژی دەبێت خزمەتی داهاتی گشتی ئەو وڵاتە بکات، موسڵمانان لە ڕێی زەکاتەوە ئەمە دەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی زەکات پەرستشە و تایبەتە بە موسڵمانەوە خەڵکانی شوێنکەوتەی ئایینەکانی دیکە دەبێت ئەندازەیەک لە ماڵ بدەن تا وەک موسڵمانان بەشدار بن لە خزمەتکردنی وڵات(١١).

دیارە زانایانی ئوسولی فیقهـ دەڵێن: حوکمە شەرعیەکان وابەستەی هۆکارەکانیانن، واتە هەرکات هۆکارەکە هەبوو حوکمەکە هەیە، هەرکاتیش نەما حوکمەکە نییە، بۆ نموونە لەسەر بۆچونی یەکەم کە هی زانایانی حەنەفیە ئێستا لە هیچ شوێنێکی دونیادا پاساوی وەرگرتنی سەرانە نەماوە؛ چونکە دانیشتوانی وڵات پێکەوە بەشدارن لە بەرگریکردن لە وڵات، خزمەتی سەربازی تایبەت نییە بە موسڵمانان. کەواتە ئەگەر بڵێین شتێک نەماوە لە دونیای ئەمڕۆدا بەناوی سەرانە -لەکاتی ئاشتی و نەبونی جەنگ دا-، ئەم قسەیە بە تەواوی تەبایە لەگەڵ بۆچونی زانایانی حەنەفی.

ئەوەی پشتگیری ئەم ڕایەش دەکات، ئەوەیە لە سەردەمی هاوەڵانی پەیامبەردا (درودی خوای لەسەر بێت) زۆرێک لە سەرکردەکان، لە وانە ئەبو عوبەیدەی جەڕڕاح و خالیدی کوڕی وەلید کاتێک پەیمانیان لەگەڵ شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانیەکان دەبەست، دەیانوت بۆیە ئەو برە پارەیەتان لێوەردەگرین کە لە دوژمن پارێزراوبن، ئەگەر نەمان توانی بتانپارێزین ئەوە پارەکەتان بۆ دەگێڕینەوە(١٢).

مێژوونوسی بەناوبانگی ڕۆژئاواییش (ئادەم متنز) دەڵێت «بەهۆی ئەوەی موسڵمانان لێبوردە و بەبەزەیی‌بوون بەرانبەر شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانیەکان، ئەمان برێکی کەم ماڵیان دەدایە خەزێنەی دەوڵەت، هەرکەس بە ئەندازەی توانای خۆی، ئەم ماڵە وەک باجی بەرگری نیشتمانی وابو، تەنیا ئەوانە دەیاندا کە توانای جەنگیان هەیە»(١٣). کەواتە بەپێی ڕای یەکەم هۆکاری حوکمەکە نەماوە.

هەرچی ڕای دووەم و سێیەمیشە کە هی زانایانی مالیکی، شافعی و حەنبەلیە تایبەتە بەو سەردەمانەی دونیا پۆلێنکرابوو بۆ (دار الإسلام و دار الكفر)، ئەمەش پرسێکە کۆتاییهاتوە و لە دونیای ئەمڕۆدا مرۆڤەکان پێکەوە دەژین، ئەو حوکمانەی کە تایبەتن بەم پرسەوە لە نەمانی ئەم پۆلێنەدا کاریان پێ ناکرێت.

ڕای کۆتاییش کە هی کۆمەڵێک لە زانایانی سەردەمە، کاتێک پەسەندە کە تەنها داهاتی خەزێنەی گشتی زەکات بێت، ئەوسا دەکرێت بڵێین کە ئەوانەی زەکات نادەن دەبێ بە ڕێگەیەکی دیکە داهات بدەنە دەوڵەت، بەڵام لە ئەمڕۆدا کە یەکەم: زەکات لە زۆربەی جیهانی ئیسلامیدا نادرێت بە خەزێنەی گشتیی و هەرکەس خۆی دابەشی دەکات. دوەمیش: هەموو هاونیشتمانیان لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بەدەر لە زەکات داهاتیان لێوەردەگیرێت بۆ خەزێنەی گشتیی، کەواتە ئەم هۆکارەش نەماوە تا بڵێین دەبێت بەرانبەریش ئەو ماڵە بدات چونکە موسڵمانان زەکات دەدەن.

## ئەنجام

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کە پرسی وەرگرتنی سەرانە لە ناموسڵمانان پرسێکە پەیوەست بە دەسەڵاتەوە، بابەتێکە لە چوارچێوەی سیاسەتی شەرعی، نەک پەیوەست بە بیروباوەڕ، یاخود وەک پەرستشێک کە هەموو وردەکارییەکانی دیاری کرابێت و هیچ مەجالی گۆڕانکاری تێدا نەبێت. هەربۆیە بە تێڕوانین لە ئامانج و مەبەستەکانی شەریعەت و سەردەم و بارودۆخ و بەرژەوەندی کۆمەڵگای ئیسلامی و شێوازی ژیان لە جیهانی ئەمڕۆدا دەکرێ بڵێین:

ئەو رایەی کە پێیوایە جگە لە شوێنکەوتوانی پەیامە ئاسمانییەکان تەنیا دەبێت ئیسلام قبوڵ بکەن، یان بجەنگن، رایەکە تەواو لاواز و پێچەوانەی قورئان و فەرمودە و ڕۆحی شەریعەت و ئاوەزی تەندروست و هەموو ئەو ئازادیە ئایینیانەیە خودا لە دونیادا بۆ مرۆڤی دەستەبەرکردوە، بەڵکو پێچەوانەی بنەمای لێپێچینەوەی ڕۆژی دواییە؛ چونکە بۆیە مرۆڤەکان لە دواڕۆژدا پاداشت و سزا وەردەگرن لەبەر ئەوەی لە دونیادا ئازادبوون لە بیر و هزریان.

پاشان بە ڕەچاوکردنی هەرکام لەو هۆکارانەی زانایان بۆ پێویستبونی سەرانە باسیان کردووە، لە دونیای ئەمڕۆ دا کە ژیانێکی هاوبەش هەیە لە نێو هاووڵاتیان و لە ئەرک و مافدا هاوبەشن، لە هەمو دامەزراوە ئەمنی و سەربازی و شارستانیەکاندا شان بەشانی یەک خزمەت دەکەن، لە جۆرەکانی باج و گومرک و داهاتی وڵات یەکسانن، هیچ هۆکارێکی شەرعی و سیاسی نییە بۆ پێویستکردنی ماڵێک لەسەر شوێنکەوتەی ئەو ئایینانە و جیاکردنەوەیان لە هاووڵاتییە موسڵمانەکان. ئەمە جگە لەوەی ناونانی ئەو ماڵەی وەردەگیرێت بە (جزیە) هیچ پیرۆزیەکی تێدا نییە؛ چونکە بەکارهێنانی دەستەواژەکان پەرستش نین، مەبەستی خاوەنی شەرع لە حوکمەکاندا جێگیرکردنی ڕەگەزی ئەو حوکمانەیە، بۆیە هەرکەس واتێبگات حوکمەکان پەیوەستن بە دەستەواژەکانەوە، ئەوە لە مەبەستەکانی شەریعەت تێ نەگەیشتووە. کەوابو هەرکات دەسەڵات ویستی لە بری ئەوەی زانایان باسیان کردووە ماڵێک وەربگرێت بەناوی باج، یاخود کار بە گەنجان بکا لە کارگەکاندا، یاخود خزمەتی سەربازی بکاتە زۆرەملێ، یا هەر شتێک کە لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت و پێچەوانەی شەریعەت نەبێت، کارێکی ئاساییە و بری هەمان ئەو حوکمە دەکەوێت کە زانایان لەم پرسەدا باسیان کردووە. بەڵام بۆ ئەم جۆرە خوێندنەوانە پێویستە لەو تێگەیشتنە دەرچین کە شوێنکەوتنی ڕەهای کولتور بە پێویست دەزانێت، ڕاوبۆچونی زانایان و کولتور تێکەڵ بە شەرع و دەقەکانی قورئان و فەرموودە دەکات، ئەو حوکمانەی لە چوارچێوەی سیاسەتی شەرعی و کاروباری دونیاییدا بڕیاریان لێ دراوە، لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی پەیوەست بە ئایینەوە تێکەڵ دەکات. چونکە وەک دکتۆر قەرزاوی دەڵێت «ئەوەی لای هیچ کەسێک جێی ناکۆکی نییە، ئەوەیە سەردەمەکەمان گۆڕانی زۆر گەورە و فراوانی بەخۆیەوە دیوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، سیاسیی و رۆشنبیرییدا، ئەمەش دەخوازێت شەرعزان یان موفتی لە هەندێک لەو وتە و بۆچوونانەی پێشوو لابدات، کە نەساز و ناتەبان لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆدا، لەبری ئەوانە هەندێک بۆچوونی دیکە هەڵبژێرێت کە لەوانەیە لە کات و سەردەمی خۆیاندا بۆچوونی بێهێز، یان وەلانراو بوون»(١٤).

# سەرچاوە و پەراوێز:

١. بەڵام لەبەرامبەر چی، یاخود بە چ هۆیەك لێیان وەردەگیرێت؟ ئەمە رای جیاوازی لەسەرە وەك دواتر ئاماژەی پێ دەدەین.

٢. جورجي زيدان، تاريخ التمدن الإسلامي، ج ١١ — بتصرف

٣. يشوع (١٦/١٠).

٤. القرطبي، أبو عبد الله محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، دار الشعب - القاهرة (١١٢/٨).

٥. الشافعي، محمد بن إدريس أبو عبد الله، دار المعرفة - بيروت — ١٣٩٣هـ الطبعة: الثانية (١٧٤/٤)، ابن المنذر، محمد بن إبراهيم بن المنذر النيسابوري، أبو بكر، الإجماع، دار الدعوة - الإسكندرية - ١٤٠٢ هـ الطبعة: الثالثة، تحقيق: د. فؤاد عبد المنعم أحمد (٥٩/١)، الماوردي، علي بن محمد بن حبيب الماوردي البصري الشافعي، الحاوي الكبير في فقه مذهب الإمام الشافعي وهو شرح مختصر المزني، دار الكتب العلمية - بيروت - لبنان - ١٤١٩ هـ -١٩٩٩ م الطبعة: الأولى، تحقيق: الشيخ علي محمد معوض - الشيخ عادل أحمد عبد الموجود (٨١/٨)، السمرقندي، علاء الدين، تحفة الفقهاء، دار الكتب العلمية - بيروت - ١٤٠٥ — ١٩٨٤ م الطبعة: الأولى (٣/ ٣٠٢)، ابن قدامة، عبد الله بن أحمد بن قدامة المقدسي أبو محمد، المغني في فقه الإمام أحمد بن حنبل الشيباني، دار الفكر - بيروت - ١٤٠٥ هـ الطبعة: الأولى (١٨٠/٩)، ابن تيمية، أحمد عبد الحليم بن تيمية الحراني أبو العباس، كتب ورسائل وفتاوى شيخ الإسلام ابن تيمية، مكتبة ابن تيمية، الطبعة: الثانية، تحقيق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم العاصمي النجدي(٣٥٦/٢٨)، ابن القيم، أبو عبد الله شمس الدين محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد الزرعي الدمشقي، أحكام أهل الذمة، رمادى للنشر - دار ابن حزم - الدمام - بيروت - ١٤١٨ - ١٩٩٧ الطبعة: الأولى، تحقيق: يوسف أحمد البكري - شاكر توفيق العاروري (٨١/١).

٦. مالك بن أنس، المدونة الكبرى، دار صادر - بيروت (٢٨٢/٢)، ابن عبد البر، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن عبد البر النمري القرطبي، الاستذكار الجامع لمذاهب فقهاء الأمصار، دار الكتب العلمية - بيروت - ٢٠٠٠م الطبعة: الأولى، تحقيق: سالم محمد عطا- محمد علي معوض (٢٤٢/٣)، السغدي، أبو الحسن علي بن الحسين بن محمد السغدي، النتف في الفتاوى، دار الفرقان/ مؤسسة الرسالة - عمان الأردن / بيروت لبنان - ١٤٠٤ - ١٩٨٤ الطبعة: الثانية، تحقيق: المحامي الدكتور صلاح الدين الناهي (١٩٠/١)، الكاساني، علاء الدين، بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، دار الكتاب العربي - بيروت - ١٩٨٢ الطبعة: الثانية (١٠٠/٧)، المرغيناني، برهان الدين علي بن أبي بكر بن عبد الجليل الفرغاني المرغيناني، متن بداية المبتدي في فقه الإمام أبي حنيفة، مكتبة ومطبعة محمد علي صبح - القاهرة (١١٦/١)، ابن نجيم الحنفي، زين الدين، البحر الرائق شرح كنز الدقائق: دار المعرفة - بيروت، الطبعة: الثانية (٨٩/٥)، القرافي، شهاب الدين أحمد بن إدريس، الذخيرة، دار الغرب - بيروت - ١٩٩٤م ، تحقيق : محمد حجي (٤٥١/٣)، الشوكاني، محمد بن علي بن محمد، نيل الأوطار من أحاديث سيد الأخيار شرح منتقى الأخبار، دار الجيل - بيروت - ١٩٧٣ (٨ / ٢١٤).

٧. أخرجه مسلم بن الحجاج أبو الحسين القشيري النيسابوري، في صحيحه دار إحياء التراث العربي - بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي (١٣٥٧/٣) رقم الحديث (١٧٣١).

٨. السرخسي، شمس الدين، المبسوط، دار المعرفة - بيروت (٨١/١٠).

٩. ابن العربي، أبو بكر محمد بن عبد الله، أحكام القرآن، دار الفكر للطباعة والنشر - لبنان، تحقيق: محمد عبد القادر عطا(٤٨٠/٢).

١٠. الماوردي، الحاوي الكبير (١٧٩/١٤)، ابن قدامة، المغني (٢٧٥/٩).

١١. السيد سابق، فقه السنة، المكتبة العصرية، صيدا- بيروت، ١٤٢٢هـ ٢٠٠١ (٥١/٣).

١٢. أبو يوسف، يعقوب بن إبراهيم بن حبيب بن سعد بن حبتة الأنصاري، الخراج، المكتبة الأزهرية للتراث، تحقيق : طه عبد الرؤوف سعد، سعد حسن محمد. (١٥٣/١)، الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير، تاريخ الطبري، دار الكتب العلمية — بيروت (٣١٩/٢)، الدكتور عبد الكريم زيدان، أحكام الذميين والمستأمنين في دار الإسلام، (ص ١٥٥) وما بعدها . البلاذري، أحمد بن يحيى بن جابر، فتوح البلدان، دار الكتب العلمية - بيروت - ١٤٠٣ ، تحقيق : رضوان محمد رضوان (ص٢١٧).

١٣. آدم متنز، الحضارة الإسلامية في القرن الرابع الهجري أو عصر النهضة في الإسلام، ترجمة: محمد عبدالهادي أبو ريدة (١/ ٦٩).

١٤. القرضاوي، د. يوسف: الاجتهاد في الشريعة الإسلامية، مع نظرات تحليلية في الاجتهاد المعاصر، دار القلم، الكويت، ط١،١٩٩٦، ص ١٢٠

# ڕەسەناندنی «تأصیل»

## مەبەستی ئازادی بە قورئان و سوننە



**د. حەسەن محەممەد ئیبراهیم**

لەدایکبووی ١٩٧٧. دکتۆرا لە شەریعەتی ئیسلامیی
دوو کتێبی چاپکراو و چەند توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.

گومانی تێدا نییە شەریعەتی ئیسلام هاتووە بۆ دەستەبەرکردنی قازانج بۆ مرۆڤەکان لە ژیانی دنیا و دوارۆژیاندا، قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر -درودی خوای لەسەربێت- چەندین یاسا و رێسا و بنەمای گشتیی گرنگیان لەخۆ گرتووە، کە هەموویان بۆ چەند مەبەست و مەرامێک رێکخراون، کە قازانج و کامەرانی تەواو بۆ مرۆڤ بەدیدەهێنن و دەیسەلمێنن ئەم شەریعەتە دەگونجێت بۆ هەموو کات و ساتێک و ژیار و ژینگەیەک، لەکاتی جێبەجێکردنیدا بەتەواوی گونجاوە لەگەڵ سروشتیی مرۆڤ و عەقل و لۆژیکی هاوسەنگ.

چەسپاندن و رەسەناندنی ئەو مەبەستانە، پاشان رەچاوکردنیان لە کاتی جێبەجێکردن و فەتوا و ئیجتیهاد بە تایبەتی لەم سەردەمەماندا گرنگیەکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی جورئەت و ئازایەتی دەبەخشێت بە موجتەهید لە بواری شەریعەت و موفتی لە بابەتە تازەکاندا، بۆ ئەوەی لە ژێر رۆشنایی دەقەکانی شەریعەت بریار و فەتوا شەرعیەکان هەڵهێنجن و بابەتە تازەکان بچوێنن بە فیقهـ و ئیجتیهادی سەلەف لە بواری شەریعەت.

لەلایەکی دیکەشەوە رێکخستن و رەسەناندنی مەبەستەکانی شەریعەت رێگا لەبەردەم ئەوانە دادەخات کە دەیانەوێت بەناوی تازەگەری و بەرژەوەندی و مەبەستەکانی شەریعەت ... هتد لەناوەوە پیلان لەدژی ئیسلام و شەریعەت و بەهاکانی بگێرن.

زانایان لێکۆلینەوە و خوێندنەوەی زۆر باشیان کردووە لەسەر زۆرێک لە جۆر و بەشەکانی مەبەستەکانی شەریعەت، بە تایبەت پێنج مەبەستە زەروریەکە (پاراستنی ئایین، نەفس، وەچە، سامان و عەقڵ)، بەشێوەیەک کە هیچ دەرفەتێک نییە بۆنکوڵی لێکردنیان و کەمکردنەوە لە بایەخ و گرنگیان.

بەڵام هێشتا بابەتی مەبەستەکانی شەریعەت زیاتر هەڵدەگرێت، پێویستە رەسەناندن و لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت، جۆر و رەهەندەکانی زیاتر شیبکرێتەوە بۆ ئەوەی زۆترر ئاویتەی ئیجتیهاد و فەتوا شەرعیەکان بکرێت، بە تایبەتی لە مەسەلە هەنوکەیی و سەردەمیەکاندا.

لەبەر گرینگی ئەم مەبەستە، شارع بە شێوەیەکی فراوان و بە وشەی جیاجیا بەکاری هێناوە، وەک: الحرية، الكرامة، العزة. هەرشتێک کە رێز و بەها و شکۆی مروڤ بپارێزێت و بە گەورەیی رایبگریت و ئازادی پێ ببەخشێت ئەوە خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆز و پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) لە فەرمایشتەکانیدا فەرمانیانیان پێ کردووە، بە پێچەانەشەوە هەر شتێک رێگر بێت لەبەردەم ئەو مانا و مەبەستانە رێگریان لێکردووە.

ئازادی و جۆرەکانی

زانایانی زمانەوانی دەڵێن: ئازادی بۆ دوومانای سەرەکی بەکاردەهێنریت: یەکەمیان پێچەوانەی بەندایەتی و هەرشتێک کە نەنگی تێدا بێت. دووەمیان پێچەوانەی سەرما(١).

شێخ محەممەد تاهیر عاشور دەفەرموێت «لە زمانی عەرەبیدا وشەی «الحرية» هاتووە بۆ دوو مانا، یەکێکیان لە ئەوی تر دروست دەبێت، یەکەمیان پێچەوانەی بەندایەتییە. دووەم: بەرێگەی مەجاز لە مانای یەکەم پەیدا دەبێت کە بریتییە لە توانای مرۆڤ لەسەر هەڵسوکەوتکردن بە ئارەزووی خۆی چۆن پێی خۆشە، بەبێ ئەوەی رێگری لێبکرێت لەلایەن هیچ کەسەوە(٢).

ئازادی دابەشدەبێت بۆ دوو جۆری سەرەکی کە ئەمانەن:

یەکەم: ئەو ئازادیانەی کە پەیوەستن بە لایەنی ماددی، کە ئازادی لە بوارەکانی تاک، خود، شوێنی نیشتەجێبوون و سامان و کارکردن دەگرێتەوە.

دووەم: ئەو ئازادیانەی کە پەیوەستن بە لایەنی دەرونی «معنوی»، کە ئازادی لە بوارەکانی ئایینیی، ئازادی دەربڕین، فێربوون، ڕامیاریی، نیشتمانیی و زانستی دەگرێتەوە.

لێرەدا باس لە هەریەک لەم جۆرانە دەکەین و ڕوونیدەکەینەوە کە قورئان و فەرموودەکان زۆر گرینگیان پێداون، جێگیریان کردوون وەک مەبەستی گرنگ و باڵا لە مەبەستەکانی شەریعەت.

## جێگای مەبەستی ئازادی لەناو جۆر و مەبەستەکانی دیکەی شەریعەت

لە سەرچاوەکانی زانایانی کۆن لەدوای گەڕانی ورد نەمبینیوە کەسێکیان بە تایبەتی وەک مەبەستێکی جیا باسی لە مەبەستی ئازادی کردبێت، ئەگەرچی لە ناواخنی قسەکانیان دەردەکەوێت کە کاتێک باسی ڕێزی مرۆڤ و پاراستی مافەکانی دەکەن.

یەکەم کەس کە باسی ئەم مەبەستەی کردووە بە شێوەیەکی تایبەت و جودا، شێخ محەممەد تاهیر عاشور لە کتێبی (مقاصد الشريعة الاسلامية) لەوی لە بەشێک لە مەبەستە گشتیەکانی شەریعەت هەژماری کردووە، کە خوای پەروەردگار لە زوربەی بەش و بڕیارەکانی شەریعەت ڕەچاویکردون باسی مانا و سنورەکانی و جۆرەکانی کردووە، پێیوایە کە دەستدرێژیکردنە سەر ئەم ماف و مەبەستە لە گەورەترین جۆرەکانی ستەمکردنە.

پاش ئەو زانایانی تر باسیان لێکرد و هەندێکیان لە ڕیزی مەبەستە پێویستەکان «الضروريات»ی شەریعەت هەژماریان کرد، وەک محەممەد غەزالی و یوسف قەرەزاوی ... هتد، هەندێکیان لە مەبەستە پێویستەکانی شەریعەت هەژماریان نەکردووە، وەک پیتۆل کە جابر ئەلعەلوانی لە ڕیزبەندی دووەم لە ڕێزبەندە تازە و تایبەتەکەی خۆی لە مەبەستەکانی شەریعەتی هەژماری کردووە(٣).

هەندێکیش ڕایان وایە بەشێکی جیاواز نییە لە پێنج مەبەستە پێویستەکە، بەڵکو بناغە و ڕێخۆشکەرە بۆ جێبەجێکردنی هەریەک لەو پێنج مەبەستە، بۆ نموونە:

بناغەی پاراستنی ئایین ئەوەیە کە بە زۆر خەڵک پابەند نەکرێت پێوەی، چونکە بە نەڕەخساندنی ئازادی هەڵبژاردنی ئایینی دوڕوویی پەرەدەسێنێت.

بناغەی پاراستنی نەفس و کەسەکان بریتییە لەپ اراستنی کەسایەتی و ڕێز و شکۆیان و ڕێگری لێنەکردنیەتی لە هەڵسوکەوتەکانی لە گشت بوارەکانی ژیانی لە سنوری شەرعدا.

بناغەی پاراستنی عەقڵ ئازادیدانە بە مرۆڤ لە هەڵبژاردن و بیرکردنەوە، چونکە ئازادیەکان بناغەن بۆ تەکلیفە شەرعیەکان و مەرجن بۆ دروست بونی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ لە ڕووی شەرعیەوە.

بناغەی پاراستنی سامان بریتییە لە ئازادیپێدانی لە موڵکداریکردنی موڵکەکانی خۆی و مامەڵەپێکردنی لە چوارچێوەی شەرع و یاسا ئیشپێکراوەکان.

بناغەی پاراستنی وەچە بریتییە لە ئازادی پێدانی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی هاوژین و هاوبەشی ژیانی، کە هۆکارە بۆ فەراهەم هاتنی نەوە و وەچەی گونجاو.

کەواتە پاراستنی مەبەستی ئازادی بناغە و بنەمایە بۆ پاراستنی هەر پێنج مەبەستە پێویستەکانی شەریعەت و لێیان جودا نابێتەوە.

ڕەسەنانندنی مەبەستی ئازادی لە ڕوی مادییەوە:

کاتێک کە ورد دەبینەوە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مەبەستی ئازادی مرۆڤ لەوپەڕی سنورەکانیەوە جێگیرکراوە، تا دەگاتە ئەوکاتەی ئازادی دەبێتە هەڕەشە لەسەر تێکدان و شێواندنی مەبەست و بەها گەورەکانی



دیکە، یان تێکدانی ئازادی یەکێکی تر. ئازادی لە ڕووی ماددی چەند ئازادیەک لەخۆدەگرێت لەوانە:

ئازادی لە بواری تاک و خود

مەبەست لە ئازادی لە بواری تاک و خود ئەوەیە کە مرۆڤ ئازاد بیت لە بەندایەتی هاوشێوەکانی لە مرۆڤەکان، کۆمەڵگاش دان بە کەسایەتی سەربەخۆ و ئازادی ڕەهایدا بنێن.

ئیسلام هەر لە سەرەتای هاتنیەوە بڕیاری داوە کە مرۆڤەکان ئازاد بن لەبەندایەتی بۆ یەکتری، خوای گەورە ئادەم و وەچەکانی بە ئازادی دروستکردووە، بەندایەتی بوون شتێکی کاتی و پەیدا بووە.

بەڵام کاتێک ئیسلام هات بەندایەتی بەندەکان دیاردەیەکی جیهانیی بوو، ڕیژەی بەندەکان لە ناو مرۆڤایەتیدا زۆرتربوو لە ئازادەکان، بۆیە ئەو دیاردەیە خۆی سەپاند بەسەر حالی موسڵمانانداو نەدەکرا بەبێ قۆناغبەندی و یەکسەر کۆتایی پی بهێندریت. بۆیە هەستا بە ڕێکخستن و دانانی چەندین فەرمان و تەشریعی پێویست بۆ بنبڕکردنی بە چەند قوناغێک، بەشێوەیەک کە یاسای گشتیی کۆمەڵگا تێک نەچێت و چواردەوری ئەم دیاردەیەیدا لە هەموو لایەکەوە بە گرتنەبەری ئەم ڕێوشوینانە:

یەکەم: بانگەوازی کرد بە یەکسانی بەندەکان لەگەڵ ئازادەکان

بڕیاریدا کە مرۆڤەکان هەموو وەک یەکن و هیچیان لە هیچیان زیاتر نین، جیاوازی نییە لە نێوانیان تەنها بە خۆپارێزی و کردەوەی چاک و خزمەتکردن نەبێت.

خوای پەروەردگار چەندین ئایەتی لەو بارەیەوە نارد کە ئەومانایە جێگیر دەکەن لەوانە:

خوای گەورە دەفەرموی: {**يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ**}

**الحجرات: ١٣**

پێغەمبەری خوا لە فەرمایشتەکانیدا ئەو مانایانە دوپاتدەکاتەوە، بۆ نموونە دەفەرمویت «یا أیها الناس، ألا إن ربکم واحد، وإن أباکم واحد، ألا لا فضل لعربي على عجمي، ولا لعجمي على عربي، ولا أحمر على أسود، ولا أسود على أحمر، إلا بالتقوى ..».(٤)

واتە: ئەی خەڵکینە ئاگاداربن بە ڕاستی خواتان یەکە، باوکتان یەکە، ئاگادار بن بە ڕەگەز عەرەب هیچ پلەوپایەی بەرزتر نییە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، هەروەها ڕەنک سور لەسەر ڕەنگ ڕەش، یان ڕەنگ ڕەش لەسەر ڕەنگ سور بلەوپایەی بەرزتر نییە مەگەر بە خۆپارێزی نەبێت.

دووەم: چاککردنی مامەڵە لەگەڵ بەندەکان

تێڕوانینی ئیسلام بۆ کۆیلەکان لەسەر بنەمای ئایین، یا ڕەنگ، یا نەتەوەیان نەبوو، بەڵکو تەنها لەسەر بنەمای مرۆڤبونیان بوو، بۆیە هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵێکی زۆر لە کۆیلەکان موسڵمان بوون، هەموو دەقەکانی قورئان و فەرمودە پێداگریان لەسەر پاراستنی مافی مرۆڤ وەک مرۆڤێک دەکردەوە، لەم لایەنەشەوە چەندین ڕێوشوێنی گرنگ گیرایە بەر هەموو مافەکان دەستەبەر بکات، لەوانە:

١. گۆڕینی ناوەکانیان: پێغەمبەری خوا فەرمانی کرد و فەرمووی « یقولن أحدکم عبدي وأمتي کلکم عبید الله، وکل نسائکم إماء الله، ولکن لیقل غلامي وجاریتي وفتاي وفتاتي» (٥) واتە: بە کۆیلەکان مەڵێن کۆیلەی من، یان کەنیزەکی من، هەموتان کۆیلەی پەروەردگارن و هەموو ئافرەتەکان کەنیزەکی پەروەردگارن، بەڵکو بڵێن: کوڕی بچوکم، یان کچی بچوکم، یا کوڕە گەنجەکەم، کچە گەنجەکەم.

٢. چاکەکردن لەگەڵیان: خوای گەورە لەگەڵ

فەرمانکردن بە بەندایەتی بۆ خۆی، چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوک، خزم و بێباوکان و هەژاران و دراوسێی هاوڕێیان و ڕێبواران، فەرمان دەکات بە چاکەکردن لەگەڵ کۆیلەکان، دەفەرموێ: {**وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالْجَنْبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ مَنْ كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا**}النساء:٣٦

سێیەم: وشککردنی سەرچاوەکانی بە کۆیلەکردن

پێش هاتنی ئیسلام سەرچاوەکانی بەکۆیلەکردن بەتەواوی کراوە بوون، سەرچاوەکانی بەکۆیلەکردن بریتیبوون لە: فرۆشتنی کەسە نزیکەکان، وەک خوشک، کچ، دایک، بەکۆیلەکردن لە کاتی دۆڕان لە قومار و لە کاتی تالانی و بەدیلگرتن، ڕێگریکردن لەقافلەکان و بەکۆیلەکردنیان، بەکۆیلەکردن لەجیاتی قەرزێک کە قەرزدارەکە پێی نەئەدرایەوە ... هتد. ئیسلام هەموو ئەو سەرچاوانەی حەرامکرد.

لە فەرمودەی قودسی هاتووە پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر) دەفەرمویت خوای گەورە فەرموویەتی «ثلاثة أنا خصمهم يوم القيامة: ... ورجل باع حرا فأكل ثمنه» (٦). واتە: سێ کەس هەیە من لەدوارۆژدا بەرەنگاریان دەبمەوە، یەکێک لەوانە کەسێکە کەسێکی ئازاد بفرۆشێت و پارەکەی بخوات.

بۆیە هیچ سەرچاوەیەک بۆ بەکۆیلەبونی مرۆڤەکان نەمایەوە، تەنها ئەوانە نەبێت کە لە جەنگەکان بەدیل دەگیران، ئەوەش لە ئیسلامدا درایە دەست گەورەی موسڵمانان، یان منەتیان لەسەر دەکات و ئازادیان دەکات بەبێ بەرامبەر، یان لە بەرامبەر پارەیەک ئازادیان دەکات، یان دەیانکات بەکۆیلە، بەڵام ئەمەی سێیەم ڕاجیایی تێدایە لە نێوان زانایان، ئایا ئەمە بەپێی عورفی

**پاراستنی مەبەستی ئازادی بناغە و بنەمایە بۆ پاراستنی هەر پێنج مەبەستە پێویستەکانی شەریعەت و لێیان جودا نابێتەوە.**

جەنگی دەگۆڕێت، یان هەرکات بێباوەڕان دیلەکانی موسڵمانانیان بەکۆیلەکرد، موسڵمانانیش بۆیان هەیە دیلەکانی ئەوان بەکۆیلە بکەن، یان ئەمە بڕیارێکی شەرعە و پێشەوای موسڵمانان پێویستە بەپێی قازانج بڕیار بدات، لەگەڵ هەموو ئەمانەش دەرفەتی گەڕانەوەی ئازادی بۆ ئەم جۆرەیان و هاوشێوەکانیان لەئیسلامدا زۆرە و فراوانە.

٤. دانانی بڕیارەکانی ئازادکرن و تەسکردنەوەی دیاردەی کۆیلایەتی بەمشێوەیە:

– خەڵکی هاندا بۆ ئازادکردنی بەندەکان، خوای گەورە فەرموی: {**فَلَا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ (١١) وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ (١٢) فَكُّ رَقَبَةٍ**}(البلد: ١١-١٢-١٣). پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر) فەرموی «**مَن أعتَقَ رقبة مسلمة، أعتق الله بكل عضو منه عضواً منه من النار حتى فرجَه بفرجه**»(٧) .واتە: هەر کەسێک بەندەیەکی موسڵمان ئازاد بکات، پەروەردگار بە ژمارەی ئەندامەکانی ئەو کۆیلەیە ئەندامەکانی ئەو ئازاد دەکات لە سزای دۆزەخ.

– ئازاد کردنی بەندەکانی کرد بە جۆرێک لەو هەشت جۆرانەی زەکاتیان پێ دەدرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆیانی پێ بکڕنەوە و ئازاد بکەن خوای گەورە فەرمووی {**إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ**

## بناغەی پاراستنی ئایین ئەوەیە کە بە زۆر خەڵك پابەند نەکرێت پێوەی، چونکە بە نەڕەخساندنی ئازادی هەڵبژاردنی ئایینی دوڕوویی پەرەدەسێنێت

وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ } ﴿التوبة:٦٠﴾ .

– بڕیاری دا بە لێدانی زلەیەک یان هەر لێدانێکی تر لە کۆیلە تەنها بە ئازادکردنی تاوانەکەی دەسڕێتەوە، پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر) فەرموی: «من لطم مملوكه، أو ضربه، فكفارته أن يعتقه» (٨). واتە: هەر کەسێک زلەیەک لەکۆیلەکەی بدات، یان لێی بدات بۆ سڕینەوەی ئەوتاوانەی دەبێت ئازادی بکات.

– ڕێگەدرا بە مارەبڕینی کەنیزەک بە ئازادکردنی، بەڵکو خەڵکیش هاندرا لەسەر ئەم کارە، پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر) فەرموی: «ثلاثة لهم أجران: ..ورجل كانت عنده أمة فأدبها فأحسن تأديبها، وعلمها فأحسن تعليمها، ثم أعتقها فتزوجها فله أجران « (٩). واتە: سێ کەس هەیە دوو پاداشتیان هەیە، یەکێک لەو سێیانە کەسێکە کە کەنیزەکێکی هەبێ پەروەردەی بکات بە پەروەردەیەکی جوان و فێری بکات بەجوانی و پاشان ئازادی بکات و مارەی بکات.

– ئازادکردنی پێویست کرد لەدوای ئەنجامدانی هەندێک لە تاوانەکان

وەک:

کەفارەتی کوشتنی بەهەڵە، خوای گەورە دەفەرمووێ: {وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلَّا أَنْ يَصَّدَّقُوا} ﴿النساء: ٩٢﴾ .

کەفارەتی «ظهار» خوای گەورە دەفەرموێ: {وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا}[المجادلة:٣].

کەفارەتی شکاندنی سوێند، خوای گەورە دەفەرموێ: {لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الْأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ}﴿المائدة: من الآية٨٩﴾.

پێنجەم: ئیسلام دانینا بە هەندێک عورف و نەریت کە یارمەتیدانی کۆیلەکانی تێدابوو، نزیکی دەکردنەوە لە ئازادی، ڕێکیخستن بەشێوەیەک کە قازانجی کۆیلەکانی تێدابێت و ڕێگەیەک بێ بۆ ئازادکردنیان، لەوانە:

١.گرێبەستی نووسین، کە بریتییە لە فرۆشتنی کۆیلە لە لایەن گەورەکەیەوە بە پارەیەک کە قەرزبێت لەگەردنیدا، بەخودی کۆیلەکە خۆی، جا کۆیلەکە هەرکاتێک پارەکەی پەیداکرد ئازاد دەبوو، قورئانی پیرۆز خەڵکی هاندا بۆ ئەم گرێبەستە لەگەڵ کۆیلەکانیان، خوای گەورە دەفەرموێ {وَالَّذِينَ يَبْتَغُونَ الْكِتَابَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا وَآتُوهُمْ مِنْ مَالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ}[النور :٣٣].

٢. گرێبەستی هەڵواسینی ئازادکردن بەمردن، گەورەکە بە کۆیلەکەی دەگوت تۆ ئازادبە کە مردم.

٣.دایکی مندال، بریتییە لەو کەنیزەکەی کە منداڵیکی دەبوو لە گەورکەی، هەر کە منداڵەکەی دەبوو ئازاد دەبوو لەگەڵ منداڵەکەی، گەورەکەی نەیدەتوانی بیفرۆشێتێت، هەرکاتێکیش مردبایە ئازاد دەبوو.

٤. بەش بەش بوون، بریتییە لەو بەندەیەی بەشێکی لێ ئازاد دەکرا.

بەمشێوەیە خوای گەورە ئەم مەبەستە گەورەیەی جێگیر کرد و یاسا و ڕێسای دارشت بۆ رزگارکردنی خەڵکی لە کۆیلەبونیان و کۆتاییهێنان بەم دیاردە ناشیرینەی کە پێچەوانەی فیترەتە.

مەبەستی ئازادی لە رووی مادییەوە چەند جۆرێکی دیکەشی هەیە کە لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکاندا جێگیر کراون، ناتوانین لێرەدا باسی بکەین وەک: ئازادی هاتوچوون، ئازادی لە شوێنی نیشتەجێبوون، ئازادی موڵکداری، ئازادی کارکردن.

دووەم: ئەو ئازادیانەی کە پەیوەستن بە لایەنی دەرونی «معنوی» کە ئازادی لە بوارەکانی ئایینیی، ئازادی رادەربڕین، فێربوون، ڕامیاریی و زانستیی دەگرێتەوە.

## ئازادی ئایینیی

مەبەست لە ئازادی ئایینیی ئەوەیە کە مرۆڤەکان ئازادبن لە پابەندبونیان بەهەر ئایینێکەوە کە باوەڕیان پێیەتی، ئازادبن لە بەجێگەیاندنی دروشم و مەراسیمەکانی.

لەگەڵ ئەوەی کە قورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر) سەلماندویانە کە ئازدی ڕاستەقینە و ڕێز و شکۆی تەواوی مرۆڤەکان کاتێک دێتەدی کە باوەڕدەهێنن بە خودای تاکو تەنیاو شوێن کۆتایی پێغەمبەران محەممەد (دوردی خوای لەسەر) دەکەون، بەڵام لەگەڵ ئەوە ڕایانگەیاندوە کە مرۆڤ مافی ئازادی هەڵبژاردنی هەر ئایینێکی هەیە کە بیەوێت، کەس بۆی نییە زۆری لێ بکات لە پابەند بوون بە هەر ئایینێک یان ئایدۆلۆژیایەک، لەبەر ئەوەی باوەڕ بناغەکەی دانپێداهێنان ملکەچبونی دڵە، تەنها بریتی نییە لە وشەیەک کە بەزمان بوترێ، یان بریتی نییە لە مەراسیم و جووڵەیەک کە بە ئەندامەکان ئەنجام بدرێت. بۆیە کەس ناتوانێت باوەڕ بەزۆر بخاتە ناو دڵی کەسێکی دیکەوە و زۆری لێ بکات لەسەر هەڵبژاردنی ئایین.

لەبەرئەوە ئەم مەبەستە لە کارە هەرە سەرەکیەکانی بانگەوازی پێغەمبەران بوو، قورئانی پیرۆزیش دان بەوەدا دەنی لە چەندین ئایەتدا، پێغەمبەری ئیسلامیش (دوردی خوای لەسەر) ڕایگەیاند لە بانگەواز و سوننەتەکەی بەشێوەیەک کە کەس ناتوانێت لێی لابدات تا رۆژی دوایی، لەو ئایەتانە هەندیکیان باس دەکەین:

١. خوای گەورە دەفەرموێ: {**لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّفَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لَا انْفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ**} [البقرة:٢٥٥]. هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە ئەوە بوو: کە پیاوێکی ئەنساری لە بنەماڵەی سالمی کوری عەوف دوو کوڕی هەبوو، پێش ئەوەی پێغەمبەر بێتە مەدینە بوبوون بە گاور، پاش هاتنی پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر) ئەودوو کوڕە بە سەفەر هاتنە ناو شاری مەدینە و خواردنیان هێنابوو بۆ فرۆشتن، باوکیان چاوی پێکەوتن و گرتنی، وتی نایەڵم لێرە بڕۆن هەتا موسڵمان نەبن، ئەوانیش رازی نەبوون موسڵمان ببن، بو وبە کێشەیان، هاتنەلای پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر) باوکەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئایە چۆن بهێڵم بەڵکو – مەبەستی منداڵەکانی بوو – بکەوێتە دۆزەخەوە و من سەیری کەم؟ خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە.

ئیبن کەسیر لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: زۆر لە کەس مەکەن لەسەر ئەوەی بێتە ناو ئایینی ئیسلامەوە، چونکە ئاینی ئیسلام بەڵگەکانی راستیەتی ڕوون و ئاشکران، پێویست ناکات کەس زۆر لەکەس بکات بۆ ئەوەی بێتە ناوی.

محەممەد تاهیر عاشور دەفەرموێت: ئەم ئایەتە هەواڵە «خبر» لە مانای ڕێگریە «نهی»

مەبەستیشی ئەوەیە کە هۆکارەکانی زۆرلێکردنی ئایینی لە ناو بڕیارەکانی ئایینی ئیسلامدا بوونی نییە، بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە زۆرلێکردنی ئایینی بە هەموو جۆرەکانیەوە بەتاڵە، چونکە بابەتی باوەڕ شتێکە لەسەر بەڵگە هێنانەوەو ڕێخۆشکردن بۆ بیرکردنەوە و ئازادی هەڵبژاردن ڕادەوەستێت.

٢. خوای گەورە پێغەمبەر و لەرێی ئەویشەوە گشت بانگخوازانی ڕینمایی کرد کە بۆیان نییە زۆر لەکەس بکەن بۆ هەڵبژاردنی ئەم ئایینە ڕاستە، ئەوان تەنها ئەوەیان لەسەرە کە بە ڕوون و ئاشکرایی ئەم ئایینە ڕابگەیەنن، خوای گەورە لە چەندین ئایەتدا ئەو پەیامەی ڕاگەیاند وەک دەفەرموێ: {**وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ**} [یونس:٩٩].

٣ فەرمانی کرد بە گفتوگۆ و قسەکردن لەگەل ئەو کەسانەی لەگەڵیان جیاوازن بە حیکمەت و نەرمونیانی و ئامۆژگاری جوان و باش.

١- خوای گەورە دەفەرموی (**وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَأُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ**) [العنكبوت:٤٦] .

سوننەتی گوفتاری و کردەوەیی پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر) وەک جێبەجێکردنی ئەوەی قورئان فەرمانی پیکرد، ئەو ڕاستیەی لە چەندین هەڵوێستدا دوپات کردۆتەوە، بۆ نموونە:

لە دەستوری مەدینە هاتووە کە جولەکە ئایینی خۆیان هەیە، موسڵمانانیش ئایینی خۆیان، ئەمە دانپێدانانیکی ڕاشکاوە بەوەی کە ئیسلام هەموو ئایینەکانی دیکە قبول دەکات لە دەسنوری دەوڵەتەکەیدا.

پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر) لەونامەیەدا کە بۆ پاشاکانی حەمیر ناردی فەرمووی: «بزانن هەرکەسێک موسڵمان بێت لە جولەکە و گاورەکان، ئەوە ئەو بەشێکە لە موسڵمانان، هەرکەسێکیش لەسەر ئایینی خۆی بمێنێتەوە ڕیگری لی ناکرێت.

هەروەها لەو نامەیەدا کە پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر) کە ناردویەتی بۆ ئەساقیفەکانی نەجران فەرمویەتی «هەموو ئەوەی لەبەر دەستانە هی خۆتانە لە کەم و زۆر، دێرەکانتان و شوێنی نوێژ و گۆشەگیریەکانتان لە پەنای خوا و پێغەمبەردان، کەس بۆی نییە دەستدرێژی، یان زۆر، یا ستەمتان لیبکات».

لە سیرەی پیغەمبەری خوا هەڵوێستێکی دیکە هەیە لە بارەی ئازادی ئایینی، لە مێژوودا شتی وا ڕوویندادوە، کە ئەویش نوێژی وەفدی نەجرانە ڕوو لە ڕۆژهەڵات لە ناو مزگەوتی پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر) بە هەموو مەراسیمە ئایینیەکانیانەوە و بە بەرچاوی پێغەمبەر و هاوەڵانەوە.

بەم شێوەیە لە قورئان و سوننەدا ڕەچاوی مەبەستی ئازادی ئایینی کراوە و لەدوای پێغەمبەریش جێنشینەکان و پاشا موسڵمانەکان ئەم مەبەستەیان ڕەچاو کردوە، مێژووش باشترین شاهیدە.

## ئازادی ڕادەربڕین

لایەنیکی دیکە لە لایەنەکانی ڕەچاوکردنی مەبەستی ئازادی لەروی مەعنەویەوە لە قورئان فەرمودەدا ئازادی ڕادەربڕینە، مەبەستیش لە جێگیرکردنی ئەم مافە لە ئیسلامدا ئەوەیە چونکە دەبیتە بنەما بۆ زۆریک لە یاسا و ئەرک و فەرمان و مافە شەرعیەکان، لەوانە بنەمای پرس و ڕا «شوری»، یاسای فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە و ئازادی ئیجتیهاد و ئازادی

لێکۆڵینەوەی زانستی و ... هتد.

خوای گەورە لەبارەی پرس و را دەفەرموێ: (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ) [ال عمران ١٥٩] .

لەلای پێغەمبەریش (دوردی خوای لەسەر) پرس و را بنەمایەکی جێگیربووە لە زۆربەی بڕیارە گرنگەکان و کاروباری دەوڵەت ڕەچاوی کردووە، ئیمامی بوخاری لە سەحیحەکەیدا بابێکی سەربەخۆی داناوە لە بارەی پرس و رای پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر) بە هاوەڵانی(١٠).

هەروەها لەبارەی یاسای فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە کە یەکێکە لە دیارترین بابەتەکانی کە پەیوەندیان بە ئازادی ڕادەبڕینەوە هەیە، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئومەتی ئیسلامی خوای گەورە دەفەرموێ: **(كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ) ﴿ال عمران من الايه:١١٠﴾.**

لەبارەی ئازادی ئیجتیهاد کە گەورەترین و دیارترینی بابەتەکانی ئازادی ڕادەربڕینە، لەبەر ئەوەی ئیسلام کە ڕێگە بدات مرۆڤ هزری بخاتەکار و ڕای خۆی بە ئازادی تەواوە دەربڕێ، دوای ئەوەی مەرجەکانی ئیجتیهادی تیدا بەدی هات، لەبارەی تەشریع و یاسادانانی ئاینیەوە کە مەترسیدارترین بابەتە، کەواتە زۆر ئاساییە لە بابەتەکانی دیکەش کە پەیوەندیان بە ئازادی ڕادەربڕینەوە هەیە ئەو ئازادیەی فەراهەم بهێنێ، خوای گەورە دەفەرموێ **(وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ)** [التوبه:١٢٢].

پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر) ڕێگای دا بە مەعازی کوری جەبەل کە کاتێک ناردی بۆ یەمەن بەڕای خۆی ئیجتیهاد بکات کاتێک کە دەقێکی لە قورئان و فەرمودە دەست نەکەوت.

وەک روون بووە مەبەستی ئازادی مەبەستێکی جێگیرە و پانتاییەکی فراوانی پێدراوە لە قورئان سوننەدا، پێویستە زانا و موجتەهیدەکان و موفتی و پسپۆڕەکان لە بواری شەریعەتدا ڕەچاوی بکەن بۆ ئەوەی ئیسلام و جوانیەکانی وەک خۆی بگەیەنن بە مرۆڤایەتی.

******

## سەرچاوە و پەراوێز:

١ مقاييس اللغة لابن فارس: وشەي (حرر) ٢/٦-٧ .

٢مقاصد الشريعة الاسلامية لابن عاشور (لا:٣٩٠)

٣التوحيد والتزكية والعمران أ. د.طه جابر العلواني (لا:١١٤)

٤ أخرجه الامام أحمد في مسنده في: أحاديث رجال من أصحاب النبي صلي الله عليه وسلم برقم:( ٢٣٤٨٩)، (٤٧٤/٣٨)، وقال الهيثمي: «رجاله رجال الصحيح» ينظر: مجمع الزوائد ومنبع الفوائد:(٢٦٦/٣).

٥ أخرجه مسلم في كتاب الالفاظ من الادب وغيرها باب حكم إطلاق لفظة العبد، والامة، والمولي، والسيد برقم: (٢٢٤٩) (١٧٦٤/٤).

٦ أخرجه البخاري في صحيحه في كتاب البيوع في باب اثم من باع حرا برقم: (٢٢٢٧) (٨٢/٣).

٧ أخرجه البخاري في صحيحه في كتاب كفارات الايمان باب قول الله تعالي: {أو تحرير رقبة} برقم:( ٦٧١٥) (١٤٥/٨).

٨ أخرجه مسلم في كتاب الايمان باب صحبة المماليك، وكفارة من لطم عبده برقم: (١٦٥٧)( ١٢٧٨/٣).

٩ أخرجه البخاري في صحيحه في كتاب العلم باب تعليم الرجل أمته وأهله برقم:( ٩٧) (٣١/١)

١٠بروانە: صحيح بخاري ١١٢/٩.

## سەیرکردنی

# پێگەی ئافرەت

## بە دروستی







**هەڵاڵە محەممەد ئەڵماس**

لەدایکبووی ١٩٧٣. هەشت بەرهەمی چاپکراو و چەندین توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.
چالاکوانی بواری ئافرەت.





ئافرەت لە مێژوودا زۆر جار وەک مرۆڤ سەیر نەکراوە، یا بە شووم و بەد و خراپ و پلە دوو یا کەمتر ناوزەدیان کردووە، کە من نامەوێ بڕۆمە سەر ئەو سەربوردە مێژوویەی کە بەدرێژایی چەندین سەدە باس لە چەوساندنەوەی ئافرەتان دەکات. بەڵام لەگەڵ هاتنی ئیسلام وێستگەیەکی نوی لە ژیانی ئافرەت دەستپێکرد، لە قورئانی پیرۆزدا هیچ جیاکارییەک لە نێوان ئافرەت و پیاودا نەکراوە لەسەر ئەو بنچینەیەی کە ئەمە پیاوە و ئەوەش ئافرەتە. هەموو گوتارێک کە ئاڕاستەی نێرینە کراوە بەهەمان شێوەش ئاڕاستەی مێینەش کراوە.

ماف و پابەندیەکانی پیاوان و ئافرەتان لە قورئاندا یەکسانن، هێندە هەیە هەندێ خاڵ هەن تایبەتن بە پیاوان، نەک لەسەر بناغەی جیاکاریی نێوان دوو ڕەگەز، بەڵکو لەسەر بناغە و بنەمای یەکسانی لە ماف و پابەندییدایە(١).

گەر سەرنج بدەین کە پەروەردگار ڕێزی لە نەوەی ئادەم گرتووە بە یەکسانی، فەرموویەتی **(وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً)** الاسراء ٧٠. واتە: سوێند بە خوا، بە ڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە و بەسەر وشکانی و دەریادا (بەجۆرەها هۆکاری گواستنەوە) هەڵمان گرتوون و لە ڕزق و ڕۆزی پوخت و چاکی جۆرا و جۆر بەهرەوەرمان کردوون ( لە خۆراک و پۆشاک و ماڵ و ناوماڵ...)، بە ڕاستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدیهێنراوانەدا کە دروستمان کردوون لە هەموو ڕوویەکەوە تا قەدر و ڕێزی خۆیان بزانن(٢).

نەوەی ئادەم ئافرەت و پیاو دەگرێتەوە، کەواتە لەم ڕێزەدا بە تەواوی ئافرەت و پیاو یەکسانن(٣)، پێغەمبەری خواش (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموویێت: **(إِنَّمَا النِّساءُ شَقَائِقُ الرِّجَال.)**(٤).

بۆیە ئافرەت نیوەی ئەرک و پرۆسەی ئاوەدانی و چاکسازی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گرتۆتە ئەستۆ، بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووشەوە، خراپی و باشی بارودۆخی ئافرەتان کاریگەری پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە لە هەر کاتێکدا بێت، چونکە ئەو بە تەنها ناژی، بەڵکو دایکە بۆ منداڵەکانی، کچە بۆ دایک و باوکی، خوشکە بۆ برا، هاوسەرە بۆ مێردەکەی. کەواتە قسەکردن لەسەر دۆزی ئافرەت، قسەکردنە لەسەر هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی، ئیسلام بە گرنگیەوە لە دۆزی ئافرەتی ڕوانیوە هەر لە یەکەم بانگهێشتی خواییدا ئاماژەی پێداوە و بە تەواوەتی ڕۆڵ و پێگەیی مرۆییانەی ئافرەتی هێناوەتە سەر شانۆی ژیان و کردویەتیە هاوڕێ وهاوکارو هاوژینی پیاو، کە دەفەرموویێت:»ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە لە نێر و مێیەک دروستمانکردوون و کردوومانن بە چەند گەل و هۆزەوە تا یەکتر بناسن، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا پارێزکارترینەکانتانن، لە ڕاستیدا خوا زانا و ئاگادارە(٥).

ئەمڕۆ پرسی ئافرەت یەکێکە لەو پرسانەی لە هەموو دنیادا پانتاییەکی زۆری لە گفتوگۆی نەیار و داکۆکیکارانی داگیر کردووە، یەکێک لەو بابەتانە باس لە شوێن و پێگەی ئافرەتە لە بازنەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت). نەگونجاویشە بۆ بیرمەندان باسی سەرجەم پرسەکان بکەن، بەڵام پرسی ئافرەتان وەلابخەن و گرنگی پێ نەدەن!

پێدانی حەق و ماف بە ئافرەتان وەک پێدانی هەر حەقێکی ترە کە بوونی هەبێت لە شەریعەتدا، لەگەڵ ئەوەی پرسی ئافرەت گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە چەند ڕوویەکەوە:

- ئافرەت دایک، خوشک، ئافرەت و کچە، گەر



ئەمە پێگەی کۆمەڵایەتی بێت، کەوابێت لەمانە عەزیزتر و بەبایەختر و خۆشەویستر کێیە؟

– ئافرەت ڕووبەڕووی دوو جۆر لە ستەم بۆتەوە لە دوای سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین تا ئەمڕۆ، هەروەک پێش ئیسلام بوونێکی بایەخداری نەبوو، پرسی ئافرەتان لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا دوای سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین توشی چەندان جۆر ستەم و دورکەوتنەوە لە مانا و مەبەستەکانی قورئانی پیرۆز و سونەت و فەرمودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و مامەڵەی هاوەڵان بەرامبەر ئافرەت بوویەوە(٦).

هەندێ لەوانە بۆچونیان بەرامبەر ئافرەت وەک پێش ئیسلامی لێهات، کە دەیانوت ئافرەت شتێکە، بەڵام تەواوکار و خوشکی پیاو نییە! وردە وردە دورکەوتنەوە لە ناو کرۆکی جوانی پەیامی خوایی کە ئافرەت و پیاوی لە مافە مرۆییەکاندا یەکسان کرد.

ئەم تێڕوانینە بۆ پێگەی ئافرەتان تەنها ڕەشە خەڵکی نەگرتەوە، بەڵکو بەشێکی زۆری زانایان و ڕاڤەکارانی تەفسیر و لێکدەرەوەی فەرموودە .... هتد، گرتەوە. کە لە ڕوانگەی بیر و پێوانەکردنی ئایات و فەرموودە بە بۆچونیان جارێکی تر و بە جۆرێکی تر ئافرەتان ڕووبەڕووی ستەملێکردن بوونەوە، تا ئێستاش ئەم سەیرکردنە بۆ ئافرەتە بەردەوامە، ئەویش زۆر جار بە نەزانین و ڕۆچون و چاولێکەری کوێرانە و زاڵبوونی بیروبۆچونی پیاوسالاریە.

هەروەها ستەمی سەردەمی مۆدێرنە و تەکنەلۆژیا و سەدەی بیستویەک، نەفامی ڕابردو و گرێدانی بە ئازادی ڕەها و بێسنور و چاولێکەری کوێرانەی ڕۆژئاوا، دارنینی ئافرەت لە هەموو بنەما و یاسا و ڕێسایەک جارێکی تر ئافرەت ستەمی گەورەی لێکرایەوە.

ئافرەت وەک کچ، خوشک، دایک و هاوسەر لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر بێت) لاپەڕەکانی مێژووی زێڕینی ئیسلامیی بە ئامادەبوونی لە هەموو بوارەکاندا نەخشاند و سەلماندی کە ئەویش توانای خزمەتکردنی بە گەل و وڵات و ئایینی هەیە، شانبەشانی پیاوان لە هەوڵی چاکە و چاکسازیدایە، وەک خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بەم ڕۆڵە کردووە و دەفەرموێت **(وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ.)** التوبة ٧١. واتە: پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار هەندێکیان یارمەتیدەر و پشتیوانی هەندێکی تریانن، فەرمان دەکەن بە چاکە و بەرگری دەکەن لە خراپە، بە ڕێکوپێکی نوێژ دەکەن و زەکاتی سامانیان دەدەن و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر بێت) دەکەن، ئەوان لە داهاتوودا خوا ڕەحمیان پێدەکات، بەڕاستی خوا بەدەسەڵاتی کار دروستە(٧). پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت) دووپاتی ئەم بوونەی دەکاتەوە: (انما النساء شقائق الرجال).

لەم ئایەتەشدا بۆمان دەردەکەوێت کە (فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە) سنوری نییە، تەنانەت یاسا و سیستم و دەستووریش دەگرێتەوە، هەروەها پشتگیری و پشتیوانی یەکتری لە هەموو بوارەکاندا دیاری دەکات، مادەم مەبەست سوود و بەرژەوەندی گشتیی بێت لە کاروباری دین و دونیادا، ئەوا ئافرەت دەتوانێت بە لێپرسراویەتی کۆمەڵگە هەر لە سەرۆکایەتیکردنیەوە هەتا ئیمامەت هەستێت، مادەم دەقێکی ڕاشکاو و سەریح وسەحیح (قطعي الدلالة)شمان نەبێت کە ڕێی لێبگرێت.

کەواتە هیچ لەمپەڕ و ڕێگرێک نە کە ئافرەت

دۆگما بکات و تووشی وابەستەیی بکات، بەڵکو هەمووان بەپێی میتۆدێکی خوایی فرە ڕەهەند و ئاشکرا ڕێکخراون، هەرچی ئاڵۆزی و ناڕوونی و ناتێگەیشتنێک هەیە کە لای هەندێک دروست دەبێت، ئەسڵ و بنەمایەکی تەواوی نییە.

موفەسیر و زانای بەناوبانگ، شێخ ڕەشید ڕەزا دەفەرمووێت «خودای گەورە فەرمانیدا کە ئافرەت بۆی هەیە ویلایەتی تەواوی موسڵمانان لە پانتاییە جۆربەجۆرەکانی کۆمەک و یارمەتیدانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی بکات، کە ویلایەتی جەنگ و سیاسەتیش دەگرێتەوە(٨).

لە ئەم ئایەتەدا مەبەست لە (اولیاء) ولایەتی گشتییە کە هەموو وەزیفەکان لە دەوڵەتەدا دەگرێتەوە، هەتا سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆک وەزیران، لەبەر ئەوە ئەرکی سەرۆکی دەوڵەت و وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و سەرجەم سەرۆکی فەرمانگەکان، فەرمانکردنە بە چاکە، واتە ئەوەی سوودی گشتیی تێدایە، بەڵام پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) لە وەزیفە و ولایەتە گشتییەکان ولایەتی خیلافەتی سەرۆکایەتی دەوڵەتی هەڵاوێر کرد، وتی ( لن تفلح قوم ولوا امرهم امراة)(٩) واتە قەومێک سەرناکەون کاروباری خۆیان بە ژنێک سپاردبێت.

زۆریک لە فیقهزانانی شەریعەتی ئیسلامیی وتویانە: ئافرەت بۆی هەیە هەموو وەزیفە گشتییەکان وەربگرێت جگە لە سەرۆکایەتی دەوڵەت، لەوانە ئەبوحەنیفە و ئیبن حەزم و ئیبن تەبەری. خۆ ئەگەر ئافرەت لەپیاو لێوەشاوەتر بوو ئەوا لە سەرۆکایەتی دەوڵەتدا پێش پیاو دەخرێت، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) ئەوەی گوتووە ئەگەر هاتوو ئافرەت لێوەشاوە تر نەبێت.

گەورە زانای پاکستان (ئەبو ئەعلای مەودودی) فتوای بۆ گەلی پاکستاندا کە (فاتیمە نەجاح) هەڵبژێرن کە ئەیوب خان رکابەری دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەو لە خان لێوەشاوەترە(١٠).

> **لە چیرۆکی خێزانی فیرعەون، خوای گەورە نموونەیەکی بەرزی پلەوپایەی مرۆیی و تەواوی مەعنەوی باسدەکات کە ئافرەت رۆڵەکە دەبینێت.**

### سەیرکردنی پێگەی ئافرەت بە دروستی

پێویستە تەماشای ئافرەت بکرێت وەک مرۆڤێکی پلەوپایە بەرز، کە خاوەنی توانا و هێز و ئیرادە و مەعریفەی سەربەخۆی خۆیەتی، هەروەها پێوستە ماف و ئەرکەکانی وەک یەک سەیربکرێت، بۆی روونبکرێتەوە و لێی زەوت نەکرێت. دەبێت ئافرەت وەک بوونەوەرێکی خاوەن کاریگەری سەیربکرێت کە دەتوانێت هۆکارێکی کاریگەر و ئەکتیڤ بێت بۆ چاکسازی لە کۆمەڵگە و پەروەردەی تاکەکانی بەیەکسانی، بە سەرچاوەی سەرەکی لە دروستکردنی خێزاندا ئەژمار بکرێت، خێزان لەگەڵ ئەوەی لە ئافرەت و پیاوێک پێکدێت و هەردووکیان پشکدارن و کاریگەرن لە دروستکردنی بەردی بناغەی ئەو خێزانەدا، بەڵام دروستکردنی کەشوهەوای ئارام و ئاشتی و سکونەت ئەوە بەهیمەتی ئافرەت و ئەو سروشتەیەتی کە خوای گەورە پێی بەخشیوە، جا گرنگە ئا لەو گۆشەنیگایەوە سەیربکەین کە چەندە تواناداره، چەندە پێویستە مامەڵەی دروستی لەگەڵدا بکرێت و پیاوان بەهاوشان و تەواوکاری خۆیانی

**گوتاری قورئانی جەخت لەسەر سروشتی ئافرەت دەکاتەوە کە لە هەمان سروشتی پیاوە، یانی سەرچاوەی دروستبوونیان یەکە.**

بزانن، نەک هەمیشە لەپەراوێزدا سەیری بکرێت و ڕۆڵی ڕاستەقینەی نادیدە بگیرێت، بەچاوی کەمەوە سەیر بکرێت. هەر لەناو گفتوگۆکانی خۆماندا زۆر جار باس لە پێگەی ئافرەت دەکرێت کە ماڵی بێ ئافرەت و خێزان وەک وێرانە وایە!

بەوپێیەی خوای گەورە شوێن و پێگەی ئافرەتانی دیاریکردوە، کردوونی بە هاوشان و هاوکاری پیاو لە گۆڕەپانی ژیاندا، ڕۆڵی مرۆییانەی وەک بە پیاو پێبەخشیوە، پلەوپایەی ڕێزیشی گرێداوە بە تەقوا و لە خواترسان و کرداری چاکە، **(یَا أَیُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاکُمْ مِنْ ذَکَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاکُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَکْرَمَکُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاکُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِیمٌ خَبِیرٌ)** الحجرات ١٣.کە ئەو کەماڵە ڕۆحی و مەعنەویەتەی ئافرەت و پیاو وەک یەک لە قورئاندا تۆمارکراون، نموونە جوان و شاکارە بەرزەکانی کەماڵی ڕۆحی لە قورئاندا کە هەڵبژاردوون لە ناویاندا باسی ئافرەتان هاتووە کە دەفەرموویێت: **(وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِلَّذِینَ آمَنُوا امْرَأَةَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ابْنِ لِی عِنْدَکَ بَیْتًا فِی الْجَنَّةِ وَنَجِّنِی مِنْ فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ وَنَجِّنِی مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِینَ)** التحریم ١١. ئاسیای خێزانی فیرعەون ڕەمزە بۆ قوربانیدان و پەرستشی خوای تاک و تەنها و ڕووبەڕووبونەوەی بەرهەڵستکاری گومرا، مەریەمی کچی عیمرانیش نموونەی ئارامییە لە هەموو ئەو بوختان و قسە ناپاکانەی دەدرانە پاڵی، نموونەی پاکیزەگی و خواپەرستی و چاکەخوازییە، ئەم هەڵبژاردنەش بە سیفەتی مرۆڤی ئیماندارە کە ببێتە ڕەمز بۆ مرۆڤایەتی، نەک تەنها بۆ ئافرەتان، یانی خوای گەورە کاتێک دەیەوێت باسی نموونەیەکی بەرزی پلەوپایەی مرۆیی و تەواوی مەعنەوی بکات باسی ئافرەت دەکات، وەک چۆن نموونە بە پیاوانیش دێنێتەوە.

کەواتە لەم بوارە بواری گەشەدان و کەماڵی ڕۆحی و بەرزی پلەی مرۆیی هیچ جیاکارییەک نییە تیایدا بۆ ئافرەت و پیاو، هەردووکیان بەهۆی کارەکانیان دەتوانن بگەنە پلەکانی کەماڵی مەعنەوی و نزیکی لە پەروەردگار، ئەوەتا خوای گەورە لەم ئایەتەدا، دەفەرموویێت: **(إِنَّ الْمُسْلِمِینَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِینَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِینَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِینَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِینَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِینَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِینَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِینَ وَالصَّائِمَاتِ ... أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِیمًا)** الاحزاب ٣٥. هەردووکیان وەک یەکن لە پلەوپایە و پاداشتی مرۆییانە لای پەروەردگار. لەگەڵ ئەمانەشدا ژیان هەر لە لوتکەوە هەتا بناغەی عیبادەت و بەرپرسیارێتی و ئەرک و تەکلیفات بێت و هەمووان بە ئافرەت و پیاوەوە داخوازی چاکە و چاکسازی لێکرابێت و لێپرسینەوەی کەمتەرخەمیان لێبکرێت، بەشداریش لە هەموو شێوەکانیدا مەبەستێکی ئاینی بێت، سەلمێنەری یەکسانیانە لای پەروەردگار.

### یەکسانی ئافرەت و پیاو لە قورئان و فەرموودەدا

ئیبنولقەیم دەڵێت: «لە دابی شەریعەتدا وایە کە هەر حوکمێک بە سیغەی نێر (المذکر) هات و قەرینەش نەکرابوو بە (المؤنث)، ئەوا مەبەست پێی ئافرەتان و پیاوانە«.

ئیبن عەرەبیش دەڵێت «کاتێک خودای گەورە

دەفەرموویێت (قل للمؤمنين يغضوا من ابصارهم)، گوتارێکی گشتییە بۆ ئافرەتان و پیاوانی باوەڕدار، بە گوێرەی هەموو دەقە گشتییەکان لە قورئان ئەوەش ڕۆشنکراوەتەوە لە ئوسولی فقهدا، مەگەر کاتێک خوای گەورە تایبەتی بکات بە ئافرەتان، ئەوا بۆ دووپاتکردنەوەیەکی زیاترە، کە دەفەرموویێت: (وقل للمؤمنات يغضضن من ابصارهن)، کاتێک پەروەردگار باسی ئافرەتان لەگەڵ پیاوان دەکات، ئەوە فەزڵە و دووپاتی یەکسانیانە لە بانگەوازی خواییدا(١١).

کەواتە لە سەرجەم ئاستەکانی گوتاردا، فەرمانەکە بۆ مرۆڤ نێر بێت یا مێ، جارێک بە سیفەتی گشتیی بۆ دیاریکردنی پێگەی ئیمانیی، کۆمەڵایەتیی، هزریی ، سیاسیی، ئەخلاقیی و ئابووریی مرۆڤە لە بونەوەردا، کە بەرپرسیاریەتێکی هاوبەشە لە نێوان ئافرەت و پیاودا، جگە لەمانە گوتارەکان کە بەشییە (جزئی) تایبەتە بە ئافرەتان لە لایەنی پێکهاتەی بایۆلۆژیەوەیە بۆ پاراستنی کەسایەتی ئەوانە، کە ئەمە ئەوپەڕی ڕادەی دادپەروەری و ئینسافە لە بازنەی ماف و ئەرکەکان، کە جێگەی ئەوەیە شارستانیەتی ئەمرۆ گرنگی پێبدات. بۆ ئەم مەبەستە چەند نموونەیەکی قورئان لە بەش و پێکهاتە جیاوازەکانی گوتار، کە مەبەست پێی ئافرەت و پیاوە، دەخەینە ڕوو:

١. گوتار بۆ نەوەی ئادەم **(وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ)** الاسراء ٧٠.

٢ . گوتار بۆ خەڵکی **(يَاأَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الأَرْضِ حَلالاً طَيِّبًا)** البقرة ١٦٨.

٣. گوتار بۆ گەل **(وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ)** آل عمران ١٠٤.

٤. گوتار بۆ هۆز **(كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَى إِلَى كِتَابِهَا الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ)** الحشر ٤.

٥. گوتارە بۆ مرۆڤ **(إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلإِنسَانِ عَدُوٌّ مُبِينٌ)** یوسف ٥.

کەواتە بنەما لە گوتاری قورئاندا بۆ ژن و پیاوە، مەگەر تایبەت کرابێتەوە، هاوکات لەگەڵ ئەم گشتگیریەدا، تایبەتمەندی ژن لە قورئاندا پارێزراوە بەشێوەیەکی فراوان و گەورە هەر لە دروستبونی جۆری مرۆییەوە، هەتا کۆتا پێویستیەکانی.

قورئان باسی لە پێگە و جێگەی لە ناوخێزان و کۆمەڵگە و پەیوەندیەکانی دەکات، نموونەی چەندان ژنی خاوەن ئیمان و ئیرادە بەهێز و دەسەڵاتداری ئاماژە پێکردوە، ڕۆڵی جوانیانی بەزیندوی بەرزڕاگرتووە، وەک ئاسیای کچی مزاحم، مەریەمی کچی عیمران، خاتوو بەلقیس شاژنی سەبەء، دایک و خوشک و هاوژینی پێغەمبەر موسا (سەلامی خوای لی بێت) و هاوسەرەکانی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) ... هتد.

هەروەک لە گوتار و فەرموودەکانی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر بێت) ئافرەت هەروەک پیاو پێگەی مرۆیی دیاریکراوە و هیچ جیاوازریەک نییە لە نێوانیاندا. «انما النساء شقائق الرجال «. ڕەنگرێژی هاوتایی و یەکسانی ئافرەت و پیاو دەردەخات.

ئەم پێگە مرۆییە لە فەرموودەکاندا هەر لە سەرەتای لە دایکبوونیەوە یەکسان و هاوتا کردووە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا «كل مولود يولد على الفطرة»(١٢). جا ئەو لە دایک بووە نێر بێت یا مێ، وەک یەک لەسەر سروشتی پاک و تەواو لە دایک دەبن.

لە گرنگترین توخمەکانی ئاسایش و ئۆقرەیی هەستکردنە بە حەوانەوەی دەروونی و کەرامەتی تایبەت، ئەوەیە مروڤ هەست بکات پارێزبەندی تەواوی هەیە لەبەردەم دادگا، یاسا و قەزادا لە بواری داوەریکردندا، هیچ کەس جیاواز و

جودا نییە، هەر کەس بێت، هەر پلە و پۆستێکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی یا نەژادی بەهێز بێت هەموو یەکسانن، ئافرەتیش بەهەمان شێوەیە، بەسووک سەیرکردنی بە حدود و سزا سنوردار کراوە. ئەوەی دەیەوێ ئابڕوی لەکەدار بکات پێوستە چوار شاهێد بهێنێت بۆ سەلماندنی قسەکەی، ئەگەر نەیتوانی بیسەلمێنێت ئەوا سزای (٨٠) قامچی هەیە و شاهێدی لێ وەرناگیرێت و بە فاسق ناوەزەد دەکرێت بۆ کەسێک کە تەوبە نەکات، خۆ گەر تەوبەی کرد، ئەوا هەر قامچیەکانی دەبێت لێ بدرێت. ئەوەش بە چەندین دەقی یاسایی و شەرعی چەسپێنراوە. لە ئەسەرێکدا هاتووە دەڵێت «تۆمەتدانەپاڵ ئافرەتێکی پاک کرداری سەد ساڵ دەرمێنێت».

– ئافرەتیش وەک پیاو بەرپرسیارێتی لەسەرشانە و سەربەخۆیە تیایدا. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بیت) دەفەرموێت «المراة راعیة فی بیت زوجها وهی مسؤولة عن رعیتها»(١٣)

– ئافرەت سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە لە هەمبەر بەرپرسیارێتی بەرامبەر جێبەجێکردنی پایەکانی ئیسلام و ئیمان و فەرمانەکانی شەریعەت، هەر خۆشی لێپرسینەوەی لێدەکرێت لە سەرجەم کەموکورتیەکانی **(فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ (٧) وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ)** الزلزلة ٧ – ٨.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا لەفزی (من) واتە: هەر کەس ئیسمی شەرتە و گشتی دەگەیەنێت و هەموو مرۆڤێک دەگرێتەوە، جا پایەکەی هەرچی بێت(١٤).

– یەکسانیان لە بەردەم پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندن، کاتێک خوای گەورە دەفەرموێت: **(يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ)** التحریم ٦. مەبەست بە ئەهل خێزان و منداڵە (نێر یا مێ) پێغەمبەریش دەفەرموێت **(مَا نَحَلَ وَالِدٌ وَلَدَهُ مِنْ نُحْلٍ** أفضل من أدب حسن)(١٥).

– یەکسانی لە ئاکارە شاراوە و دیارەکاندا بوونی هەیە، ئاکارە شاراوەکان وەک دڵپاکی و نیازدروستی، دەرەکیەکانیش وەک پاراستنی زوبان و ئەندامەکانی تری لاشە **(فَمَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا)** الکهف ١١٠.

هەر گرفتیک کە بڵاوبێتەوە هۆکاری سەرپێچیکردن لە فەرمانی خوای گەورەیە، چونکە هیچ ئاریشەیەک نییە لە زەوییدا هۆکارەکەی دەرچوون نەبێت لە پرۆگرامی ئیلاهی، هەر دەرچونێکیش لەو پرۆگرامە هۆکارەکەی نەزانین و سەرسەختی و نەفس بەرزیە ... هتد. کاتێک یەکێک لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بەهۆی غیرەی ئافرەتانەوە لە باسی یەکێک لە خێزانەکانی تر کە خاتوو سەفیە بوو وتی: باشە بەس نییە لە سەفیە باڵاکورت! پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەو کاتەدا فەرمووی (لقد قلت کلمة لو مزجت بماء البحر لمزجته)(١٦) ، دەبینین پاراستنی کەرامەت و رێزی ئافرەت لەم فەرموودەدا بۆ هەردوو خێزانەکە، بۆ خاتوو سەفیە ئەوپەڕی پاراستن تیایە، بۆ خاتوونی یەکەمیش کردارەکەی بەناشیرین وەسف کرد، نەک خۆی وەک ئافرەت! کە ئەمە بۆ هەموو کەسێک بەچاوی کەم رێزی سەیری بەرامبەر بکات یەکسانە.

– یەکسانی ئافرەت و پیاو لە ڕووی پاراستنی ( الکلیات الست) کە ئاینی ئیسلام لە پێناویدا هاتووە. هەرکەس دەستدرێژی بکاتە سەر یەکێک لەم شەشە ئەوا لە قورئانی پیرۆزدا سزای سنورداری بۆ دیاریکراوە، فەرموودەکانی سەرووەریشمان ئاماژەیان پێداوە. شەریعەتی ئیسلام هەمووی بۆ بەرژەوەندی مرۆڤە، ڕەحمەت و دادگەرییە، هەرپرسێک لە دادگەری دەربچێت بۆ چەوساندنەوە و جیاکاری، لە بەرژەوەندی بۆ خراپەکاری، لە

ڕەحمەت بۆ زەحمەت و نارەحەتی، ئەوە شەریعەت نییە، با هەزاران بروبیانوشی لەسەر بێننەوە. دین، نەفس، عەقڵ، ناموس، ماڵ و ئاسایش، ئەم شەش چەمکە، هەرکەس دەستدرێژی بکاتە سەر یەکێکیان ئەوا سزا دەدرێت، نێر یا مێ بێت. لەم سزا و حدودەش ئافرەت و پیاو یەکسانن، وەک» **(وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا المائدة ٣٨. (الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ) النور٢. (وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَاْ أُولِيْ الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ)** البقره ١٧٩. هەروەها ئەوەی شەراب دەخوات و خۆی مەست دەکات (٨٠) قامچی لێدەدرێت. ئافرەتێک لە تیرەی بەنی مەخزوم دزی کرد، لەبەر ئەوەی خاوەن پلەوپایە بوو ویستیان شەفاعەتی بۆ بکەن بۆ ئەوەی سزا نەدرێت، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی سوێند بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر فاتمەی کچی محەممەد دزی بکات دەستی دەبڕم(١٧).

– هاوتایی ئافرەت و پیاو لە بانگەوازکردن بۆ دینی خوا و دەربڕینی پشتیوانی هەر لە یەکەم ساتی بانگی ئیلاهی و خۆکردنە قوربانی لەو پێناوەدا، دەرخەری ئەو راستیەن(١٨).

بیرمان نەچێت هەرچی جیاوازی ڕەگەزی هەیە لە نێوان ئافرەت وپیاودا، هەمووی بۆ بەرژەوەندی و زیاتر بەردەوامی ژیان و بەخشینی ئارامی و ئاوەدانیە. هەرچی جیاوازی لاشەیشە هەیە کە لایەنی بایۆلۆژی و فیزیکیە لە دوو ڕەگەزدا باسی وەزیفەی بوونە لەم ژیانەدا، ئەوەش لێرەدا ناتوانین ئێمە ئاماژەی پێبدەین.

– فێربوون ماف نییە بەڵکو واجبە و ئەرکە لەسەر هەموو موسڵمانێک کە بخوێنێ و شارەزا بێت، ئیسلام یەکەم ئایینە لە دونیادا فەرمانی بە نێردە و ڕۆیشتن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بۆ بەدەستهێنانی زانست کردووە، قورئانی پیرۆز یەکەم گوتار و یەکەم

**لە زانستەوە خوای گەورە خۆی بە مرۆڤەکان دەناسێنێت، کەواتە (الانسان) گوتاری گشتیی ئیلاهیە بۆ سەرجەم نێر و مێ**

پەیڤی، کە دابەزی بۆ پێغەمبەری پێشەوا (درودی خوای لەسەر بێت)، پەیڤی مرۆڤبوونی بەیانکرد کە هەردوو ڕەگەزەکەی گرتەوە.

لە زانستەوە خوای گەورە خۆی بە مرۆڤەکان دەناسێنێت، کەواتە وەک لە بەشی یەکەمی بابەتەکەدا ئاماژەمان پێدا (الانسان) گوتاری گشتیی ئیلاهیە بۆ سەرجەم نێر و مێ، هەردووکیان لە ئەرک و مافدا وەک یەک سەیردەکرێت. قورئانی پیرۆز بە ڕوونی ئاماژەی کردووە بەم هاوتایی و یەکسانیە لە چەند ڕوویەکەوە: وەک

یەکسانی لە پەرستشدا، یەکسانی لە هەڵبژاردنی ئاییندا ، یەکسانی لە بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵی و ئابوورییدا، یەکسانی بەشداری لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی.

ئەو بوارانە ئافرەتان لە چەرخی زێرینی دروستبوونی یەکەم دەوڵەتی ئیسلامدا بە سەرکردایەتی ڕزگارکەری مرۆڤایەتی (درودی خوای لەسەر بێت)، ڕۆڵی خۆیان تێدا بینی و کاریان تیادا کرد بە بەرچاوڕوونی و ئاشکرا، لە ژێر پرنسیپەکانی ئایینی ئیسلامدا توانیان ئەو مافەی ساڵەهای ساڵبوو لێیان زەوتکرابوو، جارێکی تر بەدەستی بهێننەوە و ببنە سەر مەشق بۆ ئافرەتانی دوای خۆیان.

# ئافرەت نیوەی ئەرك و پرۆسەی ئاوەدانی و چاكسازی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گرتۆتە ئەستۆ، بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووشەوە

## پوختەی بابەتەكە

ئەوەی مرۆڤایەتی هەتا ئێستا پێی گەیشتووە سەبارەت بە حەقیقەتی ئافرەت، لە ڕێزی مرۆییانە و كەسایەتی جیاواز و سەربەخۆی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەكانی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر بێت) بوونی هەیە، زۆر بە ڕوونی دیارە كە هیچ شتێك لە دەق، بنەما و مەبەستەكاندا بەربەست نییە لە دەرخستنی ڕێزی مرۆییانەی لە بڵندترین وێنا و تێڕوانیندا.

ئەوەی لە ئایینی ئیسلامدا بوونی هەیە گونجاوە بۆ درێژەدان بۆ گەیشتن بە پلە بەرزەكانی كەماڵی ڕۆحی و مرۆیی. بەرپەرچی ئەوەش دەداتەوە كە هەندێ سەیركردنیان بۆ ئافرەت تەنها بۆ «جنس»ە، كە ڕوخسارێكی جوان و لەشولارێكی كاریگەری هەیە، وەك ئەمڕۆ دەبینرێت بازرگانیكردن بە مێینەوە لە دەزگا ڕاگەیاندن و ڕیكلامە بازرگانیەكاندا، یا بازرگانیكردنی ڕێكخراوە گەورەكان لەسەر لاشە و جەستەی ئافرەتە، ئەوانەی ئەم دیدەیان هەیە ئەوەندە قسە لەسەر گوتاری جەستە دەكەن، قسەیان لەسەر گوتاری ڕۆح و عەقڵ و توانای ئافرەت نییە كە چەندە كاریگەری هەیە، چەندە دەتوانێت ڕۆڵی تەواوكاری و كاریگەر لەسەر شانۆی ژیان ببینێت.

ئەو ڕێزە مرۆییەی كە قورئان باسی دەكات یانی ڕێز و بەباشی مامەڵەكردن لەگەڵیدا و بەخشینی نیعمەتەكان ئەوەی بۆی گونجاوە و ئەوەی پێی ڕازییە(١٩). كە خوای گەورە دەفەرموويێت **(وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا)** الاشراء ٧٠. لەوە دڵنیا بووین كە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێزی مرۆییانەی بەخشیوە بە ئافرەت و مافی تەواوی لە ژیاندا بۆ دەستەبەر كردوە، ڕێگریش بووە لەو بەربەریەت و كۆنەپەرستی و نەفامیەی كە كچانیان زیندەبەگۆڕ كردوە و مافەكانیان زەوتكردووە، شوێن و پێگەی بە دابونەریت بێ نرخ كردووە.

لە وەش دڵنیاین كە ڕوانگەی زاڵ لە گوتاری قورئان و فەرموودەكانی پێشەواماندا (درودی خوای لەسەر بێت) یەكسانی تەواو لە پەرستش و فەرمانە ئایینییەكاندا دیارە، مەگەر لەو شتانەدا نەبێت كە لەگەڵ سروشت و لایەنی فیزیكی و بایۆلۆجی ئافرەتدا كۆك نەبێت، وەك جیهاد لە پێناوی خوادا، كە جیهاد خۆی فەرزی كیفایە یە و فەرزی عەین نییە، خوای گەورە ئافرەتی بەخشیوە لەو بەرپرسیاریەتی و فەرزە. گوتاری قورئانی جەخت لەسەر سروشتی ئافرەت دەكاتەوە كە لە هەمان سروشتی پیاوە، یانی سەرچاوەی دروستبوونیان یەكە (٢٠).

بۆچوون و ڕای ئافرەتان كەمتر نییە لە بۆچوون و ڕای پیاوان، (المؤمنون والمؤمنات بعضهم اولياء بعض) التوبة ٧٠. لەم گوتارەدا خوای پەروەردگار ئەرك و بەرپرسیارێتی چاكسازی و گۆڕانكاری لە كۆمەڵگەدا خستۆتە سەرشانی ئافرەت و پیاو پێكەوە، ئەویش نەك تەنها ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە ئافرەتان و منداڵان، بەڵكو باس لەسەر هەموو كاروبارەكانە كە پەیوەندیدارە بە

ژیان و ئاینی کۆمەڵگە و خەڵکەوە، بەبێ بوونی هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئافرەت و پیاودا.

هەموو مەشغەڵەکانی سەرەڕێی کەسایەتی ئافرەتی موسڵمان کورتکراوەتەوە لەم فەرموودەی پێشەواماندا (درودی خوای لەسەر بێت) کە دەفەرموویت (انما النساء شقائق الرجال).

شەقیقە: یانی خوشکی برای دایک و باوکی کە لەگەڵ خوشکەکەیدا یەکسانن لە هەموو مافەکاندا.

هەروەها گەر تەماشایەکی مێژووی ئیسلامیی بکەین لە چەرخی زێریندا، بەشداری ئافرەتان لەسەرجەم وێستگەو شوین و پێگەکاندا بەروونی دەبینین(٢١).

******

## سەرچاوە و پەراوێز:

مافی مرۆڤ و گرەنتیەکانی لە ئیسلامدا، دکتور موستەفا ابراهیم زەلمی : وەرگیرانی عومەر عەلی عفور. چاپی یەکەم .

٢ تەفسیری ئاسان، ماموستا بورهان ئەمینی.

٣ مكانة المراة فی القران الكريم والسنة الصحيحة، دکتور محمد بلتاجی.

٤ رواه ابوداود، فی صحيح الجامع الصغير، حديث رقم ٢٣٢٩.

٥ تیشکێ لە قورئانەوە، وەرگیرانی ئیبراهیم مەردۆخی.

٦ تحرير المراة فی عصر الرسالة،ج١- ص٣٠.

٧ تەفسیری ئاسان، نوسینی م. برهان ئەمینی.

٨ سەیری تەفسیری (المنار)ی ماموستا (رەشید رەزا) بەرگی ٥/٥٠، و رۆژنامەی ئایندە ژمارە ٣١، ئافرەت و هەڵوێستێکی ژیاری، بکە.

٩ صحيح البخاری : ٤/ ١٦١٠, برقم ٤١٦٣.

١٠ مافی مرۆڤ و گرەنتیەکانی لە ئیسلامدا، دکتور موستەفا ابراهیم زەلمی.

١١ كتاب تحرير المراة فی عصر الرسالة ،ج١- ص٧٠.

١٢ رواه البخاری فی صحيحه، رقم ١٣٠٦

١٣ رواه البخاری فی صحيحه، رقم ٨٤٩

١٤ مافی مرۆڤ و گرەنتیەکانی لە ئیسلامدا، دکتور موستەفا ابراهیم زەلمی > وەرگیرانی عومەر عەلی عفور. چاپی یەکەم، لا٥٧.

١٥ رواه الترمذي

١٦ اخرجه الترمذی، ج٤-ص٦٦٠، رقم حديث ٢٥٠٢، ابوداود-ج٤ -ص٢٦٩، رقم حديث ٤٨٧٥.

١٧ البخاري: كتاب المغازي، باب من شهد الفتح (٤٠٥٣). مسلم: كتاب الحدود، باب قطع السارق الشريف وغيره والنهي عن الشفاعة في الحدود (١٦٨٨).

١٨ الاسلام والمساواة بين الرجل والمراة ، للدكتور محمد راتب النابلسی.

١٩ لسان العرب فی مادة (ك.ر.م)

٢٠ مكانة المراة فی الاسلام ، د. فوزية العشماوي.

٢١ سەرچاوەی پێشوو.



# ئازادی

## وەك ڕۆحی شەریعەت




**حەکیم ئەبوبەکر**

لەدایکبوی ١٩٨٤.

ماستەر لە فەلسەفەی ئیسلامیی.

چەند بابەتی بڵاوکراوەی هەیە.



## پێشەکی

کاتێک لە دەقەکانی قورئان و سوننەت ورد دەبینەوە، هەموو ئەو دەستەواژانەی بە ئەمر و نەهی و ئیباحە گوزارشتی لێکراون دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی مەبەستەکانی شەریعەتی تێدا بەئاشکرا دەرکەوتووە خۆی بە ئاماج دەگرێت، بۆیە لێرەوە بەرپرسیارییەتییەکە دەکەوێتە سەرشانی فەقیهزانان کە بەوردی لەو مەبەستانە رابمێنن، بۆیە گرنگیدان بەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ خودی گرنگیدان بە شەریعەت، لەبەرئەوەی مەبەستەکانی شەریعەت بنەمایەکە لە بنەماکانی شەریعەت، وەک شاتبی ئاماژی پێداوە. بۆیە ئەم گرنگی پێدانە – چی وەک ناوەڕۆک یاخود وەک جێبەجێکردن- دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاوەڵان کە لە سەردەستی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فێربوون و ئاراستە کراون.

بەڵام ئێستا وەک فەقیهزانانی هاوچەرخ ئاماژەیان بەوە کردوە ئەو مەبەستە شەرعییانە پێشتر کە لە پێنج جۆر کورتهاتبوون سنوردار نین، کە ناسرابوون بە پێنج زۆر پێویستییەکان، کە خۆیان لە ئایین، عەقڵ، وەچە و ماڵدا دەبینیەوە، هەر ئەمانە بریتی نین لە کۆی گشتیی مەبەستەکانی شەریعەت، بەڵکو مەبەستەکانی شەریعەت لیستێکی کراوەن و دەنگونجێت بۆی زیاد بکرێت، چونکە چەندین مەبەستی تریش هەن کە خۆیان لە چوارچێوەی ئەو پێنج مەبەستەدا نابیننەوە، بۆیە ئیسلام هاتووە و ئازادی فیکری و بیروباوەڕی کردۆتە پێتوڵێ نەک بە شێوازی مافێکی موباح تەنها بۆ موسڵمان بێت، بەڵکو لەسەر ئەو بنەمایە کە ئەرکێکە لەسەری، لەبەر زۆری هاتنی ئەو بابەتە، کە دەکرێت بووترێت لە پلەکانی مەبەستە شەرعییەکاندا دەگاتە پلەی پێویستییەکان، کەواتە وەک ئیبن عاشور ئاماژەی پێداوە مەبەستێکی پێویستە لە مەبەستەکانی شەریعەت.

چونکە لە ئیسلامدا ئازادی وەرگرتنی بیروباوەڕ دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ ئیمانێکی ڕاستەقینە، هەر لەبەر ئەوەیە هەندێک لە زانایان ئیمانی چاولێکەری بە ئیمانی راستەقینە هەژمار ناکەن، زۆربەشیان بە ئیمانی ناتەواوی دەزانن.

دەروازە

ئەوەندەی بڕوانیتە وتەکانی بیریاران و توێژەرانی فەلسەفە لەمەڕ چەمکی ئازادی، توشی حاڵەتێکی ونبوون دێیت، چونکە توێژینەوەیەکی ئەقڵانی سەبارەت بە خودی ئەم چەمکە و شیتاڵکردنەوە و ڕاڤەکردنی پێکهاتەکەی و بەڵگەهێنانەوە لەسەری بە شێوەیەک وێنای دەکەیت کە ئەمە وەهمێکە و ناتواندرێت لە ماهیەتەکەی تێبگەیت، هەروەک چۆن زانایان توشی واقورمان بوون لە مەڕ چەمکگەلێکی وەک «عەقڵ» یاخود «روح» ی مرۆڤ، ناتوانن پێناسەگەلێکی بۆ بەدەست بخەن و بەدەستە پاچەیی دەکەونە نێو تێکەڵکردن و دژایەتیکردنی چەمکەکان، خۆی ئەمەش بۆ ناشایستەیی ئامرازە مەعریفەییەکانمان لە دەرککردن بە ماهیەتەکان دەگەڕێتەوە.(١)

لە دیارترین ئەو لێکەوتە و پەشۆکاوییەی بەسەر چەمکی ئازادی هاتووە، دەرەنجامی پشتهەڵکردنی توێژەرانی ئەم چەمکەیە لە پێشکەشکردنی تێگەیشتنێکی گشتگیر. هەر لەسەرەتاوە زۆرێک لە بیرمەندانی ئەم بوارە بێقابیلەیەتی خۆیان ڕاگەیاندووە لەوەی بتوانن تێگەیشتنێک بۆ ماهیەتی چەمکی ئازادی بسازێنن.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە، فەیلەسوفە لیبراڵەکانی سەردەم و بیریارانی پێش خۆشیان کە خۆیان بە بنیات و شیکاری ئەم چەمکەوە سەرقاڵ کردبوو، نەیانتوانیوە ڕێگایەک بدۆزنەوە گوزارشت بکات لە بەرجەستەکردنی چەمکی ئازادی، ئەوەی پێی گەیشتوون زیاتر خولانەوە بووە لە تێڕوانینێکی

دەروونی بۆ تەفسیرکردنی چەمکی ئازادی! بۆنمونە مۆریس فلامان(٢). کاتێک گوزارشت لە چەمکی ئازادی دەکات دەڵێت «ئێمە هەست دەکەین ئازادین و ئازادیش نین». دواتر دەڵێت «ئازادی بۆنێکە و بۆنی دەکەین»، ئەمە جۆرێکە لە گوزارشتکردن بە پێوەری هەستکردنی دەروونی بۆ چەمکی ئازادی، هەربۆیە کاتێک سەرنج دەخەینە سەر فەرهەنگە فەلسەفییەکان تا پێناسەیەک بۆ چەمکی ئازادی بە دەست بخەین، زۆر بە روونی ئەوەت بەرچاو دەکەوێت کە چۆن خۆیان لە پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئەم چەمکە دەپارێزن، راستەوخۆ دەچنە سەرباسی بەش و جۆرەکانی ئەم چەمکە، بێ ئەوەی خۆیان لە ماهیەتی بابەتەکە بدەن.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە بیریاران هەوڵیانداوە دارشتن بۆ ماهیەتی ئازادی بکەن، بەڵام جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا هاتۆتە ئاراوە، تا هەندێک جار دەگاتە پلەی دژەوانە. بۆیە هەرکەسە و بە گوێرەی میتۆد و رێبازی خۆی هەوڵیداوە دارشتە بۆ ئەم چەمکە بکات، هەر لەبەر ئەمەیە زەحمەتە بتواندرێت ئەو پێناسە و دارشتانە چوارچێوەدار بکرێت، بۆ نموونە هەندێک لەو کەسانەی کە گرنگیان بەم چەمکە داوە و تیاندا تەنها پێناسەی خۆرئاواییەکانی کۆکردۆتەوە، پتر لە دووسەد پێناسەی جیاوازی لەخۆگرتووە. لە دیارترین پێناسەکانیش کە باسکراوە ئەو وتەیە کە دەڵێن «ئازادی بریتییە لە نەبوونی زۆر لێکردن»، بەڵام ئەم سنور و دیاریکردنەش بۆ گوزارشتکردن لەم چەمکە بێ کێشە نییە، چونکە دووبارە لێکتێگەیشتنی جیاواز هەیە بۆ چەمکی «زۆرلێکردن»، کە چەندین مانای جیاواز لە خۆی کۆدەکاتەوە، بۆ هەر مانایەکیش چەندین پرسیار و چەند و چوون هەیە(٣). ئەگەر بچینە سەر پێناسەکانی بیریارانی عەرەبی و ئیسلامی ئەوانیش بەردەر نین لەو تێکەڵە فیکریە کە بیریارانی خۆرئاوا تێی کەوتوون(٤).

زانایانی پێشین لە شەریعەتی ئیسلامیی گرنگییەکی ئەوتۆیان بە پێناسە و چەمکی ئازادی نەداوە، تا تێگەیشتنێ تایبەت بخوڵقێنن بەو جۆرەی کە ئێستا بڵاو و بەرچاوە، بەڵکو نووسینەکانیان دەربارەی ئەم چەمکە خۆی تەنها لە زاراوە زمانەوانییەکاندا قەتیس کردووە، کە بە چەند ئاماژەیەکی جیاواز گوزارشتیان لە واتاکانیان کردووە وەک لەوەو پێش باسمان کردووە.

ئازادی لە تێروانینی ئسلامیدا سپاردەیەکە، واتە بەرپرسیارییەتی و هۆشیارییە بەهەق و راستی و پابەند بوونە پێوەی و توانایە تێیدا، بەڵام ئازادی بە مانای پێکهاتەیی (التكوینی) رێگەپێدان و هەڵبژاردنە یاخود فیترەتە، خوا بە جۆرێک لە دروستکردن تایبەتی کردووین کە هەڵگری توانای خێر و شەرە. ئەوەشە بەرپرسیارییەتی، بەڵام بە مانا رەوشتییەکە یاخود تەشریعییەکە خۆسازاندنە(٥).

بەپێی دەستەواژەی ئوسوڵییەکان ئازادی ئەوەیە کە مومارەسەی بەرپرسیارییەتی بکەین بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە و ملکەچانە ئەرک ئەنجام بدەین، بە هەستان بە فەرمان و دوورکەوتنەوە لە شتە رێگرلێکراوەکان.

هەروەها زانایانی عەقیدە و عیلمی کەلام لەفزی ئازادیان بەکار بردووە، مەبەستیان پێی ئیرادە و توانا و کاریگەری مرۆڤە لە هەمبەر کردەوەکانیدا کە ئازادە و دەتوانێت ئەوە هەڵبژێرێت کە خۆی دەیخوازێت(٦).

هەروەها زانایانی تەزکیە و تەسەوفیش چەمکی ئازادییان بەکاربردووە و مەبەستیان پێی ئازاد بوون بووە لە کۆیلایەتی نەفس و ئارەزوو و حەزە دونیاییەکان(٧).

بەڵام کاتێک دەڵێین زانایانی پێشین بەو تێگەیشتنەی ئەم سەردەمە باسی ئازازادییان نەکردووە، مانای ئەوە نییە خۆیان لەو بابەتە

بواردبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە چەندین تیۆری گشتگیر و زانستی و وردیان دارشتووە، تا ئەو رادەیەی دەگونجێت بڵێین هەموو پێکهاتەکانی ئازادی بە مانا سەردەمیانەی ئەمرۆی لەخۆدەگرێت.

تاهیر بن عاشور (١٨٧٩-١٩٧٣ز) کاتێک باسی چەمکی ئازادی دەکات دەڵێت «لە دوای لە ناوچوونی کۆیلایەتی وشەی ئازادی مانایەکی تری لەخۆگرت، جیا لەو مانایەیی بەرامبەر بە کۆیلایەتی هەیبوو، ئەویش بریتیبوو لە فراوانبوونی ویستی مرۆڤ کە بتوانێت هەر کارێک بیەوێت ئەنجامی بدات، بەبێ ئەوەی کەس رێگری لێ بکات»(٨).

ئەگەر بچینە سەر گوتاری ئیسلامیی سەردەم، ئەوە بابەتەکە هەندێک جیاوازە، چونکە بەکاربردنی چەمکی ئازادی زۆر بەربڵاوە، ئەمەش دەرەنجامی چەند هۆکارێکی جیاوازە، ئەم بەکاربردنەش لەسەردەمی بوژاندنەوەی عەرەبییەوە دەستپێدەکات. رەفاع تەهتاوی(١٨٠١-١٨٧٣ز) یەکەمین بیریاری ئیسلامی بوو کە لەفزی ئازادی هێنایە بەرباس، بەشێوەیەکی گشتیی و گشتگیر هەوڵدەدات بەشەکانی شیکار بکات و پۆلێنیان دەکات بۆ پێنج بەش، ئەوانیش: ئازادی سروشت، ئازادی ئاکاری، ئازادی ئایین، ئازادی مەدەنی و ئازادی سیاسی(٩). پاش ئەو بەکارهێنانی بەشێوەیەکی فراوان گرنگی پێدرا تا ئەو رادەیەی هیچ کەسێکی دیار نەبوو قسەی لەسەر ئەم چەمکە نەبێت، بەتایبەتیش خەیرەدینی تونسی، محەممەد عەبدە، موحەممەد رەشید رەزا و چەندانی تر.

لەگەڵ ئەوەی عەبدورەحمان کەواکیبی(١٨٥٥-١٩٠٢ز) بەهێزترینی ئەو کەسانەبوو کە زۆر بە وردی و تێروتەسەلی مانا و راڤەی بۆ چەمکی ئازادی دارشت، کە بووە جێگای سەرنج و تێرامانی پێری رۆشنبیرانی ئەو کات و رەواجێکی زۆری پێدرا، چونکە ئەو باوەری وابوو کە گەورەترین بەڵا

**بۆ پارێزگاریکردن لە ئازادی ئیسلام هەموو ئەو شتانەی قەدەغە کردووە کە دەبنە هۆی داخورانی ئازادییەکان.**

و شەر کە بەرۆکی موسڵمانانی گرتوە بریتییە لە ونبوونی مانای ئازادی، ئەوەش بە شێوەیەک لە ناو تاکەکاندا رەنگی داوەتەوە و لە بیریان چۆتەوە چۆن بەدەستی بێنن و چۆن هەستی پێبکەن. هەروەها دەڵێت «داری ئازادی ئەبەدی قەت بەبێ خوێن بەر ناگرێت». عەبدوڵڵا عەرەوی دەڵێت «تێگەیشتنی بیریارانی عەرەبی بۆ چەمکی ئازادی بەدەر نەبووە لە کاریگەری تێروانینی لیبراڵی رۆژئاوایی، چونکە نەیانتوانیوە تێگەیشتنێکی سەربەخۆ دور لە بیری رۆژئاوایی بسازێنن(١٠).

هەوەها ئەمەش هەمان بۆچونی دکتۆر محەممەد عیمارەشە بەتایبەت لە ئاست لێکدانەوەکانی کەواکیبیدا، کە ئەو پێیوایە تێگەیشتنی کەواکبی بۆ ئازادی هاوشێوەی بیریارانی رۆژئاواییەکانە بەوەی هیچ سنورێکی بۆ ئازادی دیاری نەکردووە. بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئاراستەکانی تێگەیشتنی فیکری ئیسلامی هاوچەرخ دەربارەی ئازادی بخەینەروو، ئەوا دەکرێت دابەش بکرێت بەسەر دوو ئاراستە باودا ئەوانیش:

ئاراستەی یەکەم بریتییە لەو ئاراستەی تەواو نزیکە لە تێگەیشتنی رۆژئاوایی بۆ ئازادی، ئەوەی لەم ئاراستەیەدا بەدی دەکرێت تەنها خوڵانەوە و راڤەکردنی ئازادییە لای بیریارانی رۆژئاوایی، بۆیە

## ئایین خۆی لە گرنگترین مەبەستە زەروورییەکانی شەریعەتە، بەڵام نابێت پێش ئازادی بکەوێت

هیچ هەوڵێکی وانەدراوە تاوەکو خۆی لە وێناکردنی خۆرئاوایی جیا بکاتەوە.

ئاراستەی دووەم، بریتییە لەو ئاراسەتەی درکی بە جیاوازی و وێناکردنی چەمکەکان کردووە لە نێوان فیکری رۆژئاوا و فیکری ئیسلامیدا، ئەم ئاراستەیە ئەوەی لەبەرچاوگرتووە ئەو جیاوازییە دەرکەوێت و روون و دیار بێت، ئەم ئاراستەیەش هەر لەسەرەتای بەکاربردن چەمکی ئازادی لەسەر دەمی نەهزەی عەرەبیدا هاتە کایەوە، لە دیارترین ئەو کەسانە هەوڵی بەدیار کردنی ئەم جیاوازییەیاندا، مێژوونوسی مەغریبی ئەحمەد ناسرییە کاتێک دەڵێت «ئەوە بزانە ئەو ئازادییە کە فەرنسییەکان بانگەشەی بۆ ئەکەن لەم ساڵانەدا هی دانەرە بێدینەکانە، چونکە بە وتەی ئەوان مافی خوا مافی دایک و باوک مافی مرۆڤایەتی نامێنێت. ئەوەش بزانە ئازادی شەرعی ئەوەیە کە خوا لە کتێبەکەیدا باسی کرد و پێغەمبەر روونی کردۆتەوە بۆ ئومەتەکەی. بۆیە کاتێک بیریارانی ئیسلامی درکیان بە ئاستی جیاوازی تێگەیشتنی ئیسلامی و رۆژئاواییەکان کرد، هەوڵی ئەوایاندا دارشتنی نوێ بۆ چەمکی ئازادی بسازێنن، بە شێوەیەک لەگەڵ داواکارییەکانی شەریعەتدا بگونجێت و تایبەتمەندییەکانی ئیسلام لەبەرچاو بگیرێت.

لەو کەسانەش کە هەوڵیانداوە دارشتنەوە بۆ ئەم چەمکە بکە بە مەفهومە ئیسلامییەکەی دکتۆر فەتحی درینیە کاتێک دەڵێت «ئازادی هێز و توانایەکی گشتیە کە خوا دانی پیاناوە بۆ سەرجەم تاکەکان، وەک یەک بەشێوەیەک بتوانن ئەوەی بۆخۆیان باشە ئەنجامی بدەن بەبێ ئەوەی زیان بە بەرامبەر بگەیەنن».

دکتۆر رەحیل غەرابە دەڵێت «ئازادی توانایەکە خوا داویەتی بە تاکەکان، بۆ ئەوەی هەستن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و پاراستنی مافەکانیان، هەڵبژاردنی ئەوەی کە سودیان بۆ بەرجەستە دەکات و خراپەیان لێ لادەدات بەبێ ئەوەی زیان بە بەرامبەر بگەیەنن».

علال فاسی (١٩١٠-١٩٧٤ز) دەڵێت ئازادی «دانانێکی یاساییە و مافێکی سروشتی نییە، مرۆڤ نەدەگەیشتە ئازادییەکەی ئەگەر دابەزینی وەحی نەبوایە. مرۆڤیش بە ئازادی نەخوڵقاوە، بەڵکو بۆ ئەوەی ئازاد بێت. ئازادی هەوڵ و تێکۆشانە لەرێگای بەندایەتی خودا وبەرەڵڵاییەکی ئاژەڵی نییە». فاسی سەری سورماوە لەوەی چۆن زانایانی ئیسلام لەم ئایەتەی سورەتی (البينة)دا **(لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ مُنْفَكِّينَ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ)** (سورة البينة:١) بیریان بۆ ئەم مانایە نەرۆیشتووە، هیچ رێگایەک نییە بۆ دەربازبوون و ئازادی، مەگەر بەرنامەی بەندایەتی خوا نەبێت، پەیرەوی ئەرکەکان (تكاليف) ئەو مەسەلەیە ئازادی دەکاتە رەوشتێکی خودی(١١).

حەسەن تورابی بۆمانایەکی نزیک لە ماناکەی فاسی دەڵێت «ئازادی قەدەری مرۆڤە کە لە هەموو دروستکراوێکی غەیری خۆی جیای دەکاتەوە، بە خواستی خۆی کرنوشی بۆ خوا برد لەو رووەوە کە خوا هیچ شتێکی لە پێکهاتەکەیدا دروست نەکردبوو ناچاری بکات بۆ باوەرهێنان، نە رێگاشی پێداوە بە زۆر ئیمان بە غەیری خۆی بهێنێت. ئازادی ئامانج نییە



بەڵکو هۆکارێکە بۆ پەرستشی خوا، ئەم بەندایەتیەش هەستکردن بە پەرگیر لە مرۆڤدا ناوروژێنێت، چونکە کەسی بڕوادار خوا بە پاڵنەری خۆشەویستی و بە مەزنگرتن و هەستکردن بە نیعمەتەوە دەپەرستێت، کە هاندەری سوپاسگوزاریە، ئەو کارەی وا لە ئازادی دەکات ببێتە هۆکار و بەرهەمی پەرستشی خوا. گەرچی ئازادی لە ڕووە یاساییەکاندا ڕێپێدان (اباحە) بێت، ئەوا لە ڕووە ئاینیەکەیدا ڕێبازێکی پەرستشی خوایە، پێویستە لەسەر مرۆڤ ئازاد بێت بۆ پەروەردگاری، دڵسۆز بێت لە وەرگرتنی ڕا و هەڵوێستیدا. ئەم ئازادییە لە تێڕوانینی ئیسلامدا ڕەهایە چونکە هەوڵێکی نەپساوە بەرەو ڕەها. چەند دڵسۆزیش زیاد بکات لە بەندایەتیدا بۆ خوا ئەوەندەش زیاتر دەبێت لە هەر دروستکراوێکی ناو سروشت، چەند برێکی زیاتریش لە پلەکانی کامڵبوونی مرۆیی دەستدەکەویت(١٢).

یەکێکی تریش لەو بیریارانەی کە هەوڵیانداوە داڕشتنەوە بۆ ئازادی بکەن دکتۆر تەها عەبدوڕەحمان، بەشێوەیەک پێناسەکەی دروست دەکاتەوە کە لەگەڵ مەبەستەکانی شەریعەتدا بگونجێت، هەروەها پێناسەکانی تورابی و فاسیش لەخۆ دەگرێت و دەڵێت «ئازادی بریتییە لەوەی پەروەردگارت بە ئیختیاری خۆت بپەرستیت، نەهێڵی دروستکراوەکان بتکەنە کۆیلەی خۆیان، جا ئەو کۆیلە بوونە رووکاری بێت یاخود بە نەواخن(١٣).

پەیوەندی ئازادی بە مەبەستەکانی شەریعەتەوە

دەقەکانی شەریعەتی ئیسلام نەهاتووە حەسری ئەو مەبەستانە بکات کە دهیەوێت بیگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەی زانایانی پێشین بەشێوەیەکی فراوان باسی مەبەستە شەرعیەکانیان کردووە، بەڵام نەهاتوون داڕشتنێکی شمولی و ئیستقرائی بۆ دیاریکردنی مەبەستەکان ئەنجام بدەن و پێناسەیەکی بۆ بسازێنن، هەروەها زۆرێکیان هەوڵی ئەوەیان داوە مەبەستەکانی شەریعەت لە چەندانەیەکی دیاریکراودا کۆبکەنەوە.

بەڵام ئەوەی زیاتر کاریان لەسەر کردووە و باسیان کردووە و کردنیەتە مەنهەجێکی دیار لە ناویاندا جوغزکردنی مەبەستە پێویستەکان (الضروريات) بووە، لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە لە مەبەستەکان تەنها بەشێکن لە کۆی گشتی مەبەستەکان، بەڵام دووبارە زانایان لەم پۆلێنکردنەشدا کۆک نین و بیروبۆچونی جیاوازیان زۆرە، هەندێکیان لە پێنج بەشدا کورتی دەکەنەوە، هەندێکی تریان زیادی دەکەن، تیاشیاندا هەیە کەمتری دەکاتەوە.

لەبەر ئەوەی مەبەستەکانی شەریعەت وەک ژمارە بە دەقێک لە دەقەکان دیاری نەکراوە، بۆیە زیاتر زانایانی پێشین ئیجتهادیان کردووە و هەوڵیانداوە بەدواداچوون و کۆکردنەوە و پۆلێنکاری بۆ بکەن، بۆیە دووبارە لێرەشەوە توشی حاڵەتی جیاوازی بیروبۆچوون بونەتەوە، هەندێکیان چەند بابەتێکی زیاتر و هەندێکیشیان کەمتری پۆلێن کردووە، تەنانەت میتۆدیشان بۆ پۆلێنکردنەکان جیاوازە هەندێکیان دەیکەن بە دوو بەشەوە، دینی و دونیایی، هەندێکیان بۆ سێ بەشی پۆلێنی دەکەن، زەرووریات (الضروريات)، پێویستییەکان (الحاجيات) بەباشزانراوەکان (التحسينيات)، تیاشیاندا هەیە دابەشی ئەکات بۆ پێنج بەش وەک ئەوەی ئیبن فەرحانی مالیکی کردویەتی(١٤).

بەڵام زانایانی سەردەم گرنگیان بە لێکۆڵینەوە دەربارەی ژمارەی مەبەستەکانی شەریعەتداوە، بۆ ئەم زیادکردن و کەمکردنەش لە جۆرەکانی مەبەستە شەرعییەکان هەر زانایە و کۆمەڵێک بەڵگەو پاساوی خۆی هەیە دەربارەی ئەو بۆچوونەی بانگەشەی بۆ دەکات.

بیریارانی سەردەم تانە لە ژمارەی ئەو مەبەستانە دەدەن کە پێشین باسیان کردوون، پێیانوایە

ناتوانرێت مەبەستە زەرورییەکان کورتبکرێنەوە لەو چەند دانەیەی پێشین باسیان لێوە کردووە تاوەکو ببێتە مەرجەعێک بۆ رێکخستنی کاروباری تاک و کۆمەڵگای سەردەمی مۆدێرن.

دکتۆر جەمال عەتییە دەڵێت «زانایانی کۆن زیاتر چاویان رووە و مرۆڤ وەک تاکێک بووە، بەشێوەی پێویست و فراوان ئاوڕیان لە کۆمەڵگا و ئوممەت نەداوەتەوە، بۆیە زۆربەی ئەو مەبەستانەی باسیان کردووە دەربارەی رەهەندە تاکە کەسییەکانن، تا رەهەندە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە پێویستە ئاوڕێک لەو مەبەستانە بدرێتەوە کە پەیوەستن بە بنیاتنانی کۆمەڵگاوە(١٥).

لەگەڵ ئەوەی بانگەشەی زۆر کراوە تا مەبەستە زەرورییەکان دەستکارییبکرێن و زیادبکرێن لەو پێنج دانەی دیاریکراون، بەڵام ئەوانەی ئەو بانگەشەیە دەکەن خۆیان لەسەر ئالیەتێکی روون و جێگیر بۆ جێبەجێکردنی ئەو زیادکردنەی کە داوایان کردووە کۆک نین، بۆیە دووبارە لێرەوە زانایان بۆچونی جیاوازیان هەیە دەربارەی پێشنیازەکانیان بۆ زیادکردنی مەبەستە زەرورییەکان، هەیانە دەڵێت دەبێت چەمکی دادپەروەری (العدالة) زیاد بکرێت، هەنێکیان برایەتی و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی، هەندێکی تر ئازادی و کەرامەتیان داناوە، بەهەمان شێوە چەندین پێشنیازی تریش کراوە.

ئەوەی پەیوەستە بە دیاریکردنی پەیوەندی چەمکی ئازادی بە مەبەستێک لە مەبەستە زەروورەکانی شەریعەتەوە، تا وەک خۆی مەبەستێکی سەربەخۆ و سەرەکی بێت، لەم بابەتەشدا ئەو زانا و بیریارانەی خاوەنی ئەم بیردۆزەن قسەی جیاوازیان هەیە، بە میتۆدی جیاوز لە پەیوەندییەکە ئەڕوانن.

هەیانە ئازادی کردۆتە مەبەستێکی سەربەخۆ لە مەبەستەکان، ئەو بیرمەندانەی خاوەنی ئەم بیردۆزەن خۆیان لە محەممەد غەزالی و یوسف قەرزاوی چەندان کەسایەتی تردا دەبیننەوە، هەرچەندە ئەم کەسایەتیانەش بۆچوونەکانیان هاوڕاو روون نییە کە مەبەستیان لە چی جۆرە ئازادییەکە تا ببێتە مەبەستێکی سەربەخۆ لە مەبەستە زەرورییەکانی شەریعە(١٦).

هەروەها لەو کەسایەتیانەش کە چەمکی ئازادی هەژمار دەکەن لە نێو مەبەستە زەرورییەکان بەڵام پلەی سەبەخۆیی نادەنێ، دکتۆر جەمال عەتییە لە کاتێکدا ژمارەی مەبەستەکان لای ئەو بیست و چوار مەبەستی تێپەڕاندووە، هاتووە چەمکی ئازادی لە ژێر مەبەستەکانی تردا بە شێوازێکی جیاواز پۆلێن کردووە، بۆ نموونە ئازادی تاکەکەسی لە ژێر بابەتی کەرامەتی مرۆڤدا باسکردووە، ئازادی کۆمەڵایەتی لە ژێر پاراستنی ئاسایشدا باسکردووە(١٧).

سەرچاوەی ئەوەی ئازادی بکرێت بە بە مەبەستێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی شەریعەت لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کاتێک خوێندنەوە بۆ فروعە فقهییەکان و حوکمە شەرعییەکان دەکرێت، وەک تاهیر بن عاشور دەڵێت «لە نهێنیەکانی شەریعەتی ئیسلام ئەوەیە کە سوربین لە بڵاوکردنەوەی ئازادی لە ناو ئیسلامدا بە شێوازێکی رێکخراو، کاتێک خوا پێغەمبەری ئیسلامی نارد، ئەوکات کۆیلایەتی لە ناو مرۆڤەکاندا زۆر بڵاوبوو، خەڵکی ماڵ و سامانیان لەسەر پەیدا دەکرد، هۆکارەکانیش زۆر بوون، کە ئەوانیش خۆیان لە دیلی شەڕەکان، قەرزداری، هەڵکوتانە سەریەکدی و فڕاندنی خەڵک و کردنیان بە کۆیلە، تەنانەت فرۆشتنی منداڵان لەلایەن دایک و باوکەوە هۆکار بوون بۆ بڵاوبوونەوەی کۆیلایەتی و بەرتەسککردنی ئازادی، بەڵام کاتێک ئیسلام هات، هەموو سەرچاوەکانی وشک کرد تەنها بابەتی دیلی شەڕ نەبێت، کە ئەمەش وابەستە بوو بە بەرژەوەندییەکی ئانی ئەوکاتەوە، بۆ ئەمەش چەندان حوکمی جیاواز هەبوون بەشێوەی واجب و خێر و

هاندان بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان بۆ زیاتر وشککردنی ئەو سەرچاوەیەش بە یەکجاری(١٨).

هەروەها دەڵێت: یاسایەکی فیقهی هەیە کە دەڵێت یاسادانەر (کە بریتیە لە خوا و پێغەمبەر) تامەزرۆی ئازادییە، ئەمەش لە خوێندنەوەی شەرعزانان بۆ ماهیەتی شەریعەت کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی گرنگترین مەبەست لە مەبەستەکان پوچەڵکردنەوەی کۆیلایەتی و بڵاوکردنەوەی ئازادییە(١٩).

بۆیە چەمکی ئازادی زۆر دیاردە دەگرێتەوە کە وابەستەیان دەکاتەوە بە مەبەستەکانی شەریعەتەوە، هەیانە پەیوەستە بە بیروباوەڕ، هەیانە بە گوفتار و کردارەوە، ئەوەی کۆیان دەکاتەوە ئەوەیە کە هەموویان لە ژێر حوکمی ئیسلامدا کاروبارەکانیان جێبەجێ دەبن، بەبێ ئەوەی کەس ڕێگریان لێبکات، ئازادانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت بەبێ ترس و زۆرلێکردن.

کاتێک بەهەدەردانی مەبەستێک لە مەبەستەکانی شەریعەت گوناهێکی گەورە بێت لە گوناهە گەورەکان، کە هەر کەسێک سنورەکانی ببەزێنێت حەدێکی لە حەددە شەرعییەکان بۆ دانراوە، بۆ نموونە ئەوکەسەی پارێزگاری لە ئایینی ناکات حەدەکەی ئەوەیە لە بێدینی و مورتەدی سەردەردێنێ، ئەوانەی کەسێک دەکوژن ئەوا پاراستنی نەفس بەهەدەر دەدەن، ئەوانەی سەرخۆش دەبن عەقڵ بەهەدەر دەدەن، ئەوانەی دزی دەکەن ماڵ و سامان بەهەدەر دەدەن، ئەوانەی داوێن پیسی دەکەن پارێزگاریکردن لە وەچەکان بەهەدەر دەدەن.

وەک ئاشکرایە حەد تەنها بۆ ئەوانە دادەنرێت کە تاوانێکی گەورە ئەنجام دەدەن، بۆیە ئەگەر ئەوە حوکمی کەسێک بێت کە مەبەستێک لە مەبەستەکان بە هەدەر دەدات، ئەبێ حوکمی کەسێک چۆن بێت کە هەموو ئەو مەبەستانەی شەریعەت بەیەکەوە بەهەدەر بدات، یاخود ئەسڵی مەبەستەکان لەکار بخات و ڕایانبگرێت، یاخود ئەو بنەمایانە لە کاربخات کە ئەو مەبەستانەی لەسەر دامەزراوە، دەبێت چی حوکمێکی هەبێت؟!

**مەبەستەکانی شەریعەت بە ژمارە لە دەقەکاندا دیاری نەکراوە، بۆیە زیاتر زانایانی پێشین ئیجتهادیان کردووە و هەوڵیانداوە بەدواداچوون و پۆلێنکاریان بۆ بکەن.**

بۆیە هیچ گومانێک لەوەدا نییە ئەوانەی ئازادییەکانی خەڵکی بەهەدەر دەدەن، و تەنگەتاویان دەکەن بەبێ هیچ ماف و یاسایەک کە هەیان بێت، ئەوانە تاوانێکی ئێجگار گەورە ئەنجام دەدەن، کەلای خوای گەورە زۆر لە تاوانە گەورەکان گەورەترە، چونکە هەڵدەستن بە لەناوبردنی ئەوەی خاوەنی شەریعەت (الشارع) مەبەستییەتی و تامەزرۆیەتی بێتەجێ، ئەوە پەک دەخەن کە بە تەواوی مانا مافەکانی مرۆڤی لەسەر وەستاوە کە خوا بە بەبێ جیاوازی بە مرۆڤەکانی بەخشیوە.

ئیبن عاشور لە کتێبی (أصول النظام الاجتماعي في الإسلام)دا ئازادی بە یەکێک لە بەرژەوەندییە سەرەکی و زەرورییەکان ناوزەند کردووە، کە کۆمەڵگە لەسەری وەستاوە، بۆیە لەسەر دەسەڵاتداران پێویستە پارێزگاری لێبکەن و ڕێگای فراوانبوونی بۆ فەراهەم بکەن، ئەوەش بەواتای بڵاوکردنەوەی ئازادی سیاسیی، ئازادی ڕاگەیاندن، ڕێکخستن و نووسین ڕێگە دانە بە کۆمەڵگە تا بە شێوەیەکی سیتەماتیک گوزارشت لە خۆی بکات، بەو شێوەیە بێت کە پێیوایە ئەو ڕێگەیە قازانج و

سودی کۆمەڵگەی تێدایە(٢٠).

ئەگەر سنوردارکردنێکیش بوونی هەبێت، ئەویش دووبارە بۆ پارێزگاری کردن بێت لە خودی ئازادی بەو پێیەی ئازادی سیفەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە لە نێو کایەیی سیاسەتی شەرعیدا.

لەهەمان کاتدا ئیبن عاشور هەوڵی ئەوەشی داوە ئەو سنورانەش کە بوونیان هەیە ئەگەر زۆر پێویست نەبن بەکارنەهێنرێن، نەبادا ببنە بەرتەسک کردنەوەی و هۆکارێک بۆ ئیستغلالکردن، تا ئەوەی بگاتە ئاستی زیان گەیاندن لە چەمکی ئازادی، بەڵکو تا ئەوڕادەیە پێویستە ئەو سنورانە هەبن کە پارێزگاری لە بەرژەوەندییە گەورەکانی کۆمەڵگە بکەن.

بۆ پارێزگاریکردن لە ئازادی وەک مەبەستێک لە مەبەستەکانی شەریعەت، ئیسلام هەموو ئەو شتانەی قەدەغە کردووە کە دەبنە هۆی داخورانی ئازادییەکان، هەروەک چۆن زۆر لێکردنی لە ئاین قەدەغە کردووە وەک ئەفەمویێت (لا اكراه فی الدين) چونکە ئەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی ئازادی ئایینی، لە کاتێکدا ئایین خۆی لە گرنگترین مەبەستە لە مەبەستە زەرورییەکانی شەریعەت، بەڵام نابێت پێش ئازادی بکەوێت.

بۆیە بەم شێوەیە پارێزگاریکردن لە ئازادییەکان یەکێکە لە بنچینەی دامەزراندنی مەبەستە شەرعییەکان و لانکەی مافەکانی مرۆڤی تێدا گەشەدەکات، بۆیە سەیر نییە کەسایەتیەکی وەک یوسف قەرزاوی کە پارێزگاریکردن لە ئازادییەکان پێش جێبەجێکردنی شەریعەت دەخات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەبێ ئازادییەکان هیچ ڕێورەسمێک لە ڕێورەسمەکانی ئیسلام مومکین نییە جێبەجێ بکرێت، جا چی جای بگات بە ئازادی بیروبۆچوون و ئازادی فێربوون و ئازادی جوڵان و مومارەسەکردنی ژیان بە شێوەیکی سروشتی زەوت بکرێت(٢١).

## ئەنجام

ئەمەی باسمان کرد بەشێکە لە مەبەستەکانی ئازادی لە شەریعەتی ئیسلام، ئەگەر لە قورئان و سوننەت تێبفکرین زیاتر ئاشنایمان لە مەبەستەکانی شەرعەت بۆ ئاشکرا دەبێت. ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بەشێکە لە گرنگترین دەرەنجامی ئەم توێژینەوە:

١- ژماردنی مەبەستەکانی شەریعەت و پۆلێنکردنییان کارێکی ئیجتهادییە و هیچ دەقێکی لەسەر نییە، زانایانی ئیسلامیش نەهاتوون وابەستەی ژمارەیەکی دیاری کراو بن، هەرچەندە زۆربەیان پێچ مەبەستە زەرورییەکەیان کردۆتە خاڵی هاوبەش بۆ لێتێگەیشتنیان لە مەبەستە شەرعییەکان.

٢- مەبەستە شەرعییەکان هەموویان لە یەک ئاستدا نین، بۆیە دەبینین زانایانیش بە گوێرەی ڕادەی پێویستی دابەشیان کردووە بۆ سێ بەش، زەرورییاتەکان و پێویستییەکان و بەباشزانراوەکان، تەنانەت جیاوازیش هەیە لە نێوان خودی مەبەستە زەرورییەکان، هەندێکیان پێش هەندێکی تریان دەخرێت.

٣- مەرج نییە هەرشتێک بە مەبەستێک لە مەبەستەکان هەژمار کرا دەقێکی ڕاستەخۆ هەبێت، بەڵکو ئەوەندە بەسە بەگوێرەی میتۆدی بەڵگەکاری ئاماژەیەک لە دەقەکانەوە وەرگیرێت، بۆیە زانایانی بواری مەبەستەکانی شەریعەت وتویانە ڕێگای دۆزینەوەی مەبەستەکانی شەریعەت (استقراء) گشتبژێرییە تاوەکو هەڵهێنجانی مەبەستەکان بێتە ئاراوە.

٤- مەبەستەکانی شەریعەت لێک هەڵبراو نین لە یەکتری، بەڵکو پەیوەنییەکی ڕیشەییان بەیەکەوە هەیە، هەندێک جار هەندێکیان خۆیان لە ناو هەندێکی تریانەوە بەدی دەکرێن، یاخود هۆکارن بۆ دروستبوونی یەکتری.

٥- سەرچاوەی سەرەکی بۆ هەژمارکردن و مەبەستەکان ئاماژەی دەقە شەرعییەکانە، جا ئەو ئاماژەیە بە ڕاستەخۆ بێت یاخود ناڕاستەوخۆ.



## سەرچاوە و پەراوێز:


١. توێژینەوەكانی كانتی فەیلەسوفی ئەڵمانی و، پێش ئەویشدا بە ماوەیەكی زۆر توێژینەوەكانی ئیبن خەلدون جەختیان لەوە كردەوە كە عەقڵ بێتوانایە لەدەرككردنی حەقیقەتی شتەكاندا و بانگەشی كورتكردنەوەی كاری عەقڵیان كرد بۆسەر جهانی دیاردەكان (شتە ڕواڵەتییەكان) بڕوانە:
Emanuel Kant critique de la raison pure, preface de Ch. Serrus. (paris: press universitaires de France,1971)ct
لە كتێبی الحريات العامة في الدولة الاسلامية راشد ئەلغەنوشی وەرگیراوە. مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت ١٩٩٣ ، چاپی یەكەم ل: ٣١

٢ د.الطيب بوعزة: نقد الليبرالية، چاپی یەكەم ٢٠٠٩، رياز- سعودية، من اصدارات مجلة البيان ل: ١٤٠-١٤١.

٣ ياسر قنصوة: مفهوم الحرية في الليبرالية المعاصرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، مصر٢٠٠٠، ل١٢٧-١٢٩.

٤ فلسفة الحرية: بحوث الندوة السابعة عشرة، التي نظمتها الجمعية الفلسفية المصرية، بجامعة القاهرة، مركز وحدة العربية،بيروت ،٢٠٠٩ ل٤٩.

٥ ڕاشد ئەلغەنوشی: الحريات العامة في الدولة الاسلامية ل: ٣٩.

٦ عدنان ابراهيم: حرية الإعتقاد في الإسلام و معترضاتها، رسالة دكتوراه في جامعة wien ،ل:٦٦

٧ الجرجاني: التعريفات ، دار الكتب العلمية بيروت –لبنان، ضاثي يةكةم ١٩٨٣ز ، ل٨٦.

٨ محمد الطاهر ابن عاشور: أصول النظام الاجتماعي في الإسلام، الشركة التونسية للتوزيع – المؤسسة الوطنية للكتاب، چاپی دووەم – ١٩٨٥م،ل١٦٠

٩ رفاعة رافع الطهطاوي: الأعمال الكاملة، دار الشروق – القاهرة ، چاپی یەكەم – ٢٠١٠ ب٢/ل٥٠٥.

١٠ عبد الرحمن الكواكبي: ام القرى ،مطبعة المصرية بالأزهر ، ١٩٣١ز ،ل٢٨ .

١١ علال الفاسي: مقاصد الشريعة ومكارمها، مطبعة الرسالة، الرباط ١٩٧٩ ،ل ٢٤٧.

١٢ الترابي: الحرية والوحدة. لە كتێبی الحريات العامة في الدولة الاسلامية راشد ئەلغەنوشي وەرگیراوە، ل: ٣٩.

١٣ طه عبدالرحمن: سؤال العمل.

١٤ د.جمال الدين عطية:نحو تفعيل مقاصد الشريعة، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٣،ل٩٥

١٥ سەرچاوەی پێشوو ل ٩٨-١٠٢ .

١٦ د.يوسف القرضاوي: مدخل لدراسة الشريعة الإسلامية، مكتبة وهبة ، القاهرة ١٩٩٠ز ٧٣-٧٩ ، د.جمال الدين عطية:نحو تفعيل مقاصد الشريعة،ل٩٨.

١٧ د.جمال الدين عطية:نحو تفعيل مقاصد الشريعة ،ل١٠٣.

١٨ مقاصد الشريعة الاسلامية، ل٣٩١-٣٩٢

١٩ سەرچاوەی پێشوو.

٢٠ سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩١-٣٩٢.

٢١ د. صحراوي مقلاتي :تأصيل القيم العالمية الكبرى عند الشيخ محمد الطاهر ابن عاشور، ضمن بحوث المؤتمر الدولي حول الشيخ محمد الطاهر ابن عاشور ، المعهد العالمي للفكر الاسلامي بيروت ، چاپی یەكەم ، ٢٠١١ز ،ل٥٩٣-٥٩٤.

# ئیسلام و کۆیلایەتیی




**نازم عەبدوڵا**

لەدایکبووی ١٩٦٣.

ماستەر لە فیکری ئیسلامیی.

چەند بەرهەم و توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.

لە کاتێکدا کە ئیسلام هات، کۆیلایەتی سیستەمێکی جێگیر و عورفێکی نەگۆڕی مەترسیداری نێو دەوڵەت بوو، بۆیە هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و هاوەڵەکانی وەکو نەخۆشیەک بە ناچاری لەبەر ئەو سیستەم و عورفە نێودەوڵەتیانەی هەبوون بە گشتیی و لەنێو دورگەی عەرەبیدا بە تایبەتی کە کۆیلەکان بە ئەندازەی نیوەی خەڵکە ئازادەکە مەزەندە دەکران، مامەڵەیان لەگەڵدا کردوە، لەوحاڵەتە ناچاریەشدا، وەکو بوخاری لە فەرمودەی ژمارە (٤٤٠٣) دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کۆمەڵێک بنەما و ڕێنمایی داوە، بۆ یەکسانکردنیان لەگەڵ گەورەکانیاندا، وەکو: لە خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگدا، هەروەها نابێت کارێکیان پێ بکەن کە لە توانایاندا نەبێت، نابێت دەستەواژەی کارەکەر و خزمەتکاریان بۆ بەکاربهێنرێت، بۆئەوەی تا ئەوکاتەی ئازاد دەبن هەست بە کۆیلایەتی نەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، کە بە شێوەیەکی کردەیی کۆمەڵێک بنەمای گرنگی لە ناو موسڵماناندا داناوە بۆ ڕیشەکێشکردنی کۆیلایەتی، بۆ ڕاستی ئەم قسەیەش لە قورئان و سوننەتدا هیچ پرەنسیپ و بنەمایەک نییە لە سەر شەرعیەتی مانەوەی کۆیلایەتی، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە قورئان و فەرمودەکاندا، چەندین بنەمای دامەزراو و کارپێکراو هەیە بۆ لەناوبردنی کۆیلایەتی، لەبەر ئەوەی کۆیلایەتی پەیوەندی بە غەیری موسڵمانان و باو و نەریتی ئەوکاتەی گەلانی دونیاوە هەبوە، لەناوبردنی تەنها و تایبەت لە دەسەڵاتی موسڵماناندا نەبوە، تا بە هاوشێوەی: زینا، یان دزی، یان سووخواردن، یان کوشتن، بە دەقێکی قورئان، یان فەرمودەیەکی ڕاشکاوی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) قەدەغە بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەوەی سەری لە کۆمەڵگای

**دەبێت شارەزایانی هزر و فیقهی ئیسلامیی، ئیسلامی ڕاستەقینە لە پۆخڵەواتی مێژوو و واقیعە سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی سەدەکانی ڕابردو پاکبکەنەوە.**

نێودەوڵەتی بە گشتیی و کۆمەڵگای موسڵمانان بە تایبەتی شێواندوە، کەقەناعەتیان وایە کۆیلایەتی بە هەموو جۆرەکانیەوە سیستەمێکی ڕێگە پێدراوە لە ئیسلامدا، ئەمەش لە دوو ئاراستەوە سەرچاوەی گرتوە:

یەکەم: دەسەڵاتدارانی ئیسلامیی هەر لە سەردەمی ئومەویەکان و عەباسیەکانەوە تا کۆتا دەسەڵاتی عوسمانیەکان، نەک هەر کاریان نەکردوە بۆ ڕیشەکێشکردنی جۆرەکانی کۆیلایەتی، بەڵکو بەشێوەی کردەیی وەکو هەموو باو و نەریتی دەسەڵاتدارانی گەلانی سەردەمی خۆیان، برەویان بە کۆیلایەتیی و کەنیزەک داوە، بنەمایەکی گرنگی کاری سەربازی و ئابوریان بووە، تاکە شتێک کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆیلەدا موسڵمانانی جودا کردۆتەوە لە گەلانی تر، بە سودوەرگرتن لە ڕێنماییەکانی قورئان و فەرمودە،بە ئەندازەیەک هەڵسوکەوتی مرۆڤانەی یەکە یەکەی موسڵمانان بووە لەگەڵ کۆیلەکاندا.

دووەم: فیقهی ئیسلامیی کە ڕەنگدانەوەی بۆچونی شارەزایانی هەر چوار مەزهەبە باوەڕپێکراوەکەی ئەهلی سوننە و مەزهەبی جەعفەری شیعەکانە، ڕەنگدانەوەی واقیعی مێژووی سیاسیی و حوکمڕانی موسڵمانانە ،کە لە سەرەتای سەدەی دووەمی

## دەسەڵاتدارانی ئومەوی و عەباسیەکان تا کۆتایی عوسمانیەکانیش، بە کردەیی وەکو نەریتی دەسەڵاتدارانی گەلانی سەردەمی خۆیان، برەویان بە کۆیلایەتیی و کەنیزەك داوە.

کۆچیەوە، واتە سەرەتای حوکمڕانی ئومەویەکان، دەستپێدەکات تا حوکمڕانی سوڵتانی عوسمانییەکان، کە رەسەنادنی» تأصيل» سیستەمی کۆیلایەتییە لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە، ئەم فیقهە تا ئێستاش لە جیهانی ئیسلامیدا، وەکو دەقی پیرۆزی شەرعی و ئاینی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، نەک وەکو کەلەپورێک و پێویستی بەبژارکردن و پیاچونەوە هەبێت، بۆیە ئێستا ئەگەر پرسیار لەهەر موسڵمانێک بکەیت مەگەر بەدەگمەن قەناعەتیان وایە: کە کۆیلە و کەنیزەک لە ئیسلامدا بنەمایەکی شەرعی هەیە، بەڵام مومارەسەکردن و پیادەکرنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە گەورەی موسڵمانان (خەلیفە) بەرژەوەندی گشتیی تیادا رەچاودەکات.

بۆیە تەتەڵەی فیقهـ و کەلەپور و مێژووی ئیسلامیی یەک رەهەندی نییە، بەڵکو دەبێت بیرمەندان و شارەزایانی بواری هزر و فیقهی ئیسلامیی لە هەموو بوارەکاندا دەست بەڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەتێگەیشتنە بکەن، بە جۆرێک لە هەموو ڕووەکانی: سیاسیی و فیکریی و کۆمەڵایەتیەوە، ئیسلامی ڕاستەقینە لە خڵتە و پۆخڵەواتی مێژوو و واقیعە سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی سەدەکانی ڕابردو پاکبکەنەوە، دەبێت ئێمە ئەو تێگەیشتنە لارە ڕاست بکەینەوە، کە ئەگەر بمانەوێت لە ئایەتێکی قورئان تێبگەین بگەڕێین بە دوای بارودۆخی سیاسیی، ئابوریی، کۆمەڵایەتیی و باری مرۆڤایەتی ئەوکاتە بەوشێوەیە ڕاڤەی بکەین، بۆیە جێگەی خۆیەتی بڵێین ئیسلام لە دۆڵێکەو، موسڵمانان و مێژووی ئیسلامیش لە دۆڵێکی ترە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم وەکو بنەمایەک ئاماژە بە هەندێک لە دەقەکانی قورئان و سوننەت بکەم دەربارەی ڕێزگرتن لە مرۆڤ و وشککردنی سەرچاوەی کۆیلایەتی، کە دەردەکەوێت ئەو سیستەمە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ دەقەکانی قورئان و جەوهەری ئیسلامدا یەک ناگرێتەوە، بۆیە وەکو (د. مستەفا زەڵمی) دەڵێت «ئیسلام دەرگای کۆیلایەتیی تەسک کردۆتەوە و ڕێگاکانی لێدەرچونیشی فرەوانکردوە».

١. خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت **(وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ )** الاسراء٧٠ یان دەفەرموێت **(وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ)** الأنبياء:١٠٧ ئەوەی کە لەسەر ئەم دوو دەقە قورئانیە بیڵێم ئەوەیە: ئایا چەندە لەگەڵ ڕێزی مرۆڤ و ڕەحمەتدا یەک دەگرێتەوە کە ئیسلام دان بە سیستەمی کۆیلایەتیدا بنێت، بە جۆرێک کە مرۆڤە دەسەڵاتدارەکان بەهەر بیانویەکەوە بێت مرۆڤە بێدەسەڵاتەکان بکەن بە کۆیلە، وەکو ئاژەڵ مامەڵە و کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکەن؟ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێک بەبێ ئەوەی بزانێت لە بازاڕی کۆیلەکان کەنیزەکێک دەکرێت و دوای چەندین ساڵ بۆی دەردەکەوێت ئەم کەنیزەکە خوشکی یان دایکیەتی!

٢. موسڵمانەکان پێیان خۆش بێت یان نا، دەبێت هەندێک هەنگاو هەیە بیگرنە بەر بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان.

ئەگەر کەسێک کەسێکی بە هەڵە کوشت، ئەوە جگە لە مافی کەسوکاری کوژراوەکە، ئازادکردنی

کۆیلەیەک دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکەی، وەکو خوای گەورە ئەفەرموێت: **(وَمَن قَتَلَ مُمِنًا خَطَئًا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلاَّ أَن يَصَّدَّقُواْ)** النساء: ٩٢.

کەفارەتی سوێندی بە درۆ وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: **(لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ)** المائدة:٨٩.

یان کەسێک بە خێزانەکەی بڵێت وەکو دایکم وایت **(وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ)** المجادلة ٣.

یان نزیکبوونەوەی ژن و مێرد لە مانگی ڕەمەزاندا ببێتە هۆی ڕۆژوشکاندن، وەکو لە فەرمودەیەکدا کە ئیمامی بوخاری و موسلیم دەیگێڕێنەوە: ئازادکردنی بەندەیەکە.

ئەوانەی پێش ئیسلام بە هۆی کوشتن، دزی، ڕێگری و تاوانی جۆراوجۆرەوە دەکران بە کۆیلە، ئیسلام هەموو ئەو یاسایانەی هەڵوەشاندنەوە، لە جێگەی ئەوانە تۆڵەی بۆ هەموو تاوانێک لەو تاوانانە دانا.

بە گژداچونەوەی تالانی و هەڵکوتانە سەرخەڵک و گرتنی خەڵکی لە شەڕ و جەنگدا، پاشان وەکو کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێوەبکات، وەکو لە فەرمودەیەکدا کە ئیمامی بوخاری گێڕاویەتیەوە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: لە ڕۆژی قیامەتدا من بەرانبەر لە سێ جۆرە کەس دەگرم و داواکارم لەسەریان، یەکێک لەوانە: (کەسێک کەسێکی ئازاد بفرۆشێت و پارەکەی بخوات).

١. لەم سەردەمەشدا جیهان بە گشتیی لە دوو کۆنگرەی جیا جیادا هاوڕایە لەسەر بەگژداچوونەوەی کۆیلایەتیی، کۆنگرەی یەکەم لە ساڵی ١٩٤٨، کە جاڕنامەی مافی مرۆڤی لێکەوتەوە، لە مادەی ٤ بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێداوە، ئەم بڕیارە مرۆڤ دۆستانانە لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا یەک دەگرێتەوە، کە وەرگرتنی بیرۆکە و هەڵوێست و کاری چاکە لە هەر کەسێکەوە بێت، هەروەکو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کاتێک چووە مەدینە بینی بەبۆنەی ڕزگاربوونی موسا و گەلەکەیەوە لەدەست فیرعەون، جولەکەکان لە دەی موحەڕەمدا بەڕۆژودەبن، فەرموی ئێمە نزیکترین لە موسا، بۆیە پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت) تیایدا بەڕۆژوبووە، وەکو ئیبنولقەییم لە کتێبی (الطرق الحکمیة ص١٤) دا دەڵێت «ئەگەر ڕووی گەشی دادگەری بە هەر ڕێگەیەک دەرکەوت ئەوە شەرع و دینی خوا لەوێیە». ئیسلام سروشتی وایە پرۆژە و پلانی باش و خزمەتکردن بە مرۆڤایەتی لەلایەن هەر کەس و گەل و نەتەوەیەکەوە بێت وەری دەگرێت، وەکو قورئان ئەفەرموێت: **(فَبَشِّرْ عِبَادِ الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُولَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُولَئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ)** الزمر١٨

دووەم کۆنگرەی جیهانی ئیسلامیی لە ساڵی (١٩٩٠) بۆ مافەکانی مرۆڤ کە ڕای بیرمەندان و زانایانی جیهانی ئیسلامییە و مادەکانی پشت ئەستورە بە دەقەکانی قورئان و سوننەت، بەڕاشکاوی لە مادەی ١١ ئاماژەی بە قەدەغەکردنی کۆیلایەتی کردوە، هەموو ئەو خاڵ و ئاماژانەی باسمان لێوەکرد، پێمان دەڵێن هیچ گروپ و تاقمێک بۆی نییە بە ناوی ئیسلامەوە خەڵکێکی تر بکات بە کۆیلە و کەنیزەک، ئەگەر بیشیکات ئەوە تاوانی گەورەی بەناوی ئیسلامەوە بەرانبەر بە مرۆڤایەتی ئەنجام داوە و ئیسلام لەو جۆرە کارانە بەریە.

# روانین بۆ ئازادی ئافرەتان لە ئیسلامدا

## لە روانگەی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیی و رۆژئاواییەوە



**ناسک سەعید**
لەدایکبووی ١٩٧٩.
ماستەر لە میدیا و کولتوور.
چەندین توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.







چەمکی ئازادی، چەمکێکە لەلایەن فەیلەسوف و نووسەرانەوە زۆر ستایش کراوە و دەستەبەرکردنی پێویست بە هیچ سنور و کۆت و بەندێک ناکات، یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی سەرجەم مرۆڤایەتی لە جیهاندا بەبێ جیاوازی رەگەز و نەتەوە و ئایین.

پێناسی ئازادی لە روانگەی لیبرالیسمی رۆژئاوایی و ئایینە ئاسمانیەکانەوە بە تایبەت ئایینی ئیسلام جۆرێک لە پێناس و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، تا ئەو ئاستەی لەلایەن بیرمەند و ئەندێشەمەندانی موسڵمانەوە بەشێوەیەک لە هەندێک حاڵەتدا کەوتونەتە ژێر هەژموونی بیری لیبرالیسمی رۆژئاواییەوە، هەر لەم سۆنگەوەیە کە پێناسەی ئازادی بەپێی تێگەیشتن و لێکدانەوەی فەیلەسوف و نووسەر و شارەزاییانەوە چوارچیوەی جیاواز لەخۆی دەگرێت و هەریەکەیان بەپێی روانینی خۆی پێناسی بۆ ئازادی کردووە.

ئایینی ئیسلام بە وەلامدانەوەی پێشبینیکردنی جیاوازی و جیاکردنەوەی فێرکردنە دینی و وتە ئایینەکانەوە پێناس بۆ ئازادی دەکات. هەروەها لەلایەن ئەو ئایەتانەی لە قورئاندا ئاماژەیان پێکراوە توانراوە سنور بۆ ئازادی دابنرێت. هاوکات پێناسی ئازادی لە روانگەی قورئاندا یەکسانی و نایەکسانی کە لە لیبرالیسمدا بوونی هەیە شیکردۆتەوە ( هاشم ١٣٧٩).

پرسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە ئایا ئازادی ئەو چەمکەیە کە هەموو کەسێک بۆ بەسەربردنی ژیانێکی سادە مافێکی سەرەتایی خۆیەتی؟ ئایا ئەزموونکردنی ئازادی بۆ هەموو مرۆڤەکان وەک یەک وایە بەو مانایەی بەرجەستەکردنی لە هەموو فەرهەنگ و کولتورەکاندا وەک یەکە؟ ئازادی دەبێت تاک دەستەبەری بکات, یاخود مافێکی دینی و دنیاییە دەبێت هەموو کەس هەی بێت؟

مۆنتیسکۆ، لە روحی یاساکاندا دەڵێت «هیچ وشەیەک هێندەی وشەی ئازادی، هزر و زەینی مرۆڤی سەرقاڵ نەکردووە، هیچ وشەیەک مانای جیاوازی وەک وشەی ئازادی نییە. دواتر تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە مانای ئازادی بۆ هەندێک کەس هیچ سودێک ناگەیەنێت, چونکە ناتوانێت سود لە بەهاکانی ئازادی وەربگرێت بە پێچەوانەوە لە هەندێک حاڵەتدا دەبێتە مایەی دروستبوونی کێشە و گرفت و نەهامەتی, لەبەرئەوەی ئازادی وەک هەر شتێکی دیکە خاوەن بنەما و رێچکەی خۆیەتی ئەگەر لەو بنەمایانە دەرچوو کەواتە ئازادی رۆڵی خۆی لەدەستداوە (مدد پور ١٣٧٥).

زۆرجار کۆمەڵگە ناتوانێت ئازادی وەک خۆی مومارەسە بکات و دروشم و بنەماکانی پارێزگاریان لێ بکات، کەواتە لەم جۆرە کۆمەڵگایەنەدا ئازادی ناتوانێت پێناسێکی ورد بۆخۆی دیاری بکات. هەندێک لە میللەتان بەهۆی حوکمەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە نەک هەرناتوانن پێناسێکی ورد بۆ ئازادی دابتاشن, بەڵکو ناتوانن شتێک هەست پێ بکەن کە ناوی ئازادی و مافی هاولاتیبوون بێت، بۆیە لەم روانگەوە مۆنتیسکۆ پەیوەندی ئازادی بۆ دوو لایەن دابەش دەکات:

یەکەم، پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئازادی: لەم لایەنەوە ئازادی بریتیی دەبێت لەوەی کە مرۆڤ مافی هەیە لەهەرکارێک یاسا رێگەی پێدابێت. لەم کاتەدا هاووڵاتیش ناچار نابێت بچێتە ژێر رکێفی جێبەجێکردنی کارێکەوە کە یاسا رێگەی پێنەدابێت.

دووەم، پەیوەندی ئازادی لەگەڵ خودی خەڵک: ئازادی سیاسی پێکدێت لە ئەمنیەت یا باوەڕبوون بە بوونی ئەمنیەت.

هەروەها ژان ژاک رۆسۆ رای وایە «ئازادی ئەوەیە هەرچیەک مرۆڤ خواستی لەسەر بێت



جێبەجێی بکات و هیچ رێگرییەک نەبێت››. بەڵام بە باوەڕی هایک «ئازادی ئەوە نییە لە بەرامبەر کەسانی تردا خواستی خۆت جێبەجێ بکەیت، بەو مانایەی ئازادی تۆ کاریگەری لەسەر ژیان و ئارامی خەڵک دروست نەکات» (ربانی ١٣٨٠).

زۆرێک لە لێکۆڵەرەوە موسڵمانەکان رایان وایە کە گشتگیرترین پێناسە بۆ ئازادی ئەمەیە ‹‹کۆیلە نەبوونی مرۆڤ››, واتە مرۆڤ گرفتاری هیچ بەندوکۆتێک نەبێت کە لەلایەن مرۆڤەوە دانرابێت. واتە پەیوەندی مرۆڤ بە ئازادییەوە دەکەوێتە سەر قابلیەت و چۆنیەتی ژیان و بوونی خۆیەوە. هاوکات پەیوەندی مرۆڤ بە خاڵقی خۆیەوە وا دەکات تەواوی ئەو رێسایانەی بۆ ئازادبونی مرۆڤ لەلایەن یاسا دەستکردەکانەوە دانراون، وەلا بنێت و پەیوەندی خۆی لەگەڵ دروستکەریدا پتەو بکات، کەواتە پێویستی بەهیچ رێسایەکی دیکە نییە.

وەک ئەزانین ئازادی هەوڵێکە بە درێژایی ژیانی مرۆڤایەتی هەوڵی بۆ داوە وەک ئازادبوون لە زیندان، ژێردەستی، زوڵم، ...هتد. هەر میللەتێک بەپێی ئەزموونی خۆی دەتوانێت سود لە ئازادی وەربگرێت، پەیوەندی بە ئاستی تێگەیشتن و رەهەندەکانی رۆشنبیربوونی ئەو کۆمەڵگەیەوە, هەیە ئیدی خاوەن هەر بانگکراوەند و ئایدیایەک بن. تەنانەت لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکانیشدا بەهۆی زاڵبونی فکری نوێی مۆدێرنیتە و لیبرالیسم, نەتوانراوە ئەو ئازادیەی لەناو سنوری ئایینی ئیسلامدا دیاری کراوە رەچاوی بکەن. ئازادی وەک چەمکێک راستەوخۆ پەیوەندی بە ناخی مرۆڤەوە هەیە ئەو دەتوانێت ئازادی بۆ خۆی دروست بکات, تەنانەت ئەم رێسایەش لە ئەندێشە و سونەتی ئیسلامیشدا هەیە. ئازادی لە ئیسلامدا لایەنی دەروونی هەیە و بەمانا رەهاییەکەی لە بەندایەتی خودی مرۆڤدا هەیە و پەیوەندی بە جۆرەکانی دیکەی ئازادیەوە نییە. بەم شێوەیە لە شوناس و حەقیقەتی ئازادیدا نهێنیەک و شاراوەیەک وجودی هەیە، کە لەوانەیە رەهەندەکانی وەک کاری سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، دادپەروەری و ئەوانی دیکە لەرووی ئایینەوە نادیدە بگیرێن, چونکە لەسەرجەم ئایینە ئاسمانیەکاندا رێسایەک بۆ ئازادبونی مرۆڤ دانراوە کە ئایدیا نوێکانی وەک لیبرالیسم ناتوانێت کار لەو رێسا ئاسمانیانە بکات, هەرچەند بەهۆی تێکەڵاوبون و ریفۆرمە ئایینەکانەوە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان کەوتونەتە ژێر گۆرانکارییەکان و باوەڕی مرۆڤی موسڵمانیان بەرەو ئاراستەی فکری نوێ بردووە.

بەپێی ئەندێشمەندانی ئیسلام ئازادی دووجۆری هەیە: خودیی و کۆمەڵایەتیی، ئازادی کۆمەڵایەتی بەبێ خودیی دەست نادات. ئازادی خودیش زۆرکات گیرۆدەی نەفس و ماددەیە. ئازادی کۆمەڵایەتیی فەزایەکە بۆ گەشەکردن و کامڵ بونی تاک و هیچ کەسێک رێگرنەبێت لەبەردەم خواستەکانیدا.

لە روانگەی ئیسلامەوە بەندایەتی بۆ خوا باشترین فاکتەرە بۆ دەربازبون لە کۆیلەیەتی و دۆزینەوەی ئازادی مرۆڤ، هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ رزگاربون بوون و ئازادبوونی مرۆڤە لە بەندایەتیکردنی خود بۆ بت و خورافیات, هەروەک لە لە سورەتی ال عمران، ئایەتی٦٤ هاتووە (قل یا اهل الکتاب تعالوا الی کلمە سواء بیننا و بینکم ان لانعبد الا الله و لا نشرک بە شیئا و لایتخذ بعضنا بعضا اربابا من دون الله).

## جۆرەکانی ئازادی لە ئیسلامدا

* ئازادی فیکریی: یەکێک لە بەهرەمەندیەکانی مرۆڤ توانای بیرکردنەوە و ئەندیشەمەندبونیەتی لە ئاست فیکرە ئەرێنی و نەرێنیەکاندا.ت واناى ئاشکراکردن و پەیبردنی ئەو بابەتانەی هەیە کە

درک بە بونیان دەکات و وەک زەروورییەتی ژیان بەکاریان دەهێنێت.

* ئازادی عەقیدە: عەقیدە کاتێک لە فیکر و ئەندیشەی راست سەرچاوە دەگرێت، دوور دەبێت لە مەیل و دەمارگیری، نەریتە دووبارەبوەکان.

* ئازادی رادەربڕین: رادەربڕین مافی سروشتی مرۆڤە کە پەروەردگار بە مرۆڤی بەخشیوە، هەروەک دەفەرموێت (الرحمن خلق الانسان علمه البيان). هەرچەند بەیانکردن لەسەر بنەمای زمان دەبێت، بەڵام نووسین و گوفتارەکانی دیکەش دەتوانێت خاوەن دەربڕینێکی ئازادانە بێت. هەرچەندە لە ئیسلامدا بەیانکردن لەچوارچێوەی یاسا و پێوەری عەقڵی و شەرعیەوە قبوڵ دەکرێت.

* ئازادی سیاسیی: یەکێکە لە گرنگترین جۆری ئازادی، بەشێوەیەکی گشتیی هەموو جۆرەکانی چالاکی کۆمەڵگە لەخۆی دەگرێت و کاریگەری گۆرانکارییەکانی کۆمەڵگە لەئەستۆ دەگرێت، ئەویش لەرێگەی ئازادی رێکخستنی پارتە سیاسیی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەبێت.

* ئازادی مەدەنیی: رێگە بە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوون، کار و پیشە دەدات. هەروەک چۆن لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا لە بەندی یەک ماددەی سیانزە هاتووە، کە هەموو کەس ئازادە لە هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێبونی، بە هەمان شێوەش لە ئایینی ئیسلامدا ئەو ئازادیە بە مرۆڤ دراوە (ژان پل دیلم ١٣٧٩).

## مافی ئافرەتان لە کۆمەڵگەی موسڵماندا

شوێن و پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی موسڵماندا لەسەر بنەمای قورئان و فەرموودەدا دانراوە. زۆربەی ئەو ئایەتانەی لە قورئاندا ئاماژەیان بە رۆڵ و مافی ژن کردووە بۆتە مایەی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا لە خێزان

## فیکری فیمینیزمی ئیسلامیی بووە هۆکارێك بۆ دروست بونی رووبەڕووبونەوەی ژنان بە هەندێك کێشەی کۆمەڵایەتیی و تەنانەت سیاسییش

و کۆمەڵگەدا، هەروەها لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا. هەرچەندە لە قورئاندا لە رووی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازی کردوە لەنێوان ژن و پیاودا, بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە یەکسانی نەکردبێت لەنێوان رۆڵی ئەو دوو رەگەزەدا, هەروەک چۆن لە رووی زانستیەوە جیاوازی فسیۆلۆژی هەیە لە نێوان پێکهاتەی جەستەی نێر و مێدا، بە هەمان شێوەش لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و لە رووی زانستی کۆمەڵناسیەوە ئەو جیاوازیە دەبینرێت، چونکە پێکهاتەی سروشتی هەر مرۆڤێک بەپێی توانای جەستە و عەقڵی دەگۆرێت و کاریگەرییە دەرەکیەکان راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر دروستبونی تاک هەیە.

### مافی ئافرەتان لەدوای ریفۆرمی ئایینی

دروستبوونی فیکری ئیسلامی سیاسیی لە هەندێک وڵاتدا بۆتە هۆی دروستبونی بۆچونی جیاواز و جەدەلی زۆر کە گومانی رێگری دەکرێت بۆ کۆمەڵگەی سیڤیل و دیموکراسی، مافی مرۆڤ، هەروەها مافی ئافرەتان لە کۆمەڵگەی موسڵمانانداا.

لەم نێوەندەدا زۆربەی کۆمەڵگە موسڵمانەکان دابەشی چوار ئاستی جیاوازی ئایدۆلۆژی کۆمەڵایەتیی دەبن: ئیسلام چییە؟ کێن ئەوانەی

**له کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا بەهۆی زاڵبونی فکری نوێی مۆدێرنیتە و لیبرالیسم، نەتوانراوە ئەو ئازادیەی لەناو سنوری ئیسلامدا دیاری کراوە ڕەچاوی بکەن.**

بەراستی موسڵمانن؟ ئەو کێشمەکێشە و ململانێی هەیە بۆ یەکسانی و مافی ئافرەتان بەراستی بۆتە هۆی پێشێلکردنی مافی ئافرەتان, یان بەپێچەوانەوە؟ لە کوێدا ئیسلام شێوەیەکی نوێ و بەرگێکی نوێ دەکرێتە بەری کە لەگەڵ ژیانی ئەمرۆی کۆمەڵگەدا دەگونجێت؟

هەرچەندە ئاینی ئیسلام وەک سەرچاوەیەک هەژماردەکرێت بۆ ژیان و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە پێویستیان بە چارەسەر هەیە, بە تایبەت بۆ ژیان و کێشەکانی ڕۆژانەی ژنان و دابینکردنی مافی ژنان لەلایەن خێزان و کۆمەڵگاوە. بەڵام دەبینین دەستێوەردان هەیە بۆ گۆرینی ئاراستەی ئەو بەرنامەیە لەلایەن ئایدیا و فیکرەکانی دیکەوە. ئەوانەی هەڵێنجراوی ڕۆژئاوان زۆرجار لەلایەن ئەو کەسانەوە دێتە ناو کۆمەڵگەی موسڵمانان کە خۆیان بەهەمان شێوە پیادەکەری ئاینی ئیسلامن بەڵام لە کۆمەڵگەی غەیرە ئیسلامدا دەژین و کاریگەری ڕەفتار و فیکری غەیری ئیسلامیان بەسەرەوە هەیە.

بۆ دابینکردن و پێدانی مافی ژنان، ئافرەتان پێویستیان بە هیچ ئاین و فکرەیەک نییە جگە لەوەی کامە فیکرە دەتوانێت مافەکانی وەک خۆی بەرجەستە بکات، بێگومان ئەمەش لە ئەنجامی ڕەفتاری کۆمەڵگە و پیاوانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بنەماکانی ئیسلامیان بۆ بەرژەوەندی کەسی خۆیان بەکارهێناوە و ڕەچاوی ڕۆڵ و مافی ئافرەتانیان نەکردووە.

لە هەندێک وڵاتدا ژنانی موسڵمان لە یەکەمین مۆدێرنیزەکردنی و بە پیشەسازیکردنی وڵاتانی موسڵمانان وەک مالیزیا، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو گۆرانکارییە خێراییانەی بەسەر ژیانیاندا دێت و لە چوارچێوەی ئاییندا پەیرەو دەکرێن. هەرئەمەش وای کرد ئەو ریفۆرمەی لە ئاییندا ڕوویدا وای کردووە مافی ئازادبونی زیاتر بۆ ژنان دەستەبەربکرێت وەک دەبینرێت لە ٧٠٪ ی ژنان بەشداری خوێندن و سێکتەرەکانی خوێندنی باڵا دەکەن. هاوکات لە ٤٧٪ ژنان بەشداری کایەی ئابووری دەکەن و وەک بازرگانێک کاری خۆیان دەکەن. ئەمەش تەواو ئەو یەکسانی و دادپەروەرییە دەبینرێت لە کۆمەڵگەیەکی موسڵماندا بوونی هەیە (کرایەم ٢٠١٠).

هاوکات لە هەندێک کۆمەڵگەی موسڵماندا ئەوە دەبینرێت کە پێشکەوتنی ژنان لە سایەی دواکەوتوی و چەقبەستوی بیرمەندانی ئیسلامی لەو وڵاتانەدا وای کردووە هێشتا ئەجێندەکانی ئیسلام وەک ترادیشنەکانی دیکە سەیر دەکرێت و گرفت و ڕێگری زۆر بۆ ژنان لەژێر ناوی ئاینی ئیسلامدا پیادە دەکەن، هەرچەندە وڵاتانی دیکەی موسڵمانان هەوڵی ئەوەیانداوە گۆرانکاری لەو کۆمەڵگایەنەدا بکەن و لەگەڵ تێگەیشتنەکانی سەردەم بۆ مافی ئافرەتان و ئازادبونیان ڕۆڵیان هەبێت، بەڵام سەرجەم هەوڵەکان بێ سود دەرچون و هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەریان نەبووە هەر وەک لە وڵاتی ئەفغانستان ئەم حاڵەتە دەبینرێت.

## کاریگەرییەکانی بزووتنەوەی ژنانی رۆژئاوایی لەسەر ژنانی موسڵمانان

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا ژنانی موسڵمان ئاراستەی بیرکردنەوە و فیکریان بە پێچەوانی ئاراستەی فیکری ئیسلامدا هەنگاوی دانا. زۆرێک لە ژنانی موسڵمان دەگەران بەدوای هۆکارەکانی کە بونەتە بەرجەستەکردن و زاڵکردنی رۆڵی پیاو بەسەر کۆمەڵگەدا و سەپاندنی بیر و هزری خۆیان بەسەر ژناندا. ئەو ئایدیا و فاکتەرانەی وایان لە پیاوان کردووە لە هەموو رەهەندەکانی ژیانی کۆمەلایەتیی, سیاسیی, ئابووری و ... تاد کەسی یەکەم بن و ژن وەک دووەم کارەکتەری کۆمەڵگە سەیر بکرێت. جیاوازی رەگەزیان بە ئاشکرا هەست پێ دەکرد. لەم جۆرە بیرکردنەوەیاندا لەگەڵ ئایدیالۆژیایی فیمینیستەکانی رۆژئاوا یەکانگیر دەبوون. هەر بۆیە ئەوانیش زیاتر لێیان نزیک بوونەوە هانیان دەدان پێ لەسەر نەهێشتنی ئەو جیاوازیانە دابنێن.

ژنان دەیانەوێت لەژێر رۆشنایی ئیسلامدا، کار بۆ بزوتنەوەیەک بکەن, بەلام ئەمە بوە هۆکاری دوولەتبونی ژنان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست کە شوێنی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامە، بۆیە فیکری فیمینیزمی ئیسلامیی بووە هۆکارێک بۆ دروست بونی رووبەرووبونەوەی ژنان بە هەندێک کێشەی کۆمەلایەتیی و تەنانەت سیاسیی، بەلام لەبەرئەوەی لە ناو جەرگەی شوێنی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامەن, بۆیە جۆرێک هەوڵیاندا ئەو بزووتنەوەیەی دروستی دەکەن گونجاو بێت لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا:

ژن هێمایە بۆ شوناسی کۆمەڵگە، ئەوان دەبنە دایک، خوشک، خێزان و لەدواجاردا شوناسن بۆ نەتەوەیەک. توانست و تواناکانیان لە بواری ئابووریی، سیاسیی، کۆمەلایەتیی دەبێتە هێزێک بۆ گۆرانکاری کۆمەڵگە و وڵات، فاکتەرێکن بۆ بەرزکردنەوەی بالانسی هێز لە شوێنێک بن. بۆیە لە کۆمەڵگەیەکی وەک رۆژهەلات دەتوانێت بەرگێکی نوێ بکات بەسەر نەریت و بیرو هزری کۆمەڵگەدا و بەرگێکی مۆدێرنەی بکات بە بەریدا (ئەحمەد ٢٠١٥).

ئەو وڵاتانەی دەسەلاتی رۆژئاوا توانی داگیریان بکات، بە هەمان شێوەش توانی ئایدیا و بیری خۆی تێدا بلاوبکاتەوە، توانی هێزی پەیوەندیە کولتورییەکان بەهێز بکات لەنێوان رۆژئاوا و رۆژهەلات. ئەو کاریگەرییانە هەر زوو کاری کردە سەر ژنان, چونکە نەبوونی ئازادی و خواستی ژنان بۆ ئازاد بوون زیاتر هاندەربون بۆ ئەم کارە. وەزیفەی ژنان هەر بەخێوکردنی منال نەبوو، یان تەنها گوێ رایەڵبون نەبوو بۆ رەگەزی نێر بە هاوسەر و باوک و برا، بەڵکو کەوتە هەوڵدان بۆ ئازادبون لە بیر و دەسەلاتیان. هێواش هێواش ئەم رەفتارە لە حاڵەتەوە بوو بە دیاردە، ئیدی کۆمەڵگە تەواو ئاشنا بوو بەم دیاردەیە. توانیان لینکێکی بەهێز و پتەو لەنێوان ژنانی رۆژئاوا و رۆژهەلات دروست بکەن، پاشان توائیان لەرێگەی یاساوە باس لە ماف و ئەرکی خۆیان بکەن، مۆدێلی کۆمەڵگەیان بە تەواوی گۆری.

لە ساڵی ١٩٧٨ «ئێدوارد سەعید» باسی دروستبونی میتۆدێک دەکات کە لە رێگەوە باس لە پەیوەندی نێوان رۆژئاوا و رۆژهەلات دەکات. ئایدۆلۆژیاکی دروست کرد وناوی لێنا ‹› ئۆرینتالیزم›› بۆ فراوانکردن و لە قاڵبدانی بیر و فەرمانی رۆژئاوا لە جوگرافیای ناوچەیەکی دیاریکراودا پێی دەوترێت رۆژهەلات، کە ئەم ناوچەیە کولتوریان تەواو جیاوازە لەگەڵ رۆژئاوادا (میر حسێن ٢٠٠٩).

وێنەی ژنی موسڵمان وێنەیەکی جیاوازتر بو، لە رۆژهەلاتدا ژن تەنها بۆ حەز و ئارەزووەکانی پیاوان بوو، هیچ رۆڵیکی کۆمەلایەتیی و سیاسیی

بەرچاوی نەبوو. بونێکی واقیعی نەبوو کە بتوانێت شوناسێک بۆ ژن بکرێت. ژنانی موسڵمان هەوڵیاندا، ڕێکخستنێک بکەن لە نێوان وێنەی ژن لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، فیمینیزمی ڕۆژهەڵاتی چونکە لە هەندێک لایەندا ژنی ڕۆژهەڵات خەریک بوو تەواو بەلاڕێدا بڕۆن و پشت لە نەریت و ئایین و کولتوری خۆیان بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فیمینیستە ڕۆژهەڵاتیەکان هەر لەژێر کاریگەری فیمینیستە ڕۆژئاواییەکاندا بون، چونکە بڵاوبونەوەی نەریتی ڕۆژئاوا زۆر بەخێرایی تەشەنەی سەند و جێی خۆی کردەوە (سۆزان ٢٠٠٩).

## لە فیمینیزمەوە بۆ جێندەر

فێمینیزم تێرمێکە کە هەڵگری چەندان پێناسی جیاوازە و دەتوانێت کە وێنایەک بێت بۆ شوناسی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە جیاوازەکان.

لێکۆڵینەوە فیمینستەکان میتۆدێکی دیاریکراویان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستکرد، کە ڕاستەوخۆ بە پشت بەستن بە مێژوو و ئایینی خۆیان و کولتوری ڕۆژئاوا کاری تازەیان ئەنجام دا. بەپێی ‹‹دێنز کاندیۆتی›› چەند شەپۆلی فیمینیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوو.

یەکەم شەپۆل لە نێوان سەدەی نۆزدە و بیست دروست بوو لەژێر بۆچونەکانی دەوڵەتی کۆلۆنیاڵ و پۆست کۆلۆنیاڵدا بوون. ژمارەیەک بزووتنەوەی کۆمەلایەتی دروست بوون لە بەرچاوگرتنی بە بەهای کولتوری و شوناسەکان لەلایەن هێزی کۆلۆنیالەوە. بێگومان ژنان لەم لایەنەدا پشکی سەرەکیان بەرکەوت و بونە کارەکتەری گۆرانکاری، چونکە ژن دەتوانێت کاریگەری هەبێت, بە تایبەت لە ڕێگەی دروستبونی فیمینیزمەوە. هەروەها ئەم ڕەوتە جۆرێکە لە بزووتنەوەی گەشەسەندن وەک هێمایەک بۆ پەیوەندی، کە لەنێوان ئەو دوو کولتورە دروستبووە. هەرچەندە فیمینیستەکان دەیانزانی ئەوان سەر بە کولتورێکن کە ئایین و کولتور ڕۆڵی خۆی هەیە بۆیە نێوەندگیریان دەکرد لەو نێوانەدا (بەدران ٢٠٠٩).

یەکێک لەو فەرزکردنانەی ڕۆژئاوا کە تەنها ڕێگایەک بوو بۆ دەرچوون لە کۆت و بەندی ئیسلام, بریتی بوو لە ئاراستەکردن و هێنانی بیری ستراکچەری باوکسالاری بۆ ئیسلام, لەگەڵ هێنانە کایەی کێشەی جێندەری. بۆ نموونە ئەم فەرزکردنە جێبەجێ کرا لەلایەن محەممەد ڕەزا شای ئێرانەوە.

هەروەها لە وڵاتی میسر، بزووتنەوەی فیمینیستی هەمان فەرزکردنی جێبەجێ کرد. هەندێک لە خوێندنە ڕۆژئاواییەکان، ژنانی میسر باوەڕیان وابو کە فیکری ئیسلامی کێشەبووە لە ژیانیاندا. بۆیە بەبێ وەرگرتنی ڕای هاوسەر، برا یان باوک دەچونە دەرەوەی ماڵ بۆ خوێندن بێ گوێدانە هیچ دابونەریتێک، پێیانوابو خوێندن هەروەک چۆن مافی پیاوانە هەرواش مافی ژنانە (ویتچەر ١٩٩٩). ئەمەش بووە بناغەی دروستبونی بیری ئابوری سەربەخۆ, بزوتنەوەی ژنان پشتگیریان دەکرد و دواتر بزوتنەوەی ژنانی ئیسلامیش هاتنە پاڵ ئەم کارە. ئەمانە هەموو فاکتەر بوون بۆ دروستبونی شۆڕشێکی گەورەی ژنان و پاشان بووە هۆی دروست بونی بزووتنەوەی فیمینیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

شەپۆلی دووەمی سیمبۆلیزم بوو، کە دەرچوون بوو لە نەریتە قەتیسماوەکانی کولتور و نەریت. لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٠ – ١٩٦٠)، ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا و گەشەپێدانی کولتور و کۆمەڵگە مەهامی سەرەکی ئەم شەپۆلە بوون. بە مۆدێک کردنی فیکر و هزرە نوێکان و دروستکردنی مودێلێکی تازەی کولتور کاریگەری هەبوو لەسەر گەشەپێدانی سۆشیۆ – ئابووری. دروستکردنی

یەکسانی کارکردن لە نێوان ژن و پیاودا. هەوڵدان بۆ ریفۆرمکرن لە خوێندن، یاسا و کشتوکاڵدا، کە ئەمانەش فاکتەرێکی تر بون بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە و بە ئەکتیڤکردنی ژنان لە بواری خوێندن و کشتوکاڵدا. ئەمانەش لەگەڵ بیرۆکەی دیکە تێکەڵکران و لەلایەن ژنانی رۆژئاواوە پەرەی پێدرا, لەلایەن ژنانی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە گەشەی پێدرا و فیمینیستی ئیسلامیان پێ دروستکرد (ویتچەر ١٩٩٩).

سێیەمین شەپۆلی فیمینیستی سیکۆلارشیپ بوو کە لەلایەن ‹‹کاندیۆتی›› رابەرایەتی دەکرا، گرنگی بە دیالۆگ دەدا لەناو دیبایتەکانی فیمینیستیدا. ئەم ئاستەی گفتوگۆکردنە لەلایەن سکولارشیپ و خوێندنی رۆژئاواوا پەرەی پێدرا. ئەمەش باشترین رێگە و هۆکار بوون بۆ لێکۆڵەرە رۆژئاواییەکان چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی جێندەر بکەن لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. بەم کارەیان یارمەتی فیمینیستە رۆژهەڵاتیەکانیاندا کە زیاتر شوناسی ژنان بزانن و وێنایەکی تازەتر بە ژنان ببەخشن (بەدران ٢٠٠٩).

دەرەنجامی کاری ئەم شەپۆلە بوە هۆی دروستبونی ئازادی و گۆرینی بیری خەڵک سەبارەت بە چەمکی ئازادی، ئەمەش لە بنەماکانی ئایین و کولتور دەرچون, چونکە دەیانویست چێژی هەمان ئازادی بچێژن ژنان لە رۆژئاوادا وەری دەگرن. داوای یەکسانی جێندەریان دەکرد و بە خێزانەکانیان دەوت ژن وەک پیاو هەمان مافی هەیە و دەبێت ئازاد بێت. هەندێک لە ژنان دوای ئەم کارە کەوتن بەڵام لەلایەن ژنانی موسڵمانەوە رەتکرایەوە, چونکە پێیان وابوو ئەمە تەواو پێچەوانەی کولتور و بنەماکانی ئیسلامە, بەڵام هەوڵیاندا بەجۆرێکی تر رۆڵی خۆیان بدۆزنەوە لەناو چوارچێوەی ئیسلامدا.

خاڵێکی تر جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە, ئەویش جوڵاندن و دروستکردنی بیرێکی نوێ بوو، لێکۆڵەرە رۆژئاواییەکان دەیانویست گۆرانکاری لە شوناسی ژن و جێندەردا بکەن. رەوتی فیمینیزم، لە چوارچێوەی بنەما فەرزکراوەکانی ئیسلام دەربکەن و رادیکاڵانە کاربکەن. خواستیان لەسەر دەرکردنی ئەو فەرزانە بوو کە قورئان و فەرموودە دایانناوە، لە پشت ئەم بیرۆکەوە هەوڵیاندەدا کە باوەڕ بە بیرۆکەی فیمینیزمی رۆژئاوایی بکەن، پشت لە کولتور و ئایین بکەن، وا تێیاندەگەیاندن کە یەکسانی جێندەری لە ئیسلامدا بونی نییە, ئەوە تەنیا بۆ کۆت و بەندی ژنان دروست بووە. جێندەر بوو بە خاڵی سەرەکی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لەبەرئەوەی نیشاندەری جیاوازی نێر و مێیە، هێزی نارێکی پەیوەندی نێوان رەگەزەکانە، رێگەیەکە بۆ جیاوازی پێدانی کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە بەسەر ئەو دوو رەگەزەوە.

## ئەنجام:

لە ئاکامی گفتوگۆکردن و باسکردنی بابەتەکەماندا لەو راستیە گەیشتین کە ئایینی ئیسلام لەم سەردەمەدا لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا نەتوانراوە جارێکی دیکە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەو ئایەت و فەرمودانە بکرێت کە بونەتە جێگەی جەدەل و گفتوگۆ، بۆیە لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا جۆرێک لە چەقبەستووی پێوە دەبینرێت، هەرئەمەش وایکردووە فیکرە نوێکانی رۆژئاوایی هێواش هێواش کاریگەری خۆیان لەسەر بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خەڵک دروست بکەن, بەتایبەت لەسەر ئافرەتان. رەوتە فیمینزمەکان زۆر بە ئاسانی بەناوی دەستەبەرکردنی ئازادی و مافی مێینەبوونیان ئەو ئامانجەی خۆیان هێناوەتە دی، بۆیە دەکرێت بیرمەندانی ئیسلامی زیاتر تیشک بخەنە سەر ئەو بابەتانەی کە کەمێک نارۆشنیان پێوە دیارە بۆ ئەوەی حەقیقەتی ئاینی ئیسلام وەک خۆی بگاتە لای کۆمەڵگە.

## سەرچاوەکان:


١ جمال، سۆزان، سایكۆلۆژی و مێیەتی، دەزگای موكریانی، هەولێر،٢٠٠٩، چاپی یەكەم.

٢ ربانی گلپایگانی، ازادی و دیموکراسی در اسلام و لیبرالیسم، ١٣٨٠

٣ مددپور، محمد، مبانی اندیشەهای اجتماعی غرب، از رنسانس تا عصر منتیسکو، چاپ دوم، انتشارات تربیت تهران، ١٣٧٥

٤ ژان پل ویلم، جامعە شناسی ادیان بە نقل: دین و سیاست، جمعی از پژوهشگران، چاپ اول، موسسە فرهنگی ثقلین، تهران، ١٣٧٩

Ahmad, A.( 2015) Islamic feminism – 5
A contradiction in terms?. Available from
< http://library.fes.de/pdf-files/bueros/
.[indien/11388.pdf> [2015

Badran, M. (2009 ) feminism in Islam, 6
secular and religious: Convergences

Mir- Hosseini, Z.( 2006) Muslim 7
women›s quest for equality: between
Islamic law and feminism. Available from
< https://www.amherst.edu/system/files/
media/0207/Mir-Hosseini%2520Muslim
%2520Women%2527s%2520Quest.pdf>
.[[2006

Krayem,G. (Freedom of Religion 8
belief and gender). Available from (https://
www.humanrights.gov.au/sites/default/
files/content/frb/papers/Gender.pdf)
.[[2010

Whitcher, R.(1999) The effects of 9
western feminist ideology on muslin.
Available from http://www.dtic.mil/dtic/tr/
[fulltext/u2/a432334.pdf > [ 2005




# ئازادییە گشتییەکان لە دیدی ڕاشید ئەلغەننوشیی بیرمەندا




**بوخاری عەبدوڵای قەسرێ**

لەدایکبووی ١٩٩٠ شاری هەولێر

قوتابی ماستەرە لە ئەدەبی ئینگلیزی.

خاوەنی دوو پەرتوکی وەرگێڕدراوە.

ڕاشید ئەلغەننوشی (1941)، کەسایەتیی ناوداری وڵاتی تونس، یەکێکە لەو بیریار و نووسەرە ڕۆشەنگەرانەی دنیای هزری ئیسلامیی، کە بە نووسین و بیرۆکە و بیروڕاکانی، بەشدار بووە لە هێنانەکایەوەی بۆچون و بیروڕای تازەی فیقهی ڕامیاری ئیسلامیی. ئەو خاوەنی خەڵاتی (ئیبن ڕوشد)ە لە ئەڵمانیا، هەروەها خەڵاتی (چاتام هاوس)ە کە پەیمانگای شاهانەی بەریتانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی ساڵی (2012) پێی بەخشیوە. غەننوشی وەک (مەحەممەد سەلیم عەوا) باسی لێوە کردوە «مامەڵە لەگەڵ کێشە فیکریی, سیاسیی, کۆمەڵایەتیی و ئابوریەکاندا دەکات بە ئاوەزێکی هۆشیار» (ئازادییە گشتییەکان, ل 9).

غەننوشی خاوەنی چەندین بۆچونی نوێی هزرییە لەمەڕ ئازادی و ڕامیاریدا، کە گفتوگۆ و ڕاجیایی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەو لەگەڵ میانەیی و کرانەوەی هزری و دیالۆگی ئاینەکان و ژیارەکاندایە، پێیوایە کە بیرمەندە ئیسلامییە هاوچەرخەکان پێویستە خۆیان بۆ دنیای نوێ ئامادە بکەن و لەگەڵیدا ئاوێزان و تێکەڵاو بن, چونکە «داهاتوو بۆ فیکرە و ژیار لە گەشەدایە».

لەلای ئەو ئیسلام وەک سیستمێکی ڕامیاریی, ئابوریی و کولتوریی دەبەرێک ڕاناچێت لەگەڵ فەزیلەت و حیکمەتەکانی دیموکراسی، کە بریتیە لە دادگەری و ڕاوێژ و ئازادی و مافی مرۆڤ. وەک خۆی دەڵێت، چونکە دیموکراسی باشترین ئەزموونی تاقیکراوەی دەستکردی مرۆڤەکانە بۆیە «ئیسلام لەگەڵیدا دژ نییە بەڵکو بەیەکداچوون و هاوبەشیەکی مەزنیان لەنێواندا هەیە، هەروەک دەشێ جیاوازی و ڕاستکردنەوەشیان بێتە ناوەوە». ئیسلام هەمیشە هاندەرێکی ڕاستەقینە بووە بۆ سوود وەرگرتن لە حیکمەت و ئەزمون و ئەقڵ و ئاوەزی فرەی مرۆڤایەتی بە گشتی، بەتایبەت لە بابەت ڕامیاریی و ئابوریی، بۆیە باشی هەرکەسێ لای ئیسلام (باش)ەو خراپی هەرکەسێکیش لای ئیسلام (خراپ)ە، لە فەرمودەدا هاتووە (الحكمة ضالة المؤمن أني وجدها فهو أولي الناس بها) یان وەک لە فەرمودەی تردا هاتوە (ما رأه المسلمون حسنا فهو عند الله حسن)، بۆیە وەک وتراوە «حیکمەت خوشکی شیریی شەریعەتە».

ئازادی لە بیری غەننوشیدا، یەکێکە لە هەستیارترین چەمک و دەستەواژەکانی پەیوەست بە فەلسەفە و سیاسەتەوە، مرۆڤ بەڕێزترین دروستکراوی خوایە و کۆی گشتی شەریعەتیش بۆ خۆشبەختیی مرۆڤ هاتووە. بۆیە لە سیستمی حوکمڕانیی ئیسلامدا، کەرامەتی مرۆڤ جەوهەری ڕێسا و یاسا و بڕیارە ڕامیاریەکانە، ئیسلام جەخت لەسەر پاراستنی ناسنامەی تاکی کەسەکان دەکات و ئازادیی بیروڕا بە هەموو مرۆڤێک بە ڕەوا دەزانێت. تەنانەت غەننوشی ئازادی ڕادەربڕین بە یەکێ لە مەبەستەکانی شەریعەت (مقاصد الشريعة) دادەنرێت.

غەننوشی پێیوایە کە میدیای ئەورووپی وێنەیەک نمایش دەکات بۆ ئازادی کە زۆرجار پوچگەریی و ئاژەڵیانەیە، چونکە ڕەهاو بێسنورە، بەتایبەت لە دیوە مۆراڵی و کۆمەڵایەتییەکەی، پێناسەی ئەوان بۆ مرۆڤ پێناسەیەکی تەسک و تاکلایەنەیە، بەوەی کە تەنها مادیی ڕووتە، هەر ڕۆشنبیر و زانایەک تەنها لە یەک بواردا بوونی مرۆڤ و ئازادیەکەی دەخوێنێتەوە، لای پراگماتیکیەکان ئازادی بریتیە لە کردنی هەرچی کە ئەتوانی بیکەی و هەلت بۆ دەڕەخسێت، لای فرۆید ئازادی بە وەدیهێنانی غەریزەکانی وەک سێکس بەستراوەتەوە، لای دۆرکایم و ڤیبەر و

کۆمەڵناسەکان خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیی و کۆمەڵایەتیی ڕووت بۆ مرۆڤ کراوە دوور لە ڕەهەندە ڕۆحی و مۆڕاڵییەکان، لەلای (فۆکۆ) ئازادی مرۆڤ جۆرێکە لە شێتی و ڕەهایی، لای مارکس ئازادی مرۆڤ بە ڕێژەی بەرهەمهێنان و توانستی ئابوورییەوە بەستراوەتەوە. مرۆڤ لەلای ئەوروپییەکان بە هیچ ڕەهەندێکی ئاسمانیی و ڕۆحیی باڵا نەبەستراوەتەوە، چونکە بڕیاری داوە لە جیهانێکی سێکیولار و لائیکی دا بژیت و نایهەوێت بچێتە ژێر باری هیچ هێزێکی نادیارەوە وەک خوا، بۆیە چەمکی ئازادی لای ڕۆژئاواییەکان لەوەدا چڕ بۆتەوە کە مرۆڤ بە هیچ پەیوەندییەک لەسەرووی خۆی نابەسترێتەوە، هیچ هێزێکی ئاسمانی نییە ڕێگری بکات لە وەدیهێنانی ئارەزووە تایبەتییەکانی، تەنانەت ئەگەر ئەو ئارەزووانەشی ئاژەڵیی و نامۆڕاڵیش بن. بۆیە زۆرجار ئەو ئازادییە بێسنور و خۆپەرستانەیە کێشەدارە بۆ کۆمەڵگە و زیانگەیێنە.

لە ئیسلامدا مرۆڤ بەرهەڵدا نەکراوە تا بە ڕەهایی و بێ لێپرسراویی بژیت، چونکە لە دیدی ئیسلامدا مرۆڤ بێ خاوەن و بێ وەدیهێنەر نییە، بەڵکو هەموو جموجوڵ و بزاوتن و بیرکردنەوەو چالاکی و کۆششێکی بە هێزێکی باڵاوە بەستراوەتەوە کە خوای گەورەیە، وەک غەننوشی دەڵێت «تێڕوانینی ئیسلام بۆ ئازادی لەو سروشتەی مرۆڤەوە سەرچاوە ناگرێت کە لەخۆیەوە بێتە ئاراوە، بەڵکو لەو ڕاستیەوە دێت کە هەموو شتێک لەم گەردونەدا بەناویەوە قسە دەکات: کەئەویش خوایە خولقێنەری ئەم گەردونە و خاوەنیەتی، مرۆڤیش جیاواز لەبونەوەرەکانی دیکە بەجێنیشینێتی تایبەتمەندکراوە بەهۆی ئەو ئەمانەتانەی پێی سپێردراوە لە ئەقڵ، ئیرادە، ئازادی، بەرپرسیاری و بەرنامەی خوایی ڕێکخەری ژیانی».

بەپێی غەننوشی، فەلسەفەی ئیسلام بۆ (ئازادی) بەجۆرێکە کە گەردوون و بوونەوەر لە سیستمی هزریی ئیسلامیدا یەک پارچەیە، پێکەوە پەیوەست و ئاوێزانە، پڕیەتی لە پێکەوەیی و هارمۆنی، بۆیە مرۆڤ هەمیشە وەک بەشێک لە بوونەوەر مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و ئازادیەکەشی بەشێکە لە سیستمە کەونییە گەورەکە کە خاڵقێک بەسەریدا زاڵە، بۆیە مرۆڤ بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ هەر دیاردەیەکی گەردوونیدا دەکات و خۆی بە ئەندامێک لە ماڵی (گەردوون) دەزانێت کە خاڵقەکەی خوای گەورەیە. غەننوشی پێی وایە کە مرۆڤ وەدیهێنراوێکە کە ئەرک و سپاردەیەکی مەزنی پێ بەخشراوە، ئەویش بریتییە لە چەسپاندنی دادگەری و ئاوەدانکاری لەسەر ڕووی زەوی دا، مرۆڤ ئازادە لەوەی کە خراپە بەسەر چاکەدا هەڵبژێرێت یان بە پێچەوانەوە، بەڵام سپاردەی خوا لەسەر زەوی تەنها بە چاکەخوازی دێتە دی، وەک غەننوشی دەڵێت «بەمانا ڕەوشتیەکەی، ئازادی ئەوەیە کە مومارەسەی بەرپرسیارێتی بکەین بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە». لەلای ئەو ئازادی هەوڵ و جوڵانە لەڕێگای بەندایەتی خوادا، نەک بەرەڵڵاییەکی ئاژەڵیانە، چونکە وەک خۆی دەڵێت «هیچ ڕێگایەک نییە بۆ دەربازبوون و ئازادی مەگەر بەرنامەی بەندایەتی خوا نەبێت». هەروەها غەننوشی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (کامڵێتی) مرۆڤ تەنها لە چوارچێوەی بەندایەتی خواوە دێتە دی». مرۆڤیش جێنشینە و دروستکەرەکەی ڕێزی لێ گرتووە بەهۆی عەقڵ، ئیرادە، ئازادی و ناردنی پێغەمبەرانەوە بۆ یارمەتیدانی لە ڕوونکردنەوەی ڕێگای ڕاستی و بەرزبونەوە بە پلەکانی کامڵبوون (کمال) دا».

ئیسلام ڕێگری لە وەدیهێنانی ئارەزووە تایبەتییەکانی مرۆڤ ناکات. لەلای غەننوشی، تیۆری ئازادی لە ئیسلامدا لەسەر هەمەکییەتی ئازادی تاک وەستاوە لە هەموو شتێکدا, ئەگەر لەگەڵ هەق یاخود بەرژەوەندی گشتیدا دژ نەوەستێتەوە، بەڵام ئەگەر تاک زیادەڕەوی کرد دەبێتە ستەم و دەبێت بوەستێنرێت و ڕێگای لێ بگیرێت. تەنانەت لە ئایینداریشدا خوای گەورە مەسەلەی ئیمانی لەسەر زۆرلێکردن بنیاد نەناوە، خودی ئیمان ئەوپەڕی ئازادییە, چونکە لەسەر توانا و هەڵبژاردن بنیادنراوە. ئەوەتا لە قورئاندا هاتووە: (فمن شاء فلیؤمن ومن شاء فلیکفر), نەک هەر ئەوە، بەڵکو سەیریش نییە کە خاکی ئیسلام لە مێژووی جیهاندا ببێتە خاکی ئازادی ئاینی کە ڕۆڵەی ئایینە جیاوازەکان چوونە ژێر سایەیەوە. چەندین ئایین و ئایینزا و نەتەوە هیچ پلەوپایە و گەشەیەکیان نەبووە تەنها لەسایەی ئیسلامدا نەبێت، زۆرێک لە گرووپە مەسیحی و جولەکەکان پەنایان بردووە بۆ خاکی ئیسلام، زۆرێک لەوانەش ئەمڕۆکە لە وڵاتانی موسڵماناندا شوێنەواری دێرینیان ماوەتەوە، وەک کڵێسا, دێر, پەرستگای مەسیحی, بوزایی, جولەکە و ئایینەکانی تریش. پەیامبەری پێشەوا (دروودی خوای لێبێت) لە ژیانی ڕامیاری خۆیدا پەیوەندی ئاشتەوایی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ گرووپە هاوبەشدانەرەکان و مەسیحی و جولەکەکاندا بەستووە، تا ئەوەبوو کە یەک قەوارەی سیاسیی و یەک دەوڵەتی مەدەنییان پێکهێنا، کە لەسەر بنەمای ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی و دەستوورێکی هاوبەشدا بەڕێوەچوو. غەننوشی وای دەبینێ کە پەیوەندی نێوان موسلمانان و نا موسلمانان لە مەدینە لەسەر سێ تەوەر هەڵچنرا: یەکێکیان بریتی بوو لە یەکسانی هاوڵاتیبوون لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا, بە تایبەت لە مەسەلەی ماف و ئەرک و ئاشتی و شەڕ، دووەم بریتیبوو لە ئازادی مومارەسەکردنی دروشمە ئایینیەکان، سێیەم تەوەریش بریتی بوو لە ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن. بەم پێیەش دەوڵەتی مەدینە لەسەر بنەمای پاراستنی (ئازادی گشتیی) بیناکرا.

غەننوشی ئارگیومێنتی زیاتر بۆ هەبوونی (ئازادی گشتیی)ی ڕاستەقینە لە دەوڵەتی مەدینەدا دەهێنێتەوە, بەوەی کە «لە چاخە درەوشاوەکانی ئیسلامدا گفتوگۆ لەنێوان کۆمەڵە ئیسلامیەکان (الفرق الاسلامیة) دا ڕوویداوە، یاخود لەنێوان موسڵمانان و شوێنکەوتەی ئایینەکانی دیکەدا لەناو ئەوانیشدا زەندیقەکان، لە کۆشکی پادشاکاندا یان لە مزگەوتەکاندا دیالۆگ هەبووە، هیچ شتێ دەسەڵاتی خۆی نەسەپاندبوو بەڵگەی بەهێز نەبێت، کە ئەوەش گوزارشتێکی ئاشکرا بووە لەسەر لێبوردەیی ئیسلام و ،لەسەر ئەو پلە باڵایەش بە عەقڵ و زانست و ئازادی بەخشیوە«. نووسەرێکی موسڵمانی وەک ئەبولئەعلای مەودودی پێیوایە کە کەسانی ناموسڵمان (هاوڵاتیان لە ئایینەکانی تر) لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا تەواو ئازادی وتاردان و نووسین و ڕا دەربڕین و بیرکردنەوەو کۆبوونەوەیان دەبێت کە موسڵمانان هەیانە، هەر وەک ئەوان بەتەواوی، هەمان ئەو پێوەندی و پابەندیانەیان لەسەر دەبێت کە لەسەر موسڵمانان خۆیانە. ڕەوایە بۆیان ڕەخنە لە حکومەت و کاربەدەستەکانی بگرن، تەنانەت خودی سەرۆکی حکومەتیش لەچوارچێوەی سنوری یاسادا». کهرامەت و ڕێزی ناموسڵمان بە زیندوێتی و بە مردوویش لە ژێر سایەی ئیسلامدا دەپارێزرێت، لە فەرموودەدا هاتووە: (ان جنازة مرت علي النبي صلي الله علیه وسلم فوقف، فقیل له إنها جنازة یهودي فقال النبي

صلي الله عليه وسلم: (اليست نفسا). سزادانیش بەرەهایی قەدەغەیە: (إن الله يعذب يوم القيامة الذين يعذبون الناس في الدنيا).

بەڵگەیەکی تری غەننوشی بۆ ئازادی ڕادەربڕین لە ئیسلامدا ئەوەیە کە پەیامبەر (درودی خوای لێبێت) حەزی لەوە نەبووە تاکڕایی و چەقبەستن و سەپاندنی بۆچوون لە ژیانی هاوەڵانیدا ڕەنگ بداتەوە، حەزی لە فرەیی بۆچون هەبوە، بۆیە هەمیشە ڕاوێژی بە هاوەڵانی دەکرد، هاوەڵانی بۆ ئەوە هان دەدا را و بۆچوون و ئیجتیهادی سەربەخۆیی خۆیانیان هەبێت: (لا يكن احدكم إمعة: يقول أنا مع الناس). خودی قورئانیش هانی باوەڕدارانی داوە کە هونەری دیالۆگ و بەڵگەکاری و لێکتێگەیشتن و ڕاگۆڕینەوە فێربن، قورئان پڕیەتی لە دواندنی ژێربێژییانە و لەسەر بنەمای بەڵگە (برهان) قسە لەگەڵ بێباوەڕان دەکات: (قل هاتوا برهانكم ان كنتم صادقين...).

لای غەننوشی، ڕێزلێنانی ئیسلام بۆ فیکر و ئازادی گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە بیرکردنەوە و ڕامان لە ئیسلامدا بە ئەرک هەژمارکراوە. غەننوشی دەڵێت: «کارێکی سروشتییە بۆ ئایینێک مرۆڤی کردبێتە شایانی پلەی جێنشینایەتی خوا، بەهۆی ئەو عەقڵ و ئیرادە و ئازادییەوە کەپێی بەخشیوە کە ئەم وزانەی نەبەستێتەوە، بەڵکو واگونجاوە کە بەرەڵا و ئازادیان بکات و لە هەوڵی هاندانیاندا بێت بۆ جووڵە و چالاکی. لەبەر ئەوە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بێزار نابن لە بەردەوامی هاندان بۆ بیرکردنەوە و ڕێنماییکردنی عەقڵ و هاندانی بۆ ئەوەی دوورکەوتنەوە لە شوێنکەوتنی وەهم و خەیاڵ و پڵاو و ڕێکردن لەگەڵ خەڵکی گشتیدا و شوێنکەوتنی باووباپیران و ڕێگەگرتنی لەو شتانەی دەبنە مایەی لابردنی عەقڵ وەک بێهۆشکەرەکان».

**مرۆڤ ئازادە لەوەی کە خراپە بەسەر چاکەدا هەڵبژێرێت یان بە پێچەوانەوە، بەڵام سپاردەی خوا لەسەر زەوی تەنها بە چاکەخوازی دێتە دی**

لە باسی ئازادییە ئابووریی و دارییەکانیی تاک لە ئیسلامدا، غەننوشی باس لەوە دەکات کە پێویستە دەوڵەت کەرامەت و ڕێز لە بەهرە و دەستی کاری هاووڵاتیانی بگرێت، هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنێت و فێری سەنعەت و پیشەوەرییان بکات، تا هەموان بواری ژیان و خۆشگوزەرانی و دڵنیایی بژێوی ژیانیان بۆ بڕەخسێت، دەڵێت «ئیسلام ڕوو لە دابەشکردنی سامان دەکات بەسەر زۆرترینی ژمارە کە لە توانادا بێت، بە جۆرێک هەموان ببنە خاوەنی شتەکان، بەدواشیدا بەشداری دەسەڵات و بڕیاریش ببن». هەروەها دەڵێت: «ئیسلام هۆکارەکانی کار و فرمانی نامەشروع و فێڵئامێزی بەتاڵکردۆتەوە، یان دزی، یان سوود، یان قۆرخکردن (الاحتكار)». پاشان دەڵێت «لە مەدینەدا- سەرۆکی دەوڵەت کە پێغەمبەری خوا بوو (درووی خوای لەسەر بێت)، هانی خەڵکی دەدا بۆ کارکردن و ئامرازەکانی بۆ کەسانی ئاتاج دەستەبەر دەکرد، بەدوای چالاکیەکانیاندا دەچوو تا لە سەرکەوتنیان و پشتبەخۆبەستنیان دڵنیا ببێت، پەنا بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی نەبات بە پارە و ماڵ، مەگەر لە حاڵەتی بێتوانایيەکی تەواو لە بەرامبەر کارکردندا». هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی دابینکردنی ئازادی کار و خۆشبەختی

**شورا و دیموکراسی لە وێنە گشتییەکەدا هەمان ئامانج دەپێکن کە بریتیە لە دابینکردنی ویست و خواستی کۆمەڵ بە گشتی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا.**

و دڵنیایی دارایی هاووڵاتیان لە ئیسلامدا دێت.

لە دیوە کۆمەڵایەتییەکەیەوە، کاتێک وڵاتانی ئەوروپا بەوە ناسراون کە (دڵنیایی تەندروستی و کۆمەڵایەتی (Social & Health Assurance) یان بۆ هاووڵاتییەکانیان دابینکردوە، لە بەرامبەردا زوو وەختە ئیسلام سیستمی دڵنیایی تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ تاک دابینکردووە، کە وەک غەننوشی دەڵێت «گرنگیدانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) بە پزیشکایەتی و خۆپاراستن یەکجار زۆر بوو، لە پاکوخاوێنی و دووری لە پیسی و بێهۆشکەر و شێوەکانی ماڵ بەفیڕۆدان و خراپەکاری، فەرمانی بە دووربون لە لاوازی و هۆکارەکانی تیاچوون کردووە (المؤمن القوي خیر من المؤمن الضعیف وفي کل خیر)، هانی موسڵمانانی داوە بۆ وەرزش، گەڕانی بەدوای چارەسەردا لەکاتی نەخۆشیدا بەواجب داناوە، ئەوە سەیر نییە گەر ژیاری ئیسلامیی دەسپێشخەری کردبێت لە بنیادنانی دەزگایەکی تەندروستی نایابدا لە نەخۆشخانە و دەرمانخانە و تاقیگەکان». ئەمە جگە لەوەی کە لە ئیسلامدا ئازادی تاک (لە کوڕ و کچ) بۆ هاوسەرگیری، دروستکردنی خانەوادەی نوێ، بیناکردنی خانو و وەچەخستنەوە بە دەقی ڕوون و ئاشکرا خراوەتەڕوو. غەننوشی دەڵێت «لە سیستمی ئیسلامدا دەستەبەرکردنی پێداویستییە بنەڕەتیەکان (الحاجات الأساسیة) بۆ کۆمەڵگە، وەک خانو، خۆراک، پۆشاک، تەندروستی، چارەسەر، پەروەردە و فێرکردن و توانا پێویستەکانی پێکهێنانی خێزان جەختیان لەسەر کراوەتەوە».

لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، ئیسلام ئازادی داوە بۆ تاک هەوڵی وەدەستخستنی زانست بدات، بۆ ئەم مەبەستە بچێتە بەر خوێندن و بڕوانامە و پلەی زانستی وەربگرێت. غەننوشی لەو بارەیەوە دەڵێت «ئیسلام هانی خەڵکی داوە بۆ فێربوونی زانست و پلەوپایەیەکی بەرزی بە زانایان بەخشیوە، لەسەر نەزانانیشی پێویست کردووە هەوڵی فێربوون بدەن، دەبێت زانایانیش خەڵکی فێر بکەن، دەوڵەتیش لەسەریەتی هەلومەرجی گونجاوی بۆ بڕەخسێنێت، تا ئەو ڕادەیەی دەکرێ ئیسلام بە یەکەم ڕێباز دابنرێت لە مێژوودا کە فێربوونی فەرزکردبێت (العلم فریضة علي کل مسلم ومسلمة). کە قورتوبە یەکەم شارە لە مێژوودا زاڵبوونی تەواوی بەسەر نەخوێندەواریدا بەدەست هێنابێت».

لە باسی ئازادی ڕامیاری لە ئیسلامدا، غەننوشی ڕەتی دەکاتەوە کە ئیسلام سیستمێکی سیۆکراتی بۆ دەستەڵات هەبێت، چونکە هیچ کاربەدەستێک لە ئیسلامدا ناتوانێت بە ناوی خواوە یان وەک (سێبەری خوا) فەرمانڕەوایی بەسەر خەڵکەوە بکات، بەڵکو دەبێ هەڵبژێردرێت. غەننوشی پێیوایە ئیسلام ڕێگری کردووە لەوەی تاکڕەوانە دەسەڵات بەڕێوەببرێت، ئەوەتا لە ئیسلامدا سیستمی (ڕاوێژکاری) هەیە و لە ژیانی پێغەمبەری خواشدا زۆر ڕەنگی داوەتەوە، گەرچی چەمکەکانی ئیسلام بۆ ڕاوێژکاری وەک (ئەهلی

حەل و عەقد) و ( ئەهلی ئیجتیهاد) و ( ئەهلی شورا) ڕەنگە ئەمڕۆ بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن تاڕادەیەک نامۆ بن، بەڵام واتا و مەبەست و نێوەڕۆکەکەیان بە ڕوون و ئاشکرایی لەگەڵ چەمکگەلی وەکو ئەنجومەنی نوێنەران، دیموکراسی، حوکمی گەل، تۆلێرانس و ئیرادەی گەل کە ئەمڕۆ بەکاردێن یەک دەگرێتەوە، شورا و دیموکراسی لە وێنە گشتییەکەدا هەمان ئامانج دەپێکن کە بریتیە لە دابینکردنی ویست و خواستی کۆمەڵ بە گشتسی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. بۆ ئەوەی ڕای هەموولا بە هەند وەربگیرێت لە دەوڵەتدا، دەبێت هەموان پرس و ڕاوێژیان پێ بکرێت. غەننوشی پێیوایە کە دەگونجێت سود لە دیموکراسی ڕۆژئاوا وەربگیرێت بەو پێیەی کە «حیکمەت لە هەرکوێ هەبوو ونبووی بڕواداره، بەرژەوەندی و دادگەری لە هەر کوێیەک بێت شەرعی خواش لەوێیە. دیموکراسیەتیش میکانیزمێکی نایابە بۆ بەرجەستەکردنی ڕاوێژ لەچوارچێوەی بەهاکانی ئیسلامدا، بۆیە دەبینین ئیسلام دەتوانێت سیستمی دیموکراسی خۆرئاوایی لەخۆبگرێت، ئیجابیاتەکانی دیموکراسی بۆ موسڵمانان و مرۆڤایەتی بپارێزێت»، ئەمە لەکاتێکدا کە غەننوشی پێیوایە شورا لە ئیسلامدا چەترێکی هەیە کە ناهێڵێت هیچ یاسایەک بە پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتیی مرۆڤ دەربچێت کە بریتییە لە (دەق) بەڵام دیموکراسیەت ئەو چەترەی نییە.

لەمەڕ بەشداری ئافرەت لە کایەی ڕامیاریدا، غەننوشی زۆر بە ڕاشکاوی و بوێری ڕەخنە لەو نووسەرانە دەگرێت کە بەشداریکردنی ئافرەت لە وەرگرتنی پۆستە ڕامیاری و حکومی و دادوەری و یاساییەکاندا بە نارەوا و حەرام دەزانن، وەک ئەبولئەعلای مەودودی. مەودودی شەش مەرج دادەنێت بۆ هەر کەسێ کە ببێت بە ئەندام لە (ئەنجومەنی ڕاوێژکاری) یەکێک لەوانە بریتییە لە (پیاوبوون)، بەڵام غەننوشی دژ بەم بۆچونە ڕادەوەستێت و هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لە دەقدا نابینێتەوە بۆ پاڵپشتی مەودودی. دەڵێت «تووشی سەرسوڕمان بووم لەدوای خوێندنەوەی ئەم فتوایانەی حوکم بەدابڕینی ژن دەکەن لە هەموو بەشدارییەک لە ژیانی سیاسیدا بەپشت بەستن بە ئایەت و فەرموودەکەی پێشوو». لای غەننوشی « ئازادی و باڵغبوون و عەقڵ و زانست و دادگەری» مەرجن بۆ پۆستی ڕاوێژکاری و وەزیر، یاخود دادوەر (حاکم). بە بەڵگەی ئەوەی کە «عائیشەی دایکی بڕواداران ڕۆڵی هەبووە لە سیاسەتدا، کە سەرکردایەتی ئۆپۆزسیۆنێکی چەکداری کردووە کە پتر لە سێ هەزار سەربازی لەخۆگرتووە و لە هاوەڵە مژدەپێدراوەکانی بەهەشتیشیان لەگەڵدا بوون، وەک ئەبوبەکریش باس دەکات فەرمانی کردووە و بەرگریشی کردووە و، فەرمانیش هەر هی ئەو بووە». هەروەها لە مێژووی ئیسلامیدا ژنگەلێکی دیکە لەمەیدانی سیاسەتدا ناودار بوون لەوانەش (الحرة الصليحية)یە کە حوکمی چەند شوێنێکی لە یەمەن کردووە لەماوەی پتر لە چل ساڵ لە سەدەی شەشەمدا. ئیبن حەزم پشتی بەوە بەستووە کە عومەری کوڕی خەتتاب کاری ژمێرکاری (حسبة)ی سەر بازاڕی داوەتە دەست ئافرەتێکی وەک (شیفا) بۆ ئەوەی بڕیاربدات کە (دروستە ژن حوکم بگرێتە دەست). ئەوانەی کاری ئافرەت لە ڕامیاریدا بە نارەوا دەزانن فەرموودەی (لن يفلح قوم ولوا امرهم امراة) دەهێننەوە، بەڵام غەننوشی لەبارەی ئەو فەرمودەیەشەوە دەنوسێت: «لەو ڕووەوە فەرموودەی ناوبراو دەربارەی ڕووداوێکی دیاریکراو هاتووە، وێنەکەشی ئەوەیە کاتێک ئەوە گەیشت بە پێغەمبەر (دروودی خوای

لەسەر بێت) کیسرای فارس مردووە و قەومەکەی کچەکەیان لە جێگاکەی داناوە، پێغەمبەری خوا ئەو فەرموودەیەی وتووە وەک گوزارشتێک لە توورەییەکەی لەسەر کوشتنی نێراوەکەی بۆ لایان. فەرموودەکە لە ڕەخنەگرتن لە ڕووداوی ناوبراو تێناپەڕێت هەتا ببێتە سەرچاوەیەک بۆ ماددەی یاسای دەستووری». بۆیە بەلای غەننوشیەوە: «ئەگەر ژن لە سەدە ئیسلامییە یەکەمینەکاندا لە کاروبارەکانی دەوڵەتدا بەپێوەرێکی فراوان بەشدار نەبووبێت، ئەوا ئەوە بۆ سروشتی ژیانی کۆمەلایەتی ئەوسا دەگەڕێتەوە (کە ڕامیاری ئەوسا پێویستی بە هێز و بازوو و ئەسپسواری و هونەری جەنگ هەبوو)، بۆیە ئەو حاڵەتە ناتوانێت حوکم و ئامۆژگاریە قورئانیەکان پەک بخات و مانای حەرامێتی بەشداری ئافرەت بدات، چونکە کتێبی خوا و سوننەتە جێگیرەکەی پێغەمبەرەکەی سەرچاوەی شەریعەت و حوکمە ئیسلامیەکانە بۆ سەردەم و ژینگە جیاوازەکان. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە بەشداری ژن مەزن بووە لە بزاڤی گۆڕانگاری و بونیادنانی ژیاری ئیسلامیی، لە قۆناغی مەککی یاخود مەدەنیدا بووبێت».

بەشێوەیەکی گشتیی، پوختەی مەبەستی غەننوشی بریتییە لە دەوڵەمەندکردنی تێگەیشتنەکانمان بۆ ئازادی و دەوڵەت بە هارمۆنایزکردنی دەقەکانی ئیسلام و ئەزموونە گەشەسەندووەکانی مرۆڤ لە دیموکراسی. ئەمەش بە سود وەرگرتن لە تەکنیک و ئامراز و ئەزموونە مرۆییە باشەکان، چونکە لای غەننوشی دەوڵەت ئامرازە بۆ پاراستنی بانگەوازی ئاییني ئیسلام و جێبەجێکردنی بەندایەتی تاکەکان بۆ خوا و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئارامی و دادگەریی بۆ خەڵک کە خوا مەبەستییەتی. وەک ئیبنوحەزم وتویەتی: «ئاین بناغەیەو سوڵتانیش پاسەوان». بۆیە هیچ نەنگی و خراپی تێدا نییە کە بۆ داڕشتنی سیستمی سیاسی دەوڵەت هەماهەنگیی لەنێوان دەقەکانی ئیسلام و ئەزموونە مرۆڤکردەکاندا دروست بکرێت، بەجۆرێک هەم نەگۆڕەکانی ئایین و هەمیش ئەزموونە سەرکەوتوەکانی مێژووی مرۆڤیش تێیدا تێدا ڕەنگبداتەوە. چونکە دەقەکان هێڵە گشتییەکانیان داڕشتوە و دەستی ئێمەیان نەبەستوە لە میکانیزم و ئامرازەکان.



**سەرچاوە:**

ڕاشید غەننوشی، (ئازادییە گشتییەکان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا) ، وەرگێڕانی (موحەممەد سەعید خورماڵی)، پێداچونەوە (تەحسین حەمە غەریب).

# هەڵگەڕانەوە لە ئایین
# وەك ئازادی هەڵەكردن

**سەعدون محەممەدی**
ماستەر لە زانستی کەلام

ئازادی پێش ئەوەی ماف و مومارەسەبێت، بریتییە لە فەزا, ئەگەر بریارە ئێمە باس لە حەقیقەت بکەین، هەمیشە پێویستمان بەو قەزایە هەیە، چونکە ئازادی کێڵگەیەکی لەبارە بۆ گەشەی حەقیقەت، بۆیە کاتێک ئایین پەیامی خودایە، حەتمەن بونی قەزایەکی ئازاد یەکێکە لە مەبەستەکانی ئەو پەیامە، ئازادیش لە هەردوو بارەکەیدا چ ئازادی تاک و چی ئازادی کۆمەڵگە تەواوکەری یەکترن، بۆیە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و کراوە پێشەکییە بۆ ئازادییە کەسیەکان، هەتا کۆمەڵگەیەکی ئازاد ساز نەبێت، ناتوانین باس لە ئازادییەکانی تاک بکەین، ئازادی بیر و ئایین وەک مافێکی تاک دێتە هەژمارکردن، بۆیە ناکرێت لە ژێر هیچ ناوێکدا کپ بکرێت، تەنانەت خواستێکی ئایینیشە، بۆیە گەر تەماشای مێژووی ئایین بکەین، دەبینین پەیامبەران و پەیامەکەیان هەمیشە قوربانی نەبوونی فەزایەکی ئازاد بوون و ڕێگەیەکی درێژ و ناهەمواریان بریوە هەتا بگەنە کۆمەڵگەیەکی ئازاد، ڕووبارێک خوێنیان داوە لەم پێناوەدا هەمووشتیان بەخشیوە لە پێناو دەستەبەرکردنی سەکۆیەکی ئازاد بۆ تەعبیرکردن لە ناخ و ناوەڕۆکی خۆیان، بۆیە کپ کردنی ئازادییەکانی تاک و یاساغکردنی ئایینگۆڕین مێتۆدێکی کۆنی فیرعەونییە **(مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَى)** سورة غافر: 29، ئەمە ئەو مێتۆدەیە کە فیرعەونییەکان لە بەرانبەر پەیامی پەیامبەران پەیرەویان لێکردووە، بە نموونە:

1. نوح وەک قوربانییەکی توندوتیژی ئایینی، کاتێک بانگی گەلەکەی دەکات بۆ فەزیلەت و چاکەخوازی، وەڵامێکی توندئاژۆ وەردەگرێت: **(قَالُوا لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَا نُوحُ لَتَكُونَنَّ مِنَ الْمَرْجُومِينَ)** سورة الشعرا: 116. کاتێک نوح بەزمانێکی سادە و سپی پەیامەکە دەگەیەنێت، بەڵام بەزمانی ئاگر وەڵام وەردەگرێت.

2. ئیبراهیم بە زمانی دۆستایەتی و نزیکایەتی گەلەکەی دەدوێنێت سەبارەت بە ئاییندار ی، بەڵام لە زمانی نزیکترین کەسیەوە کە باوکیەتی بەتوندی وەڵام وەردەگرێت: **(لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ)** سورة مريم: 46. تەماشای وەڵامدانەوەی نوح و ئیبراهیم بکەن یەک شتە، چونکە مێتۆدی بیرکردنەوەکان بە هەمان شێوەیە یەکن.

3. دورتر دەڕۆین و قورئانی پیرۆز سەرگوزەشتەی شوعەیب پەیامبەر باسدەکات، کاتێک شوعەیب دەیەوێت پەیامەکەی باسبکات لە لایەن کۆمەڵگە داخراوەکەوە بە هەمان مێتۆدی فرعەون وەڵام وەردەرگرێت: **﴿لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا﴾** سورة الاعراف: 88. لێرە قورئان ئەوەمان نیشان دەدات هەموو گۆڕینێکی ئایین بەرەو یەکتاپەرستی بەم مێتۆدە یاساغە، بەڵام کاتێک تەماشای چیرۆکی پەیامبەر شوعەیب دەکەین لە قورئاندا وەڵامی فیرعەونیەکانمان بە جوانترین شێوە بەرچاو دەکەوێت لەلایەن شوعەیبەوە، کاتێک دەفەرموێت **(أَوَلَوْ كُنَّا كَارِهِينَ )** سورة الأعراف: 88. پەیامی ئێمە زۆرلێکردنی تێدا نییە، ئیتر بۆ ئەوەندە قەڵس دەبن، دەکرێت ئەم وەڵامەی ئەو پەیامبەرە وەک زمانحاڵی تەواوی پەیامبەران بێتە هەژمارکردن بۆ نەیارانی ئازادی ئاییندار ی بە درێژایی مێژوو.

4. ببینە موسا چۆن و چی بەسەر دێت، چۆن شەرعیەت بە لەناوبردنی خۆی و هاوەڵەکانی دەدەن: **(اقْتُلُوا أَبْنَاءَ الَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ وَاسْتَحْيُوا نِسَاءَهُمْ)** سورة غافر: 25. تەنها لە پێناو ئەوەی موسا بە پێچەوانەی ئەوانەوە بیری دەکردەوە، ژیانامەی ئەم زاتە ئەوەمان پێدەڵێت کە زەبروزەنگ هەرگیز ڕێگەیەک نییە بۆ گۆڕینی فیکر، چونکە ئەوە بابەتێکی تەواو مەعنەوییە هەرگیز ڕێگای فیزیکی

چارەیەک نییە بۆ ئەو جۆرە بابەتانە، کەواتە قوربانیەکانی ئازادی خودی پەیامەرانن نەک کەسانی تر، بۆیە ناکرێت و نەگونجاوە بە ناوی ئەوانەوە ڕێگری لە ئازادی فیکر و ئاییندارى کەسەکانی تر بکرێت، بەڵکو ڕێگرتن لە ئازادی فیکر واتە سازکردنی کۆمەڵگەی دووڕووەکان ئەمەش ئاکارێکی تەواو نا ئەخلاقییە.

### هەڵگەڕانەوە

کاتێک ئەم باسە دەخەینە بەر وردبینی دەبێ بەشێوەیەکی موجەڕەد وەریبگرین، واتە تەنها خودی هەڵگەڕانەوەکە لە بەرچاو بگرین، نەک شێوەکەی، هەڵگەڕانەوەکەش لە بازنەی ئازادی تاک جێگیر دەبێت، ئەم ئازادییەش لەلایەن قورئانەوە پارێزگاری لێکراوە: **(لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ)** سورة البقرة: 256. قورئان لە کاتێکدا ئەم بانگەوازەی ڕاگەیاندووە پێشتر ئەوەی کردووە: **﴿قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ﴾** سورة البقرة: 256. کەواتە کاتێک ڕەش و سپی ڕوون و لێک جودا کراوەتەوە، زۆر لێکردن مانایەکی نییە، واتە کاتێک مرۆڤ پەیوەستبوونی خۆی بۆ ئایین و فیکرێک ڕادەگەیەنێت، ئەوە پێشینەیەکی لە قەناعەت و دونیابینی بۆ دروستبووە، بۆیە کاتێکیش هەڵدەگەڕێتەوە لەسەرەنجامی لەقبوونی هەمان قەناعەتە، ئیتر زۆر جار باس لە ڕێگریکردن لە گۆڕینی ئایینی موسڵمانێک دەکرێت، کۆمەڵێک ئیشکالیەت لەگەڵ خۆی دەهێنێت، لە چەمک و تێڕوانین لە سروشتی ئەو دەقانەی دەکرێنە بەڵگە بۆ دید و تێڕوانینەکە، زۆر جار باس لە حوکمی هەڵگەڕاوە (مرتد) دەکرێت لە دونیابینی ئیسلامیدا ئەم دەقە دەکرێتە بەڵگە بۆ ئەو بۆچونەی باس لە کوشتنی هەڵگەڕاوە دەکات (من بدل دینە فاقتلوە) هەڵبەت ئەم فەرمودەیە ئیمامی بوخاری لە سەحیحەکەی خۆیدا یاداشتی کردووە و بە

**پەیامبەران و پەیامەکەیان هەمیشە قوربانی نەبوونی فەزایەکی ئازادبوون و ڕێگەیەکی درێژ و ناهەمواریان بڕیوە هەتا بگەنە کۆمەڵگەیەکی ئازاد**

سەحیحی دەزانێت، هەرچەند لە لایەن هەندێک لە زانایانی فەرمودەناسییەوە قسە لەسەر سەنەدی فەرمودەکە کراوە، بەڵام ئەمە جێگەی باسی ئێمە نییە لێرە، بەڵکو ئەوەی جێگەی باسە لای من سروشت و واقعی دەقەکەیە، ئەگەر بە سادەیی تەماشایەکی ڕوکەشی دەقەکە بکەین، ئەوە سیمایەکی ڕەهای هەیە، واتە هەرکەس ئایینی گۆڕی لە ئیسلامەوە بۆ ئایینێکی تر، ئەوە لە فیقی ئیسلامیدا بە (مرتد) پێناسکراوە و دەبێت بکوژرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کوشتنەکە لە بەرخودی ئایین گۆڕینەکەیە، یاخود هۆکاری تر هەیە؟

دیارە ئەو بۆچونەی باس لە کوشتنی هەڵگەڕاوە دەکات پشتئەستورە بەو فەرمودەیەی لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا، ئەڵبەت ئەو فەرمودەیەی پەیامبەر مەحومکردنی واقعێکە لەو دەمەدا بوونی هەبووە، واتە لە حاڵی بوونی پەیامبەردا هەڵگەڕانەوە لە ڕیزی ئاییندارانی ئەو کات ڕوویداوە، سروشتی هەڵگەڕاوە لەو دەمەدا جیاواز بووە لە شێوازی دەمەکانی دواتر و ئێستا، واتە سروشتی هەڵگەڕانەوە لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا ڕاستەوخۆ پێوەندی هەبووە بە بابەتی دووژمنکاری و جەنگەوە هەبوو، هەرکەس لەو

## کاتێک مرۆڤ پەیوەستبوونی خۆی بۆ ئایین و فیکرێك ڕادەگەیەنێت، ئەوە پێشینەیەکی لە قەناعەت بۆ دروستبووە، کاتێکیش هەڵدەگەڕێتەوە سەرەنجامی لەقبوونی هەمان قەناعەتە

ساتەوەختەدا ئیمانی هێنابا دەچووە سەنگەری بەرگریکردن لە ئیسلام، ئەوەش هەڵگەڕایاتەوە لە ئیسلام وەک خەڵکانی تر سەنگەری دژە ئیسلامی هەڵدەبژارد، دیارە ئەو کاتیش ململانێکان زیاتر لە ڕێگەی هێزەوە بووە، کەواتە هەڵگەڕانەوە یەکسان بووە بە جەنگ و دوژمنکاری بۆ کیان و جەمعی موسڵمانان، بۆیە لەو دەمەدا باس لە هەڵگەڕاوەیەک کراوە کە لە مەیدانی شەڕدا ڕووبەڕووت وەستاوەتەوە، حەتمەن ئەگەر تۆ ئەو نەکوژیت بە دڵنیاییەوە ئەو دەتکوژێت، دیارە دەقەکە باس لە هەڵگەڕاوەی جەنگاوەر (المرتد المحارب) دەکات ئەم جۆرە هەڵگەڕانەوەش نموونەیەکی زیندوی ساتەوەختی دابەزینی وەحی بووە.

ئیبنولعەباس دەگێڕێتەوە (**أُسْرِيَ بِالنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى بَيْتِ الْمَقْدِسِ، ثُمَّ جَاءَ مِنْ لَيْلَتِهِ فَحَدَّثَهُمْ بِمَسِيرِهِ، وَبِعَلَامَةِ بَيْتِ الْمَقْدِسِ، وَبِعِيرِهِمْ، قَالَ: قَالَ أُنَاسٌ: نَحْنُ لَا نُصَدِّقُ مُحَمَّدًا فَارْتَدُّوا كُفَّارًا، فَضَرَبَ اللَّهُ أَعْنَاقَهُمْ مَعَ أَبِي جَهْلٍ، قَالَ : وَقَالَ أَبُو جَهْلٍ، (اي أنهم قاتلوا في بدر في صفوف المشركين ضد النبي والمسلمين فقتل منهم من قتل)**.

حاتەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە کاتێک نامەکەی ئاشکرا دەبێت، پەیامبەر لێی دەپرسێت ئەمە چییە کردووتە ئەی حاتەب؟ لە وەڵامدا دەڵێت: ئەم کارەم مانای هەڵگەڕانەوە نییە لەئیسلام؟! واتە: دوژمنکاری و خیانەتکاری، کاری ناموسڵمان بووە بەرانبەر بە یەکێتی موسڵمانان، بۆیە ئەو هاوەڵە ڕاستەوخۆ ئەو تۆمەتە لە خۆی دووردەخاتەوە، نەوەک حوکمی هەڵگەڕاوەی بەسەردا بدەن، دەنا خۆ دەقی نامەکە هیچ ئاماژەیەکی تێدا نەبوو پێچەوانەی بیروباوەڕ بێت، تەنها هەواڵی جەنگێک بوو کە دەکرێت ڕووبدات.

کەواتە هەڵگەڕانەوە لەو دەمەدا گۆڕینی شتێک لە دید و بۆچون و کردار و هەڵوێست وەرگرتن بووە لە دژی یەکێتی و کیانی موسڵمانان بە هەموو هێز و توانایەک، لەو سەرو بەندە هەڵگەڕانەوەیەک بوونی نەبووە بە واتای ئازادی بیروباوەڕ، بەڵکو بەواتای هەلپەرستی و پیلانگێری دژی کۆمەڵگەی موسڵمانان مومارەسەکراوە، لەبەر ئەمەش بووە کە پەیامبەر هەوڵی کوشتی دووڕووەکانی نەداوە، هەرچەندە دڵنیابوو لە هەڵگەڕانەوەشیان، بەڵام چونکە ئەوان کاری پیلاگێری و ئاژاوەگێڕییان نەدەگێڕا لە ناو کۆمەڵگە، بەڵکو بەسەرکزی خۆیانەوە دانیشتبوون.

بەسەرنجدان لەو دەقانەی خرانەڕوو، دەتوانین بڵێین واقعی هەڵگەڕانەوە یاخود شوناسی هەڵگەڕاوە لە سەردەمی پەیامبەرەوە هەتا ئێستا گۆڕدراوە، ئیتر هەرجۆرە هەوڵێک بۆ کوشتنی هەڵگەڕاوە دەچێتە خانەی زۆرلێکردن لە ئاییندا، ئەمەش پێچەوانەی پەیامی ئیسلامە کاتێک باس لە ئازادی ئاییندارى دەکرێت، ڕاستە پەیامبەر فەرموویەتی: (من بدل دينه فاقتلوه) بەڵام هەر ئەویش فەرموویەتی (لايحل دم امرئ مسلم الا باحدى ثلاث: الثيب الزاني، والنفس بالنفس، والتارك لدينه المفارق للجماعة).

لێرەدا (المفارق للجماعه) دەبێتە سیفەتی

(التارك لدينه) واتە: وازهێنانەکەی لە ئیسلامدا وابەستەی چونەدەرەوە بێت لە کیان و یەکێتی کۆمەڵگەی موسڵمانان، زیادکردنی ئەم رستەیە لە لایەن پەیامبەرەوە بە مەبەستەوەیە، واتە: هەڵگەڕانەوەیەک شایسەی کوشتنە کە کار لەسەر شێواندنی کۆمەڵگە و پیلانگێڕی لە دژی بەها و ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بکات، ئەوەش روونە کە فەرموودەی یەکەم رەهایە (مطلق) فەرموودەی دووەمیش (مقيد)ە کەواتە: لێرە حەملی (مطلق) دەکەینە سەر موقەیەدەکە، ئیتر واتا و حوکمەکەش روون و ئاشکرایە بۆ هەمووان.

کاتێکیش تەماشای قورئان دەکەین لەو جێگایانەی باسی هەڵگەڕاوە دەکات، تەنها باسی زەرەرمەندی دوارۆژ و بەباچوونی کردەوە و تورەیی خودا لەو کارە دەکات، کەواتە حوکمەکانی هەمووی باسی دونیایەکی تر دەکات، ئەگەر حوکمێکی ئەمرۆیی هەبووایە بە دڵنیاییەوە شایەنی ئەوە بوو قورئان ئاماژەی بۆ بکات، چونکە حاڵ و مەقامەکە وا دەخوازێت، کاتێکیش باسی شتێکی لەو جۆرەی نەکردووە، دەکرێت بڵێین ئەمە نەفیەکی مەقامییە (النفى المقامى) بۆ کوشتنی هەڵگەڕاوە (المرتد) نەک نەفیەکی لەفزی (النفي اللفظي) ئاخر هەڵگەڕانەوە و ئایینگۆڕین شتێکی سروشتییە لای مرۆڤەکان، چونکە گۆڕینی دید و بۆچونە لە ژێر کاریگەری کۆڕانی ژینگە و دەوروبەر، بەو پێیەی مرۆڤ لە ژێرکاریگەری ژینگەدا گەشە دەکات، ئیتر لە ئەنجامدا حوکمی هەڵگەڕاوە (المرتد) حوکمێکی ئەمرۆیی نییە، بەڵکو ئەو بابەتە لە دوارۆژدا یەکلادەبێتەوە کاتێک کەسەکان پاداشت و سزای کردەوەکانیان وەردەگرن، بۆیە نابێت ئێمە قیامەت بۆ مرۆڤەکان ساز بکەین، بە ناوی خوداوە بە دید و بۆچونی خۆمان دادگاییان بکەین، بەڵکو دەبێت مافی هەڵگەڕاوە (المرتد) وەک مرۆڤ پارێزراو بێت لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئەگەر هاتە بوون و بوو بە ئەمری واقیع.

*********

## سەرچاوە و پەراوێز:


1 الحرية الفكرية والدينية، د. يحي رضا جاد.
2 قتل المرتد الجريمة التي حرمها الإسلام.
3 مسند أبو يعلي.
4 صحيح البخاري.
5 تكفير أهل الشهادتين ، د. حاتم الشريف.

# تەوەری داهاتوو

## دەوڵەتداری ئیسلامیی:
## مەدەنیبوون یان ئایینیبوون؟

گۆڤاری خاڵ، بابەتی (دەوڵەتداری ئیسلامیی: مەدەنیبوون یان ئایینیبوون؟) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، لەو چوارچێوەشدا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:

١- دەوڵەتی ئایینی، خەسڵەت و مێژووی سەرهەڵدانی.

٢- دەوڵەتداری لە سەردەمی پەیامبەر و خەلیفەکانی راشدین.

٣- سەربەخۆیی دادگا وەکو خەسڵەتێکی مەدەنیبوون لە دەوڵەتی ئیسلامیدا.

٤- ئیستیبداد لە فیکر و کەلەپووری ئیسلامیی.

٥- بنەماکانی دەوڵەتی مەدەنی لە فیکریی سیاسیی ئیسلامیی.

٦- دەوڵەتی مەدەنی و مەرجەعیەتی یاسادانان تێیدا.

داواکارین لە نووسەرانی بەڕێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەو بوارانەی ئاماژەیان پێدراوە تا (٢٠١٦/٩/١٠) بنێرن بۆ گۆڤارەکە و بە رێنووسی یونیکۆد بنووسن.

**گۆڤاری خاڵ**

# بابەتی گشتیی





# سنوورەکانی نێوان فیقهـ و ئەدەب

## ئیبن حەزم وەك نموونە




**د.ئیسماعیل بەرزنجی**

ئیسماعیل ئیبراهیم بەرزنجی، لەدایکبووی ١٩٧٨

بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لە ئەدەبی عەرەبی.

چوار بەرهەمی چاپکراوی هەیە.

چەندین توێژینەوە و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

ئەندامی دەستەی کارگێڕی سەنتەری زەهاوییە.

لە چوارچێوەی خوێندنەوەی کەلەپوری ئیسلامیی بەدیدێکی ڕەخنەیی، هەڵاوێرکار و سەرلەنوێ لەبێژنگدانی بەرهەمی سەدەکانی ڕابردو زەرورەتی ئەم باسە دێتەکایە، پێویست ناکات زۆر لەسەر ئەوەش بوەستین کە جەهل بە مێژوو و کەلەپور و ڕوانینی سەرکێڵ و گشتی نەخۆشی ئەم سەردەمەی ئێستامان، تەنیا بەپیرۆزدانانی هەموو ئەوەی لە مێژووی موسڵمانان و لە کەلەپوری ئیسلامیدا هاتووە و سەیرکردنی وەک دەقی موقەدەس، پاساوهێنانەوە بۆ ناشرینی و هەڵەکان، باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەو بۆچوونە.

جەهلی تاکی موسڵمان لەم سەردەمەدا بە کەلەپور، ڕەمز، کەسایەتیی، ڕووداو و و بەرهەمی مەعریفی گەورەترین قەیرانی هاوچەرخە، تەنانەت بووە بە سیستەمی وێناکردن وەک ئەوەی تاکە تەفسیر بێت بۆ کەلەپوری مەعریفی چواردە سەدەی ڕابردوو.

ئەمەش وایکردووە لە دوورەوە و لە دەلاقەیەکی تەسکەوە سەیری ئەو مێژوو و کەلەپورە بکرێت، بەشێوەیەک پێکهاتە و ڕەگەزەکانی تێکەڵی یەکتری ببن و یەکڕەنگ بنوێنن، بە ئەستەم سنوری نێوان دەقی پیرۆز، فەرمودە، قسەی زانایان، ئیسرائیلیات و دابونەریت لەیەکدی جیادەکرێنەوە، پلەبەندی بۆ بەرهەمی مەعریفی نەک بوونی نییە بەڵکو زۆرجار قسە و ڕاوبۆچوونی کەسانێک لە دەقی قورئان و فەرمودەی سەحیح تۆختر و بەرچاوتر دەردەکەون.

لەبەرئەوەی لە مێژووی هاوچەرخدا موسڵمانان لە فارگۆنی دواوەی شەمەندەفەری شارستانیدا بوون و نزیکەی پێنج سەدە لە خەوێکی قوڵدا بوون، کاتێک ویستیان سەرلەنوێ ئیسلام زیندوو بکەنەوە و بیکەن بە بەشێک لە ژیانی هاوچەرخ و شارستانی چڕ و جەنجاڵی ئەم سەردەمە، توشی قەیرانی گونجان بوون، چونکە کەلەپوریکی ئیسلامی بەو فراوانیە و ژیانی هاوچەرخ بەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە گەورەیەوە پێویستی بە ئەقڵێکی کراوە و مەعریفەیەکی فراوان هەبوو، تا لە قوڵایی مێژووی ئیسلامدا وەڵامی گونجاو و پڕبەپێستی کێشەکانی ئەم سەردەمە بداتەوە، کاتێک ئەمە وجودی نەبوو، ئیسلام وەکو پرەنسیپی کردەیی و بەهای ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی فۆرمێکی نوێی وەرگرت، دوور لە فیکر و مەعریفە و ئەقڵگەرایی، باشترین بوارێکیش لەوەها ژینگەیەکدا فیقهـ بوو کە کەشی لەباری بۆ ڕەخسا تا گەشە بکات.

سەرنجی من لێرەوەیە هەر لەو خاڵەوە کە موسڵمانانی ئەم سەردەمە لەبەر نەبوونی مەعریفە و گەشەنەکردنی فیکر و ئەقلانیەت نەیانتوانیوە بەرهەمی مەعریفی چەند سەدەی ڕابردوو بخوێننەوە و تەوزیفی بکەن، لەغیابی ئەوەشدا لۆجیکی فیقهـ و فوقەها بوو بە سەنگی مەحەک بۆ هەموو بوارەکانی ژیان، ئەم قسەیە هەرگیز بۆ کەمکردنەوەی بەهای فیقهـ نییە، یان لێدان بێت لە ڕۆڵی شەرعزانان، بەڵکو قسە لەسەر جیاوازی مەیدانەکانە، کاتێک تۆ بۆ هەموو پرسیارێک یەک وەڵامت دەبێت، بۆ هەموو مەیدانێک یەک میکانیزم، بۆ هەموو پرسێک یەک لۆجیک و تێڕوانین، ئەوە دەبێتە کێشە. بۆیە هەموو کایە جیاوازەکانی ژیان بەرگی فیقهیان لەبەرکرا و بەسەنگ و تەرازوی شەرعزانان پێوانە و کێشانەی هەموو مەسەلەکان بوو بە سیمای هەڵسوکەوتی ئەم سەردەمە، ئەمەش کارەساتی مەعریفی و فیکری گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا کە دروستکردنی قاڵبێکی فیقهی نەگۆڕ بوو بۆ هەموو مەیدانەکان، هەر بابەتێک نەچێتە ئەو قاڵبەوە و بە قیاس و پێوانەکانی ئەو نەخوات زۆر بەئاسانی بە دژە ئیسلام و دەرچوو لە ئیجماع ئەژمار دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا نە خودی پێغەمبەر (درووی خوای لەسەر بێت) و نەپێشینانی

ئومەت ئەم کارەیان نەکردووە، بەڵکو ئەوە جەهلی موسڵمانانی ئەم سەردەمەیە بە بەرهەمی کەلەپوری فراوان و فرەڕەهەندی سەدەکانی ڕابردوو، ئەگەرنا بە وردبوونەوە و خوێندنەوەی شیکاریی ئەو کەلەپورە مەعریفیە بۆمان دەردەکەوێت کە نەوەکانی ڕابردوو بەو تەسکی و کورتبینیە بۆ مەسەلەکانیان نەڕوانیووە.

ئەم بابەتە زۆر گرنگ و فراوانە و پێویستی بە دەزگا و ناوەندی توێژینەوە و توێژەری زۆر هەیە تا سەرلەنوێ خوێندنەوە بۆ کەلەپوری مەعریفی ئیسلامی بکەن، هەرکەس بەپێی پسپۆڕی خۆی، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بە بواری پسپۆڕی منەوە هەبێت ئەوەیە کێشەیەکی بنەڕەتی و سەرچاوەی زۆربەی ئاریشەکانی تر لێرەدا باس بکەم کە هۆکارەکەی ناشارەزایی و نەخوێندنەوەی کەلەپوری ئیسلامییە لە مەیدانی ئەدەب و هونەردا، ئەمە جگە لە فراوانی ئەو کایەیە لە کەلەپوری ئیسلامیدا خودی بابەتەکەش گۆڕاو و فراوان و فرەڕەهەندە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە ئەم بابەتە کەوتووەتە دەرەوەی ئەو قاڵبە ئامادەکراوەی ئەم سەردەمە بەپاساوی ئەوەی دەبێت ئەدەب و هونەر لە پرەنسیپ و حوکم و چەمکە فیقهیەکان لانەدات و جێگا بۆخۆی بکاتەوە، هەرچەندە بوارێکی چارەقورس و نەخوازراویشە، بۆیە تا ئەو ڕادەیەی ئەدەب نزیکتر بێت لە وتاری ئایینی و گوتارێکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای هەبێت کە ئاسان بەپێوەرە فیقهیەکان بپێورێت باشتر و پەسەندە، بەڵام ئەدەبێک نزیک لە جیهانی خۆی و خەیاڵ و چرووپر و ناڕاستەخۆ لە گوتاردا نادیار و نامەرغوبە، لە باشترین حاڵەتیدا سەرقاڵبوونە بە لەهو و لەعیب و شتی پوچ و بەتاڵەوە.

ئاخر موسڵمانی بەڕێز پێش ئەوەی هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر ئەدەبدا بهێنیت بۆ ناچیت کەلەپوری فراوانی خۆت بخوێنیتەوە و شارەزا بیت و بزانیت چی گوزەراوە؟ ئایا ئەوەی تۆ دەیڵێیت دروستە و لە مێژووی چەند سەدەی ڕابردوودا هەر بەوشێوەیە چارەسەرکراوە؟ ئەی ئەو بابەتەی کە قسەی لەسەر دەکەیت شارەزای تیایدا و ئاگاداری گۆڕانکاری گەورە و فراوانیت، بە ئاڕاستە و مەنهەجە جۆربەجۆرەکانی ئاشنای؟ بۆچی زۆر بە ئاسانی ڕێگا بە خۆت دەدەیت بە مەعریفەیەکی ئیسلامی کەم و ناشارەزایی لە بواری ئەدەبدا قسەکەری سەرەکی بیت و قسەی کۆتایی لای تۆ بێت؟

## ئەدەب لە کوێی فیقهدایە؟

بە پێچەوانەی ئەوەی زۆرینەی موسڵمانانی ئەم سەرەدەمە پێیانوایە و لایان چەسپاوە، ئەدەب لەهیچ کونجێکی فیقهدا جێگای نابێتەوە، بگرە زۆر دووریشن لەیەکەوە، لەبەرئەوەی:

فیقهـ: لە مانا زمانەوانیەکەیدا واتا تێگەیشتن یان درکپێکردن، زانینی شتێکی نەزانراو بەهۆی شتانێکی زانراوەوە(1)، هەروەها لە زاراوەشدا پێناسەی زۆری بۆ کراوە، بەڵام دیارترینیان ناساندنی ئیمامی شافیعیە کە دەڵێت «زانینی حوکمە شەرعیە کرداریەکانە لە ڕێگای وردەکاری و بەڵگەکانەوە»(2)، مەیدان و بازنەی کارابوونی فیقهـ بریتییە لە کردەوەی باڵغەکان، جا بەداواکردن بێت لێیان یان بەرگریکردن، یاخود سەرپشککردن(3)، بۆیە زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە فیقهـ تایبەتە بە بەیانکردنی حوکمی شەرعی بۆ هەڵسوکەوت و کردەوەی مرۆڤ بەرامبەر خوای گەورە (پەرستشەکان) و مرۆڤەکان لەنێوان خۆیاندا (هەڵسوکەوتەکان)، بەمەش سنورەکانی کارابونی زۆر دیار و ئاشکران و جیاکراوەتەوە لە هەموو بوارەکانی وەکو عەقیدە، زانستی کەلام و ئەخلاق کە نزیکن لێیەوە و بوارەکانی وەکو ئەدەب، سیاسەت

و فیکر کە تارادەیەک دوورن لێیەوە.

لێرەوە دەکرێ بپرسین: بۆچی ئەدەب ناچێتە خانەی کردار و هەڵسوکەوتەکانەوە؟ مەگەر بەرهەمی ئەدەبی گوفتار و قسەی مرۆڤ نین؟ بۆناکرێت وەکو جۆرێک لە چالاکی عەمەلی و کردەوەی خەڵکی سەیر بکرێت؟

بۆ وەڵامی ئەمەش بە کورتی دەڵێین ئەدەب بەرهەمی دنیای خەیاڵ و ناواقیعی و دوور لە یاساکانی ئەقڵ و لۆجیکە، فیقهیش بۆ دنیای واقیع و بیناکراو لەسەر پێوەرە سروشتی و لۆجیکیەکان هاتووەتە ئاراوە، لە دنیای واقیعدا هەموو شتەکان رەهەندی سروشتی خۆیان وەردەگرن و بە پێوەری ئەقڵی دەپێورێن، بوونیان بوونێکی لۆجیکی و زانستی و سروشتییە، دەکرێت بە ئاسانی سنورەکانیان دیاریبکرێن و شیبکرێنەوە، بۆ وەها جیهانێک پێوەری تایبەتی هەیە و میکانیزم و لێکدانەوەی جیاوازە لە دنیای ئەدەب.

هەرچی دنیای ئەدەبە ئەوە دوورە لە واقیعەوە و لەسەر بنەمای خەیاڵ دامەزراوە، هیچ شتێکی واقیعی تیایدا وەکو خۆی نامێنێتەوە، بەڵکو سیفەتی ئەو دنیا خەیاڵیە وەردەگرێت، ئەقڵ و لۆجیک و یاسا سروشتیەکان تێکدەشکێن، ئەوەی لە دنیای واقیعدا ناکرێت و ناگونجێت، لەدنیای خەیاڵدا گونجاوە، بەکورتی جیهانی ئەدەب و خەیاڵ بەوشێوە کۆنکرێتیەی دنیای واقیع سنوربەند ناکرێت، بۆیە پێوەر و میکانیزمی تایبەت بەخۆی بۆ دانراوە و دەبێت وەکو سروشتی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە قسەو وتە و دەربرینی رۆژانە هەر بەوشێوەیە لە چوارچێوەی فیقهدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە بەرهەمی دنیای واقیعە، بەڵام قەسیدە و شیعر و ئەدەب بەرهەمی ئەو جیهانە تایبەتەی خەیاڵن، بۆیە پێوانیان تەنها بەپێی پێوەر و بنەمای رەخنەی ئەدەبی دەبێت

**کاتێک لە بواری ئەدەبدا بەرهەمەکانی ئیبن حەزم دەخوێنینەوە، زۆر جیاواز لەو سروشتە توند و عەقڵانی و ئوسوڵیەی لە بواری ژیانی واقیعی و فیقهیدا دەردەکەوێت.**

کە ئەویش هەڵقولاوی ئەو جیهانەیە و رەچاوی سروشتە تایبەتەکەی دەکەن، ملکەچکردنیان بۆ پێوەرە ئەقلیەکان و پێوانەی دنیای واقیع ئەوپەڕی کارەساتە(4).

### ئیبن حەزم کێیە؟

ئیبن حەزم ناسراوترە لەوەی بیناسێنین، بەڵام بەکورتی (ئەبو محەمەد عەلی کوڕی ئەحمەد کوڕی سەعید کوڕی حەزمە)، لە قورتوبەی ئەندەلوس لەدایکبووە (384–456ک) باوکی وەزیر بووە لە سەردەمی مەنسوری کوڕی ئیبن ئەبی عامردا، خۆشی سێ جار بووە بە وەزیر لە سەردەمی خەلیفە ئومەویەکاندا لە نێوان ساڵانی (409–422ک)، زاناترینی زاناکانی ئەندەلوس بووە و لە هەموو بوارەکانی فیقهـ ئوسوڵ، فەرمودە، عەقیدە، فەلسەفە، زانستی کەلام، ئەدەب و رەوانبێژیدا بێوێنە بووە، لە دوای (تەبەری) زۆرترین کتێبی دانراوی هەیە کە زیاتر لە (170) کتێب دەبن لە هەموو بوارەکاندا(5)، ئەبو قاسمی ساعیدی دەڵێ «ئیبن حەزم لە هەموو خەڵکی ئەندەلوس زاناتر بووە بە زانستە ئیسلامیەکان و مەعریفەی لە هەموویان فراوانتر بووە ..... فەزلی کوڕی بۆی گێڕامەوە کەوا دەستنوسەکانی باوکی کە بە خەتی خۆی نوسبوونی دەگەیشتە نزیکەی (400) بەرگ کە

**ئەگەر پێوەرە فیقهیەکان بۆ مەیدانی ئەدەب بگونجانایە و شیعر بکەوتایەتە خانەی حەڵاڵ و حەرامەوە ئەوا ئیبن حەزم زۆر دەمێك بوو ئەو کارەی دەکرد.**

دەیکردە نزیکە (80000) هەشتا هەزار پەڕە»(6).

دەربارەی زانست و مەعریفەی ئەو زۆر وتراوە لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە لە کۆن و نوێدا، پێویست نییە لێرەدا باسی بکەم، بەڵام ئەوەی ئیبن حەزمی پێناسراوە تا ئێستا مەزهەبەکەیەتی کە بە (زاهیری) ناسراوە کە بە زیندوی کردووەتەوە و ڕابەرایەتی کردووە، دوای ئەوەی وازی لە مەزهەبی شافیعی هێناوە. دانراوی زۆری هەیە لە بواری فیقهـ و ئوسولدا و گرنگترینیان (المحلى بالآثار شرح المجلى بالاختصار) و (الإحكام في أصول الأحكام) کە یەکەمیان (12) بەرگ و ئەوی تر (8) بەرگە. هەروەها لە بواری ئەدەب و زمانەوانیشدا بەرهەمی زۆرە کە گرنگترینیان (طوق الحمامة في الألفة والألاف) و دیوانێکی شیعریە.

### لە نێوان ئیبن حەزمی فەقیهـ و ئەدیبدا

ئەوەی من دەمەوێ لێرەدا تیشك بخەمە سەری وەك نموونەی ئەو قسانەی پێشەوە، ئەم دوو لایەنەی ژیان و زانستی ئەو زانا بەرزەیە کە دەکرێت وەك جوانترین نموونەی جیاکردنەوەی کایە مەعریفیەکان بە تایبەتی هەردوو کایەی فیقهـ و ئەدەب وەری بگرین، ئەو لە کاتێکدا شەرعزانێکی دیار و خاوەنی ئیجتیهاد و مەزهەبی تایبەتی خۆی بووە، لە زۆرێك لە مەسەلە فیقهیەکاندا ڕای جیاوازی هەبووە، لەگەڵ شەرعزانانی تر و بگرە لە زۆربەیان توندتر بووە و ڕازی نەبووە بەو فەتوایانەی کە دەربارەی مەسەلە جیاوازەکان دراون لەلایەن سەرمەزهەبەکانی ترەوە، تەنانەت هەندێك لە زانایان خۆیان پاراستووە لە کەوتنە ناو مەناقەشە و گفتوگۆوە لەگەڵیدا، چونکە زۆر ڕاشکاو و توندبووە لە بەرگریکردن لە ڕاوبۆچوونەکانی و هێنانەوەی بەڵگە(7)، تا کار گەیشتووەتە ئەوەی زانایانی فیقهی مالیکی کە ئەوکاتە مەزهەبی خەڵکی ئەندەلوس بووە کاربەدەستانی لێ هانبدەن و دەری بکەن و کتێبەکانی بسوتێنن، هەموو ئەوانە لەبەر ئەوە بووە کە ئیبن حەزم زانا و فەقیهێکی سەرسەخت بووە و خاوەنی ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆی بووە لە مەیدانی فیقهدا، تەنانەت هەڵبژاردنی مەزهەبی زاهیری لەبەرئەوە بووە کە زۆر پابەند بووە بە دەقەوە بۆ هەڵهێنجانی حوکمە شەرعیەکان، هەردوو چەمکی (القياس والاستحسان)ی ڕەتکردووەتەوە، چونکە بەلای ئەوەوە پێویست بووە بۆ هەر مەسەلەیەک دەقی قورئان و فەرموودەی لەسەر بێت و هەموو جۆرەکانی فەرموودەی وەرگرتووە بۆ فەتوادان(8).

ئەوە بواری فیقهـ و شەرعزانی ئیبن حەزم، بەڵام کاتێك لە بواری ئەدەب و شیعر و پەخشاندا دەیبینین و بەرهەمەکانی دەخوێنینەوە تەواو جیاوازە، وەکو ئەوەی کەسێکی تر بێت، زۆر جیاواز لەو سروشتە توند و عەقڵانی و ئوسوڵیەی لە بواری ژیانی واقیعی و فیقهیدا دەردەکەوێت، لە بواری ئەدەبدا کەسێکی هەست ناسك و خاوەنی عاتیفە و شیعری جوان و ناسك، هەم لەوشە و هەم لە مانادا، لە زۆربەی بابەتە شیعریەکان شیعری وتووە، بە تەواوی لە دنیای ئەدەب و خەیاڵ تێگەیشتووە و بەپێی سروشت و پێکهاتەی ئەو بوارە مامەڵەی کردووە، هیچ کاتێك ئالیەت و چەمك و واتاکانی فیقهی تێکەڵی ئەدەب و شیعر

نەکردووە، ئەمە لەبەر ئەوە بووە کە توێشو و زانستی هەردوو مەیدانەکەی پێبووە، لە هەرکامیاندا قسەی کردبێت و مومارەسەی کردبێت بە ئالیەت و چەمک و پێوانەی ئەو مەیدانە جولاوەتەوە و هەڵسوکەوتی کردووە.

بۆ نموونە ئەگەر سەیری کتێبی (طوق الحمامة) بکەیت سەرەڕای بەهای ناوەرۆکەکەی، لە رووی ئەدەبییەوە پەخشان و شیعری لەخۆگرتووە وا دەزانی ئەو ئیبن حەزمە تەنها ئەدیب بووە و هیچی لە فیقهـ و ئوسوڵ و شەریعەت نەزانیووە، چونکە هیچ شوێنەوارێکی ئەو بوارە تیایدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵام کاتێک ڕاوبۆچوونەکانی لە کتێبی (المحلى) دەخوێنیتەوە موجتەهیدێکی بوێر و زانایەکی ئەقڵانی و ئوسولیەکی توند دەبینیت کە چەند پێداگربووە لە کارکردن بە دەقی قورئان و سوننەت و وەلانانی قیاس و پێوانی شتێک لەسەر شتێکی تر، سووربووە لەسەر ئەوەی بەڵگە بهێنێتەوە بۆ هەموو ڕایەکانی.

کتێبی (طوق الحمامة) کە هەر لە ناوەکەیەوە دیارە کتێبێکە پڕە لە هەستی ناسک و جوانی، بە واتای ئەو بازنەیەی وەکو ملوانکە دەوری گەردنی کۆتری داوە، هەروەها ناونیشانێکی لاوەکیشی بۆ داناوە (في الألفة والألاف) واتە لە بارەی هۆگری و هۆگرانەوە، ناوەرۆکەکەشی دەربارەی خۆشەویستی و عەشق و ماناکانی و سیفەتەکانی و هۆکار و دەرکەوتەکانیەتی، باس لە هۆگری و خۆشەویستی نێوان خەڵکی دەکات لە نێوان لێکدانەوەیەکی فەلسەفی، دەروونی و واقیعی کۆمەڵایەتیدا، جا ئەو هۆگریە لەنێوان هاوڕێیاندا بێت، یان ژن و مێرد، یان کچ و کوڕ، یاخود هەر دوو کەسێک کە عاشقی یەکتری دەبن، بۆ نموونە دەربارەی ئەو کەسانەی کە خۆشەویستی کەسانی تر دەچێتە دڵیانەوە تەنها بە وەسفکردن نەک بینین، دەڵێت: یەکێک لە بنەما سەیرەکانی عەشق ئەوەیە خۆشەویستی بڕوێ لە دڵدا بە وەسفکردن نەک بینین، تا دەگاتە ئەوپەڕی خۆشەویستی و نامە گۆڕینەوە و هۆگری و پەیوەست بوون و شەونخونی، بەڵام بەبێ دیدار، تەنها بەدیار ئەو وێنە وەهمیەوە کە کەسێک بۆ خۆشەویستەکەی دەکێشێت، جاری وا هەیە تەنها بیستنی دەنگی لەودیو دەرگا و دیوارەوە بەسە بۆ خۆشویستن و هۆگری پێوەی، بەوشێوەیە لە زەیندا وێنەیەک بۆ خۆشەویست بنیات دەنرێت تاکو دیدار ڕوودەدات، جا کە ڕوویدا یان وێنەکە بە تەواوی دەچەسپێت و خۆشەویستیەکە زیاتر دەبێت، یان وا دەرناچێت و لەناو دەچێت.

ئەمجۆرە خۆشەویستیە بەزۆری لای ئەو ئافرەتانە دروست دەبێت کە خانەدانن و لەناو کۆشک و تەلاردا جێگای تایبەت و دابڕاو لە پیاوانیان بۆ دروست دەکرێت تەنانەت تێکەڵی پیاوان لە کەسە نزیکەکانیشیان نابن، بۆیە دەربارەی ئەمجۆرە کەسانە ئەم سێ بەیتە دەنوسێت:

**وَيَا مَن لامَني في حُـبِّ مَن لَم يَرَه طَرفي**
**لَقَد أفرَطتَ في وَصفِـكَ لي في الحُبِّ بالضُّعفِ**
**فَقُل هَل تُعرَفُ الجَنَّـةُ يَوماً بِسِوى الوَصفِ (٩)**

واتە: ئەی ئەو کەسەی لۆمەم دەکەی لەبەر خۆشەویستی کەسێک کە نەمدیوە، بەڕاستی بێویژدانی لەوەی من بە لاواز دەزانی لە خۆشەویستیەکەمدا، مەگەر کێ بەهەشتیشی بینیوە تەنها بە وەسف نەبێت؟

گرنگی و بەهای ئەم کتێبە زۆرە، جگە لەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی ناوازەیە مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و ناسینی دەروونی خەڵکیش لەخۆ دەگرێت، بۆیە ئیبن حەزم تیایدا تەواو وەک لێکۆڵەرێکی ئەکادیمی بێ لایەنگیری دەردەکەوێت کە بنەمای زانستی پەیڕەو کردووە، هەرگیز ئەو

ئیبن حەزمە نیە کە فەقیهێکی سەرسەختە، چونکە لێرەدا حوکمی شەرعی هەڵناهێنجێت، باس لە حەڵاڵ و حەرام ناکات، چەمک و ئالیەتی فیقهی تەوزیف ناکات، چەندین چیرۆکی خۆشەویستی دەگێڕێتەوە و وێنای زۆر کەس دەکات کە سەبارەت بە خۆشەویستەکانیان چیان کردووە، بەڵام تەنانەت بە تاکە وشەیەکیش حوکم نادات، ناڵێت فلان کەس لە حەرامدا بوو، یان ئەو کارە لە رووی شەرعەوە نەشیاو بوو، چونکە مەقامەکە هی ئەوە نییە و بوارەکە فیقهـ نییە، بەداخەوە ئەم کتێبەی ئیبن حەزم کەم کەس بینیویەتی و خوێندوویەتیەوە، بگرە زۆر کەس هەر نازانێت ئەو فەقیهە گەورەیە ئەمەشی هەبێت، ئەگەر پێوەرە فیقهیەکان بۆ مەیدانی ئەدەب بگونجانایە و شیعر بکەوتایەتە خانەی حەڵاڵ و حەرامەوە ئەوا ئیبن حەزم زۆر دەمێک بوو ئەو کارەی دەکرد، ئەگەر شیاو بوایە تەنها لە پەنجەرەی فیقهەوە بۆ هەموو کایەکانی ترمان بروانیایە ئەوا کارەکەی ئیبن حەزم ئاسانتر دەبوو.

## ئەنجــام

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1 ـ زانایانی پێشو لە زۆر بوار و مەیداندا شارەزابوون و دانراویان هەیە، بەڵام هیچکات تێکەڵیان نەکردوون و لەگەڵ هەر بوارێکدا وەکو خۆی مامەڵەیان کردووە چونکە زانابوون.

2 ـ هۆکاری سەرەکی نامۆبوونی ئەدەب لەم سەردەمەدا و بەکەم سەیرکردنی لەلایەن موسڵمانانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناشارەزاییان و مەعریفەی کەم و بیری کرچوکاڵیان، نەک هەر ناشارەزایی بە زانستەکانی سەردەم بەڵکو بە کەلەپوری ئیسلامیش کە نازانن لە مێژووەکەیاندا چی گوزەراوە.

3 ـ تاکی مسوڵمان لەم سەردەمەدا هەموو کایەکان لە پەنجەرەی فیقهەوە سەیردەکات و بە پێوانە و کێشانەی ئەو لێکدانەوەیان بۆدەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە تەنها هەر ئەو پێوەرەی لایە و بۆ هەموو کێشێک یەک سەنگی پێیە.

4 ـ لە سەردەمی نوێدا ئیسلام وەکو فیقهـ و بانگەواز زیندووکرایەوە نەک وەکو فیکر و مەعریفەی فراوان، بۆیە تاکی موسڵمان لەم سەردەمەدا وا دەزانێت سەرلەبەری کەلەپور و مێژووی ئیسلام کەلەپوری فیقهیە و پانتایی زۆر فراوانی لەو کەلەپورە فەرامۆش کردووە، کە بایەخی یەکجار زۆری هەبووە و دەبێت.

*****

## سەرچاوە و پەراوێز:

1 لسان العرب، ابن منظور، طبعة دار صادر – بيروت، مج13، ص522، مادة (ف ق هـ).
2 الفقه الإسلامي وأدلته، د.وهبة الزحيلي، دار الفكر – دمشق، ط4، ص30.
3 هەمان سەرچاوە، ل31.
4 بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بر□وانە: چەند سەرنجێک لەسەر پرسی ئیسلام و شیعر، د.ئیسماعیل بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی، لاپەڕەکانی 23–40.
5 سير أعلام النبلاء، الذهبي، مؤسسة الرسالة،2001، مج18، ص184–185، وشذرات الذهب، 163/3، معجم الأدباء، 240/12،والذخيرة، 170/1.
6 سير أعلام النبلاء، 187/18.
7 ابن حزم، حياته وعصره وآراؤه الفقهية، محمد أبو زهرة، دار الفكر العربي، القاهرة، 1954، ص7.
8 بروانە هەمان سەرچاوە، ل35–40.
9 . طوق الحمامة ، طبعة دار الكتاب العربي– بيروت، 2005، ص30.

# ژینگەی ئاییندارى كوردستان و تەختە ڕەشەكەی مستەفا زەڵمی





**د. ئاراس محەممەد سالح**

ئاراس محەمەد ساڵح. لەدایکبووی ١٩٧٠
هەڵگری بروانامەی دکتورا لە شەریعە.
چەند کتێب و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

ئێمە میللەتێکین زۆر حەزمان لە ستایش و پیاهەڵدانە، نازانم بۆ هەموومان حەزدەکەین ستایش بکرێن و ڕەخنەمان لێنەگیرێت، ئەی لە کۆنەوە کورد نەیوتووە «دۆستت ئەوەیە دەتگریەنێت»، ئەم گریانە لە دەرەوەی گریانە باوەکەیە، واتە ئەو کەسەی کەموکوڕی و ناتەواویەکانت پیشاندەدات و ستایشت ناکات ئەوە دەتگریەنێت، ڕەخنەگرتن هەنگاویکە بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو هەڵانە دووبارە نەکەینەوە، ڕەخنە ئەوەندە قورس بووە لەسەر تاکی کورد بەگریان وێناکراوە، بۆ ئەوەی کەس نەگریەنین و پیاوخراپ نەبین، هەموان خۆمان لە ڕەخنە لادەدەین و خەریکی ستایشی ناڕاستگۆیانەین زۆرکات.

ئەمجارە لە دەرەوەی ئەو نەریتە باوە ڕەخنەدەگرین و هەرکەسیش دەگری ئازادە، ڕەخنەگرتن لە ڕەوشی ئاییندار کوردستان، ژینگەی ئاییندار کوردستان ئەگەر هەزاران شتی جوانی تێدابێت، ئەوەشی تێدایە کە زۆرجار زۆر دڵڕەق و بێبەزیی بووە لە بەرامبەر کەسانێک پێچەوانەی ژینگە دینیە باوەکە هەنگاویان ناوە و بیریانکردوەتەوە، نەیانویستووە لاساییکەرەوەیەکی کوێرانەبن.

بۆ ئەم بۆچوونە نموونەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، نالی، حاجی قادری کۆیی، مەلا محەممەدی قزڵجەیی و دەیانی ترمان هەیە، مەولانا کاتێک نابێتە بەشێک لەو ژینگە دینیە باوە دەیان تۆمەتی نارەوای بۆ دروست دەکرێت و ناچاری کۆچ و دووری نیشتمان دەبێت و لە غوربەتا سەردەنێتەوە، نالی هەروەها لە غوربەتەوە ئاخ بۆ شارەزور و خاکوخۆڵ و نیشتمان هەڵدەکێشێت، حاجی قادر سەری خۆی هەڵگرت و قزڵجەیی بەغدای کردە مەنزڵگایی خۆیی، مامۆستا مەلا عەبدولکەیمی مودەڕیس لە سلێمانی نەکرا بە پێشنوێژی مزگەوتێک و لە بەغدا بووە موفتی هەموو عێراق؟!

دکتۆر مستەفا زەڵمی کاتێک ویستی ڕەوشی خوێندنی مزگەوت کەمێک پێشخات، لەناو مزگەوتەکەیدا «تەختەڕەش»ی هەڵواسی، بیری ئاینی کوردستان ئەوەندە تەسک بوو، ئەو کارەیان بە کوفر ناوەزەدکرد و وتیان قیامەت هەڵساوە، زۆر دڵڕەقانە بێئەوەی بتوانن لەگەڵ خۆی گفتوگۆ بکەن پیاوانی ئاینیی خۆیان گەیاندە لای موتەسەڕیفی شار و لەو مەترسیە گەورەیە ئاگاداریان کردوە، (کاروانی ژیانم،ب1ل 220-221)، بەڵام موتەسەڕیف هەرچەندە کەسێکی نائایینی و خەڵکی شاریش نەبوو، پێش ئەوەی هیچ بڕیارێک بدات، یەکسەر بڕوایان پێناکات و پرسیار لە (قازی شێخ محەمەدی خاڵ) دەکات دەربارەی ئەو بابەتە، ئەویش وەک کەسێکی کراوە و ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو زۆر ستایشی زەڵمی دەکات و بە مامۆستایەکی دڵسۆز وەسفی دەکات.

بەڵام ژینگەی دڵڕەق و کەسانی لاوازی باربەسەر دینەوە وازی لێناهێنن و تۆمەتی نارەوای دەدەنەپاڵ، مامۆستای زەڵمی کاتێک

ئەو دیاردە نەشیاوانە دەبینێ لە پیاوانی ئایینی بڕیار دەدات ماڵئاوایی لە نیشتمان بکات و ڕیشی بتاشێ و مێزەری پیرۆزی مەلایەتی بۆیەکجاری دابنێت و خۆی دەکاتە سەرباز، ماڵئاوایی لەو ژینگە دڵرەقە داخراوە دەکات کە دڵسۆزەکانی وەک ئاش دەهاڕێت.

سەد مەخابن مەلایەکی دوازدە عیلمی پەروەردەی مزگەوت و حوجرە ناچار بکرێت ڕوبکاتە سەربازگە و ناو ژینگەی چەک و جبەخانە، مزگەوت و میحراب و زانست و فەقێ و حوجرە وازلێبهێنێت، ئەم ڕووداوە وێنایەکی داخراوی و دڵرەقی ژینگەی ئاینداری کوردستان نەبێت هیچی تر نییە.

مستەفا زەڵمی ساڵانێکی زۆر ئازاری غوربەتی چەشت و دووری لە نیشتمانی هەڵبژارد، بەڵام بووە (پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی) دەیان کتێبی گرنگی نووسی و خزمەتی زۆری زانکۆ و زانستی کرد، لە کۆتاییدا وەک زانایەکی گەورە و ناسراوی جیهانی ئیسلامی کۆچی دوایی کرد، وەک وەفایەک بۆ خۆشەویستی نیشتمانەکەی وەسیەتی کرد با گۆڕەکەی لە هەوارەکەی خۆی بێت لەسەر ڕێگای زەڵم و خورماڵ و بناری چیای هەورامانی جوان، هەزاران درود لە مستەفا زەڵمی دەرون بەرز،

## ماموّستا مەلا عەبدولکەیمی مودەڕیس لە سلێمانی نەکرا بە پێشنوێژی مزگەوتێك و لە بەغدا بووە موفتی هەموو عێراق

دەروونێک لاسامە و وەیشومەی ڕۆژگار نەیتوانی بیلەرزێنێ، هەتا ژیا دژی زۆردار و پیاوی لاواز و ڕقن، دۆستی هەژار و فەقێ و خوێندکار و کتێب و قەڵەم بوو.

مستەفا زەڵمی سەری نایەوە، ئایا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەموان واز لە دڵرەقی و شکاندنی ئەوانی تر بهێنین، کاتی ئەوە هاتووە گفتوگۆی زانستی بکەین و ئەوەی دین وەریدەگرێت و قبوڵی بکەین و ئەگەر کەسێک وەک ئێمە بیری نەکردەوە ڕێزی بیرکردنەوەکەی بگرین، تەنها خۆمان بەڕاست نەزانین، ڕەنگە زۆرکات ڕاستی لای بەرامبەرەکانمان بێت، هەتا ئێستایش ژینگەی دینداری پڕە لە ڕق و کینە و کەراهیەت، بەشێوەیەک خەریکە جوانیەکانی دین دەشارێتەوە و ژینگەی دینداری دەبێتە شوێنێک بۆ ڕق و کینە و غەیبەت.



# فازیل رەسول

## ئەو سەکردەی ئەوروپیەکان ستایشی دەکەن و کورد بەهی خۆی نازانێت




**ئیسماعیل تەها**

بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.
چەندین بەرهەمی وەرگێردراوی هەیە.
چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

## پێشەکیی

زۆربەی نەتەوەکانی ناوچەکە لەسەر بنەمای نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکانیان دەکەن، نەک لەسەر بنەمای حزبی و ئیدۆلۆجیی. کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی لە نەتەوەکانی تر ناچێت، هەمیشە لەسەر بنەمای تەسکی حزبی و ئیدۆلۆجی مامەڵە لەگەڵ کەسایەتیەکانی دەکات، جا بەتایبەتیش ئەو کەسە وەک کەسایەتیەکی ئایندار ناوی هەبێت، ئەوا ئەگەر حزبێکی لەپشت نەبێت ناوی لەمێژوو ون دەبێت، عەلمانیەکان ونی دەکەن، ئیسلامییەکانیش مادام ئەندامی خۆیان نییە، ئەوا ئەوانیش دەبنە بەشێک لە پرۆسەی شاردنەوەی ئەم کەسایەتییە.

ئەم ساڵیش وەک ساڵانی رابردوو ناوی ئەم پیاوەیان ونکرد، هیچ کەسێک لەوانەی قسەیان هەبوو لەسەر عەبدورەحمان قاسملو، قسەیان نەبوو لەسەر فازڵ رەسول، وەک ئەوەی فازل کەسێک نەبوبێت لەگەڵ عەبدورەحمان قاسملو تیرۆرکرابێت، تەنها نووسەرانی عەرەب و ئەورووپیەکان نەبێت، جگە لە چەند کەسێکی کورد، کە شتیان لەسەر نووسیوە، هەروەها رۆژهەڵاتناسە ئەڵمانیەکانیش گرنگی زۆر بە نووسینەکانی ئەم پیاوە دەدەن، وەک سەرچاوە بەکاری دەهێنن(١)

## فازڵ رەسول کێیە؟

بە وتەی عزەددین مستەفا ڕەسول، فازل ڕەسول لە سلێمانی ساڵی ١٩٤٧ لە دایک بووە.

بەکالۆریۆسی لە بەغدا لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەدەستهێناوە. لە بەرلین ساڵی ١٩٨٥ بڕوانامەی دکتۆرای لە سیاسەتیی نێودەوڵەتیی بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٨٦ گۆڤاری (منبرالحوار)ی لە ڤییەننا و بەیروت دامەزراند. مامۆستای زانکۆ بوو لە نەمسا. چەند کتێبێکی بە زمانی عەرەبی و ئەڵمانی نووسیوە. چەند وتارێکی بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئەڵمانی هەیە. بە قسەی وەجیهـ کەوسەرانی، فازڵ یەکەم کەسە لە جیهانی ئیسلام، لە دوای ڕوخانی دەولەتی عوسمانیی و سەرهەڵدانی دەوڵەتی ناسۆنالیی، بتوانێت ئیسلامیی و عەلمانیی و ناسیۆنالیی، لە قاهیرە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ لە سەر مێزی گفتوگۆ کۆ بکاتەوە. لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٨٩ داوای لێکرا ببێتە نێوەندگیری نێوان دکتۆر قاسملو و ڕژێمی ئێران. لە ئێوارەی ١٣ ی تەمموزی ساڵی ١٩٨٩ لە کاتی گفتوگۆدا درایە بەر ڕێژنەی گوللە و لە گەڵ دکتۆر قاسملودا تیرۆر کرا (٢).

ئاشکرایە فازل رسول خۆی لە سەرەتاوە کەسێکی چەپ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا چەپێک بووە، جیاواز لەگەڵ چەپەکانی سەردەمی خۆی، بەهۆی ئەوەی شارەزایەکی زۆری هەبووە لە فیکری مارکیسیزم، ئەگەر سەیری نووسینەکانی بکەین ئەوە دەردەخات کە کەسێکی چەپ بووە، لە نووسێنێکی دەڵێت «خاسیە تەکانی ئەم ئەدەبە نوێیە ی ئێستا سەریهەڵداوە ئەوەیە، کە هەرچەندە گیانێکی شورشگێرانەی چەپڕەویان تیایە و هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی رێگەیەکی نوێ و کۆتاییهێنان بە شێوازە کۆنەکانی ئەدەب، بەڵام هەموو سیفاتەکانی فیکری بورجوازی بچوکی تیایە(٣).

ئەمە جگە لەوەی کە فازڵ لە ریزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کاری کردووە، لە هێڵی مام جەلال بووە(٤)، بۆیەش ئەو تا ساڵانی حەفتاکان کە گروپی روانگە دروست دەبێت، یەکێک دەبێت لەو نووسەرانەی چەند وتارێکی رەخنەیی لەسەر ئەم گروپە دەنووسێت، دواتر لەگەڵ محەممەد مەلا کەریم بە چەند نووسینێک وەڵامی یەکتری دەدەنەوە، لە کۆتایی وتاری (چوونەوەیەک بە وتاری روانگە، یان ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیست) دەنووسێت «من روانگەیی نیم، وەک برادەر فازڵ سەربازێکی بچوکی لەشکری پرشکۆی مارکسیزم و لینینزمم(٥).

## فازڵ رەسول گەرانەوەی بۆ ئایین

ئەگەر سەیری نووسینەکانی بیرمەندە ئیسلامییەکان بکەین، بە روونی ئەوە دەردەکەوێت، کە فازڵ کاریگەری هەبووە بەسەریانەوە، بەهۆی ئەو سادەیی لە ژیان، رۆخۆشی لە گفتوگۆ و بڕوای پتەوی بە گفتوگۆ وا دەکات جێگای لە دڵی هاورێکانی دیاربێت، یەکێک لەوانە (محەممەد سەلیم عەوا) بەم جۆرە باسی فازڵ رەسول دەکات «فازڵ رەسول مامۆستای زانستە سیاسییەکان و سەرنوسەری (منبر الحوار)، ئەو پیاوەی پڕە لە خۆشەویستیی خەڵک، کە گفتوگۆت لەگەڵ دەکات بەوپەڕی نەرم و نیانیی وەک دۆستێکی خۆشەویست، وەک لایەنێکی گفتوگۆی سەختیش کە سەرسامت دەکا بەوەی کە دوژمنان نابێ بسوتێنرێن، بەڵکو پێویستە چاو روون بکرێن تا روناکی ببینن(٦).

ئەحمەد بن بللای سەرۆکی جەزائیر و دۆست و هاورێی فازیل لە وتارێکی کە دوای تیرۆرکردنی بڵاوی‌کردۆتەوە بەم جۆرە وەسفی دەکات، «پێش هەموو شتێک فازڵ پیاوی گفتوگۆکردن بوو، جگە لەوەی کە خاوەنی رۆشنبیرییەکی هەمە جۆر و فراوان بوو.

ئەم پیاوە کە چرکەیەک دوو دڵ نەبوو، بۆ بەرگریکردن لە بەهاکانی ئازادی و کەرامەت، لە هەمان کاتیشدا، لە بەرزترین پلەی بەرزی ئەخلاقدا، پیاوێکی کراوە و بێناز و فیز، مرۆڤدۆست و چاکەخوازبوو. ئەمانە چەپکە گوڵێکن لەو چەپکە گوڵانەی بۆنی گوڵاوی ئەخلاقی فازڵیان لێدێت، ئەو گوڵاوەی ئیتر بۆنەکەی لەمێشکت دەرناچێت، لەو چرکەوە کەلێی نزیک بوویتەوە. فازڵ، هەموو ئەو چەپکە گوڵانەی ئەخلاقی بە گوڵاو بۆنخۆش دەکرد. ئا ئەمە رێک هەستی ئێمە بوو کە لە نزیکەوە فازڵمان ناسیوە، هەر کاتێک بیرمان بۆ لای ئەو چووبێت یان ئەو بیری ئێمەی بۆ لای خۆی راکێشابێت(٧).

وەجیهـ کەوسەرانی بیرمەند و زانای سۆسیۆلۆجیای دیاری لوبنانیی، پێیوایە فازڵ زمانی پێوەندی نەتەوەکانە، لە وتارێکی بەدرێژی باسی عەلی شەریعەتی و فازڵ رەسول دەکات و دەڵێت «فازڵ رەسول، دەربڕینی ئەو پێویستیە مێژووییە بوو. ئەم دەربڕینەش تەنها لە تەرجەمەکردن خۆی کورت هەڵنەهێنا، چونکە وەرگێڕڤانان زۆر بوون، بەڵکو مانای ئەو وەڵامگەرییە مێژووییە بوو، بۆ پێویستییەکانی کرانەوە لە نێوان ئەو زەمانانەی کولتوری ئیسلامیان هەڵگرتووە و پێویستییەکانی وتووێژ و گفتوگۆ و پێکگەیشتن، لەنێوان گەلانێک، خلبوونەتەوە بەرەو گۆشەگیری و پەرتەوازەیی. هەروەها کەناڵەکانی پەیوەندی کولتوریی لەنێوانیاندا نەماوە، کەچی ئەو هەموو نوێگەرییە هاتووەتە ئاراوە، لە ئامێرەکانی تەکنەلۆجیا بۆ راگەیاندن و پەیوەندی و زانستی کتێبخانەکان لەم سەردەمەدا(٨).

## فازڵ رەسول و ئایین

هەمیشە ئەوانەی خاوەن فیکرن چەند فیکرێک تاقیدەکەنەوە، فازڵیش یەکێک لەوانە چەند قۆناغێکی فیکری بڕییوە، دواجار دەگەرێتەوە سەر هزری ئیسلامیی، ئەمەش بەشایەتی کەسانی نزیک لەخۆی، شێرکۆ بێکەس دەڵێت «دەمێک بوو ئەو دەنگ و باسانەم گوێ لێ دەبوو کە فازڵ بۆتە ئیسلامیی، هەڵبەت من بۆخۆم ئەو دەنگ و باسانەم پێ سەیر بوو، چونکە کاک فازڵ یەکێک بوو لە مارکسیە چالاکەکان».

دواتر دەڵێت «کاک فازڵی مەلا مەحمود داوەتیماڵەوەی کردم. ئەو ژوورەی لێی دانیشتبووم بەدیوارەکەی بەرامبەرمەوە بەخەتێکی کوفی گەورە و لە چوارچێوەیەک ئایەتەلکورسی هەڵواسرابوو.

لەولای تریشەوە وێنەی قورئانێکی گەورە کراوە. لەدڵی خۆم گوتم ئەمە چییە؟ تۆبڵێی ئەمەی بە ڕاستی بێت، ماوەیەک بێدەنگبووین، بەڵام ئیتر خۆم پێرانەگیرا ئەوەی لە دڵمابوو بە کاک فازڵم وت: ئەری ئەوەر بە ڕاستتە، یان ئەمەش هەر تەکتیکێکی سیاسییە؟ لە وەڵامدا وتی: بەراستمە، وتم: ئەی نوێژ و ڕۆژوو؟ وتی: ئەوانیش، وتم: دامنابوو پێکەوە لە بارەخۆشەکاندا دانیشسن، وتی: نا ئێستا وانیم. بەکورتی سەرمکردە سەری لەماڵی خۆشیدا تۆزێ پەستم کرد، بیرمە لە دواییدا وتی: ئێمە هەموو ڕێگایەکمان تاقیکردەوە، با ئەوەش تاقیبکەینەوە، هەرچیش بیکەم هەر بۆ کورد دەیکەم»(٩).

وەک دیارە فازڵ پێشتر گاڵتەی بە دینداریی هاتووە، نەک ئەوەش بەڵکو دژی بەکارهێنانی هەموو جۆرە ئاماژەیەکی ئایینی بووە، بۆیەش زۆرجار لەگەڵ (د. عیزەدین مستەفا ڕەسول) کەوتۆتە کێشە، وەک د. عیزەدین کە ئامۆزایی فازڵ ڕەسولە ئەو هەر بە فازلی مەلا مەحمود ناوی دەبات، دەڵێت «فازڵی ئامۆزام، شەهید دکتۆر فازل مەلا مەحمود، کە ئەو کات لە گەڵ مامۆستا برایم و مام جەلالدا بوو، پاشان چووە ڕیزی کۆمەڵەی ڕەنجەدەرانەوە، لەوە تووڕە بوو کە من لە (التاخی) دا ئیش بکەم و بە تەوسەوە باسی ئەم (اللهم) ەیەو چەند ئایەتێکی پیرۆزی قورئان هێنانەوەی لە نووسینەکانمدا دەکرد و دەیووت: ئیشالڵا پارتی و مەلا مستەفا، دەتکەنەوە بە مەلا. کە دوا جار لە ساڵی ١٩٨١ ئەو خۆشەویستە نازدارەم لە ڤیەننا دی و تەواو لە بیری ئیسلامیدا نقوم بووبوو ئەوەم هێنایەوە بیر»(١٠) .

(د. ریزوان ئەلسەید) لە وتارێکی کە علی سیرینی وەرگێراوە بۆ کوردی، باس لە کۆتابینینی خۆی و فازل ڕەسول دەکات، دەڵێت «سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ لە کۆڕیکدا لە بەرلین فازڵم بینینی،

**ئەو پێیوایە یەکسانکردنی هاتنی سەرەتای ئیسلام بە داگیرکاری عەرەبی، شەڕکردنە بەکۆنەقین، چونکە ئەوکاتە بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ئارادا نەبوو.**

بە ڕێککەوت دوعا و نزایەکی پێغەمبەرم (درودی خوای لەسەر بێت) بۆ گێڕایەوە، فازڵ بە گرنگیپێدانەوە نووسیەوە و لەبەریکرد، ڕۆژی دواتر، بۆ نوێژی عیشا لە مزگەوتێکی بەرلین فازل پێش نوێژی بۆمانکرد و لەقنوتی نوێژدا دوعاکەی خوێند، ئێمەش لەدوایەوە بە ئامین گوتن: خودایە بەزەییت بێتەوە بەپیرە کرنۆشبەرەکان، بە ئافرەتە ترساوەکان، بە مناڵە شیرخۆرەکان، بە لاوازە برسییەکان، کە ئازار و میحنەت بەسەریاندا ڕژاوە، بەنێو پێدەر و شاخ و دۆڵ گشتی گومڕاوە، هاواری تۆ دەکەن خودایە گیان چارەسەرێک(١١)

لەسەر ئاستی تیۆریش، ئەو پێیوابوو کە ئیسلام هاتووە بۆ چارەسەری گرفتەکان، بازنەی ئیسلام زۆر فراوانترە لە بازنەی نەتەوە، بەو پێیەش کە لەم قۆناغەی مێژووی مرۆڤایەتی نەتەوەکانی تر خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن، بۆیە ناکرێت گەلی کورد سەیری نەتەوەکانی تر بکات، خەبات نەکات لەپێناوی گەلەکەی، بەدیدی فازڵ باشترین خەبات لەم قۆناغە گفتوگۆکردنە لەگەڵ گەلانی ناوچەکە، لەو پێناوەش گۆڤاری (منبرالحوار) دادەمەزرێنێت لەگەڵ نوخبەیەک لە بیرمەندانی عەرەب، بەهەموو ئاراستەجیاوازەکان، دواتریش نەدوەیەک ڕێک دەخەن لە قاهیرە بە ناونیشانی (حوارالإسلام

فازڵ سەرەتا ژیانی گاڵتەی بە دینداریی هاتووە، نەك ئەوەش بەڵکو دژی بەکارهێنانی هەموو جۆرە ئاماژەیەکی ئایینی بووە.

والعلمانية)(١٢)، کە تێیدا چەندین بیرمەندی عەرەبی بەشدار دەبن، فازڵ گۆڤاری (منبر الحوار) دەکات بە مینبەرێک بۆ گەیاندنی دۆزی رەوای گەلەکەی وڵاتانی ناوچەکە.

فازڵ رەسول لەوکاتەوەش کە مارکسی بووە، رێزی بۆ ئایینی نەتەوەکەی داناوە دژی هەموو جۆرە سوکایەتیەک بووە، بە موقەدەساتی گەلەکەی، لەم رووەوە رەخنەی توند لە گروپی روانگە دەگرێت، پێیوایە روانگەییەکان زۆر بە رەقی و هەرزەکارانە هەستی ئاییندارى خەڵک بریندار دەکەن و دەیوروژێنن، کەچی دێن بە چرای ئەفسانە و خەیاڵ بەدوای راستی پەیامە ونبووەکەی زەردەشت دەگەرێن.(١٣)

ئینجا ئەو هێناوەنەوەی دەقەکانی زەردەشت لە شیعری شاعیرێکی گروپی روانگە کە دەڵێت»
بە بەهەشتی بەڵێنی دۆزەخیان بشۆن(١٤)»
ئەو پێیوایە ئامانج لەو دەقانە راستکردنەوەیانە بەرامبەر مەبدەئەکانی ئیسلام، کە ئەمەش هەر ئەنجامی پێوانە شێواوە ئاوەژووەکەی بیری ئاڵۆزاویانە و پرە لە گیانی رەگەزپەرستی و دوژمنایەتی عەرەب.

جگە لەمەش پێیوایە کە یەکسانکردنی هاتنی سەرەتای ئیسلام بە داگیرکاری عەرەبی، ئەوە شەڕکردنە بەکۆنەقین، چونکە ئەوکاتە بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ئارادا نەبوو, نە کورد نە عەرەب، گەرانەوەش بۆ زەردەشتیەت توشکردنی کوردە بە شەرِی لابەلا و لەبیرکردنی دوژمنە راستەقینەکانی خۆیەتی.

ئەمانە وا دەردەخەن کە فازڵ رسول هەر لەسەرەتای ژیانیەوە، گرنگی داوە بە خوێندنەوەی ئیسلام و مێژووەکەی، چونکە ئەم جۆرە قسەیە لە ئەنجامی قوڵبونەوە و خوێندنەوەی زۆرە، چونکە ئەم جۆرە لێکدانەوەیە بە کەسێک ناکرێت کە خوێنەرێکی سادەی ئایینی بێت (١٥).

هەرچەند لەم قۆناغەی هێشتا فازل مارکسی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئیسلامی بەلاوە گرنگترە بوە، لە زەردەشتیەت، پێی وابووە زەردەشتیەت زۆر کۆنەپەرسترە لە ئیسلام(١٦)

## فازڵ و کوردایەتی

فازڵ هەرچیەکی کردبێت لە پێناو کوردایەتیدا بووە، ئەمە قسەی خۆیەتی، کە شێرکۆ بێکەس باسی دەکات، ئیتر دوای ئەم قسەیەی فازڵ هەرچی بگوترێت بێ بنەمایە، چونکە خەڵێک هەیە دەیانەوێت، فازڵ بەدژ کورد وێنا بکەن، کە ئەمەش هەر لە بەرامبەر ئەو نەکراوە، بەڵکو زۆربەی ئەو کەسانەی کە هەڵگری فکرێکی ئایینی بوون رووبەرِووی هەمان تۆمەتی بێ بنەما بونەوە، بۆیە فازڵ رەسولیش بێ بەش نەبووە، لەم تۆمەتە، کوردایەتی لە وتارەکانی رەنگی داوەتەوە، کەس ناتوانێت موزایەدەی بێ بنەمای بەسەروە بکات، چونکە هەمیشە هەوڵی داوە کە کوردایەتی و ئیسلامەتی پێکەوە گرێبدات، هیچیان لە سەر حیسابی هیچیان نەبێت، بەتایبەت ئەو کە خۆی شارەزایەکی قوڵی لە سیاسەتی کۆن و نوێی ناوچەکە هەبووە، کە بەو پێیەی فازڵ کورد بوو،

هاونەوەی فازڵ و دوو نەوەی پێشووتر، ئازارێکی زۆریان چەشت لە پاشماوەکانی کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی و هاتنەکایەی دەوڵەتی هەرێمیی لە ڕۆژهەڵاتدا. فازڵ زۆر هەستیار بوو سەبارەت بە ڕۆڵی ئیسلام بۆ یەکێتی لە مێژووی ناوچەکە، لە قۆناغی خەباتکردن دژ بە چوارچێوەی ئیمپریالی پاش جەنگی یەکەمی جیهان. لەبەر ئەوە پاش ئەزمونێکی کورتی لەگەڵ چەپی کوردی و عەرەبی، لە سەرەتای هەفتاکاندا، فازڵ پاڵکێش (اندفاع) بوو هەروەک زۆربەمان پاڵکێش بووین- بەرەو ئەو شەپۆلەی کە شۆڕشی ئێرانی دروستی کرد (١٩٧٨-١٩٧٩)، بۆیە فازڵ گەڕایەوە بۆ خوێندنەوەی مێژووی گەلەکەی بەتایبەتی و مێژووی هاوچەرخی ناوچەکە لەم میانەوە. لەکاتێکدا گۆڕانکارییەکانی هەشتاکان لە ئێران، لە جەنگیدا لەگەڵ عێراق ئێمەی سارد کردەوە بەرامبەر بە ئێران، بۆ فازڵ، ڕووداوە دڵتەزێنەکان تەئکیدیان کردەوە کە ناسیۆنالیزم (بە واتا ڕۆژئاواییەکەی) هیچ چارەسەرییەک بۆ کێشە بنەڕەتییەکان پێشکەش ناکەن، کەپێشتر و ئێستاشی لەگەڵدابێت گیروگرفتی گیروگرفتەکانە سەبارەت بە گەلی کوردی پەرتەوازە لە نێوان چوار دەوڵەتدا(١٧).

فازڵ لەیەک کاتدا کورد و عەرەب و موسڵمان بوو. لەسەر ئاستی جیهانیش، خۆشەویستیی بۆ زانین و چاوبرینە مەعریفەت و پێویستییەکانی، وایلێکرد بچێتە نێو جەرگەی شارستانییەتەکان و کولتورە ڕۆژئاواییەکان، بە فرە زمانییەکی هەمەجۆر و پێگەیشتوو، کە فازڵ لەغوربەتەکەیدا لە ڤییەننا وەک لێکۆڵەڤانێک و مامۆستایەکی زانکۆی بەرز دەرکەوت، بێئەوەی ڕەسەنایەتی خۆی لێ ون بێت، یان واز بێنێت لە پابەندبوونیی فیکری خۆی(١٨).

ئا بەم شێوە، پێویستیی مێژوویی بۆ فازڵ ڕەسول بەرقەرار بوو، بەشداریکردن لە پێگەیشتنی فیکری لە نێوان کولتورە ئیسلامییەکان و بەشداریکردن لە گفتوگۆکردن، لەنێوان شارستانییەتە مرۆڤایەتییەکان. ئنجا پەیوەندی فازڵ ڕەسول بە نووسینەکانی عەلی شەریعەتی، بەشێک بوو لەو پێویستییە مێژووییە هەرە گەورەیەی، کە فازڵ ڕەسول هەوڵیدا لە ئاستی بەتەنگەوە بوون و وەڵامگەرییەکەی بێت، نەک هەر تەنها لە خوێندنەوە عەرەبییەکەی بۆ عەلی شەریعەتی، بەڵکو لە میانەی سەرجەم کارە فیکری و ڕۆشنبیرییەکان کەپێی هەڵسا، لە مەودای لێکۆڵینەوە، بانگەواز و هەڵوێستدا. ئنجا گۆڤاری «منبر الحوار» بەشێک بوو لە بەروبوومی ئەم پرۆژە مەزنە.

ئەو کەسێکی سادەبوو لە ژیان، ئەوەی لای گرنگ نەبوبێت ژیانی تایبەتی خۆی بووە، جیاوازی بیرورا واناکات پشت لە هاوزمانەکانی خۆی بکات، لەکاتی سەردانیکردنی شێرکۆ بێکەس بۆ ڤییەنا، یەکێک بوو لەوانەی دەچێتە پێشوازی بە شەرواڵێکی کوردی وجووتێ کلاش، لەگەڵ ئەوەش ئەو لە ناوجەرگەی ئەورووپایە ئامادە نییە واز لە کولتوری رەسەنی خۆی بێنێت، ئنجا جیاوازی بیرورا کارناکاتە سەری نەچێتە پێشوازی شێرکۆ بێکەس، دوای ئەوەش کە شێرکۆ لەماڵەوە سەرکۆنەی دەکات کە ئەو چی لە دینداری داوە، کەچی بۆ رۆژی دواتر دەچێتە کۆڕە شیعریەکەی شێرکۆ، ئەم هەڵوێستەی شێرکۆ بێکەس کارناکاتە سەر فازڵ کە بەشدار نەبێت لە کۆڕەکەی. کەچی شێرکۆ بێکەس لە سەرجەم شیعرەکانیدا، باسی دەیان کەس دەکات وەکو خولەپیزە، موسا عەنتەڕ (ڕۆژنامەوانێکی کوردی تورکیا بوو)، قاسملو ...هتد، کەچی باسی فازڵ ناکات کە لە پێناو کورد خوێنی رژا! ئەمەش جیاوازیی نێوان موسڵمانی کورد و ئەوانی ترە. نموونەش زۆرن وەکو ناسری

سوبحانی, ئەحمەدی موفتیزادە و سەعیدی نورسی و دەیان زانای تر کە لە نێوەندی بەناو کوردایەتیی پوکاوی بێدینیی فەرامۆش کراون.

لەکاتی گەڕانەوەی شێرکۆ بێکەس, جارێکی تریش فازڵ دەچێتەوە وێستگەی شەمەندەفەر بۆ ماڵ ئاوایکردنی(١٩)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وەک سەلیم ئەلعوا لە کتێبەکەی باسی دەکات کە دەڵێت «فازڵ ڕەسولم قەت نەمبینی جارێک مەشغول بێ بە شتێک تایبەت بە خۆی. جلوبەرگی ساکارترین جلوبەرگ بوون (لە زەوقێکی تا بڵێی جوان و بێ فیز کە شایەنی ڕێزگرتنە) و ژیانی تایبەتیشی لە پێداویستیە هەرە سەرەتاییەکان خۆی کورت هەڵێنابوو، گوێی بە خۆشیی و نازوفیز نە دەدا، هەردەم لە هاتووچووی بێ وەستان بوو، بۆ دیداری هزرڤانانی ئەم ئوممەتە، لەو پەڕی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای عەرەب، کە گفتوگۆی لە گەڵ دەکردن و گوێی لێ دەگرتن، هەوڵی دەدا پردێک دروست بکات، بۆ ئەوەی ئەم ئوممەتە کە دووچاری دواکەوتنێکی نابود هاتووە، بە سەریدا بپەڕێتەوە، بۆ ئەو جێگا و مەکانەتەی کە شایەنیەتی، لە پێشەنگی سەرکردایەتی کردنی مرۆڤایەتی».



## کۆتایی

فازل رەسول بەهۆی ئەوەی خاوەنی فیکرێکی ئیسلامي بووە، کەس باسی ناکات، فازل لە غەریبي ژیا، لە غەریبي تیرۆرکرا، هەر لەغەربیش نێژرا، هیوادارم قەڵەمبەدەستان ئەوانەی زمانی ئەڵمانی دەزانن، کتێبەکانی وەرگێرن بۆ زمانی کوردی، بەرهەمەکانی بەشێوازێکی شایستە چاپ بکرێن، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەک بۆ نەوەکانی داهاتوو.

## سەرچاوە و پەراوێز:


١. وتوێژ لەگەڵ د.فرسەت رۆژبەیانی، ٢٠١٦/٧/١٨.
٢ بەرهەمەکانی فازڵ ڕەسول:
یەکەم: دامەزراندنی گۆڤاری (منبر الحوار) ساڵی ١٩٨٦ کە لە بەیروت دەردەچوو.
دووەم: نوسینی چەند کتێبێک بە عەرەبی:
١ هکذا تکلم علي شريعتي
٢ الأكراد فی الإسلام (بە پێی بۆچوونی ڕیزوان ئەلسەیید بڕیار وابوو لە ساڵی ١٩٨٩ لە پەیمانگای الإنماء لە قاهیرە دەربچێت بەڵام تیرۆرکردنی فازڵی بەسەردا هات و تا ئێستاش چاپ نەکراوە) نوسخەی کتێبەکە لای د. سۆزان ڕەسولە.
تەرجەمەکان لە فارسییەوە بۆ عەرەبی:
١ إيران غربة السياسة والثورة لە نوسینی ئەبولحەسەن بەنی سەدر.
٢ الحد الفاصل بين السياسة والدين لە نوسینی مەهدی بازرگان.
٣ النفط والسيطرة لە نوسینی ئەبولحەسەن بەنی سەدر.
نوسینی دوو کتێب بە ئەڵمانیی:
١ تێزی دکتۆراکەی لە بەرلین ساڵی ١٩٨٥: كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط. ساڵی ٢٠٠٨ تەرجەمەی عەرەبی لە سلێمانی دەرچووە.
٢ الحرب العراقية الإيرانية: أبعاد وأسباب النزاع. فازڵ خۆی ئەم کتێبەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.
وتار:
چەندین وتاری لە گۆڤاری منبر الحوار و میدیای عەرەبی بڵاو کردووەتەوە. لە هەفتاکانیش بە زمانی کوردی چەند وتارێکی بڵاو کردووەتەوە.
٣ کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردی لاپەرە ٩٦.
٤ چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە ئیبراهیم جەلال لاپەرە ٢٥.
٥ ڕوانگە یارونەیار حسێن عارف ٢٩٣.
٦ تیرۆرکردنی فازڵ ڕەسول بۆ؟(شخصيات ومواقف محمد سليم العوا) وەرگێرانی عەلی سیرینی.لاپەرە ٥٦
٧ لە شێوەنی فازڵ ڕەسوول دا گۆڤاری (منبر الحوار) ژمارە ١٤ی هاوینی . وەرگێرانی: عەلی سیرینی.
٨ گۆڤاری وەرزی (منبر الحوار)ی ژمارە ١٤ی هاوینی ١٩٨٩. وەرگێرانی عەلی سیرینی.
٩ شێرکۆ بێکەس: نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش لاپەرە ١٣٧ و١٤٠.
١٠ عیزەدین مشتەفا ڕەسوول بەشێک لە یاداشتەکانم لاپەرە ١٠١
١١ منبرالحوار ژمارە ١٤ وەرگێرانی عەلی سیرینی.
١٢ ئەو نەدوەیە لە قاهیرە ڕێکخرا، پاشان لە گۆڤاری (منبرالحوار) بڵاوکرایەوە، دواتر محەممەد عیمارە لە شێوەی کتێبێک چاپی کرد، چەند جارێک چاپکرایەوە، کۆتا چاپی لە دارالسلام لە ساڵی ٢٠١٢، لەگەڵ خوێندنەوەی قسەکانی د.فازڵ ئاستی ژیری و تێگەیشتنی ئەم پیاوە دەردەکەوێت، کە شارەزاییەکی باشی هەبووە، لە بابەتە جیاوازەکان، هەرخۆشی بەرێوبەری دانیشتنەکان بوو، لەم نەدوەیە، ئەم بیرمەندانە بەژدارییان تێدا کردوە: تاریق ئەلبشری، محەممەد عیمارە، د.فەهمی هوەیدی، محەممەد سەلیم ئەلعەوا، د.سەعدەدین ئیبراهیم، د.عەلیەدین هیلال، د. مەحجوب عومەر، د. مەهدی حافز.
١٣ ڕوانگە یارونەیار حسێن عارف لاپەرە ٢٧٢
١٤ هەمان سەرچاوە ٢٧٢
١٥ هەمان سەرچاوە ٢٧٢
١٦ هەمان سەرچاوە ٢٧٢
١٧ منبر الحوار ژمارە ١٤
١٨ وەجیهە کەوسەرانی منبرالحوار ژمارە ١٤.
١٩ بڕوانە: نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش لاپەرە ١٤٠.

## کاریگەری واقع

# لەسەر فەتوای زانایان و بیرکردنەوەی بیرمەندان



**د. کەریم ئەحمەد**

لەداکیبووی (١٩٥٩). ئەندامی دامەزرێنەری پرۆژەی تیشک، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی، رێکخراوی ژیار و ئینستیتیۆی بانگخوازان. چەند کتێب و دەیان وتاری بڵاوکراوەی بە زمانی کوردی و عەرەبی هەیە.

زانایانی کۆمەڵناسیی و دەروونناسیی کۆکن لەسەر ئەوەی کە واقع کاریگەری خۆی هەیە لەسەر بیرکردنەوە و رەفتار و ئاکاری مرۆڤەکان، ئیبن خەلدون دەڵێت «خەڵکی بەزیو و ژێرکەوتوو حەز دەکەن لاسایی براوە و سەرکەوتوو بکەنەوە».، بڵاوبوونەوەی مارکسییەت دوای سەرکەوتنی حزبی شیوعی لە روسیا و بەدەستهێنانی سەرکەوتنی مەزن لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، پەرەسەندنی بانگەشە بۆ دیموکراسییەت لە دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و رژێمە شیوعییەکان لە جیهاندا و باڵادەستی بلۆکی رۆژئاوای سەرمایەداری نموونەی بەرچاوی ئەم یاسایەیە. قورئانیش پێش هەموو ئەمانە ئاماژەی بەم راستییە داوە، ئەوەتا لە سورەی (النصر) دا خوا دەفەرموێت (إذا جاء نصر الله والفتح ورأيت الناس يدخلون في دين الله أفواجا) واتە: ئەگەر خوا سەرکەوتن و فەتحی هێنا (مەبەست ئازادکرنی مەککەیە) ئەو کاتە دەبینی خەڵکی پۆل پۆل دێنە ناو ئاینی ئیسلامەوە.

زانا و بیرمەندی گەورەی میسر (د. محەممەد محەممەد حسێن) نووسەری کتێبی «قەڵاکانمان لە ناو خۆیەوە هەرەشەی لێدەکرێت» لە سەرەتای سەدەی بیستدا کاتێک سەرسامبوونی هەندێک لە زانا و بیرمەندانی موسڵمانانی بە پێشکەوتنی رۆژئاوا بینی هۆشیاری لەسەر کاریگەری نەرێنی ئەو سەرسامبوونە داو لە کتێبی «الاسلام والحضارة الغربية» دا دەڵێت «ئیجتهادکردن لە کاتی سەرسامبوونمان بەشارستانێتی رۆژئاوا مەترسییەکە دەرئەنجامەکەی جێی دڵنیایی نییە، چونکە مەترسی ئەوە هەیە موجتەهید - ئەگەر هەبوو- بە خۆی بزانێت یان نەزانێت رەوایی ببەخشێت بەو بەها بیانییانەی پێیان سەرسامە، ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەو بەخۆی سەرسام نەبوو ئەو خەڵکەی فەتوایان بۆ دەدات سەرسام بووبن

> **د. محەممەد محەممەد حسێن پێیوایە: ئیجتهادکردن لە کاتی سەرسامبوونمان بە شارستانێتی رۆژئاوا، مەترسییەکە دەرئەنجامەکەی جێی دڵنیایی نییە**

بە شارستانی رۆژئاوا، ئیجتهادەکەی لێوەرناگرن، بەڵکو دەکەوێتە بەر لێشاوی رەخنە و قسە پێوتن لەلایەن نەزانەکانەوە، ئەوانەی کە قسە لە هەموو شتێکدا دەکەن، لەوەی دەیزانن و لەوەیشی نایزانن، تاوای لێدێت متمانەی بە خۆی نامێنێت و خەڵکانی تریش پەندی لێوەردەگرن، تاوای لێدێت کاتێک فەتوا دەدات چاوی لەو خەڵکەیە کە فەتواکەیان بۆ دەدات بۆ ئەوەی رازییان بکات و دڵیان راگرێت و ستایش و پیاهەڵدانیان بە دەستبێنێت، بەوەش ستەم لە حەقیقەت دەکات بۆ رازی کردنی خەڵکی، پشت لەوەی لای خوایە هەڵدەکات بۆ ئەوەی لای خەڵکییە».

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەو ئیجتهادەی رێز لە دەقە شەرعییەکان دەگرێت و بێلایەنانە و بێمەبەستی پێشوادە شەنوکەویان دەکات شتێکە، ئەو پەرەپێدانەی مەبەستێتی رەوایی ببەخشێت بە بەها رۆژئاواییەکان شتێکی ترە. ئەو ئیجتهادەی دەست بە بنەماکانی ئیسلامەوە دەگرێت و دەیەوێت لە رێگەیەوە چەوتییەکانی ژیان راست بکاتەوە شتێکە، ئەو پەرەپێدانی شەریعەتەی دەیەوێت دابەزێتە سەر واقیع و بە دەقەکانی شەریعەت رەوایی بە چەوتییەکانی ژیان بدات شتێکی ترە. خاڵی سەرەتا لە ئیجتهادی موجتەهیددا ئەم پرسیارەیە: ئایا ئەم شتە لەرووی شەرعەوە راستە یا راست نییە؟

**هەندێك لە موسڵمانان لە میانەی بەرگریکردن لە ئیسلام کەوتونەتە هەڵەی زۆر گەورەوە و لەجیاتی ئەوەی کەلێنێك بگرن دە کەلێنێ تێدەکەن،**

یان: حوکمی ئیسلام لەمەڕ ئەم شتە چییە؟ خاڵی سەرەتاش لای پەرەپێدانی پەرەپێدەران ئەمەیە: ئەو دەقە شەرعییانەی ڕاستی و ڕەوایی ئەم شتە دەسەلمێنن چین؟ یان: ئەو دەقە شەرعییانە کامانەن کە نارەوایی و حەرامی ئەم شتە دەسەلمێنن؟

مەترسی پەرەپێدان لەسەر ئیسلام و کۆمەڵگەی ئیسلامیی لە دوو ڕوووەیە: یەکەم: تێکدانە بۆ ئیسلام بە شێواندنی بەها و چەمکە ڕەسەنەکانی بە تێهەڵکێشکردنی ناڕاست لەگەڵ ڕاستدا، دووەمیش بەوەی شتی نامۆی دزەکردوو بۆ ناو ئیسلام جێگیردەکات و دەیچەسپێنێت، تاوای لێدێت خەڵکی کە لە کاتی بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانەیاندا دەیانزانی ئەو شتانەی بەناچاری ئەنجامیان دەدەن و سەپێنراوە بەسەریاندا لە ڕوانگەی ئیسلامەوە نارەوان، ڕۆژێک دێت هەموو شتەکان دەگەڕێنرێنەوە شوێنی سروشتی خۆیان، وایان لێدێت وابزانن ئەوەی دەیکەن ئەوە ئیسلامە. جا ئەگەر دواتر کەسێک بیەوێت بیانگێڕێتەوە سەر ئیسلامە ڕاستەکە لە ڕوویدا دەوەستن و تۆمەتباری دەکەن بە چەقبەستوویی و ڕووکەشێتی.

موسڵمانان بە گشتیی و موسڵمانانی کوردستان بە تایبەتی بە دەست کۆمەڵێک گرفتەوە دەناڵێنن، لەوانە دواکەوتن، لاوازی، پەرتەوازەیی، دیکتاتۆرییەت، ستەم و چەندین کێشەی تر لە بەرامبەر پێشکەوتنی زۆربەی وڵاتە نائیسلامییەکانی وەکو ئەمریکا، ئاسیا، ئەورووپا و نەبوونی کێشەی سیاسی لە وڵاتەکانیاندا و پاراستنی مافی مرۆڤ ، لەولاشەوە سەرهەڵدانی قاعیدە و داعش بە مومارەسە نائیسلامی و نامرۆییەکانیانەوە و شەڕی تایفەگەری نێوان شیعە و سوننە و ... هتد. ئەمانە هەڵوێستی موسڵمانانی لاواز کردووە، ئیسلام و چەمکە ئیسلامییەکانی ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر کردووە. کاریگەری نەرێنی ئەم بارودۆخە بەسەر زۆرێک لە موسڵماناندا بە ئاشکرا دیارە، بەڕادەیەک کە هەندێکیان لە میانەی بەرگریکردن لە ئیسلام کەوتونەتە هەڵەی زۆر گەورەوە و لەجیاتی ئەوەی کەلێنێک بگرن دە کەلێنێ تێدەکەن، لە ژێر کاریگەری عەلمانییەتدا و لە ئەنجامی سەرسامبوونیان بە شارستانی ڕۆژئاوا و بەزیوی دەروونییان واتا و دەلالەتەکانی دەقەکان و ناوەڕۆکی چەمکەکان و ئەو شتانەی کە (محەممەد محەممەد حسێن) وتویەتی ئەنجامی دەدەن، و لە جیاتی ئەوەی بە ئیسلام واقیعە هەڵەکان ڕاست بکەنەوە ئیسلامەکە دەشێوێنن و لەگەڵ واقیعدا دەیگونجێنن، هەروەکو چۆن کاتی خۆی موعتەزیلەکان فێری فەلسەفە بوون بۆ وەڵامدانەوەی فەیلەسوفەکان، دوایی خۆیان کەوتنە ژێر کاریگەری فەلسەفەوە و عەقیدەی ئیسلامییان شێواند و فەلسەفە یان عەقڵیان کرد بەدادوەر بەسەر دەقەکاندا. بە چاوخشاندنێک بەو بیرۆکە و بۆچوونانەی لەناو موسڵماناندا بڵاوبۆتەوە ڕاستی ئەم قسەیەمان بۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە هەڵوێستی زانایان لە ناسخ و مەنسوخ، ئەگەر تەماشای کتێبە کۆنەکان بکەیت دەبینی زیادەڕەوییەکی بەرچاو هەیە لەم مەسەلەیەدا بەڕادەیەک یەکێکی وەکو ئیبن حەزم لەو کتێبەی ناوی ناوە «الناسخ والمنسوخ» هەموو ئەو ئایەتانەی باسی چاوپۆشی و لێبوردن و فەرمان بە وتووێژ و بەکارهێنانی حیکمەت دەکەن

بە مەنسوخ داناوە، گوایە بە ئایەتی شمشێر- کە زانایان کۆک نین لەسەری چ ئایەتێکە- نەسخ کراون! سەرچاوەی ئەم بیرکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کاتەی ئیبن حەزم ئەم کتێبەی نووسیوە سەردەمی هێز و دەسەڵاتی موسڵمانان و دەوڵەتی ئیسلامیی بووە، واتە ئەوە لۆژیکی کەسی براوە و بەهێزە، بەڵام ئەمڕۆ کە سەردەمی لاوازی و بێهێزی و ژێردەستەیی موسڵمانانە هەندێک لە زانایان بە ئاڕاستەیەکی تەواو پێچەوانەی ئیبن حەزم بیردەکەنەوە و قەناعەتیان بە بوونی ناسخ و مەنسوخ نەماوە، بەدووریشی نازانم دوای ماوەیەک بیرۆکەی نەسخبوونەوەی ئەو ئایەتانەی باسی هێز دەکەن بە ئایەتی «لا اکراه فی الدین» نەیەتە ئاراوە! ئەگەر لە کۆندا تەنها ئەبو موسلیمی ئەسفەهانی قەناعەتی بەناسخ و مەنسوخ نەبوو، ئەمڕۆ ئەوانەی باوەڕیان پێی ماوە خەریکە زۆر کەم دەبنەوە، ئەویش جگە لەکەوتنە ژێرکاریگەری واقیعەوە بە بۆ چوونی من هیچ هۆکارێکی تری نییە.

گروپی بەناو قورئانییەکان ئەگەر نەڵێین دەستی دەرەکی دروستی کردوون ئەوە بێگومان لە کاریگەری واقعی خراپی موسڵمانانەوە دروستبوون، یان بەلانی کەمەوە واقعی موسڵمانان کاریگەری هەبووە لە پەرەسەندنی بیرۆکەکەیاندا، ئەوان ڕوانییانە واقعی موسڵمانان بینییان دواکەوتوون و لەدوای میللەتانەوەن، لە هۆکارەکەی کۆڵینەوە وتیان هۆکارە سەرەکییەکەی پەرتەوازەیی موسڵمانانە، هۆی پەرتەوازەیی موسڵمانانیش چییە؟ بەتێگەیشتنی ئەوان پشت هەڵکردنە لە قورئان و شوێنکەوتنی فەرموودەکانی پێغەمبەرە، کەواتە دەبێ ئیکتفا بە قورئان بکەین و فەرموودە و سوننەت بەلاوە بنێین! لە کاتێکدا کە بەدرێژایی چواردە سەدە موسڵمانان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە سوننەت سەرچاوەی دووەمی ئیسلامە، ئەمان بەڵگەبوونی سوننەیان بەلاوە نا. وەنەشبێ کێشەکەیان چارەسەر کردبێت و توانیبێتیان قەناعەت بە موسڵمانان بکەن لەسەر ڕاستی بۆچوونەکانیان بەڵکو پشێوییەک و شپرزییەکی زیاتریان خستە ناو موسڵمانانەوە و لەجیاتی ئەوەی جیاوازییەکان کەمتر بکەنەوە، دەیان گروپی تریان خستە ناو موسڵمانانەوە.

وروژاندنی حوکمی مورتەد لە ئیسلامدا یەکێکی ترە لەو شتانەی هەندێک لە بیرمەند و زانا موسڵمانەکان لە ژێر کاریگەری واقعدا و لەژێر فشاری ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا و عەلمانییەکاندا ئەنجامی دەدەن، بەو ئاڕاستەیەدا قسە دەکەن بێئەوەی بە خۆیان بزانن ڕێخۆشکردنە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت ئایین و مەزهەبەکانی تر لە کوردستاندا بڵاوبکەنەوە، بێئەوەی خەڵکی هیچ نارەزاییەک دەرببڕن یان هیچ هەڵوێستێک لەو کەسانە وەربگرن کە ئایینەکەیان یا مەزهەبەکەیان دەگۆڕن، لە کاتێکدا کە بە تاوانزانینی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام بە درێژایی مێژووی ئیسلام کۆدەنگی زانایانی ئیسلامیی لەسەر بووە.

پەرەسەندنی فکری شعوبی و ناسیۆنالیستی شۆڤێنی لە ناو هەندێک لە نووسەر و بیرمەند و ڕۆشنبیرە ئیسلامییەکان لە کوردستاندا، دژایەتیکردنی کولتوری ئیسلامیی، ڕەتکردنەوەی خوێندنەوەی زانایانی کۆن بۆ ئیسلام بە بیانووی ئەوەی خوێندنەوەیەکی عەرەبییە، ڕەتکردنەوەی زۆرێک لە دابونەریتە ئیسلامییەکان بە بیانووی ئەوەی کولتوری عەرەبە، یەکێکی ترە لە نیشانەکانی کاریگەری واقع لە سەر بیرمەند و ڕۆشنبیرە ئیسلامییەکان.

بە کورتی بە بەراوردێک لە نێوان ئەدەبییاتی موسڵمانانی کۆن و ئێستا لە سەر چەمکە جیاوازەکان قەبارەی کاریگەری واقیعمان بۆ دەردەکەوێت لەسەریان و ئەوەی لەسەرەوە باسمان کردن چەند نموونەیەکی کەمی ئەم حەقیقەتە بوون.



# تێڕوانینی
# مەسعوود محەمەد
# بۆ ئایدیالیزمەکان



**زامدار ئەحمەد**

بەکالۆریۆس لە مێژوو.

کتێبێکی چاپکراوی هەیە.

مەسعوود محەممەد (١٩١٩-٢٠٠٢ز) یەکێکە لە بیرمەند و نووسەرە دیارەکانی کوردستان، جێ پەنجەی لە نێو کتێبخانەی کوردی و عەرەبی دیارە، لەسەر بابەتی مێژوویی، زمانەوانی، ئەدەب، هزر، فەلسەفە و قسەکردن سەبارەت بە زۆر بابەتی دیکە نووسینی بەشێوەی کتێب و وتار بڵاوکردۆتەوە. بە گەواهیدانی زۆربەی پەیجور و نووسەر و کەسانی خاوەن هزر، قسەکردن و نووسین لەسەر مەسعوود محەممەد کارێکی سانا نییە، بەڵکو تاقەت پڕوکێنە و ماندووبوونێکی زۆری پێویستە و دەبێت زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ نووسینەکانیدا بکرێت.

نووسینەکانی مەسعوود محەممەد بۆ هەموو کات و سەردەمێکە و بە تاکە نووسەری کورد دادەنرێت کە خاوەن هزر و فەلسەفەیە «تەنانەت هەندێک بە فەیلەسووفیشی ناودەبەن» کە نووسینەکانی لەسەر هەر بابەتێک بێت، بەشێوەیەک نووسیوویەتی کە خوێنەر هەست دەکات، ئەم پرسە لە نێو کورددایە. بەداخەوە، تا ئێستا بەشێوەیەکی ورد توێژینەوە لەسەر بەرهەمەکانی مەسعوود محەممەد نەکراوە، تەنانەت وەک پێویست لە نێو خەڵقی نەناسێندراوە.

لە ئێستادا، بیست و چوار کتێبی مەسعوود محەممەد لە کتێبخانەی کوردیدا، بەرچاو دەکەوێت، کە حەوت کتێبی لە زمانی عەرەبییەوە لەلایەن حەکیم کاکەوەیسەوە وەرگێردراوە. یەکێک لەو بابەتانەی کە مەسعوود محەممەدی زۆر پێناسراوە، بابەتی هزریی فەلسەفی بووە، بە تایبەت لەدوای بڵاوکردنەوەی کتێبی «مرۆڤ و دەوروبەر»ی بە سێ بەرگ، هەڵبەتە هەموو کەسێک توانای خوێندنەوە و تێگەیشتنی بەرهەمە فەلسەفی و هزرییەکانی نییە، بەڵکو خوێنەرانی ڕێژەیەکی دیاریکراوە. ئەو کتێبانەی مەسعوود محەممەد کە باسی هزر و فەلسەفە دەکات ئەمانەن »مرۆڤ و دەوروبەر، هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا، بۆ ئەمیری حەسەن پور

**مەسعوود محەممەد بڕوای وایە، فکر، ناتوانێت لە بۆشاییدا هیچ بەرهەمێکی هەبێت، نەمادی نە عەقڵی،**

لە هەرکوێیەک بێت، سەرنجێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، بۆ کۆرباتشۆڤ، پەرەسترۆریکای گۆرباشۆڤ، لە پەڕۆشیەکانی ژیان، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچی؟».

لەم نووسینەدا، باس لە تێڕوانینی مەسعوود محەممەد بۆ ئایدیالیزم و فەلسەفەکەی دەکەین، ئەو ڕەخنانە دەخەینە ڕوو کە ئاراستەیان کراوە، بەتایبەتی بەرانبەر هیگڵ

## ڕوانگەی ئایدیالیزم، بە تایبەت هیگڵ[١] بۆ مێژوو

فەلسەفەی ئایدیالیزم (Idealism)، کە بە مانای خەیاڵپەرستی و ئامانجپەرستی، یاخود قوتابخانەی وێنەگەرایی دێت (٢) ئەم ڕێبازە لە سەر ئەم باوەڕەیە کە هەموو ڕاستییەک تەنیا وەکوو بوونێکی گیانیی(روحی) ڕووت و ڕەسەن بوونیان هەیە, لەش و جەستەش شتێک نییە جگە لە فۆرم و ڕواڵەتیی ئەم بوونە، واتە جەستە لە ڕاستیدا خۆنواندنی گیان و ڕەوانە. ئایدیالیستەکان هەموو بوونەوەرێک و سەرچاوەی ئەو شتانەی کە مرۆڤ لەم جیهانەدا هەستیان پێدەکا و تێیان دەگا بە وێنەیەکی زەینیی مرۆڤەکان نەک بەرچاو و دیار دەزانن(٣).

هیگڵ، وەک زۆربەی زۆری فەیلەسوفانی

## مەسعوود محەممەد فەلسەفەی هیگڵ بە دواکەوتوو وەسف دەکات، لە چاو فەلسەفەی مارکس

سەردەمی خۆی بە قۆناغێکدا تێپەڕیووە کە پێیدەوترێت قۆناغی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا، ئەمەش کاریگەری لەسەر هیگڵ هەبووە(٤)، هەڵبەتە، لەو قۆناغ و سەردەمەدا، کەسێک هەبووە کە کاریگەری لەسەر هیگڵ هەبووە، لەم ڕووەوە زۆربەی فەیلەسووفان و بیریاران و شارەزایانی فەلسەفە، بڕوایانوایە کە کانت(٥) کاریگەری لەسەر هیگڵ هەبووە، تەنانەت ئەگەر کانت نەبوایە ئەوا هیگڵ بەمشێوەیەی نەدەبوو کە هەیە، بەتایبەت لە باسکردنی میتافیزیک(٦).

ئەگەرچی، هیگڵ بە کانت کاریگەر بووە، بەڵام مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو تیۆرەکانی لە کانت وەرگرتووە، بەڵکو خۆشی لەسەر زۆربەی پرس و بابەتەکان قسەی کردووە. لەبارەی دیاردە کۆمەڵایەتیی و فەلسەفییەکان قسەی کردووە و نووسینی لەسەریان بڵاوکردۆتەوە(٧)، بە تایبەت لە فەلسەفەی مێژووشی کۆڵیوەتەوە، ئەگەرچی یەکەم کەس نەبووە، بەڵام ئەو مۆرکێکی تایبەتی پێداوە. تێیدا ژمارەیەک ڕێسای ئەقڵانی (ڕەخنەیی) لە بواری لێکۆڵینەوەیی مێژوویی پێشکەش کردووە(٨) بەبۆچوونی هیگڵ مێژوو گرییەکی هەیە کە دەبێت بە دەستی فەیلەسووفەکان بکرێتەوە، لەبەرئەوەی مێژوونووسەکان نەیانتوانیوە ئەم گرێیە بکەنەوە، بەڵکو زۆرتر هەوڵیان داوە تەنیا ڕووداوەکان بگێرنەوە و بنووسنەوە(٩).

هیگڵ، لە نووسینەکانیدا زیاتر لە سێ لە سەر چواری فەلسەفەکەی خۆی لە مێژوو و مێژووەکەی لە فەلسەفەی بۆ ڕابردوو تەرخان کردووە(١٠) بۆیە دەڵێ: فەلسەفەی مێژوو هیچ ناگەیەنێ لە لێکۆڵینەوەی مێژوو بەولاوە لە میانی هزردا(١١).

هیگڵ، بە شێوەیەکی ئایدیالی ڕاڤەی بۆ مێژوو کردووە، فەلسەفەکەشی ئایدیالیزمی دیالێکتیکە(١٢)، بڕوای وایە کە دەبێت سێ ڕەهەندەکەی زەمان لەبەرچاو بگرین، واتە ڕابردوو ئێستا و داهاتوو، بەشێوەیەک کە هەموو شتێک لە ئێستاوە هەڵدەقوڵێت و بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە، ئەمەش تەنیا زانینە لەو کاتەی تێیدا، کە لێی حاڵی دەبی(١٣)، لەگەڵ ئەوەشدا، مێژوو لە بزاوتێکی بەردەوامدایە هەر چرکەیەک جیایە لە چرکەکانی بەر لەخۆی، واتە ڕووداوە مێژووییەکان بە بەردەوامی دەگۆڕین(١٤).

هیگڵ بڕوای وایە، هەموو بیرۆکەیەک کە لە مێژوودا دەردەکەوێت دژ و پێچەوانەکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەمانە لەبەرانبەر یەکدیدا دەبن، تا لە کۆتاییدا دەگەنە تێزێکی نوێ، یاخوود بڵێین مێژووی سێینەکی، کە جەدەلی دەبزوێنێت، ئەمەش وادەکات پێکهاتەیەکی نوێ دەردەکەوێت(١٥) بۆ نموونە، ژیان و مردن، دژی یەکترن، بەڵام ژیان وەکو ژیان میکرۆبی مردنیش لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، بۆیە مانای ژیان مانای مردنیش لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، بۆ ئەوەی دەنکە گەنمێک شین بێت، ڕەگی لەزەویدا دادەکوتێت و لاسکەکەشی لێوەدەردەچێت، پەیدابوونی لاسک مانای نەمانی تۆوەکەیە، گەنم شین دەبێت و دەبێتە گوڵە گەنم ئینجا لاسکەکە بەرەو فەوتان دەچێت کە لە تۆوەکەوە پەیدا بووە، لەلایەکی ترەوە دەنکە گەنمەکانی ناو گوڵە گەنمەکە هەمان سیفەت و خەسڵەتی تۆوەکەی هەیە. بەمە دەوترێ (نەفی کردنی نەفی)(١٦).

## ڕوانگەی مەسعوود محەممەد بۆ ئایدیالیزمەکان

ئەوەی باسمانکرد، ڕوانگەی ئایدیالیزمەکان بوو بۆ مێژوو، لێرەشدا ڕوانگەی مەسعوود محەممەد، سەبارەت بە ئایدیالستەکان - میسالیەکان دەخەینەڕوو، ئەگەرچی بە کەمی باسی هیگڵی کردووە(١٧). بەڵکو زیاتر خەریکی مارکس بووە و هەوڵیداوە وەڵامیان بداتەوە و ڕەتیان بکاتەوە.

مەسعوود محەممەد، بڕوای وایە: فەلسەفەی هاوچەرخ، بە تەواوی لە تاریکیدایە(١٨) و لە دیدی ئەودا شتێک نییە، پێی بوترێت فەلسەفەی سەردەم، کە قەوارەی هەبێت و بخوێندرێتەوە(١٩) هەڵبەتە زۆربەی ئەو فەلسەفانەی سەیر کردووە، کە پێی دەڵێن میسالی، بەڵام لەگەڵ هیچ یەکێکیان نەگونجاوە(٢٠)..

مەسعوود محەممەد فەلسەفەی هیگڵ بە دواکەوتوو وەسف دەکات، لە چاو فەلسەفەی مارکس کە لە دواتردا باسی لێوەدەکەین. تەنانەت دەڵێت: فکر و فەلسەفەی مارکس، بە دەقی کۆنیشیەوە گەلێک گەلێک پێشکەوتووترە لەو فەلسەفە میسالیانەی ناویان دەرکردووە(٢١) هەروەها، دەڵێ: من بەتەما نیم ترسی فەیلەسووفی ماددی لە دوانەتی Dualism(٢٢) ی مەلای ئیسلام و قەشەی دیان و فەیلەسووفی ئایدیالیست نیگام لێڵ بکات و ڕای ناجایەزم پێ بسەلمێنێ، چونکە بڕیارم داوە ئەگەر تەفسیری جیهان و ڕووداوەکان و دیاردەکانی پێویستی بە دە هێز و بیست ماکیش هەبێت نەک یەک و دوو، بێ دوودڵی کردن دان بە هەموویاندا بهێنم(٢٣).

مەسعوود محەممەد بڕوای وایە، فکر، ناتوانێت لە بۆشاییدا هیچ بەرهەمێکی هەبێت، نەمادی نە عەقلی، کەچی هەندێت خەیاڵبازی ئایدیالیست نەبێت کە بەرەو ئەودیوی مادە بۆ (مطلق-ڕەها) تێ هەڵدەکێشن و جیهانێکی وەهمی لە (وێنەی زیهنی) دروست دەکەن و بە دەوری ئەو وێنەیەدا دەمەتەقەی مەنتیقی نەزەری هەڵدەستێنن و چەکبەردەی ئەو دونیا مەوهۆمە بۆ ناو جیهانی خۆمان دەهێننەوە. لەو تەرزی ئایدیالیستە نەبێ زۆربەی خاوەن فکران هەر لە مادیەتی مولحیدەوە تا دەگاتە جەرگەی ئایین دەڵێن تا (زانراو) نەبێ (زانین) نابێ(٢٤).

مەسعوود محەممەد دەشڵێت: باوەڕم گەیشتە ئەو ئاستەی کە پێم وابێ جەدەلییەتی مێژوویی دەبێ ئەو کارەی دووبارە بکاتەوە کە لە سەرەتای پەیدا بوونی دەستی پێ کردووە, چونکە گوتوویەتی هیگلییەتی لە سەر پێی خۆی ڕاگرت لە کاتێکدا لەسەر سەر وەستابوو(٢٥) لێرەدا مەبەستی هاتنی مارکس و وەرگرتنی بەشێک لە فەلسەفەی هیگڵە. هەروەها دەڵێت فەلسەفەی ئایدیالی ورێنەی وەهای تێدایە لە زاری مرۆڤەوە دەردەچێت. ئەو میسالیانە بەر لەوەی ماتیریالیست بە دەمیاندا بێتەوە دینی ئیسلام پێیان ڕازی نییە(٢٦) چونکە هێندە لە بوونەوەر و دوور کەوتوونەتەوە خەریکن بەسەر خەیاڵیشەوە ڕانەوەستن بەڵام خواوڕاستان کەس بە دوایان ناکەوێ(٢٧).

لەمەودا ڕووندەبێتەوە کە مەسعوود محەممەد، بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەی لە ئایدیالیزمەکان، بە تایبەتی هیگڵ گرتووە، کە بە یەکێک لە فەیلەسووفە دیارەکانی نێو ئەو فیکرەیە دادەنرێت. ئەگەرچی مەسعوود محەممەد لە نووسینەکانیدا زیاتر قسەی لەسەر ماددەگەرایی- مەتریالییەکان کردووە و ڕەتی مارکسیزمی داوەتەوە، هاوکات بەشێوەیەکی کەم و کورت قسەی لەسەر وجوودیی- بوونگەرایی و ئایدیالیزمەکان کردووە، ئەمەی لێرەدا ئاماژەی پێکرا، ئەو قسانەیە کە مەسعوود محەممەد بەرانبەر بەو ڕەوتە فەلسەفییە کردوویەتی.

## سەرچاوە و پەراوێز:

(١) گیۆرگ ولی‌هلم فردریش هیگڵ، لە ٢٧ی ئابی ساڵی ١٧٧٠ لە شاری شتوتگارت، لە ئەڵمانیا لەدایک بووە، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا چۆتە خوێندنگەی ئیلاهیاتی زانکۆی توبینگن، واتە چوونە نێو دەزگای ئایینی مەسیحیەت، لەو کاتەوە کە دەستیکرد بە خوێندن، خولیا و دڵبەستەی فەلسەفە بووە. هیگڵ لە ساڵی ١٨٠١ لە زانکۆ وەکو مامۆستا دەستیکرد بە وانەوتنەوە. (دیاردەناسیی رۆح) یەکێکە لە کتێبە فەلسەفیە بەناوبانگەکانی، کە بڵاویکردۆتەوە. لەدواتردا و لە ١٤ تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٣١ بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشی کۆلێرا گیانی بەخاک سپارد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کۆمەڵێک نووسەر: ئاشنابوون بە هیگڵ، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٨،١٠،١١،١٩،٢١،٤٧.

(٢) ئازاد وەلەدبەگی: فەرهەنگی نیگا، چ٢، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل ٧٥.

(٣) وەرگیراو لە وێبلاگی قوتابخانەی ناوەندیی گوڵانە، ٢٠١٥/١١/١، یەک شەممە
http://gullane.blogsky.com/١٣٩٤/٠٧

(٤) هاشم سالّح: فەلسەفە. رۆشنگەری. فێندەمێنتالیزم، و: شوان ئەحمەد، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١٦١.

(٥) ئمانوێل کانت، لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٧٢٤ لە شاری کۆنکسنبێرگ، لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. لە ساڵی ١٧٣٠ پەیوەندی بە قوتابخانەی یەکەمی تابیعی نەخۆشخانەی (قەدس جۆرج) کردووە. لەسەر بابەتی (لە ئاگردا) لە فەلسەفەی سروشتدا، پلەی دوکتۆرای بەدەستهێناوە. کانت لە ساڵی ١٨٠٣ دوا کتێبی بەناوی (لە پەروەردە)دا بڵاوکردەوە. و لە نووسینەکانیدا، سەبارەت بە میتافیزیکا، ئایین، سروشت، مۆراڵ، ئاشتی جیهانی کردووە. هەڵبەتە فەلسەفەی کانت کاریگەری لەسەر فەلسەفەی ئەورووپایی هەبووە. ناوبراو، لە ١٢ی شوباتی ساڵی ١٨٠٤ گیانی بەخاک سپارد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عماد عبدالسلام رووف: کانت- ژیان و کارە فیکرییەکانی، و: سامان مستەفا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٧،٨،٩،١٠،١٣.

(٦) عەبدولحسەین زەرینکوب: مێژوو لە تەرازوودا، و: د.قادر محەمەد حەسەن- سۆران بهاء ئەحمەد، بڵاوکراوەی خانەی وەرگێران، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٢٧٤.

(٧) موفید ئەلزەیدی: سەرەتایەک لەفەلسەفەی مێژوو، و: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ناوەندی هزر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٥، ل ١٧٨.

(٨) هاشم یەحیا ئەلمەلاح: دەروازەیەک لە فەلسەفەی مێژوو، و: دەوەن حەسەن، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل ٣٢٥.

(٩) عەبدولحسەین زەرینکوب: س.پ، ل ٣٧٤.

(١٠) محەمەد شێخ: هیگڵ و فەلسەفەی تازەگەری: و: دلێر میرزا، چ٢، چاپخانەی شڤان، بڵاوکراوەی خانەی وەرگێران، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٥٩٢.

(١١) هاشم یەحیا ئەلمەلاح: س.پ، ل ٣٢٦.

(١٢) دیالێکتیک، زاراوەیەکی یۆنانییە، هیگڵ لە ئەفلاتونی وەرگرتووە، مەبەست لەمەدا پرۆسە مێژووییەکان بەرێرەوی یەکتر هەڵوەشاندنەوە بەرێوە دەڕوات. واتە هەر ئاراستەیەک کە دەگاتە کۆتایی تەواو ئاراستەیەکی دیکە لە دایک دەبێت و ئەوەی پێشوو لەناودەبات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاشم یەحیا ئەلمەلاح: ل ٣٣٩.

(١٣) عەبدولحسەین زەرینکوب: س.پ، ل ٣٧٤.

(١٤) موفید ئەلزەیدی: س.پ، ل ١٧٩.

(١٥) هـ.س، ل ١٧٨، ١٧٩.

(١٦) هاشم یەحیا ئەلمەلاح: س.پ، ل ٣٤٠.

(١٧) ئازاد عەبدولواحید: س.پ، ل ٤١٥.

(١٨) هەڵۆ بەرزنجەیی: ژیان و جیهانبینی مەسعوود محەمەد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٨٤.

(١٩) هـ.س، ل ١٨٨.

(٢٠) هـ.س، ل ١٧٦.

(٢١) مرۆڤ و دەوروبەر، ب٢، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٨٤، ل ١٩٦.

(٢٢) رێبازێکی فەلسەفییانەیە لەلایەن دیکارتەوە هێنراوەتە کاتەوە، کە دەڵێت دونیا لە دوو توخم یا گەوهەر پێکهاتووە، کە ناتوانین بۆ یەکتریان بگەڕێنینەوە، وەک چاکە و خراپە، یان ماددە و رۆح. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یاسین صابر صالح: ئینسایکاۆپیدیای گشتی، ب٢، ل ١٩١

(٢٣) مرۆڤ و دەوروبەر، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٧، ل ١٢٦.

(٢٤) هـ.س، ل ٢٥.

(٢٥) بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، و:حەکیم کاکەوەیس، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠١٢، ل ١٠٥.

(٢٦) لەدوای باسکردنێکی زۆری دیین و پرسی ئایدۆلۆژی کە کۆمۆنیزم بە نموونە دەهێنێتەوە، کە بە پیرۆز دەکرێ، ئەم قسەیە دەکات، کە مەبەستی ئەوەیە دیین غەیبە و پێوەندی بە هەستی مرۆڤەوە هەیە، چونکە خەڵک بەدوای دەکەوێ و کەمتر هۆش بەکاردەهێنن کە مەبەستی هزرە.

(٢٧) مەسعوود محەمەد: مرۆڤ و دەوروبەر، ب٢، ل ١٩٧.

# پاراستنی مافە هاوبەشەکان لە ڕوانگەی فەرموودەیەکەوە



**د. عەدنان عەبدولقادر هەورامانی**

لەدایکبووی (١٩٧٧). دکتۆرا لە...

چەند بەرهەم، توێژینەوەو وتاری بڵاوکراوەی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەیە.



گومانی تێدا نییە، لە دونیای ئەمڕۆی سەرمایەداریدا کە بانگەشەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی بۆ دەکرێت و تەواوی ڕاگەیاندنەکانیش سەرقاڵکراون بە چەمکی پاراستنی ئازادی تاکە کەسی لە سەرجەم کایەکاندا، بە سەنتەرکردنی مرۆڤ و فەراهەمکردنی مافەکانی بەهەر جۆرێک بێت، بووەتە هۆی زاڵبوونی وڵاتانی سەرمایەدار بەسەر تەواوی وڵاتانی تردا.

ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، گرنگییەکی زۆری داوە بە پاراستنی سەرجەمی مافەکانی تاک، بەڵکو خودای پەروەردگار ئەم گەردوونەی بۆ خزمەتی مرۆڤ بەدی هێناوە و بگرە کردوویەتییە جێنشین.

بەڵام دەبێت ڕەچاوکردنی پاراستنی مافی تاکە کەسی کاریگەر نەبێت لەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکان، چونکە وەک لە زانستی (أصول الفقه)دا هاتووە کە «مەرجی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی کەسی دەبێت دژ نەبێت بە بەرژەوەندییە گشتیی و باڵاکان»(١). کەواتە سنووری ئازادی هەموو تاکێک لەوێدا کۆتایی دێت کە دەستپێکی سنووری ئازادی بەرامبەرەکەیەتی.

## پاراستنی مافە هاوبەشەکان

ئەوەی لەم بابەتەدا دەمانەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین و لەسەری بدوێین، پرسێکی گرنگی ژینگەییە، کە ئەویش پاراستنی (سێ مافە گشتییەکانە)، کە بە فەرموودەی (الناس شركاء في ثلاث) ناسراوە، لە سەرجەم توێژینەوە ژینگەییەکاندا.

ئەم فەرموودەیە کە بە چەند ڕیوایەتێک هاتووە و گەواهیدەرە کە چەندە شارستانییەتی ئیسلام بە تەنگ پاراستنی مافە گشتییەکانەوەیە.

پێغەمبەری ئازیزمان (دروودی خوای لەسەربێت) دەفەرموێت (الناس شركاء في ثلاث: في الكلأ، والماء، والنار)(٢). لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە بە دەستەواژەی: (ثلاث لا يمنعن: الماء والكلأ والنار)(٣).

لەم فەرموودەیەدا پاراستنی سەرجەمی سامانە سرووشتییەکان مافێکی سرووشتی هەموو گەلانە، بەڵام ئەوەی گرنگە لە فەرموودەکەدا دەستنیشان کردنی ئەم سێ چەمکانەیە و ئەوەی ئێمە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا چ جۆرە خوێندنەوەیەکیان بۆ بکەین، وەک زانایان دەفەرموون دەربارەی ئەم فەرموودەیە ئاماژە بە سوودوەرگرتن و پاراستنی سامانی ئاوی، سامانی ڕووەکی و سەرچاوەکانی وزە، نابێت لە هیچ کەسێک قەدەغە بکرێن، زەوتکردنی ئەم مافە بۆ کەس ڕەوا نییە و هیچ پاساوێکی نییە، چونکە لە چەندین دەقی قورئانی پیرۆز و فەرموودەدا جەخت لە پاراستنی ئەم مافە هاوبەشانە کراوەتەوە، دەست تێوەردان و زەوتکردنیان بۆ کەس ڕەوا نەبینراوە.

## یەکەم مافی هاوبەش: سەرمایەی ئاو

سەرمایەی ئاو، بە یەکەم سەرچاوەی ژیان و بە سەرەکیترین سامانی نەتەوەیی هەموو وڵاتێک ئەژمار دەکرێت، ئەگەر بە وردیش سەیرێکی قورئانی پیرۆز بکەین، دەبینین زۆر گرنگیی بەم سامانە بەهادارە داوە، بە سەرچاوەی سەرەکیی هەموو زیندەوەرانی داناوە، وەک دەفەرموێت **(وجَعلنا منَ الماءِ كلَ شيءٍ حي)** ئایەتی (٣٠).

مرۆڤەکان لە سەرەتای بوونیان لەسەر ڕووی زەوی لە هەوڵی پێشخستنی شێوازی ژیانیاندا بوون و سوودیان وەرگرتووە لەو سەرچاوە سرووشتییانەی کە لە دەوروبەریاندا بوونی هەبووە، لە بوارەکانی بەدەستهێنانی وزەوە تا ئێستا چەندین ئاڵوگۆڕ ئەنجام بدرێت و چەند شێوازێکی جیاواز بەکاربهێنن، بەڵام تا ئێستا

نەیتوانیوە جێگرەوەیەک بۆ ئاو بدۆزنەوە.

ئاو لە هەر جێگایەک هەبووبێت نیشانەی بوونی مرۆڤەکان و نیشانەی ئاوەدانی بووە لەو جێیە، پێشینانیش وتوویانە: (ئاو و ئاوەدانی).

سەرباری ئەمەش گەر بە وردی سەرنجی قورئانی پیرۆز بدەین، دەبینین وشەی ئاو بە جۆرەکانیەوە (٦٣) جار هاتووە. ئەمە ئاماژەیە بەوەی کە چۆن ئایینی پیرۆزی ئیسلام سەرچاوەی ڕاگرتنی ژیانەوەی دڵ و دەروونەکانە، ئاوا ئاویش بناغەی سەرەکیی هەموو زیندەوەرانە و هۆکاری ژیانە لەم گەردوونە بەرینە.

کەواتە ئەرکی لەپێشینەی هەموو تاکێکە، کە پاراستنی ئەم سامانە گرنگە بە پێویستییەکی ئایینی و ئەخلاقی خۆی بزانێت، بۆیە هەموو توێژینەوە ژینگەییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەهۆی قۆرخکاری سەرچاوە سەرەکییەکان لەلایەن هەندێک وڵات و ناوچەوە، مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی جەنگێکی جیهانی مەترسیدار دەبێتەوە(٤).

ئەگەر لە گرنگی سەرچاوە ئاوییەکانەوە بڕوانینە ئەم وڵاتەی کە ئێمەی تێدا دەژین، دەبینین لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بە چەند ناوێک هاتووە، لەوانە بە (وادي الرافدين) کە ئاماژەیە بۆ ئاوی دیجلە و فورات، وە ناوی (العراق)یش هەر ئاماژەیە بۆ ئەم دوو سەرچاوە ئاوییە گرنگە، پێشی وتراوە وڵاتی (میزۆپۆتامیا) کە دیسانەوە ئاماژەیە بۆ ئەم دوو سەرچاوە ئاوییە گرنگە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ شارستانییەتێک نەبووە پشتی بە سەرچاوەی ئاو نەبەستبێت، بگرەی حەرەمی مەککەی پیرۆز و دروستبوون و ئاوەدانبوونەوەی ئەم شوێنە پیرۆزە، ئاوی زەمزەم بووەتە فاکتەری سەرەکیی، ئەگەرنا شیو و دۆڵێکی وشک و بێ دەرامەت و بیابانێکی بێ ئاو بووە سەرەتا، ئەمەش لە

**سامانی ئاوی، سامانی ڕووەکی و سەرچاوەکانی وزە، نابێت لە هیچ کەسێك قەدەغە بکرێن، زەوتکردنی ئەم مافە بەهیچ پاساوێك بۆ کەس ڕەوا نییە.**

سوورەتی (ئیبراهیم) لە ئایەتی (٣٧)دا ئاماژەی بۆ کراوە، کە پێغەمبەر ئیبراهیم (دروودی خوای لەسەر بێت) لە نزاکانیدا فەرموویەتی: (ربنا إني أسكنت من ذريتي بواد غير ذي زرع ...).

بەڵام بەداخەوە کەمتەرخەمی بەرپرسان و بگرە هاووڵاتیانیش لەم وڵاتە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە لە داهاتوودا عێراق ڕووبەڕووی قەیرانێکی سەختی کەم ئاوی ببێتەوە، سەرباری ئەمانەش وڵاتانی دراوسێ ڕۆژ بە ڕۆژ خەریکی بەنداوی گەورەی ئاوین لەسەر ئەم دوو سەرچاوە ئاوییە گرنگەی دیجلە و فورات، کە زۆربەی ئەم بەنداوانە بەرەو تەواوبوون دەڕۆن، هەموو ئەمانە زەنگێکی مەترسیدارن و دەبێت هەموو لایەک لێی وەدەنگ بێین و بەئاگا بێین.

بۆ نموونە دروستکردنی بەنداو لەسەر دەریاچەی (سیروان) لەلایەن وڵاتی (ئێران)ەوە و بەنداوەکانی (ئەتاتورک) و (ئۆرفە) و بەنداوەکانی تر، لەلایەن وڵاتی (تورکیا)وە و بەنداوی (ئەسەد) لەلایەن وڵاتی (سوریا) و گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی (موبارەک) لەلایەن وڵاتی (کوەیت)ەوە، هەموو ئەم دەستدرێژییانە دەچنە خانەی زەوتکردنی (مافە هاوبەشەکان) کە زانایانی ئیسلام لە کۆن و نوێدا یەکدەنگن لەسەر ئەوە(٥). بۆیە قۆرخکردن

## وشککردنی سەوزاییەکان بۆ دروستکردنی باڵەخانە و ئاپارتمان و کۆشك و تەلاری بەرپرسان، تاوانێکی حاشاهەڵنەگرە و داگیرکردنی موڵك و ماڵی گشتییە

و بەبیابانکردنی مۆڵگە ئاوییەکان جۆرێکە لە (جینۆساید) بەرامبەر بە مرۆڤایەتی و بگرە سەرجەم بوونەوەرەکانی تریش، دەبێت کار بکرێت بۆ فشار خستنە سەر ئەم وڵاتانە تا لەم قۆرخکارییە قەدەغەکراوە دەست هەڵگرن.

لە ساڵی ١٩٢٣ز لە پەیماننامەی (لۆزان) لە نێوان تورکیا و وڵاتە هاوپەیمانەکاندا، برگەیەکی تایبەتمەند کرا بە پرسی ئاو دیجلە و فورات کە برگەی (١٠٩) لەم پەیماننامەیە دەڵێت: هیچ یەکێک لەو سێ وڵاتەی (تورکیا، عێراق، سوریا) بۆیان نییە بەنداو دروست بکەن و رێچکەی ئاو بگۆڕن بەبێ رەزامەندیی وڵاتەکانی دیکە، بۆ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێنەگات، بەڵام وڵاتی تورکیا بەردەوامە لە پێشێلکردنی ئەو پەیماننامەیە و (٢٣) بەنداوی دروستکردووە کە دوا دانەیان بەناوی (لیسو دام)ە لە ناوچەی (حسن کییف) کە ناوچەیەکی کوردنشینە.

رێکخراوی (ئاوی ئەورووپی) پێشبینی دەکات کە رووباری (دیجلە) بە تەواوەتی وشک بێت لە ساڵی (٢٠٤٠ز) دا، کە لە ئێستادا ساڵانە ٣٣٪ ملیار مەتر سێجا ئاو کەم دەکات بەهۆی پرۆژە تورکییەکانەوە، لە ئەنجامدا ئەگەر عێراق نەگاتە رێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی کە برە ئاوی خۆی بەتەواوەتی مسۆگەر بکات ئەوا عێراق بەرەو کارەساتێکی گەورەی راستەقینە دەڕوات، کە ملیۆنەها دۆنمی کشتوکاڵی دەبێت بە بیابان و وادەکات عێراق ببێت بە بەشێک لە بیابانی رۆژئاوا لە ماوەی ٣٠ ساڵی داهاتوودا، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی نەخشەی دیمۆگرافی ناوچەکە و دواجار کۆچی ژینگەیی دیتە ئاراوە(٦).

### دووەم مافی هاوبەش: سەرمایەی رووەکیی

سەرمایەی رووەکی هەموو جۆرە بەروبوومەکانی سەرزەوی دەگرێتەوە، کە خودای پەروەردگار بۆ زیندەوەرانی فەراهەم کردوون و رێگەی داوە سوود و کەڵکیان لێوەربگیرێت، وەک دەفەرموێت: (هو الذي خلق لكم ما في الأرض جميعا) (البقرة) ئایەتی (٢٩). بۆیە قۆرخکردنی موڵکی گشتی بە پاساوی بێ بنەما، بڕینی دار و درەخت، وشککردنی سەوزاییەکان بۆ دروستکردنی باڵەخانە و ئاپارتمان و کۆشك و تەلاری بەرپرسان، تاوانێکی حاشاهەڵنەگرە و داگیرکردنی موڵک و ماڵی گشتییە و هەرکەسێک ئەم تاوانەی ئەنجامدابێت رووبەڕووی چەندین هەڕەشەی خوایی دەبێتەوە کە لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە.

### سێهەم مافی هاوبەش: سەرچاوەکانی وزە

ئەگەر لە کۆندا سەرچاوەکانی وزە بە پەنجەی دەست بژمێردران، ئەوا لە ئەمڕۆدا ئەم سەرمایە گرنگە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لە زۆربەی وڵاتان مایەی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانە.

دیارە سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی وزە، وەک نەوت و گاز و سەرجەمی سامانە سرووشتییەکان، رێساو یاسای تایبەتی خۆی

هەیە، پایە وماڵکردنی بۆ هیچ کەس ڕەوا نییە و مافێکی سرووشتی سەرجەمی هاووڵاتیانە.

له هەر وڵاتێکدا دامەزراوەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی سەرچاوەکانی ئاو و شارەوانی و سامانە سرووشتییەکان، بەشێوەیەکی سیستماتیکییانە بەڕێوەچووبێت، زۆرێک لە مافە هاوبەشەکان بەرژەوەندی گشتیی تێدا ڕەچاو کراوە، بەپێچەوانەشەوە، گەر موڵک و ماڵی گشتی قەتیس بووبێت لە چەند کەس و گرووپ و حزبێکدا، بەوشێوەیەی ئەمڕۆ لێدێت کە دەیبینین.

## پوختەی بابەتەکە

قەدەغەکردنی دەستبردن بۆ مافە گشتییەکان بە (لا) لە فەرموودە پیرۆزەکەدا، کە پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: (ثلاث لا یمنعن...)، هانمان دەدات کە هەمیشە لەبیری چاکسازییدا بین و پاراستنی مافە گشتییەکان لە بانگەشەی گوتارەوە بکەینە کردار، ئاسایشی وڵات بە دادپەروەردی و یەکسانی لە دابەشکردنی ماف و ئەرکەکاندا بەرقەرار دەبێت، نەک بە پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندنەکان.

## سەرچاوە و پەراوێز


١. أصول الفقه في نسيجه الجديد، الأستاذ المتمرس د. مصطفى ابراهيم الزلمي، ط: العاشرة، جامعة النهرين/ بغداد. ل١٥٦.

٢. رواه أبو داود فی سننه، بسند صحيح، ک: أبواب الاجارة، ب: فی منع الماء، برقم: (٣٤٧٧)، ل٣٨٧.

٣ رواه ابن ماجه فی سننه، بسند صحيح، ک: الرهون، ب: المسلمون شركاء في ثلاث، برقم: (٢٤٧٣)، ل٢٦٧.

٤. المياه مصدر للتوتر في القرن ٢١، د. محمود أبو زيد، ط: الأولى، مؤسسة الأهرام/ القاهرة، ١٤١٩هـ - ١٩٩٨م.ل٩.

٥. المياه والعلاقات الدولية، داليا إسماعيل محمد، ط: الأولى، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٦م.ل١٢٠.

٦. جيوبولوتيكا المياة، الأسس القانونية لتقاسم المياة المشتركة في الوطن العربي، د. محمد أحمد عقلة المومني، ط: الأولى، دار الكتاب الثقافي/ الأردن، ١٤٢٥هـ - ٢٠٠٥م.ل٢٤٧.



# زمانی کوردی و نەوەی نوێ




**حەیدەر عەبدوڵڵا**

لەدایکبووی ١٩٨٣

بڕوانامە: بەکالۆریۆس

خاوەنی پێنج بەرهەمی چاپکراوە

**(١)**

زۆر بە دڵنیاییەوە ئێژم: زمانی کوردی هیچ جوداوازییەکی لەگەڵ زمانە بەناوبانگەکانی جیهاندا نییە، بگرە لە زۆر لایەنەوە فراوانتر و شایانتریشە، وەلێ ئێمە هەمیشە بە چاوێکی سووک و هیچ تەماشامان کردووە، ئەوەندەی هەوڵی فێربوونی زمانی ئینگلیزی و عارەبی و فارسیمان داوە، نیو هێندە بیرمان لە فێربوونی زمانی کوردی نەکردووەتەوە! زمانێک کە بە شێوەیەکی سروشتی لە مێژوودا بەبێ ڕاژەکار نمای کردووە، ئێستا لەبەر دەستی نەزانان وەک ماری ژنانکوشتیی لێ هاتووە!

ئەدەبی فۆلکلۆرمان هێلانەوشەی کوردییە، لەوێ زمان گەشە دەکات و وشە دەزێت، کەچی پێمان نەنگییە هەر باسیشی بکەین. سینەی ئەو پیرەژن و پیرەپیاوانەی لەجێ کەوتون، سیخناخە لە وشەی تەڕ و ناسکی کوردی، بەڵام ئێمە ئەوانەمان ناوێت، حەزمان لە وشەی داتاشراوی دەستی نەزانانە، ئیتر مەردی خوابە بە خوێندنەوەیان هێڵنج نەتگرێ، ئارەزووی ڕشانەوەی مەکە

دەڵێن زمانی کوردی تاکو ئێستا تەنیا (٣٠٪) کەوتووەتە نێو کێڵگەی قەڵەم، ئەوەی تری هێشتا لەنێو زەوی بەیاردایە، ئەگەر نەکێڵدرێت و هەوڵی ڕزگاربوونی نەدرێت، ساڵ لە دوای ساڵ ڕەقێنتر دەبێت، لەوانەیە کوردەواری گوتەنی «بزنێ پۆش ئەمن و تۆ خۆش»، بە یەکجاری ماڵئاواییمان لێ بکات و کەس هەر پرسیاری نەکات و پرسەشی بۆ نەگێڕێت.

بابگەڕێینەوە سەر ئەو سەتا سییەی، کە ئێستا مە پێی دەنووسین و دەخوێنینەوە. هەنووکە زانستگە نەک خزمەت بە زمانی کوردی ناکات، بەڵکە وێرانیشی دەکات. گەر لە کۆلیژێکی پزیشکی بپرسیت ئێوە بۆ گرنگیی بە زمانی کوردی نادەن؟ ئێژن زمانی کوردی بۆ مە هیچ سوودێکی نییە، تەنێ زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی دیکە، بە کەڵکی بوارە زانستییەکانی ئێمە دێن! ئەگەر هێشتا لەم قسەیەی من دڕدۆنگی، فەرموو سەرێک لە شەقامی پزیشکانی هەولێر بدە، ئەگەر هەر نەختێک سەلیقەی زمانەوانییت هەبێت، تووشی سەرسووڕکێ دەبیت و چێژی خوێندنەوەت بۆ ماوەیەک تێک دەچێت!

پزیشکانی ئازیز و ئەندازیارانی بەڕێز دەڵێن: زمانی کوردی بۆ بابەتە زانستییەکان ناشێت؟ ئەی بۆچی زمانی عارەبی و ئینگلیزی و فارسی و بگرە شێوەزارەکانیشیان بۆ هەموو زانستێک دەگونجێن؟

با دڵی خۆمان بدەینەوە و بڵێین: ئێ خۆ ئەوان کاریان زاراوەدانان و وشەداتاشین نییە، ئەوە کاری مامۆستایانی زمانی کوردییە، پسپۆڕ و پرۆفیسۆرانی زمانی کوردی دەبێ ڕێنماییان بکەن، ئەوان دەبێت کۆڕ و کۆبوونەوە بکەن، لە دیار دانانی وشەیەکی کوردی، دەیان شەو وەنەوز بدەن. بەداخەوە، وا نییە، ئەوەی ئێمە لەوان چاوەڕێمان دەکرد وا دەرنەچوو! بەشێکی زۆری ئەو نامە و تێزانەی مامۆستایانی کوردی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا نووسیویانن، جێگەی دڵتەنگی و بێزارین. باسی زمان دەکەن، کەچی لە ڕێساکانی ڕێنووس و ڕێزمان دەردەچن، تەنانەت وشەی (ڕێنووس و نووسین) بە (ڕێنوس و نوسین) دەنووسن! وشەکانی (دەڵێم، دەخۆم، دەڕۆم)، بە (ئەڵێم، ئەخۆم، ئەڕۆم) دەنووسن، کە ئەوانە لە سادەترین چتەکانی ڕێزمان و ڕێنووسی کوردین. وان وەک قەسابێکی بێبەزەیی وشە ڕەسەنەکانی زمان، بە کێردێکی ژەنگاوی لەتلەت دەکەن، ڕستەکان تێک هەڵدەشێلن، وەک قژی شانەنەدیو، ئاڵۆزیان دەکەن، ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی هیچ باس و خواسێکیان نامێنێت.

(٢)

ڕۆژێک لە پیوازفرۆشێکی گەنجم پرسی ئەریَ خلیسکەت هەیە؟

-چیت گوت کاکە؟

+خلیسکە؟

-خلیسکە چییە؟

+چۆن نازانی چییە؟ چەند ساڵە پیواز دەفرۆشی؟

-وەڵلا بۆ چوارساڵ دەچێت، بەڵام قەت ئەو ناوەم نەبیستووە!

لە دڵی خۆمدا گوتم نا، پێدەچێت لای ئەوان ناوێکی دیکەی پیَ بڵێن، بۆم خوردکردەوە گوتم:

+کورە ئەوەی لە پیواز گچکەترە.

-ئەها، بێقەزابێ دەوابڵێ، مەبەستت فەرخەپیوازە!

منیش دڵم نەشکاندوو و وتم: بەڵێ بەڵێ من هەڵەبووم، مەبەستم فەرخەپیوازە! وابزوات بۆ چەند ساڵێکی دیکە ناوی پیوازیشمان لەبیر دەچێتەوە و دەڵێین ئەو شتەی لە هێلکە دەچێت! دووعا بکەن ناوی هێلکەشمان لە بیر نەچێتەوە و نەڵێین فەرخەتۆپ!

پێشتر کە خەڵکی شار دەچوونە لادیَ زمانی ئاخاوتنیان لاواز بوو. دەگێڕنەوە جارێک پیاوێک لە هەولێر دەچێتە گوندێک، پێی دەڵێن برۆ کەرسپی ڕاگوێزە، ئەویش دەچێت لە شوێنێک دەیبەستێتەوە، خاوەنماڵ پێی دەڵێت: کاکۆ ئەو کەرەت لە کیَ بەستەوە؟ دەڵیَ: بردم لە بن ئەو داراهێم دانا!

ئێستا تەواو پێچەوانەبووەتەوە، خەڵکی گوند کە ڕوو لەشار دەکەن، نازانن چۆن قسە بکەن، سەت توانجیان لیَ دەدەن و نووکتەیان بۆ هەڵدەبەستن. چونکە دەبێت ناوی دووکان، نۆرینگە، ناندین، شوێنە گشتییەکان بە زمانی بیانی یان عەرەبی، یان کوردییەکی سەقەت بێن، گەرنا لەوانەیە بە نیمچە پیر، یان شێتۆکەیان هەژمار بکەن.

بەداخەوە زمانی کوردی نووکە لە ڕووی وشەی ڕەسەنی کوردییەوە بەرەو لاوازیی دەچێت، وشەی کوردی هەیە سەتان هاوواتای هەیە، کەچی وشەگەلێک دەکاردێنن کە هەرچۆنێک لێی ڕادەمێنی لەگەڵ مەبەستی بابەتەکە نایەتەوە.

ئەو کتێبانەی لە خوێندنگەکانی کوردستان لەسەر زمان و ڕەوانبێژیی کوردی دەخوێندرێن، چەندان وشەی وایان تێدایە کە مەگەر بە ڕاڤە و پێناسە بیانزانیت، دەنا دەبێت دەستیان لیَ بشۆیت، بە نموونە وشەی (بایس) واتای چییە؟ وەرام هیچ! لە چییەوە هاتووە؟ لە ڕەوانبێژیی زمانی عەرەبی وەرگیراوە. چۆن؟ جوانیی بایس (حسن التعليل) کە میسرییەکان پێی دەڵێن (حسن الباعث) پێناسەکەی بە زمانی کوردی (دیاردەیەک هۆی دروست و ڕاستینەی خۆی هەبێت، بەڵام ئەو هۆیە بخرێتە لاوە, هۆیێکی دیکەی هونەرمەندانەی بۆ دروست بکرێت، کە دووربێت لە هۆیە ڕاستینەکەی خۆی) بە نموونە:

**مانگی یەک شەو بۆیە دایم زیاد دەکا و دەشنێتەوە،**
**تا جەمالی خۆی وەکو ڕووی تۆ برازێنێتەوە،**
**تا دەگاتە چواردەهەم شەو تێدەگا ناگا بە ڕووت**
**جا لە داخا وردە وردە کەم دەکا و دەتوێتەوە.**

لە زمانی عەرەبی بە زۆر شێوە پێناسەکراوە، یەک لە پێناسەکانی: (ان يتناسي الاديب العلة الحقيقية لحدوث الشئ ويأتي بعلة صريحة مبتكرة من عنده وهو صورة من ابرز صور البلاغة) ئەبووعەلا دەڵێت:

وما كلفة البدر المنير قديمة
ولكنها في وجهه أثر اللطم.

کەواتە (جوانیی بایس) لە (حسن الباعث)ی عەرەبییەوە هاتووە، پیتی (ع) قرتێندراوە و پیتی (پ) کراوەتە (س)، بەم شێوەیە کراوە بە (جوانیی بایس) ئەو وشەیە وا شێواندراوە، هەرچەند هەڵگێڕ و وەرگێڕی پێ دەکەیت، هیچ بە دایکی خۆی ناچێتەوە.

وشەی (باعث) لە لایەن کەسانی ئاکادیمییەوە کراوەتە (بایس)، خەڵکی ڕەشۆکیش وشەی خلیسکەیان کردە (فەرخەپیواز). سەیرەکە لەوە دایە هەردووکیشیان پسپۆڕی کارەکەی خۆیانن!

**(٣)**

نووکە دەیان بگرە بە سەتان ڕێنووس لەنێو نووسەرانی کورددا دەستاودەستیان پێ دەکرێت. بەشێکیان لێیان بووە بە وەسوەسە و خەریکە خۆیان گوتەنی لەبەر ئاڵۆزیی ڕێنووس واز لە نووسین بهێنن!

ماڵم هەقە وان ناهەق نین، تۆ سەیری وشەی (مێژووییەکان) لە ڕستەی: (شارە مێژووییەکانی یۆنان، بۆنی فەلسەفەیان لێ دێت) بکە، جارێک بە (مێژووی یەکان)، هەڕەتێک بە (مێژوویی یەکان)، هەندێک جار بە (مێژووییەکان)، ناوەناوەش بە (مێژووییەکان) دەنووسرێت.

ئایا ڕێنووس بۆ نووسەران تا چەند گرنگە؟ لە کنە من ڕێنووس بڕبڕەی پشتی زمانە. نووسراوی بێڕێنووس وەک ماستی پڕ موو وایە، بە خواردن و تەماشاکردنی هێڵنجت دێنەوە. بەڵام هەقیقەتێکیش هەیە دەبێت بگوترێت، تا نها ڕێنووسێکمان نییە سەت لە سەت لێی دڵنیابین، ئاخر خۆ هەر من لەو بوارەدا دڕدۆنگ نیم، تەنانەت ڕێنووسناسە

**سینەی ئەو پیرەژن و پیرەپیاوانەی لەچن کەوتون، سیخناخە لە وشەی تەڕ و ناسکی کوردی، بەڵام ئێمە ئەوانەمان ناوێت، حەزمان لە وشەی داتاشراوی دەستی نەزانانە**

هەرە بە تواناکانیش لە چۆنیەتیی نووسینی چەندان وشەی کوردیی، سەرگەردان ماون! وەلێ دەشێ بڵێین: سەتا شێستی ڕێنووسی کوردیی، فرچکی گرتووە و خەریکە بەرەبەرە سەرپێ دەکەوێت، ئەگەر نووسەران بێنە سەر خەت ئەوەی دیکەش ساخ دەبێتەوە.

گرفتەکە لەوە دایە: سەتا نەوەتی نووسەران لە ڕێنووسدا هەرە لە برە دەرناکەن، وەختێک لەگەڵێشیاندا دەدوێیت ئێژن زمانی کوردی کوا ڕێنووسی هەیە؟ ئەی نابینی چ گەڕەلاوژەیەکە، هەر کەسە و بە شێوەیەک دەنووسێت، ئیتر بەم پاساوە خۆیان دەدزنەوە.

لێرەدا دەمەوێت ئەوەیش بڵێم، کە بەشێکی زۆری ئەم پاشاگەردانییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی کتێبیان لەسەر زمان و ڕێنووس نووسیوە، چونکە ئەوانیش لەو گەڕەلاوژەیە بەشدارن. بە نموونە (حوسێن محەمەد عەزیز)، لە کتێبی (سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی کوردی)، بەرگری لە دوو واوی سەرەتای وشە دەکات و دەڵێت: هەر وشەیەک بە (واو) دەست پێ بکات پێویستە بە دوو واو بنووسرێت، وەک: «ووزە، وورە، ووشە، ووتار، ووڵات، وون،... تاد.» ئەو بڕیارەی کۆڕی زانیاریش بۆ نووسینی

**گوناهەکە تەنێ هی نووسەران نییە، کە ڕێساکانی ڕێنووس لە نووسیندا جێبەجێ ناکەن، چونکە هێشتا لەنێو ڕێنووسزاناندا ململانێکە گەرمە و زۆر شت ماوە یەکلایی بکرێتەوە.**

یەک واو لە سەرەتای ئەو وشانەی بە واو دەست پێ دەکەن، پەسند ناکات.

بەدران ئەحمەد حەبیب لە نامیلکەی (ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی) دەڵێت: جێناوی ئەم، ئەو، ئەڤ، ئەگەر ئاوەڵکاری (کات یان شوێن)یان بە دوادا هات، پێیانەوە دەلکێن، وەک: ئەمشەو.

حوسێن محەمەد عەزیز دەڵێت: هەڵەیە (ئەم) و (شەو) بە یەکەوە بلکێندرێن، چونکە لە دوو وشەی جیاواز پێکهاتوون، (ئەم) ناوی هێمایە و (شەو) ناوە بۆ کات.

دەربارەی گیروگرفتی وشەی لێکدراو، بەدران دەنووسێت: ئەگەر وشە لە دۆخی فەرمان دابوو بە جیا دەنووسرێت، وەک: (دەستمان نەکەوت) ئەگەر لە دۆخی چاوگدا بوو، ئەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن، وەک: ڕێککەوتن.

کەچی حوسێن پشتگیریی ئەم ڕێنووسە ناکات و دەڵێت: باشتر وایە ئەو وشانە لەسەر بنچینەی واتا بنووسرێن نەک چاوگ و کردار، واتا: وشەی (پاکیانکردەوە)، (چاکیانکردەوە)، (هەڵیوەشاندەوە)، بەسەر یەکەوە دەنووسرێن. بە قسەی ئەو لە کۆتاییشدا هەر ئەوە شێوەیە دەچەسپێت، چونکە لە نووسیندا ئاسانتر و پترە.

من هەرچەند ئەو بۆچوونانەی حوسێنم پێ دروست نین، بەڵام هەمیشە وەک کەسێکی زمانزان تەماشام کردووە.

بەراوردکردنی ئەم دوو نووسەرەم بۆ ئەوەبوو بڵێم: کە گوناهەکە تەنێ هیی نووسەران نییە، کە ڕێساکانی ڕێنووس لە نووسیندا جێبەجێ ناکەن، چونکە هێشتا لەنێو ڕێنووسزاناندا ململانێکە گەرمە و زۆر شت ماوە یەکلایی بکرێتەوە(١).

**(٤)**

هەژار ئەگەر لە وەرگێڕانی کتێبەیلی (شەرەفنامە، دایە باوە کێ خراوە؟ خەیام ...تاد) دانایانە و ئازادانە دەقە ئەسڵییەکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کردبن، لە وەرگێڕانی قورئاندا ئەوەی بۆ نەلواوە. ئاخر زانیویەتی وەرگێڕانی قورئان لە هەموو کتێبەکانی دیکە سەختترە. ئەگەرچی بەر لەو، مەلای گەورە، شێخی خاڵ، عەبدولکەریمی مودەریس، قورئانیان وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی و ڕاڤەیان کردووە، بەڵام هیچیان وەک هەژار لایەنی وەرگێڕانی (حرفی) وشە بە وشەیان ڕەچاو نەکردووە، دەشێ ئەمەیش بۆ ئەوە بگێڕێتەوە کە ئەوان شارەزاییکی قووڵیان لە زمانی قورئان و عەرەبیدا هەبووە، هەژار کەمتر ئەسپی خۆی لەم بوارەدا تاو داوە.

من لێرەدا نامەوێت بە شانوشەپێلکی هەژاردا هەڵبدەم و جوانییەکانی ئەم وەرگێڕانەی بخەمە ڕوو، کە بێگومان زۆرن و دەکرێ بە شێنەیی و ئاگایی توێژینەوەیان لەمەڕەوە بکرێت. ئەز دەمەوێت تەنێ لە سورەتی (بەقەرە)دا سەرنجتان بۆ چەند ئایەتێک ڕابکێشم، کە بۆچوونی بەندە مامۆستا هەژار تێیاندا بە هەڵەچووە. خوا یاربێ و بار لە باربێ لە ئایندەدا سورەتەکانی دیکەیش بەسەر دەکەینەوە، بەمەیش خزمەتێک بە مام

هەژار و وەرگێرانە جوانەکەی دەکەین.

لە ئایەتی (٧) لە وەرگێرانی (عذاب عظيم) دەنووسێت: (ئازاری بە ژان). بە ژان بۆ (اليم) دێت نەک (عظيم) ئازاری بە ژان بۆ (عذاب اليم) دروست و تەواوە.

لە ئایەتی (٣٠) وشەی بریکاری بۆ (خليفه) دەکار هێناوە. ڕاستییەکەی بریکار بۆ (الوكيل) تەواوترە، وشەی (جێنشین) بۆ (خليفه) پڕاوپڕترە.

لە ئایەتی (١١٥) لە وەرگێرانی (ان الله واسع عليم) دەنووسێت: (زانستی خودا بەربڵاوە و ئاگادارە). خۆ ئەگەر تەنێ نووسیبای: زانستی خودا بەربڵاوە، باشتر بوو، بەڵام بە وشەی (ئاگادارە) ئاڵۆزیی دروست بووە، ئایا: خودا ئاگادارە یان زانستەکەی؟ من چەند جار ئەمەم خوێندەوە تێی نەگەیشتم!

لە ئایەتی (١٧٨) لە وەرگێرانی (الحر بالحر والعبد بالعبد) دەنووسێت: (ڕزگار لە تۆڵەی ڕزگار کۆیلە لە تۆڵەی کۆیلە)دا، وشەی (ڕزگار)ی لە شوێنی ئازاد (الحر) دەکارهێناوە. دیارە ئەم دوو وشەیە جیاوازییان هەیە، ڕزگار کەسێکە پێشتر گیراوە، یان دەستبەسەر بووە، یانیش تووشی کارەساتێک یان نەخۆشییەک بووە و بە هەوڵێک، یان ڕووداوێک، یان چارەسەرێک کۆتایی بە دەستبەسەریی یان گرفتارییەکەی هاتووە، بەڵام کەسی ئازاد دەکرێت هەرگیز بەند نەکرابێت و دەشێت بەندیش کرابێت، با خوردتری بکەینەوە، هەموو ڕزگاربوویەک ئازادە، بەڵام هەموو ئازادێک ڕزگاربوو نییە. ناشزانم لە زمانی کوردیی کۆندا وشەی (ڕزگار) بەرانبەر وشەی (حر)ی عەرەبی هاتووە یان نا؟ ئەوە دەزانم کە لە زمانی فارسیشدا وشەی (رستگار) هەیە و بە هەمان مانای ڕزگاری زمانی کوردیی دێت، واتا: دەربازبوون لە دەردەسەرییەک.

لە ئایەتی (٢٥٥) لە وەرگێرانی (...لاتأخذه سنة ولانوم لە ...) دەنووسێت: (نەخەنوچکە دەیباتەوە، نە ڕادەزێ). بۆ یەکەم جارە وشەی (خەنوچکە) دەبینم، خەوچکە یان خەوەنوچکەم بیستووە، بەڵام (خەنوچکە) چییە؟ نازانم. ئەوەی زانیاریی لەسەر ئەم وشەیە لایە باشترە بە منیشی ڕابگەیەنێت، دەنا ناچارین بڵێین هەڵەی چاپە و چەپەی کردووە.



## پەراوێز

١. هەردوو نووسراوەکە: (ڕێنووسی یەکگرتووی زمانی کوردی) و(سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردی)، لە ساڵی ٢٠٠٥ چاپ کراون.

# پەیامی خودا و ئایینزا ئیسلامییەکان

## لەنێوان گرفتی بۆزیادکردنی دڵسۆزان و دژایەتیکردنی نەیاراندا



**عەبدوڵا نەسڕوڵڵا**
لەدایکبووی (١٩٧٤)
بەکالۆریۆس لە زمانی عەرەبی

## پێشەکیی

کولتوری ڕۆشنبیری و مەعریفی ئەهلی سوننەتی ئوممەتی ئیسلامیی، بێجگە لە دەقی قورئانی پیرۆز و سوننەتی کردەیی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، بەرهەمی هەوڵ و کۆششی زانا و بانگەشەکار و بیرمەندە موسڵمانەکانی ناو نەتەوە و کۆمەڵگە جیاوازەکانی وڵاتانی موسڵمانی سەردەم و قۆناغە جوداکانی شارستانیەتی ئیسلامییە.

بە درێژایی مێژووی موسڵمانان لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) و خەلیفەکانی ڕاشیدینەوە بەدیهاتووە بە شێوەی کتێب و نووسین. واتە سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شوێنکەوتووانی هاوەڵان تا دەگاتە سەردەمی پێشەوایانی بەناوبانگی پەیڕەوە فیقهییەکان، ڕابەرانی ئاڕاستەکانی بیروباوەڕ، شارەزایانی گەورەی تەفسیری قورئان، زانا فەرموودەناسەکان، پسپۆڕانی بواری زمانەوانی، مێژوو و تەواوی بەشەکانی زانستە شەرعییەکانی سەدەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمی کۆچی. کە دواتر بە شێوەیەکی گشتیی لە چوار بازنە و ئاڕاستە و قوتابخانەی جیاوازدا پۆلێن دەکران.

### یەکەم: قوتابخانە و ئاڕاستەی زانایانی فەرموودە

زانا و پێشەوایانی ئەم بوارە زۆرتر سەرقاڵی کۆکردنەوە و نووسینەوە و لێکدانەوەی ڕیوایات و ئەو فەرموودانە بوون کە نیسبەت دەدران بۆ پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت)، هاوەڵان، شوێنکەوتەکانیان و خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لە ژیاننامەی ئەو کەسانەی کە ڕیوایاتیان لێوەردەگیرا و شەن و کەوی فەرموودە ساغ و ناساغەکانیان دەکرد.

### دووەم: قوتابخانە و ئاڕاستەی زانایانی شەرعناس

زانایانی ئەم بوارە گرنگییان دەدا بە ناسینی بڕیارە شەرعییەکان سەبارەت بە تەواوی گوفتار و کردارەکانی مرۆڤ لە ڕووی ژیانی تاکەکەسیی، خێزانیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، ڕامیاریی، دادوەری و پەیوەندییەکان و ئەرکی مرۆڤ بەرامبەر خودا، مافی تایبەت، مافی گشتیی، ئەرک و مافی مرۆڤ بەرامبەر یەکدی لە ڕووانگەی دەقی قورئان و فەرموودەکان، ڕاڤە و لێکدانەوەی دەقەکان و دۆزینەوەی هۆکار و بەدەستهێنانی دەرئەنجام و هاوشێوەکردنی بڕیارەکان و شیکاری بەڵگەکان.

### سێیەم: قوتابخانە و ئاڕاستەی زانایانی بیروباوەڕ

شارەزایانی ئەم بەشە خەریکی چەسپاندن و ڕوونکردنەوەی بنچینەکانی بیروباوەڕی ئیسلامیی بوون بە پلەی یەکەم بە بەڵگەی ژیری و کەڵک وەرگرتن لە هەستەکان، پاشان ڕێکخستن و پۆلێنکردنی بابەتەکان وەک پێشەکییەک بۆ ناساندن و دامەزراندنی بیروباوەڕ لە ڕووانگەی دەقی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) و وتەی هاوەڵان و زانایانی شرۆڤەکاری دەقەکان لە سەردەمی شوێنکەوتووان و ئەوانەی بە شوێنکەوتەی ئەوانیش زانرابوون.

### چوارەم: قوتابخانە و ئاڕاستەی زانایانی تەسەوف

ڕابەرانی ئەم ڕەوتە ناسرابوون بەوەی کە زۆر گرنگی دەدەن بە پاکژکردنەوەی دڵ و دەروون لە خوونەریتە ناپەسەندەکان و ڕازاندنەوەی کەسایەتیی مرۆڤ لە ڕووی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دەرەکی و خو و خەسڵەتی دەروونی و ناوەڕۆکی پەنهانی مرۆڤ، بە سیفەت و ئادابە جوان

و پەسەند و باشەکان، هەروەها هەمیشە سەرقاڵی کۆکردنەوە و گەیاندنی ئەو ئایەت و فەرموودە و وتەی کەسایەتییە چاکانە بوون کە لە بازنەی ئەم بوارەدا بە بەڵگە دەهێنرانەوە و کەڵکیان لێ وەردەگیرا.

## چەند تێبینییەکی گرنگ:

١- زۆربەی کولتوری ڕۆشنبیر و مەعریفی ئەهلی سوننەت بەرهەمی کۆششی زانا و بانگەشەکارانی ئەم چوار قوتابخانە و ئاڕاستە سەرەکیانە بووە، بەڵام ئەگەر لێکۆڵینەوە بکرێت لە کولتوری هەموو کۆمەڵگەی موسڵمانانی جیهانی ئیسلامی، ئەوا دەبێت دڵنیابین کە دەیان و سەدان زانا و بانگەشەکاری کۆمەڵە و ڕەوت و لایەنی نەیار و ناکۆک لەگەڵ ئەهلی سوننەت چەندەها کتێب، توێژینەوەی بەسوودی زمانەوانی، مێژوویی، ڕاڤەی دەق و سەرچاوەی زانستی و ئەزموونی باشیان نووسیوە، کە دەکرێت زۆر سوودیان لێ وەربگیرێت. بەڵام بە ڕەچاوکردنی بەڵگەی لاواز و بۆچوونی هەڵە و خاڵی جیاوازییان لەگەڵ بیروبۆچوونی زۆربەی موسڵمانان و پەیامی بەهێزی قورئان و سوننەتی ساغ و پاکی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت).

٢- زۆربەی زانایان و پێشەوایانی ئەم چوار ئاڕاستە و قوتابخانەیەی ئەهلی سوننەت، خاوەنی سێ سیفەت و خەسڵەتی جوان و باشن کە زەمینەسازکەری گومانی باش و سوودوەرگرتنن لە بەرهەمەکانیان و دەبێت بزانین کە شارەزایانی ئەم چوار بوارە:

أ- دڵسۆز بوون بۆ ئیسلام و موسڵمانان.

ب- پسپۆڕ بوون لە بواری زانستیی خۆیاندا.

جـ- بەرهەمدار بوون لە بانگەواز و نووسین و کاریاندا.

بەڵام گومانمان لەوە نییە کە هەریەک لەم زانا و پێشەوا بەڕێزانە کاتێک سوود لە بەرهەمەکانیان وەردەگرین یان ژیاننامەیان دەخوێنینەوە دەبێت ڕەچاوی ئەم سێ خاڵە بکەین، دڵنیابین کە لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیمان بۆیان، هیچ کامیان وەک تاک:

أ- بێ هەڵە و کەموکوڕی نەبوون، واتە (معصوم) نەبوون. بە بەڵگەی ئەوەی کە لە سەردەمی ئەم پێشەوا بەڕێزانەدا هاوئاستەکانیان ڕەخنەیان لە بۆچوونەکانیان گرتووە، بگرە ئەم زانایانە هەندێکیان خۆیان ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵێک بیروبۆچوونی خۆیان پەشیمان بوونەتەوە، وەک گۆڕینی پێشەوا (شافیعی) بۆ پەیڕە و بۆچوونەکانی کاتێک لە عێراقەوە گەشت دەکات بۆ میسر، ئەم هەڵوێستە لەناو کتێبەکانی (أسباب اختلاف الفقهاء) و (أدب الإختلاف) دا بە پرسی وتەی کۆن و وتەی تازەی پێشەوا (شافیعی) ناسراوە.

هەروەها بەڵگەیەکی تر لەسەر (معصوم) نەبوونی ئەم زانایانە، دیاردەی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی و شەنوکەوی ڕیوایات و ئەو فەرموودانەی کە پێشەوایانی پێشینی پەیڕەوەکان پشتیان پێ بەستبوون، لەلایەن ئەو زانا و توێژەرانەی کە دوای پێشەوایانی پێشین (السلف) کە بە زانایانی شوێنکەوتەی پەیڕەوەکان و شوێنکەوتەکان ناسرابوون (المجتهدون في المذهب) و (علماء الخلف)، پێی هەڵدەستان، وەک بابەتی وتە بەناوبانگەکەی پێشەوا (نەوەوی) لە کتێبی (منهاج الطالبين)ـەکەیدا کە دەڵێت: (قلت) منیش وتم بۆچوونەکانی جیاوازە لە بۆچوونەکانی پێشەوایانی پێشین و بەتایبەتیش پێشەوا شافیعی.

ب- زانایان و پێشەوایانی ئەم ئوممەتە کەسیان بە ڕەهایی بە بەڵگە دانانرێن لەسەر موسڵمانان، واتە (الحجة) نین، بەو مانایەی کە هەر کەس لە سەدا سەد پابەند بێت بە بیروبۆچوونەکانی پێشەوایەکی

دیاریکراوەوە، ئەوە تەنها ئەوە ڕاست بێت و شایستەی پاداشتی خودا بێت. ئەگەر بۆچوونێکی جیاوازی هەڵبژارد ئەوە شایستەی سزای خودا دەبێت. بە دڵنیاییەوە هیچ کام لەم زانا بەڕێزانە بە پێویستیان نەزانیوە کە هیچ موسڵمانێک لە سەدا سەد پابەندبێت بە بۆچوون و تێگەیشتنی ئەوانەوە، بەڵکو چەند وتەیەکی بەناوبانگی پێچەوانەی لاساییکردنەوە و پابەندبوونی ڕەهایان لێوە دەگێڕنەوە، وەک:

پێشەوا (شافیعی) دەفەرموێت «ئەگەر فەرموودەیەکی ڕاستتان دەستکەوت پێچەوانەی پەیڕەوی من، ئەوا شوێن فەرموودەکە بکەون و ئەوە دەبێتە پەیڕەوی من».

پێشەوا (ئەبو حەنیفە) دەفەرموێت «ڕەوا نییە بۆ هیچ کەسێک کە وتەی ئێمە وەربگرێت، ئەگەر نەزانێت ئێمە لەکوێومان هێناوە و بەڵگەکەمان چییە».

پێشەوا (مالیک) دەفەرموێت: «هەمووکەس بێجگە لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) وتەی لێ وەردەگیرێت و لێشی ڕەد دەکرێتەوە».

پێشەوا (ئەحمەد) بە یەکێک لە خوێندکارەکانی دەفەرموێت «لاساییم مەکەرەوە و شوێنم مەکەوە بێ بەڵگە، بە هەمان شێوەش لاسایی ئەم زانایانە مەکەرەوە و شوێنیان مەکەوە بێ بەڵگە، نە مالیک و نە شافیعی و نە ئەوزاعی و نە سەوری، بەڵکو وەرگرە و فێربە لەو شوێنەی ئێمە وەرمانگرتووە -مەبەستی دەقی قورئان و فەرموودەیە-»(١).

٣- زانیاری و نووسینەکانیان گشتگیر و تەواو نەبوون. واتە (مستوعب) نەبوون بەو مانایەی کە هەرچی مرۆڤ پێویستی پێی بێت لە تێگەیشتن، بۆچوون و بڕیار سەبارەت بە هەموو بوارەکانی ژیان و پرس و ڕووداو و گرفتەکانی تەواوی قۆناغەکانی کۆمەڵگەی موسڵمانان لە سەردەمی خۆیان و ئایندە و تا ڕۆژی دوایی باسیان کردبێت،

**ئایینداری لای موسڵمان زۆر قورس و دژوار بووە و ئەرکی ئایینداری زیادی کردووە و بازنەی پیرۆزییەکان فراوان بووە.**

بەڵکو زانیارییان ڕێژەیی و سنووردار بووە، وەڵامی پرسیار و چارەسەری کێشەکانیان زۆربەی تایبەت بووە بە سەردەم و قۆناغی ژیانی خۆیان. بەڵگەیەکی ڕوون ئەوەیە کە نەک تەنها لە سەردەمی دوای خۆیان زانایان بیروبۆچوونیان جیاواز بووە، بەڵکو لە سەردەمی خۆیان و بگرە زۆرجار لە یەک شار و ژینگەدا بۆچوونی جیاوازیان هەبووە.

باوەڕبوون بە خودا و خواستی ئایینداری دیاردەیەکی (فطري)یە و لەناو ناخی مرۆڤەکاندا خودا ڕسکاندوویەتی، ناکرێ نکوڵی لێ بکرێت بە ئاسانی.

دیاردەیەکی (فطري)یە، چونکە هەر چوار مەرجە سەرەکییەکەی دیاردەیەکی (فطري) تێدایە کە بریتین لەوەی کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی و هەتا ئێستاش لە هەموو شوێن و ناوچەیەک و لە هەموو کات و سەردەمێکدا بوونی هەبووە و هەیە، مرۆڤ تۆوی باوەڕ و بنچینەکەی بە فێربوون وەرنەگرتووە و دژایەتی و ستەم و ئەشکەنجە و کوشتن و تۆمەت نەیتوانیوە لەناوی ببات و بە ڕەگ و ڕیشکەوە لەبن هەڵیبکێشێت.

ئایینداری بەشێکی سەرەکییە لە دەق، کولتور، بەها و مێژووی دێرینی هەموو نەتەوە و کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی و ناکرێ نادیدە بگیرێت.

## لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە فراوانکردنی بازنەی دەق و پەرەسەندنی دیاردەی فەرموودە هەڵبەستن سەریهەڵدا.

ئایینداری دیاردە و پەیام و دروشم و ئامانج و پابەندبوونی زۆرینەی کۆمەڵگەی موسڵمانانی سەرزەوی پێکدێنێت، جێکەوتە و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بیرکردنەوە و ئاکار و هەڵویستەکانی موسڵمانان، بووەتە ڕاستەقینەیەکی بەرجەستە و ناکرێت بە هەند وەرنەگیرێت و خوێندنەوەیەکی بابەتییانە و زانستییانەی بۆ نەکرێت و مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵا نەکرێت.

هەنگاوی یەکەم بۆ مامەڵەیەکی دروست و خوێندنەوەیەکی بابەتییانە و زانستییانە بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام گرتنەبەری ڕێبازێکی توێژینەوەی تایبەتە کە لە دوو بواردا لێکۆڵینەوە بکات:

یەکەم: لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانە بۆ دەقی یەکەم و سەرەکی (واتە قورئانی پیرۆز)، ژیاننامە، جێبەجێکردنی کردەیی و شێوازی گەیاندن و ڕاپەڕاندنی پێشەوا و بانگخوازی یەکەم، واتە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بکرێت.

دووەم: ڕاڤە و بۆچوونی زانایانی پێشین و سەردەم و شێوازی جێبەجێکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەلایەن موسڵمانان، مێژووی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، ڕامیاریی کۆمەڵگەی موسڵمانان و نەریت و کولتوری نەتەوە و گەلانی ناو جیهانی ئیسلامیی بە جودا توێژینەوەی تایبەتی لەسەر بکرێت.

هەڵەیەکی زانستی زۆرگەورەیە کە لە یەک کاتدا توێژینەوە لە هەردوو بوارەکەدا بکرێت، بە یەک شێوە بڕیار لەسەر دەرئەنجامەکان بدرێت و بە یەک چاو تەماشای هەردوو بوارەکە بکرێت.

سەرەکیترین هۆکاری بە هەڵەداچوون و لادان و گەورەترین ستەم لەلای خودای زانا و دانا لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە لە دوو گرفتی سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت:

١- بڕیارێک بۆ پەیامی خودا زیادبکرێت و قسە و وتەیەک بەناوی خوداوە هەڵببەسترێت و داهێنانێک لە ئاییندا بکرێت، لە بیروباوەڕدا بێت یان لە بڕیارە شەرعییەکاندا ئەرکێک بخرێتە سەر موسڵمانان یان کارێکیان لێ قەدەغە بکرێت و بەناوی خوداوە پاداشت و سزای دوارۆژی لەسەر بنیاد بنرێت، بەبێ ئەوەی بەڵگەی ڕاشکاوانەی لە دەقدا هەبێت.

٢- پەیامی خودا، بەتەواوی یان بەشێکی بە درۆ بخرێتەوە و سووکایەتی و بێ ڕێزی بە بڕیاری خودا بکرێت و دژایەتی بانگەوازی ئیسلام بکرێت. وەک لە قورئانی پیرۆزدا ڕاشکاوانە لە چەندین شوێندا ئاماژە بەم دوو تاوان و گرفتە دەکات: **﴿ومن أظلم ممن افترى على الله كذباً أو كذّب بآياته إنه لايفلح الظالمون﴾** (الأنعام: ٢١) واتە: کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە بەناوی خوداوە درۆ دەکات و بڕیار بۆ پەیامی خودا زیاد دەکات، یان برگە و بڕیارەکانی پەیامی خودا بە درۆ دەخاتەوە و دژایەتی دەکات، بەڕاستی هەرکەس بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ پەیامی خودادا بکات، ئەوە ستەمکارە و لە ڕۆژی دواییدا بە دڵنیاییەوە ڕزگاری نابێت لە سزای خودا.

یان **﴿ومن أظلم ممن افترى على الله كذباً أوكذّب بالحق لما جاءه أليس في جهنم مثوى للكافرين﴾** (العنكبوت: ٦٨)، بەشی یەکەمی مانای ئایەتەکە

وەک مانای ئایەتی پێشوو وایە. بەشی دووەمی دەفەرموویت: کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە (حەق) بە درۆ دەزانێت. مەبەست بە (حەق) هەمان پەیامی خودایە، چونکە یەکێک لە سیفەتە سەرەکییەکانی پەیامی خودا ئەوەیە کە ناوزەد دەکرێت بە (حەق). وەک لەم ئایەتانەدا دەردەکەوێت: ﴿**والذي أوحينا إليك من الكتاب هو الحق مصدقاً لما بين يديه إن الله بعباده لخبير بصير**﴾(فاطر: ٣١). ﴿**وما لنا لانؤمن بالله وما جاءنا من الحق ونطمع أن يُدخلنا رَبّنا مع القوم الصالحين**﴾(المائدة: ٨٤). ﴿**ذلك بأنَ الله نزّل الكتاب بالحق وان الذين اختلفوا في الكتاب لفي شقاق بعيد**﴾ (البقرة: ٦٨)

پاشان لە کۆتایی ئایەتەکەی سورەتی (العنكبوت: ٦٨)دا دەفەرمووێت: ئایا دۆزەخ شوێنی مانەوەی بێباوەڕان نییە؟ دیارە کە ئەم شێوازە پرسیارە وەڵامەکەی بە لابردنی ئامرازی پرسیارکردنەکە و ئامرازی نەفیکردنەکە دێتەدی، واتە: دۆزەخ شوێنی بێباوەڕانە. ئەوانەی کە برگە و بڕیار بۆ پەیامی خودا زیاد دەکەن یان بڕیار و برگەیەکی بە درۆ دەخەنەوە.

یان ئایەتی ﴿**فمن أظلم ممن كذّبَ على الله وكذّب بالصدق إذ جاءه أليس في جهنم مثوى للكافرين**﴾(الزمر: ٣٢). لەم ئایەتەدا بە هەمان شێوەی دوو ئایەتەکەی پێشوو دەفەرموێت: کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بەناوی خوداوە هەڵدەبەستێت و بڕیارێک زیاد دەکات بۆ پەیامی خودا و پاڵی دەداتە لای خودا، یان ئەو ڕاستییەی کە بۆی هاتووە بە درۆی دەخاتەوە، ئایا کەسێکی بێباوەڕ هەڵوێستی بەم جۆرە بێت شوێنی مانەوەی لە ڕۆژی دواییدا دۆزەخ نییە؟! وەڵامەکەی ئەوەیە کە بە دڵنیاییەوە دۆزەخ شوێنی بێباوەڕانە.

لەم ئایەتەدا لەبری وشەی ئایەتەکانی خودا یان وشەی حەق، وشەی (الصدق) بەکارهاتووە، کە ئەویش یەکێکی ترە لە سیفەتە سەرەکییەکانی قورئانی پیرۆز، وەک لە ئایەتی دواتردا هاتووە کە دەفەرمووێت: ﴿**والذي جاء بالصَدق وصَدَقَ به أولئك هم المتقون**﴾ (الزمر: ٣٣)

ئەگەر تێبینی بکەیت، هەردوو گرفتەکەی بە ستەمێکی گەورە ناوزەد کردووە و بە هۆکاری چوونە ناو دۆزەخی داناوە. کەواتە هەردووکیان مەترسیدارە، چ بەناوی خوداوە درۆ بکەیت و بۆ پەیامی خودا بڕیار و برگە زیاد بکەیت چ پەیام و بڕیاری خودا بە درۆ بخەیتەوە و دژایەتی بکەیت.

لەدوای هاتنەخوارەوەی کۆتا ئایەتی پەیامی خودا و کۆچی دوایی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و هاوەڵە دڵسۆز و خۆشەویستەکانی، لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە ئەم دوو گرفتە لەناو کۆمەڵگەی موسڵماناندا بە شێوەیەکی بەربڵاو سەریهەڵدا. بەتایبەتی لەناو بانگەشەکارانی ڕەوت و کۆمەڵە لادەر و نەیارەکانی زۆرینەی موسڵمانان کە بە ئەهلی سوننەت و جەماعەت ناسرابوون. گرفتی یەکەم بە سێ شێوە پەرەی سەند:

١- فراوانکردنی بازنەی دەق و پەرەسەندنی دیاردەی فەرمودە هەڵبەستن و درۆکردن بەدەم پێغەمبەری خوداوە (درودی خوای لەسەر بێت) لەلایەن خەڵکانێکی زۆر لە بانگخواز، چیرۆکخوان، قسەزان، وتاربێژ و کەسایەتییەکانی ناو کۆمەڵە و لایەن و ڕەوتە جیاواز و ناکۆکەکانی ناو کۆمەڵگەی موسڵمانان، پاڵنەری فەرموودە دروستکردن و درۆکردن بەدەم پێغەمبەری خوداوە (درودی خوای لەسەر بێت) چەندین جۆری هەبوو کە بە درێژیی لە کتێبەکانی زانستەکانی فەرموودەناسیدا باسکراوە لەژێر ناونیشانی (پاڵنەرەکانی هەڵبەستنی فەرموودە). کە بە شێوەیەکی گشتیی شیکار بۆ دە جۆر پاڵنەر دەکرێت. بۆ ئاشنابوونی تەواو بەو بابەتە دەتوانی سەیری کتێبی (الوضع في الحديث)ی (د. محمد محمد أبو شهبه) بکەیت.

ئەم شێوەیە لە دەرکەوتنی گرفتی یەکەم بوو بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک لە زانایان و بانگخوازانی دڵسۆز و پسپۆڕی ئوممەتی ئیسلامی گرنگی بەم بوارە بدەن، ڕووبەڕووی ئەم گرفتە ببنەوە و هەوڵبدەن کە فەرموودەی ڕاست و درۆ جیابکەنەوە و کۆمەڵگەی موسڵمانانی لێ ئاگادار بکەنەوە. کە ئەم زانایانە پاشان بە زانایانی فەرموودە (المحدثون) ناسران. دواتر ئەم زانایانە گرنگی زیاتریان دا بە بوارەکەیان و دەستیانکرد بە نووسینەوەی فەرموودە.

ئەم بابەتە لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی و سەدەکانی دواتردا گەیشتە ئەو ئاستەی کە زۆرێک لە فەرموودە ساغ و ناساغەکان بەجیا بنووسرێنەوە، هەموو ئەو زانستانەی کە پەیوەندییان بەو بوارەوە هەبوو نووسرانەوە لە بابەتەکانی: زانستی زاراوەکانی فەرموودە ، زانستی ناسینی ئەو کەسانەی کە فەرموودەیان گێڕاوەتەوە، مێژووی ژیانیان، زانستی ناسینی گرفتەکانی فەرموودە، نیشانەکانی ناساغی فەرموودەکان و تۆمەتی ئەو کەسانەی کە فەرموودەکان دەگێڕنەوە.

ئەم لێکۆڵینەوە و شەنوکەوکردنەی فەرموودەکان بە درێژایی مێژووی موسڵمانان بەردەوام بووە، هەتا ئەم سەردەمەش توێژینەوە دەکرێت بەناوی سەلماندن و دەرخستنی ساغی و ناساغی فەرموودەکان.

بەڵام بەداخەوە هەندێک لە زانایان لە پەرچەکرداری دژایەتیکردنی فەرموودە و کولتوری هاوەڵان، زیادەڕەوییان کرد لە گرنگیدان و متمانەکردن بەو کەسانەی کە فەرموودەیان لێ وەردەگرتن. بەجۆرێک کە تەنها ئەگەر بە موسڵمان بزانرانایە و بە ئاشکرا تۆمەتیان لەسەری نەبوایە، ئەوا فەرموودەیان لێ وەردەگرت. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە سەدان و هەزاران بەناو فەرموودەیان لە کتێبەکانیاندا تۆمارکرد کە ماناکانیان دژبەیەک و ناکۆک بوون، یان کێشە و گرفتی گەورە لە ناوەڕۆکەکانیاندا هەبوو، وەک لە جۆرەکانی (مختلف الحدیث) و (مشکل الحدیث) و (الحدیث الشاذ) دا دەردەکەوێت.

ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بابەتی بکرێت، ئەوا بەو دەرئەنجامە دەگەین کە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی فەرموودەی ساغ و ناساغ لەیەکتر، کە ئەم پێوەرە لە سەردەمی هاوەڵاندا کاری پێدەکرا، بریتییە لەوەی کە فەرموودەکە بگونجێت و ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتە کردەییەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و کاری پێکرابێت لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا. وەک لە هەڵوێستی خەلیفەکانی ڕاشیدین و هەندێک لە هاوەڵاندا دەردەکەوێت، بەتایبەتی دایکی ئیمانداران (عائیشە) خودا لە هەموویان ڕازی ببێت.

بەداخەوە هەندێک لە زانایانی فەرموودە، لە پەرچەکرداری نەیارەکانیان نەک تەنها ئەم پێوەرەیان تاڕادەیەکی زۆر فەرمۆش کرد، بەڵکو پێوەرەکەیان ئاوەژوو کردەوە، وتەیەکی زۆر مەترسیداریان داهێنا کە تا ئێستاش زۆرێک لەو زانایانەی کە گرنگی دەدەن بە فەرموودە، ئەوانیش دووپاتی دەکەنەوە، کە دەڵێن: قورئان زیاتر پێویستی بە سوننەتە تا سوونەت پێویستی بە قورئان بێت، سوننەت بڕیاردەرە بەسەر قورئاندا، نەک قورئان بڕیار بدات بەسەر سوونەتدا(٢). بە دڵنیاییەوە مەبەستیان بە سوننەت ئەو فەرموودانەیە کە بە شێوەی وتە و گوفتار پێمان گەیشتوون.

٢- شێوەی دووەم لە دەرکەوتەکانی گرفتی یەکەم بریتی بوو لە دەرکەوتنی لە ڕادەبەدەر پیرۆزکردنی ڕاوبۆچوونی زانایانی سەدەکانی سێیەم و چوارەمی کۆچی و پەیڕەوەکانیان لای کۆمەڵێک زانا و بانگخواز و زۆرینەی کۆمەڵگەی

موسڵمانان، بەتایبەت سەبارەت بە پێشەوایانی ئاراستەکانی (ئەشعەری و ماتوریدی) لە بیروباوەڕدا، رابەر و پێشەوایانی پەیڕەوەکانی شەرعناسی کە بە (الفقهاء) ناسرابوون لە نموونەی حەنەفی، مالیکی، شافیعی، حەنبەلی، جەعفەری، زاهیری، زەیدی، ئیبازی و ... هتد.

بارودۆخ گەیشتە ئاستێک کە دەمارگیری و لاساییکردنەوەی بێ بەڵگە پەرەی سەند بۆ پەیڕەوە فیقهییەکان (التقليد والتعصب المذهبي)، زۆر دەگمەن بوو کە زانایەک بتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوە لە دەقەکان و راڤەکانی پێشین بکات و فەتوابدات و بڕیارێکی جیاواز لە بۆچوونی پێشەوایانی پەیڕەوەکان بدات و لە بازنەی ئەوان دەربچێت.

تەنانەت ئەم سەردەمەش لە زۆربەی مزگەوت و زانکۆ و قوتابخانەکانی زانستە شەرعییەکانی ناو جیهانی ئیسلامیدا پەیڕەویی ئەم دیاردەیە دەکرێت.

کێشەکە لەوەدایە کە هەرکەس ئەگەر راستەوخۆ بیەوێت دەقەکان و راڤەی پێشینان بخوێنێتەوە و ئەنجامگیری بکات و بڕیاربدات، ئەوا لای زۆربەی زانایان و بانگخوازانی ئەم سەردەمەوە تۆمەتبار دەکرێت و بە لەخۆبایی و لادەر و بێ ئەدەب و تێکدەر و دەستی دەرەکی و ... هتد دادەنرێت.

مەترسی ئەم تێڕوانین و هەڵوێستە لەوەدایە کە ئایینداری لای موسڵمان زۆر قورس و دژوار بووە و ئەرکی ئاییندارى زیادی کردووە و بازنەی پیرۆزییەکان فراوان بووە. موسڵمانی رۆشنبیر سەری سووڕدەمێنێت و هەست بە دڵەڕاوکێ و نائارامی دەروونی دەکات و ئەو پرسیارەی بۆ دروست دەبێت کە بۆچی لە سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و هاوەڵانی دڵسۆز (خودایان لێ رازی بێت) تەنها یەک دەق کە قورئانی پیرۆز بووە و یەک راڤە و راپەڕاندنی کردەیی کە لەلایەن پێغەمبەری

**ئاییندارى بەشێکی سەرەکییە لە دەق، کولتور، بەها و مێژووی دێرینی هەموو نەتەوە و کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی و ناکرێ نادیدە بگیرێت**

خوداوە (درودی خوای لەسەر بێت) ئەنجامدراوە بوونی هەبووە، تەنها ئەرکیان رەزامەندی خودا و شوێنکەوتنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بووە، بە تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز و راڤە و راپەڕاندنی کردەیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و جێبەجێکردنی و گەیاندنی، دڵنیابوون لەوەی کە ئاییندارییەکی راست دەکەن و دڵخۆش و ئاسوودە بوون و خودا و پێغەمبەری خودایان لێ رازی بووە.

بەڵام ئێستا بازنەی دەقی پیرۆز فراوان بووە و بە سەدان و هەزاران کتێبی (تەفسیر و حەدیس و فیقهـ و عەقیدە و ... هتد) لەخۆ دەگرێ و موسڵمان بەردەوام دەبێ سەبارەت بە ئایین بخوێنێتەوە، هەمیشە خەریکی شەنوکەوی ریوایات و (قیل و قال) ی زانایان و چەلەحانێ بێت لەسەر حەڵاڵ و حەرامە گریمانەیی و گوماناوییەکان، نەک هەر دەبێت زانایانی پێشین لە پێشەوایانی پەیڕەوەکان لەخۆی رازی بکات، بەڵکو دەبێ زانایانی سەردەم و فەقێ و مەلای مزگەوتەکان و بگرە هەندێکجار دەبێ کادری حیزبە ئیسلامییەکانیش رازی بکات، ئینجا ئەوکاتە هەست بە ئاسوودەیی دەکات لە ئاییندارییدا.

٣- شێوەی سێیەم لە دەرکەوتەکانی گرفتی یەکەم بریتییە لە تەئویلی بەرەڵا بۆ دەق (التأويل المنفلت للنص).

# هەندێك لە زانایان لە پەرچەکرداری دژایەتیکردنی فەرمووده و کولتوری هاوەڵان، زیادەڕەوییان کرد لە گرنگیدان و متمانەکردن بەو کەسانەی کە فەرموودەیان لێ وەردەگرتن

## تەئویل مانای چییە؟

لە کولتوری ئیسلامیدا بۆ زاراوەی (تەئویل) بە سێ شێوە مانا و پێناسە کراوە.

لای زانایانی شارەزا لە بنچینەی زمانی عەرەبیدا دەڵێن: وشەی (تەئویل) لە سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و هاوەڵانی دڵسۆزی و شوێنکەوتەکانیان، واتە لە سەدەی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆچییدا ئەم وشەیە تەنها بە دوو مانا بەکارهێنراوە:

یەکەم: المرجع والمصير والعاقبە: واتە: گەڕانەوەی شتێک بۆ بنچینەی خۆی بۆ ئەو مەبەستەی کە بۆی دانراوە، یان دەتوانین بڵێین گەیشتنی قسەیەک یان شتێک بەو چارەنووس و ئەنجامەی کە لە کۆتاییدا بۆی دیاریکراوە. لە پاڵپشتی ئەم مانایەدا زانایان فەرموودەیەکی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) دەگێڕنەوە و دەڵێن کاتێک ئەم ئایەتە پیرۆزە دابەزیوە: ﴿**قل هو القادر على أن يبعث عليكم عذاباً من فوقكم ...**﴾ (**الأنعام: ٦٥**). واتە: بڵێ ئەو (خودا) توانادارە کە سزا بنێرێت بۆ سەرتان ....، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: (إنها كائنة ولم يأت تأويلها بعد))( رواه ترمذي- وقال عنە: حديث حسن) (٣) واتە: ئەوە بڕیارە بوونی هەیە، بەڵام هێشتا جێبەجێکردنی ئەنجامەکەی نەهاتووەتە دی. لێرەدا (تەئویل) بەمانای ئەنجام و هاتنەدی ڕاستەقینەی بڕیارێک هاتووە.

**دووەم: التفسير والبيان: واتە: ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی قسە و کارێک.**

زانایان بۆ پاڵپشتی مانای دووەم فەرموودەیەک دەهێننەوە و دەڵێن: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) نزای کردووە و پاڕاوەتەوە لە خودا بۆ (عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس) کە: **(اللهم فَقِّهُ في الدين وعلمه التأويل)**(٤)..

سێیەم: پێناسەی زاراوەی (تەئویل) لای (المتكلمون والاصوليون): واتە: لای زانایانی زانستی بیروباوەڕ و زانایانی زانستی بنەماکانی فیقهی ئیسلامیی.

ئەمانە دەڵێن «لادانی مانای ڕاستەوخۆ و ئاشکرای وشەیەک بۆ مانایەکی ناڕاستەخۆ کە ئەگەرێکی لاوازی هەیە، لەبەر بەڵگەیەک کە خوازیاری ئەم لادانەیە»(٥).

ئەگەر لە ڕووانگەی قورئانەوە بمانەوێت وشەی (تەئویل) ڕاڤە بکەین، ئەوا دەبێت بزانین کە لە قورئانی پیرۆزدا ١٧ جار وشەی (تەئویل) بە شێوەکانی (تأويل، تأويلا، تأويله) هاتووە. لە هەموو ئەو شوێنانەدا بە مانای یەکەم لە ڕووی زمانەوانییەوە بەکارهاتووە، کە بریتییە لە ئەنجام و هاتنەدی مانا و مەبەستی قسە و بڕیارێک لە ڕووی ڕاستەقینە و بەرجەستەوە.

ئێستا زاراوەی تەئویل لەم سەردەمەدا پێناسەیەکی سەیری هەیە لەلایەن بانگەشەکارانی سیکۆلاریزم و لایەنگرانی مۆدێرنیتەوە لەناو کۆمەڵگای موسڵماناندا و پەیڕەوی دەکەن، لەکاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەقە پیرۆز و ئەدەبییە بەناوبانگەکانی جیهاندا و بەتایبەت لەگەڵ دەقی قورئانی پیرۆزدا، کە دەکرێ ئەم کارەی ئەمان بە

تەئویلی بەرەلا (التأويل المنفلت) ناوزەدی بکەین. لەلای ئەم رەوتە پێناسەی تەئویل بەم جۆرەیە:

لادانی مانای وشەیەکە لە مانا راستەوخۆ و ئاشکراکەی بۆ مانایەک کە ئەگەرێکی لاوازی هەیە. بەڵکو زیاتر لەوەش هەوڵدەدەن بە شێوەیەک تەئویل بکەن کە دەقەکە دابڕن لە کەسایەتی بێژەرەکەی و تەنانەت لەو ژینگەیە دایدەبڕن کە یەکەمجار دەقەکە تێیدا هاتووە.

ئەم بانگەشەکارانە پێیانوایە ئەم شێوازە نوێترین و کاریگەرترین و سەرکەوتووترین جۆری تەئویلی سەردەمە، کە دەیانەوێت بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ دەقە پیرۆزەکاندا بکەن کە راستەوخۆ سوکایەتی و بێڕێزی تێدا نەبێت بەرامبەر ئایین، چونکە ئەگەر لەناو کۆمەڵگە ئایینییەکاندا بەتایبەت لەناو جیهانی ئیسلامیدا دژایەتی و سوکایەتی بە دەق بکەن و بیروبۆچوونی راستەقینەی خۆیان ئاشکرابکەن، بڵێن کە خودا بوونی نییە، موحەممەد پێغەمبەری خودا نییە، قورئان پەیامی خودا نییە، ئەوا راستەوخۆ دووچاری کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و یاسایی دەبنەوە.

لەبەر ئەم هۆکارە سەرەکییە، ئەم سیکۆلارانەی ناو کۆمەڵگای ئیسلامیی، وانەیەکی زیرەکانە لە بانگەشەکارانی سیکۆلاریزم و مۆدێرنەی رۆژئاوا فێربوون کە دژایەتی راستەوخۆی ئایین و پیرۆزییەکان زۆرجار ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت، کۆمەڵگە پەرچەکرداری بۆ دروست دەبێت و بگرە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر کات دژایەتی و سوکایەتییە راستەوخۆکە نەما زۆربەی کۆمەڵگە پەنا دەباتەوە بەر ئایینداری، پەرستگا و شوێنە پیرۆزەکان ئاوەدان دەکەنەوە، گرنگی بە کولتوری ئایینی دەدەن، زیاتر پابەند دەبن بە نەریت و دروشمە ئایینییەکانەوە، وەک چۆن بینرا لەپاش هەرەسهێنانی بلۆکی رۆژهەڵات، بەتایبەت دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و هەرەسی دەسەڵاتداری سۆشیالیستی توندرەوی دژ بە ئایین(٦).

سەبارەت بە گرفتی دووەم کە موسڵمانان لە سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و هاوەڵە دڵسۆزەکانی، هەتا ئەم سەردەمەش کە گیرۆدە بوون پێوەی و کێشەی گەورەی مەعریفیی، کۆمەڵایەتیی، رامیاریی، ئابووریی بۆ دروستکردوون، بریتییە لە بە درۆخستنەوەی خودا و پەیامهێنەکەی لەلایەن دوژمنانی راستەوخۆی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و دژایەتی و سوکایەتی و بێڕێزیکردنی نەیارەکانی بە هەموو شێوەیەک، لە رووی مەعریفییەوە گومان دروستکردن لە بنەماکانی بیروباوەڕی ئیسلامیی و بێڕێزی کردن بەرامبەر بە بڕیارەکانی شەریعەت و دژایەتیکردنی کۆمەڵەی موسڵمانان و هێرش و پەلاماری سەربازی بۆ سەر وڵاتانی موسڵمان، رێگریکردن لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی رامیاری و سەربازی و ئابووری و داگیرکردنی کۆمەڵگەی موسڵمان و جەنگ دروستکردن بۆ نەهێشتنی پیادەکردن و راپەڕاندنی شەریعەت و جیاوازی و دووبەرەکی نانەوە لەنێوان نەتەوە و رێکخراوە ئیسلامییەکاندا، کە ئەم دژایەتی و نەیاریکردنە بە دژایەتی پەیامی خودا ئەژمار دەکرێت و ئەنجامەکەی سزای دوارۆژە، وەک دەفامرێتەوە لە سێ ئایەتەکەی سەرەتای باسەکەماندا.

لە راستیدا شێوەکانی گرفتی یەکەم بۆ موسڵمانان مەترسییەکەی گەورەتر و زیانەکەی کوشندەتر و جێکەوتەکەی ناپەسەندتر و کاریگەرییەکانی قوڵتر و چارەسەریان دژوارترە. چونکە شێوەکانی گرفتی یەکەم لەلایەن کەس و لایەن و رەوتێکەوە دەکرێت کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن و بە سانایی لەناو کۆمەڵگەی موسڵماناندا پێگەیان پتەو دەبێت، بە ئاسانی دەتوانن بانگەشە بۆ بیروبۆچوون و

ڕەوتەکەیان بکەن، خەڵکی لە خۆیان کۆبکەنەوە و ئاڕاستەیان بکەن بۆ لادانی گەورە بەناوی دڵسۆزی، بەرگریکردن لە ئیسلام و ڕابووونی ئیسلامیی، داهێنان و نوێگەری و گونجاندنی ئایین لەگەڵ سەردەمدا و زیندووکردنەوەی خیلافەتی ئیسلامی، وەک هەندێک لەو کۆمەڵە و ڕێکخراو و قوتابخانە مەعریفی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی و ئایینییانەی لە مێژووی کۆمەڵگەی موسڵماناندا پەیدابوون لە ژێر دەیان ناونیشان و دروشمی سەرنجڕاکێش و کاریگەردا.

لەم سەردەمەشدا بەناوبانگترین تاقم و کۆمەڵە و ڕەوتی لادەر کە تووشی گرفت و هەڵەی گەورەی ئایینی و مەعریفی و کۆمەڵایەتی هاتوون لەناو کۆمەڵگەی موسڵماناندا، بریتین لە کۆمەڵە و ڕەوتەکانی: (قادیانیەت و بانگەشەکارانی سیکۆلاریزم و ڕەوتی بەناو قورئانییەکان) کە بەندە دەمەوێ لە ئایندەیەکی نزیکدا لە نووسینێکدا زیاتر تیشک بخەمە سەر هەڵە و گرفتی ڕەوت و بانگەشەکارانی بەناو قورئانییەکان، بە شێوەیەکی گشتیی و بەتایبەت بیروبۆچوونی (د. محەممەد شەحرور) لە ڕووانگەی کتێبە بەناوبانگەکانیەوە. لە ڕێگەی خوێندنەوەی وردی کتێبەکانیەوە دڵنیابووم کە (محەممەد شەحرور) بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەی بەردەوامی بوونەوەر پێوەرەکەی بریتییە لە گریمانەی (ماتریالیزمی دیالێکتیکی)، بۆ ڕاڤەی دیاردەی زیندەوەر و ژیان پشت بە گریمانەی (چاڕلز داروین) دەبەستێت و بۆ خوێندنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی ئایینی بەتایبەت قورئانی پیرۆز، میتۆد و ڕێبازی بانگەشەکارانی سیکۆلاریزم و مۆدێرنە ڕەچاو دەکات و دید و بۆچوونی سەبارەت بە جێبەجێکردنی شەریعەت و پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە، بانگەشە بۆ دەوڵەتی مەدەنی لەسەر ڕەچاوکردنی بنەماکانی دەسەڵاتی سیکۆلار دەکات.

## سەرچاوە و پەراوێز:


١ بدعة التعصب المذهبي، محمد عيد عباسي، المكتبة الإسلامية، عمان، الأردن، ص ٥٥ – ٥٦.

٢ المدخل الى دراسة علوم الحديث، سيد عبدالماجد الغوري، دار ابن كثير، دمشق، بيروت، ط. الأولى ٢٠٠٩م، ص ٥٨.

٣ الإمام ابن تيمية وموقفه من قضية التأويل، محمد السيد الجليند، القاهرة، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، ١٩٧٣م، ص ٣١.

٤ النهاية في غريب الحديث والأثر، للإمام مجدالدين أبي السعادات المبارك بن محمد الجزري ابن الأثير المتوفى ٦٠٦هـ تحقيق: الشيخ خليل مأمون شيحا، دار المعرفة، بيروت، لبنان، الطبعة الثانية ٢٠٠٦م، ج١، ص ٨٧.

بۆ دڵنیایی زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

١- ترتيب كتاب العين، للخليل أحمد الفراهيدي، المتوفى ١٧٥هـ تحقيق: الدكتور مهدي المخزومي- الدكتور إبراهيم السامرائي، تصحيح: الأستاذ أسعد الطيب، طبعة الثالثة ١٤٣٢هـ المطبعة أسوة، قم، ايران، ج١، ص ١٢٠.

٢-معجم الصحاح، للإمام اسماعيل بن حماد الجوهري المتوفى ٣٩٣هـ اعتنى به: خليل مأمون شيحا، دارالمعرفة، بيروت، لبنان، الطبعة الأولى ٢٠٠٥م، ص ٦٣.

٣-معجم مقاييس اللغة، لأبي الحسين أحمد بن فارس بن زكريا المتوفى ٣٩٥هـ دار إحياء التراث العربي، بيروت، لبنان، الطبعة الأولى ٢٠٠١م، ص ٨٢.

٤-مفردات ألفاظ القرآن، العلامة الراغب الأصفهاني المتوفى ٤٢٥هـ دارالقلم، دمشق، سوريا، الطبعة الأولى ١٩٩٢م، ص ٩٩.

٥ تفسير النصوص في الفقه الإسلامي، الدكتور محمد أديب صالح، المكتب الإسلامي، بيروت، لبنان، الطبعة الرابعة ١٩٩٣م، ج١، ص ٣٦٦.

٦ العلمانيون والقرآن الكريم، د. أحمد ادريس الطحان، دار ابن حزم، الرياض، المملكة العربية السعودية، الطبعة الأولى ٢٠٠٧م، ص ٤١٩ – ٤٣٤.



# سەلەفیەت

## (مێژوو و رەچەڵەك)




**ئیمداد تەها**

لەدایکبووی ١٩٩٠

بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.

چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە

لەم توێژینەوەیەدا باس لە واتای سەلەفیەت دەکەین، لەو قۆناغانە دەدوێن کە سەلەفیەتی پێدا تێپەڕیوە تا ئێستا، قۆناغەکانی گەشەکردن و دیدی ڕێبەرانیان دەخەینەڕوو

## چەمك و بیری سەلەفیەت

سەلەفیەت کە بە بەشێک لە بونیادگەرایی هەژمار دەکرێت، پانتاییەکی فراوانی هەیە لە دونیای ئیسلامدا، لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا بیری سەلەفیەت بەجۆرێک وێناکراوە و لەلایەن دەستەیەک و کەسانێکەوە پەیڕەو کراوە. ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی گشتگیر و تێروتەسەل بۆ سەلەفیەت بکەین و لەم پێناسەیەدا باس لە هەموو گرووپ و ڕەوتە جیاوازەکانی ناوسەلەفیەت بکەین، کارێکی ئەستەمە و هەروا بە سانای دەستمان ناکەوێت، هەرچەندە سەلەفییەکان لەگەڵ ئەو جۆرە باسکردنەی سەلەفیەتدا نین، کەیفیان پێنایەت باس لە هەموو جۆرەکانی سەلەفیەت بکرێت و ئەو گرووپانە بە سەلەفی بناسرێن، دەڵێن ئەم دابەشکردنە کارێکی ناڕەوایە و سەرچاوەیەکی شەرعی نییە، بەڵام بە تێڕوانینێکی واقیعییانە و هاتنەدەرەوە لە دووتوێی کتێب و نووسراوەکان، باسکردنی ئەم جۆرانەی سەلەفیانە و ناوهێنانی ئەم گرووپانەی خۆیان لەژێر ناوی سەلەفیەتدا کۆکردۆتەوە کارێکی پێویستە، بەڵکو کەڵکیشی بۆ سەلەفیەت هەیە، خەڵک تێکەڵکردن ناکات لە نێوان سەلەفییەکی ڕادیکاڵ و سەلەفییەک کە باوەڕی بە ڕەخنەگرتنیش نییە لە دەسەڵات.

ئەوەی لە سەرچاوە سەلەفییەکاندا دەربارەی پێناسەی سەلەفیەت نووسراون ئەوەیە کە سەلەف لە زمانەوانیدا بە مانای پێشین دێت. لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا زاراوەی سەلەفیەت واتە دەستگرتن بە قورئان و فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر بێت)، بەپێی تێگەشتنی زانا پێشینەکانی ئوممەتی ئیسلامی. بە کەسێک دەوترێت سەلەفی کە بە ڕێچکەی موسڵمانە پێشین و یەکەمینەکان لە هاوەڵان و شوێنکەوتەی هاوەڵان و شوێنکەوتەی شوێنکەوتوانی هاوەڵاندا بڕوات، لە چۆنیەتی وەرگرتنی ئیسلام و تێگەشتن لێی و کارپێکردنی.(١)

بیری سەلەفیەت لە مێژووی ئیسلامدا، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی ئیمام ئەحمەد بن حەنبەلی سەردەستەی مەزهەبی حەنبەلی، لە بەرامبەر بۆچوونی موعتەزیلەکان کە پێیانوابوو قورئان مەخلوقی خودایە نەک وتەی خودای گەورە و نەفی سیفاتەکانی خودایان دەکرد. لەوکاتەشدا موعتەزیلەکان توانیبوویان خۆیان بگەیەننە خەلیفە و مێشکی پڕ بکەن و باوەڕی پێ بهێنن بە بۆچوونەکانی خۆیان، ئەحمەد بن حەنبلیان تووشی ئازار و ئەشکەنجە و قامچی خواردن کرد بە فەرمانی خەلیفە، لە سەرەتادا خەلیفە مەئموون فەرمانی کرد بە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی خەڵقی قورئان، زانایانیش بەرهەڵستیان کرد و بێدەنگ نەبوون، خەلیفەش بڕیاریدا زانایان تاقی بکاتەوە و بۆچوونیان دەربارەی قورئان وەربگرێت، لەنێویشیاندا ئیمام ئەحمەد بن حەنبەل و محەممەد کوڕی نوح، بانگهێشتی تاقیکردنەوە کران، بەڵام لە ڕێگەی ڕۆیشتن بۆلای خەلیفە، محەممەد کوڕی نوح وەفاتی کرد و ئەحمەد بن حەنبەل نوێژی لەسەر کرد و لە خودا پاڕایەوە لە شەڕی مەئموون بیپارێزێت، نزاکەی گیرا دەبێت و پێش ئەوەی بگاتەجێ هەواڵی مەرگی مەئمونی پێدەگات، دەگەڕێتەوە بەغداد، بەڵام پاش ئەوەی موعتەسەم دەبێتە خەلیفە ڕوو لە شاری بەغداد دەکات، ئەحمەد بن حەنبەل بە کەلەپچەکراوی دەهێننە بەردەستی بۆ تاقیکردنەوە و گفتوگۆ و دەمەقاڵێی ئیمام ئەحمەد و خەلیفە

و زانا فوقەهاکانی چوار دەوری، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت و ناتوانن وا لە ئیمام ئەحمەد بکەن وتەکەیان قبوڵ بکات، کار دەگاتە ئەوەی بن ئەبی دوئاد و بشری مرەیسی بە خەلیفە دەڵێن بیکوژە، بەڵام بەقسەیان ناکات. لەسەر فەرمانی خەلیفە ئەوەندە دارکاری دەکەن تاوەکو لەهۆش خۆی دەچێت، ژیانی بەردەوام دەبێت لە زینداندا تا هاتنی خەلیفە واسق، واسق فەرمان دەدات لەسەر دیواری مزگەوتەکان بنوسرێت «لا إله إلا الله رب القرآن المخلوق»، هەڵوێستێکی توندی دەبێت و زیندانەکان پڕ دەکات لەو زانایانەی باوەڕیان بە مەخلوقیەتی قورئان نییە، بەڵام لەگەڵ هاتنی خەلیفە موتەوەکیلدا میحنەت لەسەر ئیمام ئەحمەد هەڵدەگیرێت و لەپاش ٣٠ مانگ زیندانی ئازاد دەکرێت. ئەم ڕووداوەی ئیمام ئەحمەد لە مێژوودا بە فیتنە یان میحنەتی خەڵقی قورئان ناسراوە.(٢) هۆکاری تاکبوونەوەی ئیمام ئەحمەد لەم ڕووداوەدا ئەو توندوتیژییە بوو بەرامبەر زانایان دەکرا، ئەو زانایانەی باوەڕیان بە بۆچوونەکەی خەلیفە نەبوو بۆ ئەوەی دووچاری ئەشکەنجە، کوشتن، ئازار و دارکاریکردن نەبنەوە، لەڕێگەی تەوریەکردن و دانپێدانان بەناچاری (إكراه)، خۆیان دەرباز دەکرد. (٣)

قۆناغی دووەمی سەلەفیەتگەرایی لەلای ئیبن تەیمیە وێنا دەکرێت،

ئیبن تەیمیە ناوی ئەحمەدی کوڕی عەبدولحەلیمی کوڕی عەبدوسەلامی کوڕی تەیمیەی حەڕانییە، لەبەر بەرفراوانی زانستی ئیبن تەیمیە و دەستی باڵای لە زانستە شەرعیەکاندا، سەلەفیەکان بەشێخی ئیسلام ناوی دەهێنن و لەسەر ئەو سەلەفیەتگەراییەی دەستی دابویێ سێ جار دەستگیر دەکرێت و ژیانی لەنێو زینداندا کۆتایی دێت و دەمرێت.(٤) ئیبن تەیمیە بەوە دەناسرێت کە تانوپۆی نووسین و فەتواو وانەکانی خۆی لە دژایەتیکردنی بیروباوەڕی سۆفییەکان و موعتەزیلە و ئەشعەری و شیعەکان ..تاد بووە. خۆی لە دژایەتی هەموو ئەو گروپانەی تردا دەبینیەوە کە مەدرەسەی کەلامیین و سەر بە قوتابخانەی سەلەفیەت نین و نەیاری بیری سەلەفیەتن(٥) ئەمەش وایکردووە ئیبن تەیمیە بە پاڵەوانی کەم وێنە و ناسری سوننە لای هەوادارانی بناسرێت و بانگەوازەکەی کاریگەریی بەسەر تاک تاکی سەلەفی دوای خۆیەوە هەبێت، تاوەکو نووسراوەکانی بمێنن. چەندین قوتابی بەردەستی خۆشی لە ئیبن کەسیر و زەهەبی و ئیبن دەقیق و ئیبن قەییم و ..تاد، لەسەر هەمان بیر و ڕێبازی سەلەفیەت پەروەردە کرد، هەرکەیان زانایەک و فەرموودەناسێک و حافزێکیان لێدەرچووە، هاوشانی ئیبن تەیمیە کاریان بۆ سەلەفیەت کردووە، نەیانهێشتووە مەشخەڵی دەستی لەدوای خۆی بکوژێتەوە. هەروەها وایکرد بە پیاوێکی ئاژاوەچی، توندوتیژ، تێکدەر و بناسرێت بەلای نەیارەکانییەوە. ئیبن تەیمیە زۆرترین دەمەقاڵەی دروستکردووە بۆ زانایان و بانگخوازان و لێکۆڵەرانی دوای خۆی، تا هەنووکە ناو و ژیان و نووسینەکانی زیندووە لەنێو دونیای ئیسلامدا، فەتوا و نووسینەکانی ئیبن تەیمیە بوونەتە پاساو بە دەست زۆرینەوە، هەر لە گروپە توندڕەوەکانەوە بگرە تاوەکو میانڕەوەکان. ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە لە قۆناغی یەکەم و دووەمی سەلەفیەتدا ئەو ئەشکەنجە و زیندانەیە زانا سەلەفیەکان تووشی هاتوون بە دەستی خەلیفە و دەسەڵاتداران بەهۆی پرکردنیان لەلایەن زاناکانی مەدرەسە عەقڵانی و کەلامی و سۆفیگەرییەکانەوە بەرامبەر سەلەفییەکان، کار گەشتۆتە ئەوەی نەیانهێشتوە سەلەفیەت لەژێر سایەی حوکمی عەقڵدا بواری ژیانی بۆ برەخسێت. ئەو تانەیەش

نەیارەکانیان دەیدەنە پاڵ سەلەفیەکان لە توندڕەوی، لە خۆشیاندا بەدی دەکرێت، نەیانهێشتووە ئەو زانا سەلەفیانە بە ئازادی بژین و بۆچوونیان هەبێت.! هەروەها تا ئاستێکی بەرچاویش جیاوازی لە نێوان سەلەفیەتی کۆن و نوێدا دەبینین، زانایان و ژێنەرەوانی بیری سەلەفیەت لە کۆندا دووچاری زیندان و ئازارکێشان بوون لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەڵام زانایان و ژێنەرەوانی بیری سەلەفیەتی نوێ و لەم سەردەمەدا پەیوەندی توند و خۆشیان لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە، هەر لەبنەڕەتی دروستبوون و گەشەکردنەوە کە لە باسی محەممەد عەبدولوەهابدا لەبارەیەوە دەدوێن- تاوەکو هەنوکە لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا لەسەر هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر ڕەفتار و گوفتارێکی دەسەڵاتدا نابینین زانایەکی سەلەفی دووچاری زیندان ببێتەوە.

چەمکی سەلەفیەت و ئوسولیبوون لە قۆناغی سێیەم و لەم چەرخەی خۆمانی تێیدا دەژین، خۆی لە بزووتنەوەی وەهابیزمدا دەبینێتەوە. بزووتنەوەی وەهابیزم کە لەسەردەستی محەممەد بن عەبدولوەهاب، لە نیوەدورگەی عەرەبیدا سەری هەڵدا، دیارترین بزووتنەوەی سەلەفیەت و ئوسولگەراییە، ئەم بزووتنەوە سەلەفیە کاری سەرەکی بریتیبوو لە دژایەتیکردن و نەهێشتنی چەمکی بیدعە و هاوبەش بۆ خودا پەیداکردن. لە ڕوانگەی وەهابییەکانەوە زۆرێک لە کار و کردەوەی موسڵمانان و بەتایبەت سۆفییەکان، بەهاوبەش بۆ خودا پەیداکردن هەژمار دەکرێت، وەک ئەنجامدانی بەندایەتیەکان بۆ جگە لە خودا لە بەندایەتیەکانی (هاواربردن، ئاژەڵ سەربڕین، نەزرکردن، پاڕانەوە و هیوا پێ بوون، پشت پێبەستن، داوای شەفاعەت لێکردن و سوێند پێخواردن ..هتد).

ناونانی ئەم بزووتنەوەیە بە وەهابیەت ئاماژەیە بۆ ناوی دامەزرێنەری بزووتنەوەکە محەممەد بن عەبدولوەهاب، هەرچەندە سەلەفیە وەهابیەکان ئەم ناولێنانە بە فیلێکی سیاسیی لێکدەدەنەوە، پێیانوایە ئەمە پیلانێکی دوژمنانە، بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لە سەلەفیەت و کورتکردنەوەی لە پیاوێکدا، لە ڕووی زمانەوانیشەوە هەڵەی تێدایە، چونکە دەبوو بوترایە محەممەدی نەک وەهابی، چونکە محەممەد دامەزرێنەرە نەک باوکی. هەروەها خۆیان بە شوێنکەوتە و دەستگرتوو بە مەزهەبێکی دیاریکراوەوە نازانن، بەڵکو بانگەشەی پابەندبوون بە عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەتەوە دەکەن لە بابەتە فەرعی و فیقهیەکانیشدا لەسەر مەزهەبی ئیمام ئەحمەد بن حەنبلن، دەڵێن محەممەد بن عەبدولوەهاب هیچ شتێکی نوێی نەهێناوەتە دونیای ئیسلامەوە تاوەکو ئێمە خۆمانی پێوە هەڵبواسین. زانایانی سەلەفیەتی وەهابی بانگەوازی وەهابیەت بە بانگەوازێکی پاکی دوور لە خەوش و خاڵ و لارێ بوون وەسف دەکەن، هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەت دەکەنەوە لەسەر بزووتنەوەکەیان، محەممەد بن عەبدولوەهاب بە نوێگەرێکی ئایینی و پاڵفتەکارێکی بیروباوەڕی خەڵک لە هاوبەش بۆ خودا پەیداکردن دەناسێنن، دەڵێن بزووتنەوەی وەهابی واتە سەلەفیبوون و بەندایەتیکردن بە شێوازی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) و هاوەڵانی و دوورکەوتنەوە لەهاوبەش بۆ خودا دانان و دەستگرتن بە بیروباوەڕی سەلەف و دوورکەوتنەوە لە بیروباوەڕی داهێنراوی سۆفییەکان.(٦)

لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی وایان کرد کەسایەتی محەممەد بن عەبدولوەهاب دەربکەوێت و بزووتنەوەی وەهابیەت سەرهەڵبدات و سەلەفیەت بژیەنێتەوە، خانەوادەکەی ناوبراو بوو، عەبدولوەهابی باوکی زانا و فەقیهێکی سەر بە مەزهەبی حەنبەلی بووە، باپیریشی شێخی نەجد

بووە لە زەمەنی خۆیدا.

کاریگەری کەسایەتی و بانگەواز و بیروبۆچوونەکانی ئیبن تەیمیەی دووەم مامۆستای سەلەفیەت زۆر بووە بە سەر محەممەد بن عەبدولوەهابەوە، لە ماوەی ژیانیدا زۆرێک لە ژیانی زانستی خۆی سەرقاڵ کردبوو بە کتێب و نووسراو و فەتاواکانی ئیبن تەیمیەوە، توێژینەوەی ورد و قوڵی لەسەر دەکرن. ئاشکراشە ئیبن تەیمیە زۆرێک لە نووسینەکانی لە دژایەتی بیدعە و شیرک و رەفتاری سۆفیەکاندایە. پاشان ئەو گەشتە زانستیانەی محەممەد بن عەبدولوەهاب ئەنجامیدەدان بۆ مەککە، مەدینە، بەسرە و ..هتد، لە ئەنجامی ئەم گەشت و گەڕانەدا چاوی بە چەند شێخ و زانایەک دەکەوت کە هەمان بیروباوەڕی ئەمیان هەبوو لە دژایەتی کردنی شیرک و بیدعەدا، بەڵام ئەم زانایانە هەمان مەبەست و خۆیەکلاکردنەوەیان نەبوو بۆ بنبڕکردنی، پاشان ئەو باردۆخەی موسڵمانان تێیدا دەژیان و بڵاوبونەوەی ئەو دیاردانە کاریگەری لەسەری هەبووە، هەوڵی گۆڕینی عەقیدەی خەڵکی داوە، ویستویەتی پاکیان بکاتەوە.(٧)

هەرچەندە زانایانی سەلەفی کە بە ڕێگەی محەممەد عەبدولوەهابدا دەڕۆن لە دژایەتیکردنی شیرک و بیدعە، بەڵام کارکردن بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک کە سنوورەکانی شەرعی تێدا جێبەجێ بکرێت، بە گرنگتر لە بانگەوازکردن و بڵاوکردنەوەی یەکخواپەرستی نابینن، بەڵام محەممەد بن عەبدولوەهاب بەردەوام هەوڵیداوە لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە دین بەسەر خەڵکدا جێبەجێ بکات و کۆمەڵگە پاک بکاتەوە، بۆچوونی وابووە کە گۆڕینی ئەم دیاردە شیرکیانە بەبێ دەسەڵات و هێز کارێکی ئەستەمە و بۆی ناچێتە سەر.

بۆیە پەیوەندی بە چەند میرێکەوە دەکات

**زانایانی سەلەفیەت لە کۆندا دووچاری زیندان و ئازارکێشان بوون لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەڵام زانایانی سەلەفیەتی نوێ و لەم سەردەمەدا پەیوەندی توند و خۆشیان لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە.**

و دەیەوێت بە بەکارهێنانی دەسەڵات خەڵک بهێنێتە سەر دینداری درووست. پەیوەندی بە میر عوسمانی میری عوەینەوە دەکات، میریش پێشوازی لێدەکات و جێگەی دەکاتەوە، بن عەبدولوەهابیش دەستدەکات بە ناردنی نامەی بانگەواز بۆ میر و کەسایەتیەکانی دیکە و چەند کارێک ئەنجامدەدات، لەوانە بڕینی ئەو دارانەی خەڵک بە پیرۆزیان دەزانین، چیلەکەیان لێدەکردەوە بە مەبەستی شیفای نەخۆشی و پەرینی دەردو بەڵا. هەروەها ئەو گومەزانەی رووخاند و تەخت کرد لەسەر گۆڕی پیاوچاکان کرابوون، گۆڕەکانی وەک گۆڕی خەڵکی سادە لێکرد. پاشان بەردەبارانی ئەو کەسانەی کرد کە کاری زینایان دهکرد و مێرد یان خێزانیان هەبوو، داواشی لە میر عوسمان کرد دەستەیەک دروستبکات خەڵکی بەزۆر بهێنن بۆ ئەنجامدانی نوێژی بە کۆمەڵ لە مزگەوتەکاندا. بەڵام پاش ماوەیەک، لەبەرچەند هۆکارێکی دەرەکی میر عوسمان بێدەسەڵات مایەوە لەدەرکردنی محەممەد بن عەبدولوەهابدا و ئیتر کۆتایی بە دەسەڵات و قسە ڕۆیشتووی هات و عوەینەی جێهێشت، پاشان رووی لە درعیە کرد، لە ماڵی هەوادارێکی خۆیدا بەناوی سوەیلم، کاریگەری لە دوو برای میری درعیە محەممەد بن سعود کرد، بەهەوڵی ئەوان

**خاڵی هاوبەشی زانایانی سەلەفی ئەمڕۆ و محەممەد بن عەبدولوەهاب ئەوەیە هەردووکیان ئامانجیان ژیان گوزەراندنە لە سایەی دەوڵەتدا، دەرنەچوونە لە حوکمی ئەو میرەی دەسەڵاتدارە لە ناوچەکەدا**

توانی پشتیوانی میر سعود بەدەست بهێنێت و جێگەی خۆی بکاتەوە، رێکەوتنێکیان کرد لە نێوان خۆیان لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و رابەرایەتی رۆحیی، بەو جۆرەی دەسەڵات بۆ محەممەد سعود بێت و محەممەد بن عەبدولوەهابیش موفتی و رابەر بێت.(٨) بەڵام دەتوانین بڵێین خاڵی هاوبەشی زۆر دیاری نێوان زانایانی سەلەفی ئەمڕۆ و محەممەد بن عەبدولوەهاب ئەوەیە هەردووکیان ئامانجیان ژیان گوزەراندنە لەژێر سایەی دەوڵەتدا و دەرنەچوونە لە حوکمی ئەو میرەی دەسەڵاتدارە لە ناوچەکەدا، هەروەها هەوڵدان بۆ کاریگەربوون لەسەری و دڵنیای بکەیتەوە مەترسیت بۆ کورسی و دەسەڵاتەکەی ئەو نییە، ناتەوێت بچیتە جێگەی، بەڵکو بە دابەشکردنی دین و دەسەڵات رازیت لەنێوانتاندا بەومەرجەی رێگەی بانگەوازکردنت لێنەگرێت.

هەروەها ئەو زانا و بانگخوازانەی کە سەر بە قوتابخانەی ئایینی (سەلەفیەت- وەهابیزم)ن، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لەو هەلومەرجەی بزووتنەوەکەی تیدا هاتوتە گۆڕێ گۆڕانکارییان لە گوتاری ئایینیاندا کردووە، تەنها باسیان لە شیرک نەکردوە، لەگەڵ پاڵفتەکردنی بیروباوەڕی خەڵکدا تەوەری دیکەشیان کردۆتە دروشمی سەرەکی کارکردنی خۆیان، دەتوانین بڵێین کاری سەرەکییان لە سێ تەوەری سەرەکیدا چڕ دەبێتەوە و زۆرینەی ژیانی بانگەوازیان لەسەر کارکردن لەسەر ئەو سێ تەوەرە و دژایەتیکردنی سێ چەمک تەرخانکردوە، ئەوانیش هەر سێ چەمکی (شیرک ـ بیدعە ـ حیزبایەتی)یە. بەهۆی زۆربوونی کار و چالاکی پارتە ئیسلامییەکان لە بەرهەڵستی دەوڵەتە ئیسلامییەکان، کار لەسەر بڵاوکردنەوەی یەکتاپەرستی و سوننەت و مامەڵەی دروست دەکەن لەگەڵ پێشەوا و سەرۆکی موسڵمانان. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە زانایانی سەلەفی لەم سەردەمەدا لەوانەکانی عەقیدە و یەکخواپەرستیدا تەنها لەسەرئەو کتێبانە دەڕۆن کە محەممەد بن عەبدولوەهاب نووسیویەتی، زیاتر سەرقاڵی باسکردن و ناساندنی بنەماکانی بیروباوەڕی ئەو گروپ و قوتابخانە ئایینیە کەلامییانەن کە لە کتێبەکانی ئیبن تەیمیەدا هاتووە و تائێستا بنەماکانی بیروباوەڕە ئیلحادی و سیکۆلاریستیەکانی سەردەم کە دزەیان کردۆتە نێو ماڵی موسڵمانان، نەخستۆتە دووتوێی کتێبەکانی تەوحید و باسی بکەن، وەک چۆن بن عەبدولوەهاب باسی دیاردە و بیروباوەڕەکانی سەردەمی خۆی دەکرد، یان وەک ئیبن تەیمیە، سەرقاڵی وەڵامدانەوەی لادانەکانی گروپەکانی سەردەمی خۆیان بن. یەکتاپەرستی بەلای زانایانی سەلەفیە وەهابیەکانەوە دەکرێت بە سێ جۆری سەرەکییەوە:

یەکتاپەرستی لە بەخوادانان: واتە بەتەنها زانینی خودای گەورە لە کارەکانیدا. لە پەرستن: واتە تەنها راگرتنی خودای گەورە لە پەرستندا و هیچ شتێکی دیکە نەکرێتە هاوبەشی. لە ناو و سیفاتەکان: واتە بەتاکراگرتنی خودا لە ناو و سیفاتەکانیدا و هیچ شتێک هاووێنەی خودا سەیر نەکرێت لە سیفاتەکانیدا، لەگەڵ باوەڕبوون

بە هەموو ئەو سیفاتانەی خودا و پێغەمبەر بۆ خودایان باسکردووە لە قورئان و فەرموودەدا و نکوڵی هیچیان نەکرێت.(٩)

بیدعە بەلای زانایانی سەلەفییەوە زیانێکی زۆر گەورەی هەیە و لەهەر کوێیەکدا بیدعەیەک هەبێت سوننەتێکی شاردۆتەوە، بیدعە بە هەر رێچکەیەکی ئایینی داهێنراو دەوترێت بە مەبەستی خوداپەرستی، کە پێشینەی نییە و لە قورئان و فەرموودەوە سەرچاوە ناگرێت.(١٠)

حیزبایەتیکردن و ئۆپۆزسیۆن بوون و بەرهەڵستیکردنی حکومەتی وڵاتانی موسڵماننشین بە هەموو شێوازێک لەلای ئەم جۆرە سەلەفیەتە قەدەغەیە، نابێت موسڵمان کێبرکێ لەسەر دەسەلات و کورسی بکات و دژایەتی پێشەوایان و حکومەت بکات، نابێت رەخنەی ئاشکراشیان لێ بگرێت و بەخراپە باسیان بکات، بەڵکو دەبێت رەخنەیەکیشی هەبێت بەنهێنی ئامۆژگارییان بکات. بەهۆی دژایەتی و ترساندنی بەردەوامی خەڵک لە حیزبایەتیکردن ئەم جۆرە سەلەفیەتە بە سەلەفیەتی لاحیزبی دەناسرێن.(١١) هەروەها لە پاش بڵاوبوونەوەی بیری سەلەفیەت لە سعودیەوە و بەرفراوانبوونی، ئێستا چەندین رەوتی سەلەفی دیکە دروستبوون، لە پاڵ رەوتی وەهابیزمی دایکی رەوتە سەلەفیەکانی دیکە چەندین گرووپی دیکە بانگەشەی سەلەفیەت دەکەن، دیارترینیان رەوتی مەدخەلیەت یان جامییە. مەدخەلیەت ئەو گرووپەیە کە لە ساڵەکانی ١٩٩٠ لە سعودیە دروست بووە لەسەر دەستی شێخ محەممەد ئەمان ئەلجامی و شێخ رەبیع بن هادی ئەلمەدخەلی، جامی پسپۆڕی لە بواری عەقیدەدایە و مەدخەلیش لە بواری فەرموودەناسیدا.(١٢) جامی ئەو زانایەبوو کە لە وڵاتی ئەسیوبیاوە کۆچی کرد بۆ سعودیە و مامۆستایەکی وانەبێژ بووە لە زانکۆی ئیسلامی سعودیە، مەدخەلیش خوێندکاری بووە لەو زانکۆیە. سەرەتای دەرکەوتنی بیری قوتابخانەی جامی- مەدخەلیەت، دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی یەکەمی کەنداو، ئەوکاتەی وڵاتی سعودیە یارمەتی و هاوکاری وەرگرت لە وڵاتانی بیانی. لەمەڕ ئەم بابەتەش ناکۆکی کەوتە نێوان زانایانی سعودیەوە لەسەر رەوایەتی و نارەوایەتی وەرگرتنی هاوکاری لە وڵاتانی بێگانە لەلایەن وڵاتە ئیسلامیەکانەوە. زانایانی سعودیە بوون بە دوو بەرەی سەرەکییەوە، کە بەرەی یەکەم پێکهاتبوو لە دەستەی گەورە زانایانی سعودیە، پێیانوابوو وەرگرتنی ئەو هاوکارییانە و هێنانی هێزەکانی بێگانە بۆ سعودیە رەوایە و ناشەرعی نییە. بەرەی دووەمیش ئەو زانایانە بوون کە ئەم کارەیان پێ رەوانەبوو، کە پێکهاتبون لە: سەفەر ئەلحەوالی و عائیز ئەلقەرەنی و سەلمان عۆدە و محەممەد شەنقیتی و .. تاد. ئەم راجیاییە لە نێوان هەردوو بەرە لە زانایان بە خیلافێکی ئاسایی سەیر کراو بە بارێکی تەندروست لێیان دەڕوانی. بەڵام لەم سەروبەندەدا مەدخەلیەت سەرهەڵدەدات و دەبێتە بەرەی سێیەم، بۆچوونێکی تێکەڵاو لە هی هەردوولا وەردەگرێت، مەدخەلیەت پێیوایە هێنانی هێزی بێگانە بۆ وڵاتە ئیسلامیەکان رەوایە و لەهەمانکاتیشدا هەروا بە سانایی سەیری بۆچوونی پێچەوانە ناکات و دژایەتیەکی توندی ئەو زانایانەی دیکەی کرد پێچەوانەی بۆچوونیان بوون و رەخنەیان لە حکومەت دەگرت، داوای چاکسازییان دەکرد. مەدخەلییەت ئەم زانایانەی بە خەواریج و لەرێ دەرچوو و بیدعەکار ناوزەند کرد، هانی دەسەلاتدارانیدا بەتوندترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن و سزایان بدەن. (١٣) مەدخەلیەت خاڵی لێکچووی لەگەڵ سەرجەم گرووپە سەلەفیەکانی دیکە زۆرن، بەڵام لەگەڵ ئەم لێکچوونەشدا چەند خاڵێک جیاوازییان هەیە، بەپێی

بۆچوونی نەیارەکانیان ئەم جیاوازییانە لەگەڵ گروپە سەلەفییەکانی دیکە دەبێتە سیمای دیاری مەدخەلیەت و قوتابخانەی شێخ جامی و شێخ ڕەبیع جیا دەکاتەوە لە سەلەفیەکانی دیکە، لەوانەش بەپێی بیرو بۆچوونی مەدخەلیەت هەموو جۆرە ڕەخنەگرتنێک لە دەسەڵات و حکومەت کارێکی نارەوایە، کاری خەواریجەکانە، ڕەخنەگرتنی ئاشکرا لە حکومەت بە دەرچوون هەژمار دەکرێت. هەرکەسێک بکەوێتە ناو بیدعەوە، یان بیدعە بکات، یان تێکەڵاوی بیدعەکاران بێت هەرچەندە بۆخۆشی بیدعە نەکات، ئەوا پێویستە پشتی لێبکرێت و دەنگی لەگەڵ دابچڕێت، ئەگەر زانابوو هیچ قسەیەکی وەرنەگیرێت و گوێی بۆ نەگیرێت. زانایانی جگە لەخۆیان بە موبتەدیع هەژمار دەکەن، لە کۆڕ و وانەکانیاندا ناویان دەهێنن و خوێندکارەکانی بەردەستیانی لێ وشیار دەکەنەوە. سەرکێشی لە مافی زانایانی وەکو نەوەوی و ئیبن حەجەر و ... هتد دەکەن، بە ئەهلی سوننەیان نازانن. ناو و ناتۆرە لەو سەلەفییانە دەنێن خەریکی زانستی شەرعین و خۆیان بە تەبدیعی خەڵکەوە سەرقاڵ ناکەن، پێیان دەڵێن مومیعە و هەرکەسێک وتەی حەق لە غەیرە سەلەفییەوە وەرگرێت بە ئیخوانی سەیری دەکەن، هەروەها کەسێک بەردەوام پشتگیری دەمەقاڵێ و چەلەحانێکانی مەدخەلیەکان نەکات لەگەڵ نەیارەکانیان، خۆی پێوە سەرقاڵ نەکات بە (متخاذل) ناوی دەهێنن. هەروەها پێیانوایە ئەو سەلەفییەشی کە لە خۆیانە و کەمێک بەدڵی ئەوان کار ناکات زیانی زۆر زیاترە لە حیزبیی و ئیخوانیەکان، چونکە حیزبیەکان ئاشکران و خەڵک دەیانناسێت، بەڵام ئەمەیان خۆی لە بەرگی سەلەفیەتدا شاردۆتەوە. هیچ جۆرە ڕاجیاییەک قەبوڵ ناکەن لە بەرامبەرەکەیان، هەرچەندە وەک ئەمان سەلەفی بێت، بەڵام کەمێک لایدا بێت و بۆچوونی جیاوازی دەربارەی بە موبتەدیع زانینی کەسێک یان کەمێک جیاوازی لە فروعدا هەبێت، ئەوا دەستبەجێ ناتۆرێکی لێ دەنێن و لە بازنەی سەلەفیەت دەری دەکەن. هەروەها یەکێکی دیکە لە سیماکانیان ئەوەیە لە زانستی جەرح و تەعدیلدا تەنها باوەڕیان بە جەرح هەیە و بەهیچ جۆرێک باوەڕیان بەباسکردنی چاکەی کەسێکی غەیرە خۆیان نییە، ئەمەش پێچەوانەی ڕەفتاری زانایانی پێشینە کە لە جەرح و تەعدیلدا کاریان بە هەردوو بەشی زانستەکە کردوە و ویستبێتیان باس لەلادانی کەسێک بکەن لە حەق، پێشا هەڵیان سەنگاندوە، چاکەکەیان باسکردوە ئەوجا برینداریان کردوە، هەروەها یەکێکی دیکە لە سیماکان بەکارهێنانی ناتۆری ناشرین و جوێندانە لەکاتی باسکردنی نەیارەکانیان وەک ئەوەی بەچەند بانگخواز زانایەکی نەیاری خۆیان دەڵێن سەگی وەڕیو یان کەر.(١٤) پێیان وایە تاکە نوێنەری ڕاستەقینەی ئیسلام و تاکە گروپی ڕاستی سەلەفی خۆیانن، هەموو گروپەکانی دیکە بە سەرلێشێوا و دەزانن. (١٥) زێدەڕۆیکردنی زۆر لە تەبدیع و تەجریحی ئەو زانایانەی کە بۆچوونیان پێچەوانەی مەدخەلیەتە و بە هەموو جۆرێک دژایەتییان دەکەن. بە نەیارێکی توند و زۆر دیاری ئیخوان موسلمین دەناسرێن، چونکە هەموو بەرهەڵستی و ئۆپۆزسیۆنیەک بەرامبەر دەسەڵات بە نارەوا دەبینێت و گروپی ئیخوان موسلیمینیش ئەم ئاکارەی تێدایە، ناکۆکیەکی گەورە لە نێوانیاندا هەیە و دوو ڕەوتی زۆر دژ بەیەکن. سەلەفیەتی مەدخەلی هەوڵدەدات بە دوو پاساو بەرگی نارەوایەتی و بێزراوی بە بەر ئیخواندا بکات:

یەکەم: سەلەفیەتی مەدخەلی دەیەوێت هەموو ئەو بارودۆخە ناخۆش و ناهەموارەی ئەمڕۆ بەسەر موسڵماناندا دێت لە تێکڕای وڵاتانی ئیسلامی

تاوانەکەی بخاتە ئەستۆی ئیخوانەکان و بیانکاتە بەرپرسیاری یەکەم لەم ڕووودانە، ئەم بارودۆخە دژوارەی وڵاتانی موسڵمان بە لێکەوتەی سیاسەتی چەوت و خەبات و شۆڕشی بێ پێشەواو بێ پیلانی شەرعی و ڕەمەکیی ئیخوان دەبینێت و باسی لێوە دەکات.

دووەم: لە ڕوانگەی سەلەفیەتی مەدخەلییەوە حیزبایەتیکردن کارێکی داهێنراو و دوور لە ڕێبازی پێشینە چاکەکانە.(١٦)

٭٭٭٭

## سەرچاوە و پەراوێز:


١- بڕوانە: الوجيز فی عقيدة السلف الصالح (أهل السنة والجماعة)، عبد الله بن عبد الحميد الأثری، وزارة الشؤون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد - السعوديه، ط١، ١٤٢٢هـ لا ٣٢.

٢- بڕوانە: - تأريخ الخلفاء، جلال الدين عبدالرحمن السيوطی، دار القلم، ط١، ١٩٨٦م، لا٣١٢. التعريف بكتاب محنة الإمام أحمد بن حنبل، محمد نغش، الجامعة الإسلامية بالمدينة المنورة، السنة الثانية عشرة، العدد السابع والأربعون، والثامن والأربعون،١٩٨٠ز، لا ٣٨٢.

٣- بۆ بينی ئەو بەسەرهاتانەی لەبارەی میحنەتی خەلقی قورئانەوە هاتوون بڕوانە: سير أعلام النبلاء، الذهبي، تح: مجموعة من المحققين بإشراف الشيخ شعيب الأرناؤوط، مؤسسة الرسالة، ط٢، ١٩٨٥، (١٠/ ٢٢٣، ٩/ ١٥٩، ٦/ ٢٨، ١٠/ ٦١٠).

٤- تاريخ حوداث الزمان وأنبائه ووفيات الأكابر والأعيان من أبنائه، الجزری، بيروت، ٢٠٠٦، (٢/ ١٠٦).

٥- بۆ تێگەشتن لە بیروباوەڕی و چۆنیەتی ڕوانینی بن تەیمیە لە قوتابخانە و گرۆ ئیسلامییەکان، بڕوانە: مجموع الفتاوى لابن تيمية.

٦- خواطر حول الوهابی، محمد بن أحمد بن إسماعيل المقدم، دار التوحيد للتراث، الإسكندرية، ط١، ١٤٢٩ هـ - ٢٠٠٨ م، لا ٤٦.

٧- بڕوانە: حياة الشيخ محمد بن عبد الوهاب وحقيقة دعوته، سليمان بن عبد الرحمن الحقيل، ط١، ١٩٩٩ز، لا ٦٠- ٦٥.

٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٩- بڕوانە: التمهيد لشرح كتاب التوحيد، صالح بن عبد العزيز آل شيخ، دار الإمام البخاری، الدوله- قطر، ط١، ١٤٣٢هـ لا ١٥- ١٦.

١٠- البدعة ضوابطها وأثرها السیء فی الأمة، علی بن محمد بن ناصر الفقيهی، الجامعة الاسلامية، ط٢، ١٤١٤هـ لا ١٣.

١١- المعلوم من واجب العلاقة بين الحاكم والمحكوم، عبدالعزيز عبدالله بن باز، دار السلفية، ط١، ١٤٢٢هـ لا ٢٢.

١٢- المدخلية، http://www.almoumnoon. com /

١٣- الجامية والمداخلة، نشأتهم - أسماؤهم - مشايخهم، عبدالسلام راغب، http://islamion. com

١٤- بۆ بینینی چەند نموونەیەک لەم بارەیەوە بگەڕێرەوە بۆ کتێبی إعلام الأجيال، بكلام الإمام الوادعی، فی الفرق والكتب والرجال، دار الآپار، اليمن- صنعاء، ط١، ٢٠٠٨ز، لا ٣٥٥.

١٥- احذر من السلفية المدخلية، مصطفى شرف الدين، http://mustafasharaf.blogspot. /com

١٦- المدخلية .. تيار دينی ينصب نفسه ممثلا حقيقيا للسلفية، صلاح الدين حسن، . http://www. islamyun.net



یورگن تۆدنهوفەر
وەرگێڕانی سەروەر عومەر

# نامە کراوەکەی «تۆدنهوفەر» بۆ «ئەبوبەکر ئەلبەغدادی»

یورگن تۆدنهۆفەر، پارێزەر، ئەندام پارلەمان و ئەندامی حیزبی یەکێتیی مەسیحی ئەڵمانی و نووسەر و رۆژنامەنووسە. تۆدنهوفەر سەردانی زۆری بۆ ناوچە قەیراناوییەکانی رۆژهەڵاتی ناوین کردووە, جگە لە فیلم و راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی, چەندین کتێبیشی لەسەر بارودۆخی پڕ ئاریشەی ئەم ناوچانە نووسیوە. یەکێک لەو کتێبانەی بە ناو نیشانی «بۆچی مرۆڤ دەکوژێت، زەید؟» باس لە بەرەنگاریی نیشتمانیی لە عێراق دەکات دژی ئەمیرکا و هێزە داگیرکەرەکان. نووسەر نە تەنها لە نێوان خەڵکان و خوێنەرە هۆشیارەکانیدا لە جیهانی رۆژئاوا، بە رۆژنامەنووسێکی حەقبێژ و بە ویژدان ناسراوە؛ بەڵکو لە دنیای ئیسلامیشدا وێنەیەکی پەسەندی هەیە؛ چونکە راپۆرتەکانی ئەو تا بە ئەمڕۆ دادپەروەرانە و بەتاڵ لە کینەی تاکەکەسی و کۆلۆنیستانە بوون. لە بەرانبەردا، تۆدنهوفەر لە لایەن راگەیاندنە سەرمایەدارەکانی رۆژئاواوە چەندین جار بە کۆمەڵێک ناوە و ناتۆرەی قەبەی وەک ناپاک، یان ناپاک بە شارستانییەتی رۆژئاوا، ئەندامێکی ترسناک، هاورێی دیکتاتۆرەکان، هاورێی بەغدادی و.. تاد. پێشوازی شایستەی لێکراوە!

بەڵام ئەم رۆژنامەنووسە بوێرە بێ گرنگیدان بەم ناهەقیانە هەروا درێژە بە کاری خۆی دەدات. ئەو تا هەنووکە بۆ زۆربەی ناوچە پڕ هەواڵ و قەیراناوییەکان سەفەری کردووە. ئەو لە وڵاتەکانی لیبیا، ئەفغانستان، لوبنان، عێراق، سوریا، یەمەن و چەند شوێنێکی تر لەگەڵ ناودارانێکی زۆری گۆرەپانی سیاسەت چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە و بە دووروردرێژی باسی لەم دیدارانە کردووە.

ئەمەی لێرەدا دێت، دەقی نامەیەکە لە کتێبی «دە رۆژ لەگەڵ داعش، لە نێو دەوڵەتی ئیسلامیدا» بڵاوکراوەتەوە. نووسەر لە بەهاری ساڵی ٢٠١٤ و لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا، لەگەڵ کورەکەی و کەسێکی تر گەشتێکی دە رۆژە بۆ نێو داعش ئەنجام دەدەن. پاش گەرانەوەی لە گەشتەکەی ئەم کتێبە بڵاودەکاتەوە و لە کۆتایی کتێبەکەیشدا ئەم نامەیەی لای خوارەوە بۆ ئەبوبەکر ئەلبەغدادی دەنووسێت.

## نامەیەکی سەر ئاوەڵا بۆ خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامیی و چەکدارە بیانییەکانیی

نامەیەکی لەم جۆرە تا چەندێک دەبێت بە وێڵ و خۆپارێزانە بێت و رەچاوی مەودای نێوانمان بکات؟ «مەهاتما گاندی» ساڵی ١٩٣٩، مانگێک بەر لە دەستپێکی جەنگ، نامەیەکی لە لایەن مرۆڤایەتییەوە بۆ ئەدۆڵف هیتلەر نووسی. نامەکە بە هاورێی ئازیزم دەستی پێکرد و بە هاورێی دڵسۆزت م.ک. گاندی کۆتایی هات. من ناتوانم هێندە دلۆڤان بم، بەڵام ناخوازم رەچاوی وێڵیش نەکەم. کەواتا ئاوا بۆت دەنووسم:

### جەنابی خەلیفە ئیبراهیم عەوواد، ئەبوبەکر ئەلبەغدادی!

بەر لە هەرشتێک لەبەر کارکردن بە نامەکەتان بە درێژایی مانەوەی ئێمە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا سوپاستان دەکەم. باشترە لە جیاتی سەربرینی رۆژنامەنووسان، دیسان رۆژنامەنووسی سەربەخۆی زیاتر بانگهێشت بکەن.

بە پێی توێژینەوەکانی سێ زانکۆی ئەمریکی و زانکۆیەکی عێراقی لە جەنگی دژی مافەکانی مرۆڤی جۆرج دەبلیو بووشدا لە عێراق، لانیکەم نیو میلیۆن مرۆڤی بێتاوان کوژراون. من دەتوانم لە نارەزایەتی عەرەبەکان بەرانبەر دەستێوەردانی سەربازیی رۆژئاوا کە چەند سەدە درێژەی کێشاوە تێبگەم. من لە هەمبەر نادادگەریی رۆژئاوا چاوم دانەخستووە.

ئێوە لەشکرکێشیتان کردووەتە سەر سوریا و عێراق و لە هێندێک بواردا، هێندە سەرکەوتوو بوون کە کەس تەنانەت بە خەیاڵیشیدا نەهاتووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا تۆش ئەوە دەبینیت کە بەخت و چانس لە جەنگدا پایەدار نییە. هەڵبەتە ئەو شێوازانەی کە رێکخراوەکانی ئێوە لە جەنگەکاندا بەکاریدەهێنن بەراورد بە حوکمەکانی قورئان، نائیسلامی و کارەساتبارن. ئەم کارانە زیان بە

تەواوی موسڵمانانی جیهان دەگەیەنن و بەر لە هەر شتێک لەو ئیسلامە دەدات کە ئێوە بانگەشەی ئەوە دەکەن لە پێناویدا خەبات دەکەن.

دەستدرێژی چەند پەیوەندی بە عیشقەوە هەیە، تیرۆریش هێندە پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەیە. هەر لەبەر ئەمە ئێوە و چەکدارەکانتان «جەنگاوەرانی خودا» نین. هەڵبەتە ئەگەر بە ڕاستی شتێکی وا بوونی هەبێت. لەوانەشە ئێوە هەرگیز نەتانەوێت جەنگاوەری خودا بن. ئەم زاراوەیە پەیوەستە بە سەردەمی جەنگەکانی خاچپەرستییەوە و زاراوەیەکی مەسیحییە. من چەندین جار قورئانم خوێندووەتەوە و زۆر بەهرەم لێ وەرگرتووە. لەو گیانی زەبروزەنگەی ئێوە و چەکدارەکانتان ئاگایان بەرەوی پێ دەدەن، شتێکم تێدا نەدۆزییەوە. مەگەر ئەوەی بتانەوێت جەنگە پەلاماردەرەکانی دەسەڵاتدارانی مەککە لە دژی محەمەد (د.خ) لە ساڵەکانی ٦٢٣ تا ٦٣٠ دووبارە بکەنەوە. ئەمەش ڕێک ئەو کارەیە کە دوژمنانی ئیسلام ئەنجامی دەدەن و ئارەزووی بینینی دەکەن.

سەرەڕای ئەوە لە ئەفسانەکان و بەشە مێژووییەکانی پەیمانی دێرین (تەورات)دا، جەنگی زۆر خوێناویتر بەراورد بە قورئان باس کراوە. هەر لەبەر ئەمەیە کە توێژەری پەهوودی «ستیڤن پینکەر»Steven Pinker کە لەبارەی گۆڕانکارییەکانەوە لێکۆڵینەوە دەکات، تەورات بە «ستایشنامەیەکی دووروودرێژی توندوتیژی» ناو دەبات. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا لە تەوراتدا ئەم سەربڕینانە تەنها لە باسی مرۆڤە نەفامەکاندا هاتووە. پەیمانی دێرین کتێبی دادپەروەری و مرۆڤدۆستییە، وەک قورئان.

هزری بنەڕەتی ئیسلام و ئەندێشە سەرەکییەکەی، واتا بانگەوازە شۆڕشگێڕییەکەی لەو سەردەمەدا بۆ دادپەروەری، بەرابەری و خۆشەویستی، بەدبەختانە وا دێتە بەرچاو کە ئێوە بێگانەبن پێی. ئێوە ئەم پەیامە ناوەندییەی قورئان وەک هێڵێکی سوور دەبەزێنن.

هیچ وشەیەک بۆ وەسفی خودا لە قورئاندا بە ئەندازەی واژەی «بەخشندەیی» نەهاتووە. ١١٣ سورەتی قورئان بەم ڕستەیە دەست پێدەکەن: «بە ناوی خودای بەخشندەی دلۆڤان.» شەڕخوازیی ئێوە هیچ پەیوەندییەکی بە بەخشندەییەوە نییە. ئێوە بۆ فراوانکردنی دەوڵەتی ئیسلامیی بە شێوازی هێزە دەسەڵاتپەرستە نامەسیحییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و هۆزەکانی چەنگیز خان و پۆل پۆت لەشکرکێشی دەکەن. سەرەڕای ئەوەش ئێوە تەواو بە شێوەیەکی دیاریکراو نەخشەی گەورەترین پاکتاوی ئایینی مێژووتان لە سەردایە، کوشتنی سەد ملیۆن کافر و هەڵگەڕاوە. بەردەوام لە خۆم دەپرسم لە کوێی ئیسلامدا شتی وا هاتووە.

١- لە ئیسلامدا هیچ زۆرەملێیەک لە دیندا نییە. (سورە البقرە، ٢٥٦)، بەڵام ئێوە بێبەزەییانە مرۆڤەکان دەکوژن؛ تەنها لەبەر ئەوەی کە شیعە، عەلەوی، ئێزدی یان سوننەی دیموکراسیخوازن. تەنها مەگەر ئەوەی خۆبەخشانە باوەڕ بە ئایدۆلۆژیا بێبەزەییەکەی ئێوە بهێنن، ئەویش بەرلەوەی ئێوە بە سەریاندا سەرکەون. لێبووردنی ئایینی چەندین سەدە یەکێک لە خەسڵەتە باشەکانی فەرمانڕەوایانی ئیسلامی بووە. جەنابی خەلیفە لێبووردنی ئێوە لە کوێدایە؟

٢- لە ئیسلامدا بە ڕوونی جەنگی پەلاماردەرانە حەرام کراوە. بۆ نموونە (سورەتی الحج، ٣٩)، پەیامبەر هەرگیز جەنگی پەلاماردەرانەی نەکردووە. ئەو هەمیشە لە لایەن خەڵکی مەککەوە کە پەیڕەوانی ئایینی تر بوون و لە ڕووی سەربازییەوە لەو بەهێزتر بوون هێرشی دەکرایە سەر، بەڵام تۆ جەنابی خەلیفە، بەردەوام هێرش دەکەیتە سەر تەواوی ناوچەکان، شارەکان و ئەو گوندانەی کاریان بەسەر ئێوەوە نەبووە.

٣- لە ئیسلامدا کوشتنی خەڵکانی سڤیل، ژنان، منداڵان و کەسانی بەساڵاچوو حەرامە، لە زۆر شوێنی قورئاندا بە ڕاشکاوی ئاماژە بەم بابەتە

کراوە، بەڵام پەیڕەوانی ئێوە بە شێوەیەکی قێزەون مرۆڤە بێتاوانەکان دەکوژن. بەڵێ، ئێوە دەستدرێژی دەکەنە سەر ژنان. ئەم کارە قێزەونە بە توندی لە قورئاندا مەحکوم کراوە. (سورەتی النور ٣٣) ئایا ئەم کارانە ئیسلامین؟

٤- لە ئیسلامدا وێرانکردنی شوێنە ئایینییەکان حەرامە. (سورە الحج، الایة ٤٠)، بەڵام ئێوە کڵێساکان، کەنیسەکان، مزگەوتی شیعەکان و تەنانەت سوننەکانیش دەڕووخێنن و بێڕێزییان پێ دەکەن. ئەم کارە بە تەواوەتی پێچەوانەی ئیسلامە.

پێرستی ئەو کارە خراپانەی ئێوە بە شێوەیەکی ئاشکرا پێچەوانەی ئەوەی لە قورئاندا هاتووە ئەنجامتان داون زۆر دووردورددرێژترە لەمانە و سەر لە ئاسمان دەسوێت. لە ڕاستیدا یەک بە یەکی ئەو کارانەی ئێوە ئەنجامی دەدەن پێچەوانەی ئیسلامن و بەرنامەیەکن بۆ دژایەتی ئیسلام.

من مەسیحیم. لە دینی مندا تایبەتمەندییەکانی کەسێک کە دژی مەسیحییەتە لە ئینجیلی یوحەننادا هاتووە، بە کار و کردەوەکانی ئێوە بەم ئەنجامە دەگەم کە ئەم کەسێتییە لە بوونی تۆیشدا هەیە. تەنانەت عەقڵە گەورەکانی دنیای ئیسلامیش پێشبینی ئەوەیان نەکردبوو کە دەکرێت ئەم کەسایەتییە دژە ئیسلامە ناوی «خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامیی» بێت. بە بیریشیاندا نەهاتووە کەسێک بتوانێت مێژووی ئیسلام و دینی ئیسلام تا ئەم ئەندازەیە بە گاڵتە وەربگرێت. لە ڕاستیدا دەبێت ناوی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەستی ئێوەدان بۆ «دەوڵەتی دژی ئیسلامیی» بگۆڕن. ئەوەی ئێوە دەیڵێن و ئەنجامی دەدەن، نەک تەنها دژی ئیسلامە، بەڵکو دژی کردەوەکانی پەیامبەریشە. محەممەد (د.خ) بەخشندە بوو، بەڵام ئێوە بێبەزەیین. محەممەد شۆڕشگێڕێکی پێشڕەو بوو. ئێوە دواکەوتوو و کۆنەپەرستن. بانگەشەی تۆ بۆ ئەوەی پەیامبەر محەممەد، کە گەورەترین ریفۆرمیستی مێژوو بووە، ١٤٠٠ ساڵ پاش مەرگی هێشتا بیەوێت بە پێی دابونەریتی سەردەمی خۆی

## کارەکانی داعش زیان بە تەواوی موسڵمانانی جیهان دەگەیەنن بەر لە هەر شتێك ئەو ئیسلامە کە ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن.

بژی، ئەمە مەحاڵە. شۆڕشگێڕە مەزنەکان هەر بە سەرکەوتنەکانیان واز ناهێنن.

ئەبوبەکر ئەلبەغدادی، تۆ حەز دەکەیت وەک فەرماندەیەک سەرنجی دنیا رابکێشیت. تۆ چاکساز و پیاوی «خودای بەخشندەی دلۆڤان» نیت. زۆرێک لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی بەر لە داعش، پێچەوانەی ئیسلام کاریان کرد و خراپ کەڵکیان لە ئیسلام وەرگرت بۆ داپۆشینی کردەوە دژە ئیسلامییەکانی خۆیان. هەروەها هێندێک لە فەرمانڕەویان و زانایانی ئایینی فریودراو، ئەم دینە مەزنەیان شێوان. لە مێژووی مەسیحییەتدا بواری هاوشێوەی ئەمە هەبووە. زۆرێک لە کردەوە شەیتانییەکان بە ناوی مەسیحییەتەوە ئەنجام دراون. ئێوەیش، جەنابی ئەلبەغدادی لە ڕاستیدا نەک ئیسلام بەڵکوو دینی تاکەکەسی و شەریعەتی خۆتان بڵاودەکەنەوە.

پەیڕەوانی ئێوە ئاماژە بەم بابەتە دەکەن کە جۆرج دەبلیو بووش زۆر زیاتر لە ئێوە مرۆڤی کوشتووە، ئەویش لە جەنگێکی دژی مافەکانی مرۆڤدا. لە ئێستادا ئەم بابەتە سەبارەت بە تۆش ڕاست دەردەچێت، بە تایبەتی ئەگەر بەم زووانە پێشڕەوییەکانتان نەوەستێنن. من چەندین جار داوام کردووە ئەوانەی بوونەتە هۆی جەنگی عێراق دەبێت ڕووبەڕووی دادگای نێودەوڵەتی بکرێنەوە. لەوانەیش جۆرج بووش و تونی بلێر.

بەڵام تۆ لەگەڵ بووش و بلێر لە چوار خاڵدا

**ئێوە برەوتان بە کۆیلایەتی دایەوە کە مرۆڤایەتی لە خەباتێکی تاقەتپڕووکێندا بەسەریدا زاڵ بوو بوو.**

جیاوازیت هەیە:

١- سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا ئەگەرچی خراپترین تاوانی جەنگی ئەنجام دا، بەڵام لانیکەم شانازی بەو ئەشکەنجە و کارە نائەخلاقییانەی لە ئەبوغریب، گوانتانامۆ یان بەگرام ئەنجامیداننەکرد و خۆی پێیانەوە بانەدا، هەروەها بە تاوان و دەستدرێژییە شەرمهێنەرەکانی سەربازەکانی. ئەم کارە شەرمهێنەرانەی نەکردە تەوەری بەرنامەکانی، هەروەها تەوەری مەسیحییەت. تەنها یەک جار نەبێت کە تێکەوت و گوتارێکی لەرێلادەرانەی لەم بارەیەوە دا، ئەویش لە سەرەتای جەنگەکەدا. وەک شتێک دەیویست جەنگێکی خاچپەرستی بەرێ بخات و هێندێک جار خۆیشی وەک عیسای مەسیح وێنا بکات.

٢- ئەو هەرگیز وەک ئێوە بە ئاگایی، بە مەبەست، پلان بۆ دارێژراو و بە فەرمی خەڵکی سڤیلی بێتاوان، رۆژنامەنووسان، کارمەندانی رێکخراوە خێرخوازییەکان و کەسانی تری نەکوشت.

٣- ئەو هەرگیز وەک ئێوە بەرنامەیەکی بۆ پاکتاوی ئایینی نەبوو و هەوڵی نەدەدا تەواوی ئایینە نائیبراهیمییەکان لەنێو بەرێت. ئەو پاکتاوەی دەبێتە هۆی کوشتنی ملیۆنان مرۆڤ. ئێوە گەورەترین کوشتاری بەکۆمەڵی تەواوی سەردەمەکانتان لە سەردایە کە تەواوی ئەو کوشتارانەی تا هەنووکە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا روویانداوە دەخاتە ژێر سایەی خۆیەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئێوە خراپ کەڵک لە ناوی ئیسلام وەردەگرن. ئەمەیە کوفر.

٤- ئێوە هاوکات، دووبارە بە شێوەیەکی فەرمی برەوتان بە کۆیلایەتی دایەوە کە مرۆڤایەتی لە خەباتێکی تاقەتپڕووکێندا بەسەریدا زاڵ بوو بوو. ئەم بابەتە رۆژگارێک لە تەواوی کولتوورەکاندا هەبوو، بەڵام ماوەیەکی زۆرە ئەم شێوازەی کردنی مرۆڤ بە کاڵا، کردنی مرۆڤ بە بوونەوەرێک لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا، لە لای هەمووان بە شەرمەزارییەوە هەڵوەشاوەتەوە. یەهوودییەکان، مەسیحییەکان و موسڵمانان. گەرچی بە شێوەیەکی نهێنی کەسانێکی زۆر هەن بە شێوازێکی تاوانکارانە هێشتا وەک کۆیلە و بەندە رەفتار لەگەڵ مرۆڤەکان دەکەن. محەممەد (د.خ) بە پێچەوانەی ئێوەوە هەمیشە بە شوێن ئەو رێگەیانەوە بوو کە بەندەکان بکاتە هاووڵاتی خاوەن ماف. بەم شێوەیە بوو کە بیلال بووە یەکەم بانگبێژی ئیسلام.

ئێوە بە بەرچاوی دنیاوە مرۆڤەکان سەردەبڕن تا وڵاتەکان بۆ کردەوەی سەربازی تۆڵەخوازانە بوروژێنن. کارێک کە بە هۆیەوە دیسان ئەوە موسڵمانانن کە زیاتر لە جاران دەکوژرێن. ئێوە شەرخوازن. وەک «بن لادن» چۆن بە هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، ئەمریکای خستە داوی جەنگی ئەفغانستانەوە. ئایا ئەم کارە ئیسلامییە. من رۆژنامەنووسی ئەمریکی «جەیمز فولی»م لە رۆژەکانی راپەڕین لە بنغازی بە تایبەتی دەناسی. ئەو هاوکارێکی خۆشەویست و بێدەنگ بوو. چەند رۆژ دوای ئەوەی من و هاورێکانم لە کەمینێکی سەربازیی قەزافیدا گیراین، ئەویش لە لایەن هەمان ئەو کەسانەوە دەستگیرکرا، بەڵام ئەوان بەو هەموو توندوتیژییانەوە باشتر لە چەکدارە توندڕەوەکانی ئێوە رەفتاریان لەگەڵ کرد.

من لەگەڵ هێندێک لە چەکدارە بیانییەکانی ئێوە ئاشنا بووم. چەندین سەعات بە دووروردرێژی قسەم لەگەڵ کردن. لەم نامە کراوەیەدا روو دەکەمە

ئەوانیش.داوا لە تەواوی جیهادگەرانی بیانی دەکەم دەوڵەتی ئیسلامیی جێبهێڵن و بۆ نیشتیمانی خۆیان بگەڕێنەوە و خۆیان بە کاربەدەستان بناسێنن. دادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و بەرنامەی بە سوود بۆ دووبارە جێگیربوونەوەیان ئامادە دەکرێت.

بە دەنگی بەرز بەم چەکدارە بیانییانە دەڵێم: من قسەی هێندێک لە ئێوە قەبووڵ دەکەم کە بە هۆی نائاگایی، سادەیی لاوێتی، بیروباوەڕ، ئامانجگەرایی و هێندێک جار تەنانەت لەبەر تورەیی لەو بارودۆخەی تێیدا ژیاون پەیوەندیتان بە داعشەوە کردووە، بەڵام ئەگەر بە چاوی کراوەوە لە دنیا بڕوانن، دەزانن کە هەر گەنجێکی ٢٠ ساڵە ناتوانێت بە کلاشنیکۆفێک یان بە چەقۆیەکی قەسابی، بێبەزەییانە فەرمان بەسەر ئەوانی تردا بکات.

کوشتاری ئامانجداری مرۆڤە بێتاوانەکان و جینۆسایدی ئایینی هەرگیز شایانی بەخشش نین. ئێوە مافی ئەوەتان نییە زیان بە حورمەتی دینی مەزنی ئیسلام بگەیەنن، هەروەها پاکتاو و لەنێوبردنی ئایینەکانی تر. هیچ کەس هێندەی دوژمنانی ئیسلام لە جیهاندا بەم تاوانانە خۆشحاڵ نابێت. ئایا ئسلام بە ئەندازەی پێویست دوژمنی نییە. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە تەنانەت (خەلافەتی ئیسلامیی/ خەلافەتی دژی ئیسلامیی IS/AIS ) داهێنراوی دوژمنانی ئیسلام خۆیانە.

کەسێک کە بە ڕاستی عاشقی ئیسلامە، ناتوانێت لەمە زیاتر لەم گەمەی کوشتاری بە کۆمەڵەدا بەشدار بێت، ئەبوبەکر ئەلبەغدادی خراپ کەڵکی لە ئامانجگەرایی ئێوە وەرگرتووە، ئەگەر ئێوە موسڵمانی ڕاستەقینەن، دەبێت ئەم مۆتەکەیە کۆتایی پێ بهێنن و ڕووبەڕووی ئەو سووکایەتییە ببنەوە کە (دەوڵەتی ئیسلامیی/دەوڵەتی دژی ئیسلامیی) بە مرۆڤەکانی دەکات، ئەگەر بە خستنە مەترسی گیانیشتان بووە. ئەو ساتەیە کە ئێوە پاڵەوانانی ڕاستەقینەی ئیسلامن. ڕاگرتنی هەڵە زیاتر لە درێژەدان بە هەڵە و بەردەوام بوون لە سەری پێویستی بە بوێرییە. ئێوە نەک هەر بۆ دنیای ڕۆژئاوا، بۆ دنیای ئیسلامیش مەترسین.

هاوینی ٢٠١٤ لە کاتی جەنگدا لە غەززە پرسیارم لە فەڵەستینییەک کرد کە هەموو شتێکی لەدەست دابوو، ڕای سەبارەت بە داعش چییە؟حەپەساوانە سەیرێکی کردم و گوتی: «ئایا ئێمە دەبێت تاوانەکانی ئەوانیش لە ئەستۆ بگرین؟»

جەنابی خەلیفە ئیبراهیم، ئارەزوو دەکەم حیزبە ناکۆکەکان لە عێراق و سوریا دواجار یەک بگرن و بەم جۆرە بتوانن زەمینەی کردەوە سەربازییەکانی ئێوە لەنێو بەرن.

ئارەزوو دەکەم خودا ئێوە ڕاوەستێنێت! بەڵام بۆ ئیسلامی ڕاستەقینە و ملیارد و نیوێک موسڵمانی میانەڕەو، ئارەزووی سەکەوتن دەکەم. ئیسلامیی بێدەمارگیری و پڕ لێبوردەیی تەنها پەیوەست نییە بە ئەڵمانیاوە، بەڵکوو بۆ هەموو دنیای ئێمەیە. هاوپێچ، دە بەش لە قورئان لێرەدا دەهێنمەوە کە لە هەموو ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا گوتووتانە و ئەنجامتان داوە، زیاتر پێناسەی ئەم کتێبە گەورەیە دەکات. ئێوەش بەر لەوەی مێژوو پشتتان تێ بکات، لانیکەم ئەگەر بۆ جارێکیش بووە بیانخوێنەرەوە.

دە بەشی گرنگ لە قورئان کە وا دێتە بەرچاو ئێوە لێی بێئاگا بن:

١- لەگەڵ ئەهلی کیتاب بە باشترین شێوە نەبێت مشتومڕ مەکەن. بە (ئەهلی کیتاب) بڵێن: ئێمە بە کتێبی ئاسمانیی قورئان کە بۆ سەر ئێمە دابەزیوە و کتێبی ئاسمانیی ئێوە باوەڕمان هەیە و خودای ئێمە و ئێوە یەکێکە.**(وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ).** سورة العنكبوت، الآية ٤٦.

٢- ئێمە بە خودا و بەو کتێبەی بۆ سەر پەیامبەری ئێمە و ئەو کتێبەی بۆ موسا و عیسا دابەزیوە باوەڕمان هەیە و جیاوازی لە نێوانیاندا ناکەین. **(قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَىٰ**

**إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ)**. سورة البقرة، الآية ١٣٦. هیچزۆرلێکردنێکلەدیندانییە.**(لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ)**. سورة البقرة، الآية ٢٥٦.تۆ کەی دەتوانیت بە زۆر و تۆیزی هەمووان بکەیتە باوەڕدار و خوداپەرست؟ **(وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ)**. سورة یونس، الآية ٩٩.

٣- ئەگەر خودا بیویستایە هەمووانی دەکرد بە نەتەوەیەک، بەڵام ئەو دەیویست ئێوە تاقیبکاتەوە کەواتە ئێوە دەبێت لە کارە باشەکاندا کێبڕکێ بکەن کە گەڕانەوەی هەمووان بۆ لای خودایە و ئاگادارتان دەکاتەوە لەوەی ناکۆکن تیایدا. **(وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ ۚ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ)**. سورة المائدة، الآية ٤٨.هەر کەس باوەڕ بهێنێت، موسڵمان، یەهوودی، مەسیحی و ئەستێرەپەرست لای خودا پاداشت وەردەگرێت. **(إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَىٰ وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ)**. سورة البقرة، الاية ٦٢.

٤- لەسەر ئێوەیە کە باوەڕ بهێنن و کاری باشە ئەنجام بدەن! **(إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَٰئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا)**. سورة الفرقان، الآية ٧٠.خودا فەرمان دەکات بە دادپەروەری و چاکە ڕەفتار بکەن و نەهی دەکات لە کاری ناشیرین، خراپە و ستەم. **(إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ)**. سورة النحل، الآية ٩٠.

٥- لە هەمبەر خراپییەکانی خەڵکدا کاری باشە بکەن! **(وَالَّذِينَ صَبَرُوا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَنفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً وَيَدْرَءُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ أُولَٰئِكَ لَهُمْ عُقْبَى الدَّارِ)**. سورة الرعد، الآية ٢٢.لە کاری باشەدا کێبەرکێ بکەن. **(وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ أَيْنَ مَا تَكُونُوا يَأْتِ بِكُمُ اللَّهُ جَمِيعًا إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)**. سورة البقرة، الآية ١٤٨.خودا چاکە کارانی خۆش دەوێت. **(وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ)**. سورة البقرة، الآية ١٩٥.بەرانبەر بە دایک و باوک، خزمان، هەتیوان، هەژاران و دراوسێ باش بن. خودا خەڵکانی خۆپەسەندی خۆش ناوێت. **(وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالْجَنبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا)**. سورة النساء، الاية ٣٦.ئەوەی لە نیعمەتەکانی ئەم جیهانە بە ئێوە دراوە بۆ بەهرەمەندیی کاتی ئێوە لەم دنیایە. **(وَمَا أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَزِينَتُهَا وَمَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ أَفَلَا تَعْقِلُونَ)**. سورة القصص، الاية ٦٠.هەر کەس کاری چاکە بکات دە هێندەی ئەوە پاداشت وەردەگرێت و هەر کەس کاری خراپە بکات تەنها بە ئەندازەی ئەو کارەی کردوویەتی سزا دەدرێت. **(مَن جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَن جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَىٰ إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ)**. سورة الانعام، الآية ١٦٠.

٦- بەندەکانی خودا ئەو کەسانەن کە بە خاکەڕاییەوە بەسەر زەویدا دەڕۆن و هەر کاتێک خەڵکانی نەفام قسەیان پێ بڵێن بە سڵاو وەڵام دەدەنەوە. **(وَعِبَادُ الرَّحْمَٰنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا)**. سورة الفرقان، الآية ٦٣.بە ئارامی قسە بکەن نەک بە هاتوهاوار کە ناخۆشترین دەنگەکان دەنگی گوێدرێژە.**(وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ ۚ إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ)**. سورة لقمان، الآية ١٩.

٧- هەر کەس کاری باش ئەنجام بدات لە بەرژەوەندی خۆیەتی و هەر کەس خراپە بکات لە زیانی خۆی کردوویەتی. **(مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ. سورة الجاثية)**، الآية ١٥.

٨- لەسەر زەوی گەندەڵی و فیتنە بەرپا مەکەن. **(وَإِذِ اسْتَسْقَى مُوسَى لِقَوْمِهِ فَقُلْنَا اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانفَجَرَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ كُلُوا وَاشْرَبُوا مِن رِّزْقِ اللَّهِ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ. سورة البقرة )**، الآية ٦٠. لە نێوان خەڵکیدا ئاشتەوایی بەرقەرار بکەن.**(وَلَا تَجْعَلُوا اللَّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَانِكُمْ أَن تَبَرُّوا وَتَتَّقُوا وَتُصْلِحُوا بَيْنَ النَّاسِ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ. سورة البقرة)**، الآية ٢٢٤.

٩- سزای کاری خراپە، کارێکی خراپە بە هەمان ئەندازە، بەڵام ئەگەر کەسێک ببەخشێت پاداشتی ئەو لای خودایە. **(وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ). سورة الشورى، الآية ٤٠. ئاشتی و ئاشتەوایی کاری باشن. (وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِن بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ وَأُحْضِرَتِ الْأَنفُسُ الشُّحَّ وَإِن تُحْسِنُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا)**. سورة النساء، الآية ١٢٨.

١٠- ئەمەش ئایەتێک لە بارەی ئەو تاوانەی ئێوە لە هەمووان زیاتر ئەنجامی دەدەن:هەر کەسێک کەسێک بکوژێت وەک ئەوە وایە هەموو مرۆڤەکانی کوشتبێت و هەر کەس ژیانی کەسێک رزگار بکات، وەک ئەوە وایە هەموو مرۆڤەکانی رزگار کردبێت. **(مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم بَعْدَ ذَلِكَ فِي الْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ)**. سورة المائدة، الآية ١٣٢.کەسێک کە خودا کوشتنی حەرام کردووە بە ناهەق مەکوژن. **(قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُم مِّنْ إِمْلَاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ)**. سورة الأنعام، الآية ١٥١.

ئەمانەن ئەو بنەمایانەی کە بەهای ئەوەیان هەیە لە ژیانماندا پەیڕەویان لێ بکەین، نەک ئایدۆلۆژیای پڕ زەبروزەنگ و دژە ئیسلامیی ئێوە.

دیسان لەبەر میوان نەوازیتان سوپاستان دەکەم! هەروەها لەبەر ئەو دەرفەتەی بە منتان دا تا بتوانم لەو قەڵەمڕەوەی ئێوە فرەمانڕەوایی بەسەردا دەکەن تا ڕادەیەک ئازادانە دیدەن بکەن. زۆر حەزم دەکرد دەوڵەتێکی ئیسلامیی ڕاستەقینە ببینم. ئەو دەوڵەتە دەیتوانی لە ئارامیدا لە دژی نادادگەرییەکان و خۆ بەگەورەزانینەکانی ڕۆژئاوا ڕابوەستێت. زۆر بە داخەوەم کە لە کۆتاییدا لەگەڵ حکومەتێکی دژە ئیسلامیدا ئاشنا بووم.

**لەگەڵ ڕێزدا**
**یورگن تودنهوفەر**

**سەرچاوە:**

کتێبی «دە ڕۆژ لەگەڵ داعش، لە نێو دەوڵەتی ئیسلامیدا» یورگن تۆدنهوفەر.

تێبینی/ تەواوی کتێبەکەم وەرگێڕاوە و پشت بە خودا بەم زووانە بڵاو دەبێتەوە.




ناوی کتێب: ئەدەبی جیاوازیی ڕاو بۆچون لە ئیسلام دا
نوسینی: د.طه جابر العلوانی
وەرگێرانی: نەوا محمد سعید
چاپی یەکەم: ٢٠١٦
قیاس: ٢٤/١٧
ژمارەی لاپەرە: ١٩٦
بابەت: ئایینی ـ (زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی ٦٥)
جۆری بەرگ: مجلد
لە بڵاوکردنەوەکانی نوسینگەی تەفسیر

**بەناوی خوای گەورە و دلۆڤان**

**بەڕێز: سەرنووسەری گۆڤاری خاڵ**

بە شانازییەوە لە ماوەی ساڵی رابردوودا وەکو بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری خاڵ لەگەڵ هاوکارانی ترم پێکەوە کارمان کرد، لەو ماوەدا (٦) ژمارەی گۆڤارەکە چاپ بوو، ئاستی گۆڤارەکە بەگشتیی لە ئاست خواستی ئێمە و چاوەڕوانی خوێنەران و گۆڕەپانەکەدابوو، بەداخەوە بە هۆی سەرقاڵیم بە کاری ترەوە، لەم ژمارەوە ناتوانم بەردەوام بم لە کارکردن لە گۆڤارەکەدا، بۆیە داواکارم لە بەڕێزتان کەسێکی تر دەستنیشان بکەن کە وەکو بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤارەکە کاربکات.

لەگەڵ رێز و حورمەتم

**ئیدریس سیوەیلی**

**بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری خاڵ**

**بە ناوی خوای بەرز و بێ هاوتا**

برای بە ریزم کاک ئیدریس سیوەیلی، وازهینانت لە بەڕێوەبەری نووسینی خاڵ کەلێن و گرفتە بۆ ئێمە، خوازیاری نەبووین، بەڵام کە کار و ئیشی نوێت پەکی دەکەوێت، بە ناچاری وەریدەگرین، هیوای سەرکەوتنت لە کاری نوێ بۆ دەخوازم، داوا دەکەم لەمەودواش هەر هاوکار و یارمەتیدەرمان بیت، لەگەل دووبارە رێزم بۆ جەنابت.

**تۆفیق کەریم**

**سەرنووسەری گۆڤاری خاڵ**

دوانخاڵ



هاوژین عومەر

# ئیسلام و بەهای ئازادیی

چەمکی ئازادی، لە ساناترین لێکدانەوە و واتایدا، ئازادبوون و ئارەزوومەندیی مرۆڤ دەگەیەنێت لە هەڵبژاردنی هەر بیروباوەڕ و بژاردە و ڕێگەچارەیەک، کە لە ناو کۆمەڵێکی زۆر بیروباوەڕ و بژاردە و ڕێگەچارە، دەخرێنە بەردەمی، بە بێ هیچ مەرج و زۆرلێکردنێک.

ئازادیی مرۆڤ، وەکو مافێکی خودایی بۆ بەندەکانی، هەر لە ساتەوەختی دروستبوونی مرۆڤەکانەوە بڕیاری لەسەر دراوە و وابەستەی هیچ قۆناغێکی دیارییکراوی ژیانی مرۆڤایەتی نییە بە تەنها. هەموو فەلسەفە و ئایدیا و ئایینە زەمینی و ئاسمانییەکانیش باسیان لێوە کردووە، هیچ ئایین و ئایدیا و ڕێباز و فەلسەفەیەک بە تەنها، خاوەنی لێکدانەوە و ئەفراندنی ئەو چەمک، یان زاراوە، یان بەهایە نییە. کاتێکیش دەوترێت ئازادی لە ئیسلامدا، یان باسی پەیوەندیی نێوان ئیسلام و ئازادی دەکرێت، مەبەست پێی ئەو پێگە و گرنگیپێدانە تایبەت و ئەو ڕێکارە کۆتایی و گرنگانەن کە ئەم ئایینە پیرۆزە، بۆ باشتر وێناکردن و چەسپاندنی لەسەر ئەرزی واقیع، جیاواز لە هەموو ڕێباز و ئایینەکانی پێش خۆی و دوای خۆیشی، ئاماژەی پێداون و فەرمانی کارپێکردنی داون.

ئیسلام جیاواز لە ئایین و ڕێباز و فەلسەفەکانی دی، بە شێوەیەک بۆ ئازادی ڕوانیوە، یان ڕاستر بڵێین ئازادی لە ئیسلامدا بە شێوەک بڕیاری لەسەر دراوە، کە سنووری زەمین تێدەپەڕێنێت و دەگاتە ئاسمانەکانیش، بەو واتایەی ئازادیی مرۆڤ وەکو مافێکی بنەڕەتی، سنووری پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان تێدەپەڕێنێت و دەگاتە سنووری پەیوەندیی نێوان خودا و مرۆڤەکان، مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە لە نێوان ئەوانەی خوای گەورە بە چاک و خراپی داناون، یەکیان هەڵببژێرێت و ئەوانی دیکەش ڕەت بکاتەوە، لەو پێناوەشدا هیچ کەس و دەزگایەک مافی لێزەوتکردنی ئەو مافەی نییە. کاتێکیش دەوترێت لە بیروباوەڕی ئیسلامییدا مرۆڤ دروستکراوێکی موجبەر نییە لە بڕیاردان و هەڵگرتنی هەنگاوەکانیدا، ئەوە ئەوپەڕی ئازادییە بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە.

زانایان و بیرمەندانی ئیسلامیی، ئازادی وەکو یەکێک لە بەها قورئانییەکان دادەنێن، لە پاڵ ژمارەیەک بەهای تری وەکو دادگەریی و ڕاویژکردن و هتد، بۆ ئەوەش چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز بە بەڵگەی قسەکانیان دەهێننەوە. هەروەک چەندین فەرمووده و دەقی ڕاست و ڕەوانیشمان لە لایەن پێغەمبەری ئیسلام (درووودی خوای لەسەر بێت) هەن، کە ئازادی بە بەهایەکی شارستانیی دەناسێنن و میکانیزم و ڕێکارەکانی بەرپاکردن و پاراستنی ئەو بەها گرنگە دیاریی دەکەن. نەک هەر ئەوانە، بەڵکو بەشێکی دیار لە بیرمەند و زانایانی سەردەمیش، لە باسی گرنگی و پێگەی ئازادیی لە ئیسلامدا، پێشنیازی زیادکردنی بەهای ئازادییان بۆ یەکێک لە مەبەستەکانی ئیسلام (مقاصد الشريعة) کردووه، دکتۆر یوسف قەرەزاویی یەک لەو زانایانەیە.

ئەوانەی دەیانەوێت لە بابەتی ئازادی لە ئیسلام و یاسا و ڕێساکانی و پێگە و گرنگیی ئەو بەهایە تێبگەن، پێویستە ڕەچاوی چەند خاڵێک بکەن، لەوانەیش:

یەکەم: ئازادیی لە ئیسلامدا، وەکو ماف و پێدراوێکی خوایی بۆ هەموو مرۆڤەکان بەبێ جیاوازیی لە ئایین و ڕەنگ و ڕەگەز و زمان و هەر جۆرە پاشخانێکی دیکە، بڕیار دراوە. بۆ هیچ کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان

نەهاتووە و ڕەوا نییە زەوتی ئەو ئازادییە بکەن، یان قەدەغەی بکەن لە کۆمەڵ و کەسانێکی دیکەی جیا لە خۆیان. دیارییکردنی سنووری ئازادیی و مافەکان تەنها لە ڕێی دەستوور و یاسایەکی مرۆڤدۆست و سەردەمییانەوە دەبێت. بۆ ئەم خاڵەش ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگە و بەسەرهاتمان لە نێو دەقە پیرۆزەکان و قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئیسلامییدا هەن.

دووەم: هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئازادی لە ئیسلامدا سنووری پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان تێدەپەڕێنێت و دەگاتە سنووری پەیوەندیی نێوان خودا و مرۆڤەکان، مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە لە نێوان ئەوانەی خوای گەورە بە چاک و خراپی داناون، یەکیان هەڵبژێرێت و ئەوانی دیکەش ڕەت بکاتەوە، لەو پێناوەشدا هیچ کەس و دەزگایەک مافی لێزەوتکردنی ئەو مافەی نییە. کاتێکیش دەوترێت لە بیروباوەڕی ئیسلامییدا مرۆڤ دروستکراوێکی موجبەر نییە لە بڕیاردان و هەڵگرتنی هەنگاوەکانیدا، واتا هیچ ڕەوا نییە ئازادی وەکو مافێکی مرۆڤەکان تەنها لە کاروباری ڕۆژانەی دنیاییدا تێبگەین و هەرچیش پەیوەندیی بە دەرەوەی سنووری مرۆڤ و دنیاوە هەبێت، ئێمە بکاتە دوژمن و نەیاری ئەو ئازادییە.

سێیەم: لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، ئێمە لەوە تێبگەین کە ئازادی و مومارەسەکردنی، یان بانگەشەکردن بۆ ئازادییەکان لە لایەن هەرکەس و دەزگایەکەوە، دەبێت دەرکەوتەی ئیجابیی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکاندا هەبێت، وەگەرنا هەموو ئەو بانگەشانە بۆ ئازادبوون و پاراستنی ئازادییەکان، لە بازنەی دروشمدا دەمێننەوە.

لە هەر شوێنێک ئازادیی ڕاستەقینە هەبوو، ئەو شوێنە ستەم و نادادیی تێدا نابێت، مەگەر لە بازنەیەکی بچووکدا، بگرە یەکەمین هەنگاو بۆ دەستەبەرکردنی دادگەریی، بەرپاکردنی ئازادیی ڕاستەقینەیە، کاتێکیش سەردەمی خیلافەتی پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) بە یەکێک لە قۆناغە هەرە زێڕین و دیارەکانی مێژووی ئیسلامیی دادەنرێت لە ڕووی هاتنەدیی دادگەریی ڕاستەقینەوە، بەو هۆیەوەیە کە ئەو خەلیفەیە زۆرترین ئازادیی بۆ مرۆڤەکانی شوێنکاتی خۆی فەراهەم هێنابوو، باس و خواسی دادپەروەریی پێشەوا عومەر، لە لای هەموان ڕەوان و ئاشکرایە. هەرکاتیش ستەم و نادادیی نەما، ئەوا بێگومان واتە نەمانی کەس و دەسەڵاتدارانی تاکڕەو و ملهوڕ.

ئەوەی ماوەتەوە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین، بەهای ئازادی لە سەردەمی ئێستاماندا لە بەردەم کۆمەڵێک قەیران و ئاستەنگی گەورەدایە. لەسەر ئاستی جیهان و لای زلهێزانی ئێستای دنیا، بە تایبەتیش وڵاتانی پێکهێنەری سیستمی نوێی جیهانی و بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوەکانی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان، ئازادی بە دوو پێوانەی جیاواز دەپێورێت، بەو هۆیەوە گەلانێکی زۆری دنیا کەوتوونەتە ژێر باری ستەمێکی گەورە و دڕندانەوە. لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامییش، چەمکی ئازادی و تێگەیشتن لێی کێشەی گەورەی هەیە،

زانینی پێگە و گرنگیی بەهای ئازادی لە ئیسلام و بەتایبەتیش لە قورئان و سوننەتدا، هاوکات لەگەڵ ئەو دەرئەنجامە سلبییانەی ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیی و غەیری ئیسلامییشدا لە بواری زەوتکردنی ئازادییەکاندا دەبینرێن، ئەوە دەسەلمێنن کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە گشتی و کۆمەڵگەی ئیسلامیی بە تایبەت، زۆر دوورن لە ڕوحی ئیسلام و ئەو بەهای ئازادییەی لە هەناوی ئیسلامدا بەئامانج گیراوە. بێگومان چارەسەری هەموو ئەو گرفت و قەیرانانەش، بە گەڕانەوە بۆ ڕوحی قورئان و ئیسلام دەستەبەر دەکرێن.